# تابۆ وەك نموونەيەكى پەيوەنديى نێوان زمان و كلتور

**نامەيەكە**

**شاخەوان جەلال فەرەج**

**پێشكەشى كۆلێژى زمانى زانكۆى سلێمانيى كردووە و بەشێكە لە پێويستييەكانى پلەى دكتۆرا لە زمانى كورديدا.**

**سەرپەرشت**

**پ . ى . د . بكر عمر علی**

**(2711)ى كوردى** **(2011)ى زايينى**

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.ی.د. بکر عمر علی

ڕۆژ: / / 2011

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: / /2011

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێنکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە، به پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.**

**ناو:**
**ئەندام**
**ڕۆژ: / / 2011**

**ناو:**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ: / / 2011**

**ناو:**
**ئەندام**
**ڕۆژ: / /2011**

**ناو:**
**ئەندام**
**ڕۆژ: / / 2011**

**ناو:**
**ئەندام**
**ڕۆژ: / /2011**

**ناو:**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕۆژ: / / 2011**

**لە لایەن ئەنجومەنی کۆلیژی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو:**
**ڕاگری کۆلیژی زمان**
**ڕۆژ: / / 2011**

# پێشکەشە بە

- گیانی پاک و بێگەردی باوکم.
- دایکی خۆشەویستم.
- هاوسەری ژینم(فریشەخان) و جگەرگۆشەکانم (شکۆ،لانۆ).
- خوشک و برا ئازیزەکەم (نەورۆز، شۆخان).

شـــاخـــەوان

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای سەرپەرشتم پ . ی . د . بکر عمر علی، کە بەو پەڕی دڵسۆزی و خۆ بەخشییەوە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.
- خۆشەویستیم بۆ مامۆستام (پ.ی.د. محمد عبدالفتاح حەمە سەعید)، کە هەمیشە بە ڕێنماییە زانستی و ئەکادیمییەکانی دەستگیرۆیی کردووم.
- گیانی پاکی مامۆستای گەورەمان (پ.د. محمد معروف فتاح)، کە لە ڕینمایکردنمدا هاوکارم بووە.
- هاوڕێی دڵسۆزم (د. کاروان عومەر قادر)، کە لە بە دەست خستنی سەرچاوە و ڕێنمایکردنمدا بێ پەروا هاوکارم بووە.
- هاوڕێ و خوشکی بەڕێزم (م. ئاڤێستا کەمال مەحموود).
- سەرجەم مامۆستا و هاوڕێ ئازیزەکانم، بە تایبەتی( د.محەمەد عومەر عەول).
- هاوڕێی خۆشەویستم ( م. تەحسین تەها محەمەد)، کە بە وەرگێڕانی هەندێك لە سەرچاوە بیانییەکان هاوکاری کردووم.

# هێما و کورتکراوەکان

| ژ | هێما و کورتکراوە | واتاکەی |
|---|---|---|
| 1 | >>   << | وشە و زاراوە |
| 2 | ← | پێکهاتووە لە |
| 3 | — — ▶ | هێمای جەختکردنەوە لە سەر لایەنی نێگەتیڤی |
| 4 | ◀ — — | هێمای جەختکردنەوە لە سەر لایەنی پۆزەتیڤی |
| 5 | ⇡ | هێمای بەرزبوونەوەی بە لای تای پۆزەتیڤی چەمکی تابۆ |
| 6 | [ ] | هێمای کۆی نیشانە واتاییەکانی دەربڕاوێك |
| 7 | { } | هێمای نیشانەی واتایی (فەرهەنگیی/دروستەیی/کلتوری و کۆمەڵایەتیی) دەربڕاوێك |
| 8 | + | نیشانەی واتایی (بۆ بەکارهێنان) |
| 9 | _ | نیشانەی واتایی (بۆ بەکارنەهێنان) |
| 10 | * | هێمای نارێزمانی |
| 11 | ( ) | هێمای سەرپشکی دەربڕینی دەربڕاو |
| 12 | j/i | هاونیشانەکردنی پێکهاتە و شوێنپێیان و کلیتیکەکانیان |
| 13 | pro | جێناوی سفری بکەریی |
| 14 | د.ق | دروستەی قوڵ |
| 15 | د.ڕ | دروستەی ڕووکەش |
| 16 | +ق،+گ | قسەکەر و گوێگر |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئـ | |
| ئەنترۆپۆلۆژیای کلتوریی | cultural anthropology |
| ئاکار | Ethics |
| ئاڕاستەکردنی چاولێکەرانە | imitation guided |
| ئاوازە | Intonation |
| ئەنالۆژی دروستەیی | Structural analogy |
| بـ | |
| بارودۆخ | situation |
| بابەت | Topic |
| بونەوەرێکی زیندوو | Animate Being |
| بەخشکەیی دەربڕین | Implecature |
| دەوروبەری **بارودۆخ** | Situational Context |
| بگۆڕەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن | Participant Variables |
| بچوکترین وەڵام | Minimal Response |
| پـ | |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | Social relation |
| ت | |
| تاکگەرایی | Individuality |
| توانست | Competence |
| توانا/ چالاکی | Performance |
| تابۆ | Taboo |
| تابۆی بێگومانیی **(ڕەها)** | Absolute Taboo |
| تیۆری دەوروبە**ریی** | Contextual theory |
| تەرزەکانی نۆرە گۆڕینەوە لە قسەکردندا | Turn-Talking Patterns |
| جـ | |
| جفرە لێدان | Encoding |

| | |
|---|---|
| | |
| Decoding | جفرەلێکدانەوە |
| Euphemism | جوانی دەربڕین |
| | خ |
| Sacred South | خوارووی پیرۆز |
| Forbidden South | خوارووی قەدەغەکراو |
| Hedges | خود پاراستن |
| | د |
| context | دەوروبەر |
| verbal context | دەوروبەری زمانیی |
| Context of Situtation | دەوروبەری نازمانیی/ دەوروبەری بار/ شانۆی زمانیی/ دەوروبەری بە دەر لە دەق/ دەوروبەری گشتی/شوێنکاتی ئاخاوتن/ دەوروبەری کۆمەڵایەتی |
| Emotional Context | دەوروبەری سۆزیی |
| Psychological Context | دەوروبەری دەروونیی |
| Physical Context | دەوروبەری فیزیکیی |
| Cultural Context | دەوروبەری کلتوریی |
| | ڕ |
| Element | ڕەگەز |
| Morality | ڕەوشتیی |
| Linguistic relativity | ڕیژەگەرایی زمانیی |
| Not allowed | ڕێگەپێنەدراو |
| Contextual Approach | ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەوروبەریی |
| Root | ڕەگی وشە |
| | ز |
| Langue | زمان |

| | |
|---|---|
| | **س** |
| **Semantic of Composition** | سیمانتیکی پێکهێنان |
| **Semantic Features** | سیمانتیکی نیشانه |
| **Scalar System** | سیستەمی ژمارەیی |
| | **ك** |
| **culture** | کلتور |
| **Social acquired knowledge** | کۆزانینی وەرگیراوە لە کۆمەڵەوە |
| **Proposition** | کرۆکە واتا |
| **Agonism** | کەللەڕەقیی وپێداگریی لە دیالۆگدا |
| **Social Culture** | کلتورە کۆمەڵایەتییەکان |
| | **گ** |
| **Parole** | گوتن |
| **spoken utterance** | گوتەیەکی دەربڕاو |
| | **ق** |
| **Interruption** | قسەپێبڕین |
| **forbidden** | قەدەغەکراو |
| **Childhood/Infancy** | قۆناغی منداڵیی |
| **Adolescence** | قۆناغی مێردمنداڵیی |
| **Adulthood** | قۆناغی هەراشیی |
| **Old Age** | قۆناغی پیریی |
| | **ف** |
| **deductive** | ئاماژەبەخشین |
| | **ل** |
| **Framing** | لەقاڵبدان/ لە چێوەدان |
| **Under Prohibition** | قەدەغەکراو |
| | **ه** |
| **conformity** | هەڵکردن |

| | |
|---|---|
| **inductive** | هەڵهێنجان |
| **Cultural bias** | هاندەرە کلتورییەکان |
| **Social Factor** | هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان |
| **Situational Factor** | هۆکارە بارودۆخییەکان |
| **Macro and Micro Context** | هۆکارە کۆمەڵایەتی و بارودۆخییەکان |
| **Social Power** | هێزی کۆمەڵایەتی |
| **Semantic Power** | هێزی سیمانتیکی |
| | **و** |
| **Inference** | واتای ئاماژەیی |
| **Statements** | وتەکان |
| **Word Formation** | وشە ڕۆنان |
| | **ن** |
| **Turn-Taking** | نۆرەگیریی قسەکردن |
| **Indirectness** | ناڕاستەوخۆیی |
| **Metalinguistics** | نازمانیی |
| **Perjuries** | ناشرینبەخشن |
| **Ethnic** | نەژاد |
| **Metamessage** | ناپەیامی |

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی........................................................ 1
1/0) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە.................................... 1
2/0) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە.......................... 1
3/0) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە.......................................... 1
4/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە.......................................... 1
5/0) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە............................................ 3-2
**بەشی یەکەم: زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵ و کلتورەوە............ 53-4**
1 / 1) زمان و کۆمەڵ.................................................... 17-4
1 / 1 -1 ) پەیوەندیی زمان و تاك و کۆمەڵ.................................7-5
1 / 1 -2 ) ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان و کارلێکی کۆمەڵ و زمان............ 9-7
1 / 1 - 3) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (تێڕوانینێکی بەراییانە)............12-9
1 /1 - 3 -1 ) سنوری نێوان زانستی زمانی گشتی و زانستی زمانی
کۆمەڵایەتی..............................................................13-12
1 /1 - 3 -2 ) ناساندنی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی....................................13- 17
1/ 2 ) زمان و کلتور...........................................................53-17
1 / 2-1 )کلتور.....................................................................17- 33
1 / 2-1 - 1 ) زاراوەی کلتور......................................................19-17
1 / 2-1 - 2 ) چەمکی کلتور........................................................20-19
1 / 2-1 - 2-1 ) ناساندنی کلتور...................................................23-20
1 / 2- 1-2-2) پێکهاتەکانی کلتور ..............................................33-23
1 / 2- 1-2-2-1) ئاکار...............................................................27-25
1 / 2- 1-2-2-2) ڕێساکانی خونەریت و جێخۆشکردن.................28-27
1 / 2- 1-2-2-3) باو و ڕۆیشتوو........................................................30-28
1 / 2- 1-2-2-4) ئایین...................................................................32-30

1/ 2-2 ) زمان و بیر و کلتور..........................................53-32
1 / 2-2-1 ) پەیوەندیی نێوان زمان و بیر.................................38-33
1/ 2-2-2) پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور...............................45-38
1/ 2-2-2-1 ) کارلێکی زمان و کلتور لە نێوان قسەکەر و گوێگردا........53-45
1/ 2-2-2-1-1 ) ئاوازە..................................................-46-
47
1/ 2-2-2-1-2 ) بابەت..................................................48-47
1/ 2-2-2-1-3 ) کەللەڕەقیی و پێداگریی لە دیالۆگدا.................49-48
1/ 2-2-2-1-4 ) نۆرەگیریی قسەکردن.....................................50-49
1/ 2-2-2-1-5 ) ناڕاستەوخۆیی..........................................53-50

بەشی دووەم: تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان
زمان و کلتور...................................................117-54
2/1) تابۆ (چەمك و تێڕوانین)......................................64-54
2/1-1) زاراوەی تابۆ...............................................56-54
2/1-2) چەمکی تابۆ................................................60-56
2/1-3) تابۆ و جوانی دەربڕین......................................64-60
2/2) چەشن و جۆرەکانی تابۆ......................................94-64
2/2-1) چەشنەکانی تابۆ............................................71-65
2/2-1-1) تابۆی یەکلایەنە..........................................67-66
2/2-1-2) تابۆی دوو لایەنە.........................................71-67
2/2-2) جۆرەکانی تابۆی زمانیی.....................................94-71
2/2-2-1) تابۆی ئاینیی..............................................77-73
2/2-2-2 ) تابۆی نەخۆشی و مردن..................................80 -77
2/2-2-3) تابۆی سێکسیی............................................83-80
2/2-2-4) تابۆی بێڕێزیی............................................88-83
2/2-2-5) تابۆی (شوێن-کات-ژمارە)...............................94-88
2/3) شیکردنەوەی تابۆ پەیوەست بە تیۆری (سیمانتیکی پێکهێنان) و
(شیکردنەوەی پێکهاتە)وە.........................................117-94
2/3-1) سیمانتیکی پێکهێنان یان نیشانەی واتایی...................100-95

2-3/2) نیشانە واتاییەکانی دەربڕاوە تابۆییەکان.................117-100

**بەشی سێیەم: ڕەهەندەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە تابۆی زمانیدا**.......................................158-117

1/3) تیۆری دەوروبەر........................................120-117

2/3) چەشن و جۆرەکانی  دەوروبەر.........................131-120

1-2/3) دەوروبەری زمانیی........................................124-122

2-2/3) دەوروبەری نازمانیی........................................131-124

1-2-2/3) دەوروبەری سۆزیی........................................126-125

2-2-2/3) دەوروبەری فیزیکی........................................128-126

3-2-2/3) دەوروبەری کلتوریی........................................131-128

3/3) تابۆ پەیوەست بە دەوروبەری نازمانییەوە...............158-131

1-3/3) تابۆ پەیوەست بە توخمەوە.........................147-135

1-1/3/3) توخم لە زماندا........................................139-135

2-1/3/3) تابۆ و توخم........................................147-139

2-3/3) تابۆ پەیوەست بە تەمەنەوە.........................153-147

1-2/3/3) تەمەن لە زماندا........................................148-147

2-2/3/3) تابۆ و تەمەن........................................153-148

3-3/3) تابۆ و هێزی کۆمەڵایەتی.........................158 -153

ئەنجام........................................................160-159

سەرچاوەکان........................................................172-161

الخلاصە........................................................174-173

Abstract........................................................177-175

# پێشەکی

## 1/0) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

ناونیشان و بواری نامەکە بۆ ((تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور )) تەرخانکراوە. مەبەستی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەی دەربڕاوە تابۆییەکانی زمانی کوردییە پەیوەست بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە لە چێوەی خستنەڕووی کاریگەری و کاردانەوەی ڕەهەندە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان لە سەر چەمك و فۆڕمی دەربڕاوە تابۆییەکان.

## 2/0) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

نهێنی و هەستیاریی بابەتی (تابۆ) لە ژیان و ئاوەزی مرۆڤی کورددا بۆ خۆی جێگەی سەرنج و تێڕامانە. ڕادە و ڕێژەی هەستیاریی بابەتەکەش بۆ خۆی کرۆکی ئالۆزکردن و بەیەکداچوونی کۆدە زمانی و کۆدە ڕەوشتییەکانی زمانی کوردی و کۆمەڵگای کوردەواری بوە. ئەمە وێڕای ئەوەی شیکردنەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە پەیوەست بە لقێکی تایبەتمەندیی زانستی زمانی وەك (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)یەوە بەپێی پێویست بە هەند وەرنەگیراوە و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕییانەی تێدا نەکراوە.

## 3/0) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

"دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست– شێوەزاری سلێمانیی" بەکارهێنراوە و زۆربەی نموونەکانی ناو ئەم نامەیە لە خودی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی شێوەزاری زمانەکەوە وەرگیراوە.

## 4/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە

لەم نامەیەدا ڕێبازی "شیکاریی پەسنکارانە " (سینکرۆنی) پەیڕەوکراوە، لە هەمانکاتدا بە پێی پێویست سوود لە ڕێبازی (دیاکرۆنیی) وەك بەڵگەی دەرەکی بینراوە، چونکە تیۆری بەکارهێنراو بۆ شیکردنەوەی ئاڕاستەکانی بابەتەکە زیاتر تیۆرییەکانی (لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی چەمکی تابۆ) و (نیشانە واتاییەکان) و (تیۆری دەوروبەر/ماکرۆ و میکرۆ کۆنتێکست) بەکارهاتوون.

## 5/0) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

بەشی یەکەم:

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ( زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵ و کلتور)ەوە . لەم ڕوانگەیەوە بۆ زیاتر زانستێتی لێکۆڵینەوەکە، ئەم بەشە لە دوو پاری سەرەکیدا پێشکەشکراوە:-

پاری یەکەم//لە چێوەی ئەم پارەدا پەیوەندیی نێوان (زمان و کۆمەڵ) باسکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش بابەتەکانی (پەیوەندیی زمان و تاك و کۆمەڵ) و (ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان و کارلێکی کۆمەڵ و زمان) و (خودی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و چەند و چوونەکانی) هێنراونەتەوە.

پاری دووەم// بۆ شیکردنەوەی ئاڕاستەکانی (زمان و کلتور) تەرخانکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا زاراوە و ناساندن و چەمکی کلتور خراوەتەڕوو. بە پێی بنەمای لێکدانەوەی چەمکی کلتوریش گرنگترین پێکهاتەکانی کلتور، کە بنەمان بۆ بەها کلتورییەکانی هەر کۆمەڵگایەك لێکۆڵینەوەی تێداکراوە. ئەمە وێڕای هێنانەوەی پەیوەندییە هەمبەرییەکانی نێوان زمان و هەریەکە لە (بیر) و (کلتور)، کە تێیدا زانستییانە لە پەیوەندیی نێوان (زمان و بیر)دا هەرسێ ئاڕاستەی (کاریگەری زمان لە سەر بیر) و (کاریگەریی بیر لە سەر زمان) و (پەیوەندیی دوو لایەنەیان) خراوەتەڕوو، لە هەمانکاتدا لە پەیوەندیی نێوان (زمان و کلتور)دا بابەتە زمانییەکانی (ئاوازەی دەربڕین) و (بابەتی دەربڕاو) و (کەللە ڕەقی و پێداگری لە دیالۆگدا) و (نۆرەگیریی قسەکردن) و( ناڕاستەوخۆیی) نەخشەی بۆ کێشراوە.

بەشی دووەم:

ئەم بەشە بۆ (تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور) تەرخانکراوە و تێیدا بابەتی (تابۆ) وەك هێڵی یەکتربڕین و خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو بابەتی لێکۆڵینەوەکە (زمان و کلتور) وەرگیراوە. هەربۆیە سەرجەمی بەشەکە بۆ بابەتی تابۆ تەرخانکراوە. بۆ زیاتر وردکردنەوەی زانستی و هەڵهێنجانی ئەنجامی ورد. خودی بەشەکە بە سەر سێ پاری سەرەکیدا دابەشکراوە، کە بریتین لە:

پاری یەکەم// لەم پارەدا بابەتی تابۆ لەڕووی چەمك و زاراوە و ئەڵتەرناتیڤە زمانییەکانی (جوانی دەربڕین)ەوە شیکردنەوەی بۆکراوە.

پاری دووەم// بۆ چەشن و جۆرەکانی تابۆ تایبەتکراوە، لەم ڕوانگەیەشەوە پۆلکردنەکە لە سەر بنەمای تیۆری (لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتڤیی چەمکی تابۆ) چەند چەشن و جۆرێکی تایبەتمەندی لێجیاکراوەتەوە.

پاری سێیەم// پاش پۆلکردنی چەشن و جۆرەکانی تابۆ، وەك لایەنێکی کارەکیی پاساودان، لەم پارەدا هەوڵدراوە، کە پەیوەست بە تیۆری (سیمانتیکی بەرهەمهێنانەوە/ نیشانەی واتاییەوە) واتا ورد و درشتە تابۆ و ناتابۆییەکانی چەمکە تابۆییەکان شیبکرێتەوە.

بەشی سێیەم:

بۆ (ڕەهەندەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە تابۆی زمانیدا) دانراوە، بە شێوەیەك، کە هەرسێ ڕەهەندی (توخم و تەمەن و هێزی کۆمەڵایەتی ) لە چنینی ڕەهەندە تابۆ و ناتابۆییەکانی چەمکی تابۆدا ئەزمونبەندانە بنوێنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە لە سێ پاری سەرەکیدا خراوەتەڕوو:

پاری یەکەم// لەم پارەدا تیۆرییەکی بنەمایی بۆ سەرجەم بەشەکە هێنراوەتەوە و شیکردنەوەی بۆکراوە، تاوەکو لە شیکردنەوە کارەکییەکانی ڕەهەندەکانی (توخم و تەمەن و هێزی کۆمەڵایەتی) دا ڕۆڵیان لە بە تابۆکردن و داماڵینی دەربڕاوەکان لە تابۆیی، وەك بنەمایەکی سەرەکی بەکاربهێنرێت. بۆ ئەم مەبەستە کارەکییەش ئاراستەکانی تیۆریی (دەوروبەر) خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

پاری دووەم// هێنانەوەی چەشن و جۆرەکانی (دەوروبەر) (دەوروبەری زمانیی و نازمانیی) و خستنەڕووی هەرسێ جۆر دەوروبەری (سۆزیی) و (فیزیکیی) و (کلتوریی) شیکردنەوەی بۆ کراوە و کراوەتە بنەمای شیکردنەوە کارەکییەکانی هەر سێ ڕەهەندی پاری (سێیەم)ی بەشەکە.

پاری سێیەم// لەم پارەدا تیۆرییانە و کارەکییانە شیکردنەوە بۆ پارامیتەرەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵیان لە کاریگەری و کاردانەوەی بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان و ئەڵتەرناتیڤەکانیان (جوانی دەربڕین) کراوە. بۆ ئەم مەبەستەش سێ وەچەپاری سەرەکی هێنراوەتەوە، کە بریتین لە: (تابۆ پەیوەست بە توخمەوە) و (تابۆ پەیوەست بە تەمەنەوە)، هەروەها (تابۆ و هێزی کۆمەڵایەتی).

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە شیکردنەوەکانەوە بەدەستهاتوون، خراونەتەڕوو.

## *1*) زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵ و کلتورەوە:

### *1/1*) زمان و کۆمەڵ:

ئەگەرچی تاککەرایی مرۆڤ لە خۆیدا بۆ خودپاراستنی مرۆڤ پێویستە، بەڵام مرۆڤ بە تەنها بێ مرۆڤەکانی تر جگە لە نێچیرێکی ڕووتی بەردەم سروشت و ژینگەی دەوروبەر هیچی تر نییە، هەربۆیە مرۆڤە خاوەن کەسایەتییە تایبەتمەندە تاککەراکان لە کۆمەڵدا تاکێتییان کۆدەکەنەوە. بۆیە: ((گرنگترین داهێنانەکانی مرۆڤ بەدرێژایی سەدەکانی ژیان ، کە لە ئەنجامی پێویستیەکانی تاك و کۆمەڵ لە پرۆسەیەکی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیدا دروستبووە و گەشەی کردووە، زمانە))[1].

پەیوەست بەکۆمەڵەوە زمان بریتییە لە ئامرازێك بۆ بەیکگەیشتنی ئەندامانی کۆمەڵ نەك تەنها پەیوەندی کردن ، لەبەرئەوەی پەیوەندیکردن تەنها لەیەك لاوە ئەگەری ڕودانی هەیە ، بەڵام بەیکگەیشتن کۆمەڵێك بەهای کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەگرێتە خۆ[2].

بۆئەوەی بەیکگەیشتن ڕووبدات پێویستە ئەندامانی کۆمەڵ لە زانینی کۆدەکانی[3] ئەم ئامرازە هاوبەش بن ، هاوکات پێویستە کرۆکی کۆدەکان لە واتای دەوروبەریی و کۆمەڵایەتی و کلتوری، کە پێشتر ڕێککەوتوون لەسەری بزانن ، لەبەرئەوەی زمان بەرهەمێکی کەڵەکەبووی کلتوری و مرۆییە ، کەلە ڕوانگەی پێویستی پەیوەندیکردن و بەیکگەیشتنی خەڵکی ژینگەیەکی دیاریکراودا بەرهەم هێنراوە[4]

ئاشکراشە تایبەتمەندی سەرەکی زمان مرۆیی بوونیەتی، کە پەیوەندی توند و تۆڵی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە ، چونکە ژیانی کۆمەڵییانە پەیوەندییە گروپیەکان فۆرموڵەی دەکەن و لەناو گروپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا زمانی قسەکردن جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە[5]

لەم ڕوانگەیەشەوە ناتوانرێت لە زمان و یاساکانی گەشەسەندنی بگەین بەدەر لە ڕەوتی ئەو کۆمەڵەی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا قسەی پێدەکات ، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە بیرکردنەوەو ئاوەزمەندی مرۆڤی تێدایە ، لەلایەکی تریشەوە هەمەجۆری و هەمەڕەنگی دنیای دەرەوەی تێدایە[6] .

---

[1] http//www.alfaseeh.com

[2] سمیر شریف استیتیه (67: 2008)

[3] کۆد/ جفرە زاراوەیەکی زانستی هێما و هێما دانانە، نێرەر هەواڵەکەی (واتاکەی) دەکات بە جفرە (فۆرم و واتا پێکەوە بەستن >>جفرە دانان <>، و دەینێرێت بۆ گوێگر ، کەجفرەکە لێکدەداتەوە >>جفرە لێکدانەوە << ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : محەمەدی مەحوی (ا) (2009 : 138)

[4] http//www.faisalhymair maktoobblog.com.

[5] مەنوچێهرموحسینی ، و/ موسلح ئیروانی (2005 :64)

[6] هادی نهر(1988 :18 )

زانای کۆمەڵایەتی جۆن دێوی (jhon dewey) دەڵێت: ((زمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئامێرێکی کۆمەڵایەتییە))[7].


سییلیی (seelye) جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوە و پێیوایە، کە لەبەرئەوەی زمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئامێرێکی کۆمەڵایەتییە ، ناکرێت دابڕێت لە کۆمەڵ سەرەکیەکەی، کە تێیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، هەر لەم دیدەشەوە ڕەخنە لەو بۆچوونە ساکارە دەگرێت، کە دەگوترێت فێربوونی ڕێزمانی زمان بەسە بۆ پەیوەندی کردن و تێگەیشتن لە خاوەن زمانێك. لەبەرئەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات ئەگەر کەسێك نەتوانێت زمان لە چوارچێوە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا فێربێت ، ئەوا بە لایەنی کەمەوە دەبێت ئاماژە کلتورییە گرنگەکانی فێربێت بۆئەوەی لە خاوەن زمانەکە بگات[8] .

## 1/1 –1 ) پەیوەندیی زمان و تاك و کۆمەڵ:

لەهەموو کۆمەڵگایەکدا سروشت و قەبارەی هەرچۆنێك بێت ، زمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت ، بەو پێیەی کە بەهێزترین هۆکاری پێکەوەبەستنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەیە و لەهەمان کاتیشدا هێمای چالاکییە هاوبەشەکانیانە[9].

ئەگەر سەیری ڕاستی پەیوەندیی تاك و کۆمەڵ و زمان بکەین ، بەشێوەی سێگۆشەیەك دەبینرێتەوە، کە زمان سەرەوەی سێگۆشەکە دەگرێت و تاك و کۆمەڵیش لای خوارەوەی سێگۆشەکە دەگرێت.

کاتێکیش تەواوکاری لە بەیکگەیشتنی تاك و کۆمەڵ دەردەکەوێت ئەگەر ڕاستی پەیوەندی نێوانیان و پەیوەندییانمان لەگەڵ زماندا زانی،کە بەم شێوەیەیە :




لەنێوان تاك و کۆمەڵ دا پەیوەندییەکی ئاراستەیی دوانیی هەیە ، لەگەڵ ئەوەی کاریگەریی زمانی کۆمەڵ لە زمانی تاك بەهێزترە لە کاریگەریی تاك لەسەر زمانی کۆمەڵەکەی ، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ بوونی خۆی لەسەر تاك بەشێوەیەك یان زیاتر دەسەپێنێت ، بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی تاك ئەندامە لەسیستمێکی زمانی کۆمەڵدا ، لەم ڕوانگەیەشەوە لەنێوان کۆمەڵ و زماندا ئاراستەی دوانی هەیە و زمانی کۆمەڵ خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت ، گەرچی پەیوەندیی بەزمانەکەوە لاواز بێت.

---

[7] http//www.faisalhumair maktoobblog.com

[8] سەرچاوەی پێشوو.

[9] هادی نهر(1988 : 19)

کۆمەڵ سنورێك دادەنێت بۆبەکارهێنانە زمانییەکان، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە.ئەم سنورەش فراوان و تەسك دەبێتەوە، بەپێی فراوانی و تەسکی تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵە لە سروشتی ئەوگرێبەستە کۆمەڵایەتییەی پەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوە دیاری دەکات، دیسانەوە تاکەکانیش لەم بەکارهێنانە زمانییانەدا جیاوازن بە ڕێژەی تێگەیشتنییان لە سروشتی ئەو پەیوەندییە[10]. هەر ئەم بیرکردنەوەیەشە وای لە (هدسن) کردووە بگاتە ئەو باوەڕەی، کە: (( جیاوازییە زمانییەکان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت، چونکە جیاوازییە زمانییەکانی تاك (بە پێچەوانەی خانە تاکەکان لە زانستی بایۆلۆژیدا، کە بە شێوەیەکی بۆماوەیی ماوەتەوە) زیاتر لە شارەزاییە زمانییەکان پێکدێت، کە ئەمیش لە خۆیدا پێکدێت لە سەرجەم ئەو قسانەی تاك، کە بە درێژایی تەمەنی بەرهەمی دەهێنێت لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی (کە تاکەکانی تر بەرهەمیانهێناوە) لە تاکەکانی تری کۆمەڵەوە وەریدەگرێت))[11].

کەواتە لێرەدا شارەزایی زمانیی کەسێك لەدوو شتەوە سەرچاوە دەگرێت :

1. توانای کەسەکە وەك تاکێك لە دەربڕیندا پەیوەست بە بۆماوەییەوە.
2. ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا لەبەکارهێنانی زماندا هەیە.

لێرەدا گرنگترین پرسیار ئەوەیە هاوسەنگییەك بکەین لەنێوان ئەوەی کامە کۆمەڵایەتیە و کامە تاکگەراییە؟.

لە زماندا زیاتر وەڵامەکە بە تای کۆمەڵایەتیدا دەشکێتەوە ، لەبەرئەوەی مەبەست زانینی یەکە زمانیەکان و واتاکانیەتی ، لەبەرئەوەی خەڵك زمان لەیەکترەوە فێردەبێت و لەهەمانکاتدا زمانی هەر تاکێك لە خۆیدا زمانێکی تایبەتە بە خۆی ، چونکە دوو کەس هەرگیز شارەزایی زمانیان وەك یەك نییە[12].

لەسیمای تاکێتی خۆیان لەوانەیە سەرمان بسوڕمێت لە ڕادەی ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان قسەکەرانی کۆمەڵدا لە بەکارهێنانی زماندا هەیە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەڕێژەی لێکچونی قسەکەران بدەین ،کە لەڕادەی پێویست تێپەڕ دەکات بۆ گرەنتی کردنی کارایی پەیوەندیکردن لەنێوانیاندا[13].

ئەم شیکردنەوەیەی پێشوو جەخت لە سەر گرنگی ڕێسای هەڵکردن (conformity)[14] دەکاتەوە لە زماندا ، بەڵام ئەم بۆچوونە نابێتە هۆی وەلانانی گرنگی جیاوازییە زمانییەکان

---

[10] سمیر شریف استیتیە ( 2008 : 679–680)

[11] هدسون ،ت/ محمود عبدالغنی عیاد(1987 :33)

[12] سەرچاوەی پێشوو(182)

[13] سەرچاوەی پێشوو( 35)

(تاکگەرایی"Individuality")، بەڵکو بە پێچەوانەوە. دروستترین بەڵگەش بۆ گرنگی جیاوازییە زمانییەکان لە زماندا، دەتوانرێت لە پێڕەوی کردارەکانی زمانی کوردیدا ببینرێتەوە، بە هۆی توانای بەکارهێنانی میتافۆڕییانەی ئەم سیستەمەوە (وەك لە حاڵەتی تابۆ و گەمە زمانییەکاندا دەردەکەوێت) جۆرە توانایەکی کراوەیی بە ئاخێوەری کورد بەخشیوە، کە بە هۆیەوە دەتوانێت ئاوەزییانەتر بیر و واتاکانی ئاوەزی دەرببڕێت.

## *1/1 –2* ) ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان و کارلێکی کۆمەڵ و زمان :

کاتێك لێکۆڵینەوە لە زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت ، تیشك دەخرێتە سەر ئەو لایەی کە پەیوەندیدارە بە ئەرکەوە[15] ، ئەو ئەرکانەی زمان لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا دەیبینێت [16]، لەبەرئەوەی زمان گرنگترین ئامرازە بۆ جێبەجێ کردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیری و زانستییەکانمان[17].

ئەم لایەنەشە بەرجەستە دەبێت لە کارایی زمان لەبەجێهێنانی گشت کارەکاندا هەر لە چاك و چۆنی و بەیانی باشەوە زمان لەکاردایە لە بەجێگەیاندنی هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ ، لەمامەڵکردن لەگەڵ خەڵکیدا و ئاخاوتن لەگەڵ ناسیاو و نەناسیاودا ، لە دانیشتن و کۆڕو کۆبونەوەو ئاهەنگ و بۆنەدا و سەرجەم بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان ، زمان بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی هەڵدەستێت.[18]

دیارە ئەم بەکارهێنانە کۆمەڵایەتیانەی زمان ، کاریگەرە بە شارستانی و نۆرم و بیرو باوەڕو لایەنە ئاوەزیەکان و پلەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی ڕوانینی خەڵك بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتیە گشتییەکان

---

[14] هەردوو چەمك و زاراوەی (تاکگەرایی) و (هەڵکردن)، پەیوەست بە پرۆسەی پەیوەندیکردن و ڕۆڵیان لە تێگەیاندن و تێگەیشتنی بەشداربووانی ئاخاوتندا لە بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێتەڕوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: پاری (2/1–2)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە(56–58).

[15] مەبەست لە (ئەرك) ، ئەو کارو ئەرکە کۆمەڵایەتیانەیە ، کە مرۆڤ ڕۆژانە لە کۆمەڵدا لەڕێی زمانەوە جێبەجێیان دەکات، وەك (هەواڵ،پرسیارکردن،فەرماندان،جێخۆشکردن، ڕاپەڕاندن ،گلەیی،توانج،...هتد) بۆ ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتییانە بڕوانە :

1.محمد معروف فتاح(1990: 26–34) 2. هێمن عبدالحمید شمس(2006)

3. قەیس کاکل (1995: 45) 4. ئاڤێستا کمال محمود (2009: 55–60)

[16] نایف خرما (1978: 170)

[17] هادی نهر (3:1988 )

[18] هێمن عبدالحمید شمس (2006: 16)

هەموو ئەمانە لە شێوەکانی دەربڕیندا دەردەکەون سیمایەکی تایبەتی پێدەبەخشن[19].

زانا (ئۆلبرت) ئەرکە کۆمەلآیەتییەکانی زمانی بەم ڕاستیانە پەسنکردووە :

**یەکەم**/ زمان بەهای کۆمەلآیەتی بە کۆزانین(معرفە) و بیرە مرۆییەکان دەبەخشێت.

**دووەم**/ زمان ئەو خو و نەریتە کۆمەلآیەتییانە دەپارێزێت، کە نەوە لەدوای نەوە دەمێننەوە.

**سێیەم**/ زمان بە هۆکارێك بۆ فێربوونی تاك دادەنرێت، تا ڕێنوێنی بکات بۆئەوەی ڕەفتار و سروشتی لەگەڵ ڕەفتار و عورف وخوونەریتە کۆمەلآیەتییەکان لە ژیاندا بگونجێنێت.

**چوارەم/** زمان ئامرازەکانی دەربڕینی بیر بە تاکەکان دەبەخشێت، لە هەمانکاتدا ئامرازی پارێزگاریکردنی ئەو ژیارییەشە، کە کۆمەلگا پێیگەیشتووە و دەگات[20].

کەواتە پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ لێرەدا گرنگە ، بەواتای ئەوەی ئەم دوانە چۆن کار لەیەکتر دەکەن و ئەو گۆڕانکاری و گەشەسەندنانەی لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەدا بەسەر هەریەکەیان دێت[21]. بۆ ئەم مەبەستەش چەند نموونەیەکی کارلێکی زمان و کۆمەڵ وەردەگرین، کە تێیدا ئاڕاستە کۆمەلآیەتییەکان ڕاستەوخۆ لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە، کاریگەریەکانیش دەکرێت بەم جۆرە پۆلێنبکرێن :

1. **کاریگەرییە جێگیرەکان**: بۆ نموونە (( نەژاد، توخم، چینی کۆمەلآیەتیی (باگراوندی کۆمەلآیەتی) )).
2. **کاریگەرییە گۆڕدراوەکان**: خوێندن،تەمەن،ژینگەی کۆمەلآیەتی،هەلۆێستی ئاخاوتن،مۆدێلی قسەکردن.
3. **کاریگەرییە هەنوکەییەکان/**دەوروبەر:ئەمەیان پەیوەستە بە بارە کۆمەلآیەتییە هەنوکەییەکانەوە (کارکردن،ماڵەوە،کۆمەلّی قسەکەران،...هتد)[22].

لەڕوانگەی ئەم کاریگەریانەی کۆمەڵەوە،کە لەسەر زمان باسکرا. بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵدا گرنگە ، بە واتەیەکی تر مەبەست ئەو یاسا گشتییانەیە، کە حوکمی ڕاستەقینەی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەلێکی دیاری کراودا دەکات[23].

بۆ نموونە لە کۆمەلگای کوردەواریدا و لە بۆنە و بابەتی (سلاوکردن)دا، ئەو داب و نەرێتەی کورد هەیەتی بەرانبەر بە میوان و ڕێبواران (کە ڕێزگرتنێکی بێ کۆتاییە) وا لە تاکەکان دەکات، کە ڕێزی

---

[19] بەهار زایر محمد (2009 :10)

[20] هادی نهر (1988: 61 _62)

[21] نایف خرما (1978: 17)

[22] www. Univrsalteacher.org.uk/ language and society.

[23] نایف خرما (1978: 170)

میوان بگرین و به چەندین دەربڕاوی وەك (بەخێربێن، سەرچاو هاتن، ماڵەكەتان ئاوەدان كردەوە، ڕووناكیتان خستە ماڵەكەوە، میوان سەرچاوانە....هتد) بەرانبەری دەربڕێت، تەنانەت ئەگەر ساردییەكیش لە نێوان دوو كەسدا هەبێت، كلتوری كۆمەلأیەتی كوردەواریی تاك ناچار دەكات لە بۆنەیەكی وەك (پرسە)دا بە گەرمی بەخێرهاتنی میوان و بەرانبەرەكەی بكات[شمیر].

## *1/1 – 3*) زانستی زمانی كۆمەلأیەتی (تێڕوانینێكی بەراییانە):

پەیوەست بەو پەیوەندییەی لەنێوان زمان و كۆمەڵدا هەیە و ئەو بنەما كۆمەلأیەتییانەی ،كە بەكارهێنانی زمان بەپێی دیاردە كۆمەلأیەتییەكان دیاریدەكەن، دەتوانرێ بگوترێت گرنگییەكی ڕەها بەم پەیوەندییە دراوە، بە ڕادەیەك، كە: ((دوای ئەوەی لەلایەن (دۆركهایم) ەوە ، كۆمەڵناسی بووە زانستێكی سەربەخۆ، زمانەوانیش لە سەر دەستی (سۆسێر) بووە زانستێكی سەربەخۆ لێكۆڵینەوەكان بە و ڕێچكەیەدا ڕۆیشتن، كە چیتر وەكو بابەتێكی لاوەكی لەچواچێوەی زانستی دیكەدا، لە زمان نەكۆڵرێتەوە. بەمشێوەیە كاملبوونی هەم زانستی زمان و هەم كۆمەڵناسی وەك دوو زانستی سەربەخۆ، لە لێكۆڵینەوەكانی دوای (سوسێر)، گرنگیش بەو پەیوەندییە دراوە، كە لە نێوان ئەم دوو زانستەدا دركی پێكراوە، كە دواتر وەك لقێكی سەربەخۆ جیا لە دوو زانستەكەی تر بە (زمانەوانی كۆمەلأیەتی) یان (كۆزمانەوانی) ناسراوە))[یر].

لەم ڕوانگەیەشەوە بە پێویستی دەزانین بگەڕێینەوە سەر بیروڕاكانی سۆسێر سەبارەت بە زمان، یەكێك لەو بیروبۆچوونانەی (سۆسێر) جەختی لەسەر دەكردەوە ، هەروەك چۆن (ساپیر) لە ئەمەریكا هاوڕاییوو، كە: ((زمان دیاردەیەكی كۆمەلأیەتییە و پێویستە لەسەر ئەو بنەمایەش لێكۆڵینەوەی تیادا بكرێت))[یر]. ئەمەش بەو مانایەی، كە: ((زمان بەردەوام پێوەندی تاكێك و تاكەكانی تری كۆمەڵگا دروست دەكات، بەمانایەكی سادەتر زمان لە ڕووە كۆمەلأیەتییەكەیەوە ، جگە لە ڕێكخستن و

---

[24] ئەو ڕێسا و كۆت و بەندە كۆمەلأیەتییانەی، كەجلەوی بەكارهێنانی زمان دەگرن و لە كۆمەلێكەوەبۆ كۆمەلێكی تر جیاوازن لە بەریتانیا كاتێك یەكێك سلاوّمان لێدەكات ، پێویستە وەلأمی بدەینەوەو ئەگەر قسە لەسەر یەكێك بكەین ، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین كە گرنگە پێشتر چی لەسەر ئەو كەسە دەزانیت و كاتێك قسە لەگەلّ یەكێك دا دەكەین پێویستە وشەكان بەوردی هەڵبژێرین بۆ ئەوەی پەیوەندی كۆمەلأیەتییەكان بەو كەسەوە دیاری بكەین و كاتێك یەكێكی تر قسە دەكات پێویستە بێدەنگ بین (بێدەنگیەكی تەواو نا) ، بەلأم ئەمانە مەرج نییە لە كۆمەلّی تردا بەو شێوەیە بێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد ( 1987: 183 )

[25] بەهزاد موحسین (2008: 113)

[26] نایف خرما (1978: 107)

پێکهێنانی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا ، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە))[27]. بەمشێوەیە لەڕووی واتا و گەیاندنی بە بەرانبەر هەڕەمەکی نییە، بەڵکو: ((هێما دەنگیەکان یان نوسراوەکان خۆیان واتایان نییە ، پەیوەندی نیوان هێماکان و واتاکان لەگەڵ ئەوەی لەخۆوەیە،بەڵام ئەم پەیوەندییە زاراوەییە و ڕێکەوتن لەسەری هەیە و پەیوەست بەیەك زمان و یەك کۆمەڵەوە جێگیرە))[28].

(سۆسێر) جیاوازی لەنێوان دوو دیاردەی زماندا کرد ، یەکێکیانی ناونا (LANGUE) کەدەتوانین بە (زمان) ناوی بەرین ، ئەوی تریانی ناونا (PAROLE) کە دەتوانرێت بە (گوتن) ناوی بەرین[29].

(چۆمسکی) دابەشکردنەکەی سۆسێری بۆ زمان وەرگرت و لەبەرانبەردا (COMPETENCE) توانست و (PERFORMANCE) توانا/ چالاکی[30] دانا .

هێنانەوەی ئەم دوو زاراوەیەش لە خۆیدا لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا زیاتر بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیەیە، کە توانا زمانییەکان زیاتر لە کارلێکدان لە ناو کۆمەڵدا و گۆڕانیان بە سەردا دێت، بەڵام دواتر و لە ماوەیەکی دوور و درێژتری تەمەنی ئاخێوەردا ئەم توانا گۆڕدراوەی زمان کاریگەری لە سەر گۆڕینی توانستی ئاخێوەرەکە دەبێت. هەربۆیە هێنانەوە و شیکردنەوەی ئەم دوو زاراوە و چەمکەکانیان پێویستە.

## 1. زمان/ توانست:

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یەکگرتووە لە کۆمەڵێکی دیاری کراودا، یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە نەك بەرجەستە نییە، بەڵکو تەواو نادیارییشە، چونکە بوونێکی فیزیکی ئاسایی نییە ، بەڵام لە هەندێك بۆنەی دیاری کراودا لەلایەن ئەندامانی (کۆمەڵگای زمان)ەکەوە بە شێوەی (هەڵسوکەوتی زمان) دا دەنوێنرێت و بە کردەوە دەهێنرێتە دیتن))[31].

بەواتای ئەوەی لەڕێی لێکۆڵینەوە لە نموونەی گوتنی تاکەکانی کۆمەڵەوە ڕێبەدییی ڕێسا و فاکتەرە هاوبەشەکان دەکرێت ،کە ئەم زمانە دەکات بە زمانێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵەدا[32].

وەك ئاماژەی پێدرا ئەم چەمکە لای چۆمسکی (بە توانست) ناودەبرێت ، کە بە هۆیەوە ئەو توانا زمانییانە لە لای هەر تاکێکی کۆمەڵێکی دیاریکراو دروست دەبێت و ئەو توانایەی دەداتێ، کە گوزارشت

---

[27] بەهزاد موحسین (2008 :113)

[28] نایف خرما(1978 :107)

[29] سەرچاوەی پێشوو ( 108)

[30] سەرچاوەی پێشوو ( 115)

[31] محەمەدی مەحویی (ا) (2001 :21)

[32] نایف خرما (1978: 108)

له هەرشتێك بكات كە بیەوێت، بە ڕستەی نوێ كە لەوانەیە پێشتر نەیبستبێ[33] ، بەلاَم ((ئەوەی چۆمسكی ناوی ناوە(توانستی زمان) دەتوانرێت تا ڕادەیەك وەك زانینی قسەكەرێكی هەڵبژێردراو و نموونەیی زمانێك (دەربارەی زمانەكە) سەیربكرێت ، نەك وەك ڕژێمی زمانەكە خۆی))[34] .

## 2. گوتن / توانا:

ئەو زمانەیە، كە خەڵك لە كۆمەڵێكدا بەكاری دەهێنن، ئەمەش بێگومان دەگوڕێت لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر لە گروپێكەوە بۆ گروپێكی تر كەم تا زۆر دەگۆڕێت ، بەلاَم هەموویان ڕێسای زمان و ڕەفتاری گشتی دەیان بەستێت بەیەكەوە ، كە دەیانكاتە یەك زمانی گەیەنراو لەیەك كۆمەڵدا[35] و ((ئێمە دەتوانین لەڕێی ئەو هەڵسوكەوتەی زمانەوە لە زمان وردببینەوە و تێیبڕوانیین))[36] .

ئەم چەمكەش لای (چۆمسكی) كە (توانایە)مەبەست لێی ئەو دەنگە زمانیەیە، كە تاك دەری دەبڕێت و لەوانەیە وێنەی ڕاستی زمان نەبێت، لەبەرئەوەی دوودڵی و دوبارەبوونەوەو وەستان و پێچەوانەی یاسا زمانییەكان و ڕستە پەرتەكانی تێدایە ، لەسەر بنەمای ئەو بارودۆخەی كە حوكمی قسەكردن دەكات[37] .

مەبەست لە خستنە ڕووی ئەم دوو چەمكە لای (سۆسێر) و (چۆمسكی) ئەوەیە، كە لە لێكۆڵینەوەی زمانی كۆمەلاَیەتییدا كار لەسەر چەمكەكانی (گوتن) و (توانا) دەكرێت ، بەواتای ئەوەی ئەم دیوەی بەكارهێنانی زمانە كە لە كۆمەڵدایە و لەبۆنە و هەڵوێستی جیاجیادا كارایە.

لێرەشەوە دەتوانرێت بگوترێت، ئەگەرچی ڕێبازەكەی (سوسێر) تەنها لە قاڵبی (گوتن)دا مایەوە، بەلاَم ڕێبازەكەی (چۆمسكی) هەوڵیداوە بە هۆی لێكۆڵینەوە لە (توانا)وە لە (توانست) تێبگات و بە وێنەیەكی كۆنكرێتی شیكراوەی زمان وێنەیەكی ئەبستراكتی زمان بنوێنێت.

لێرەدا جەخت لەسەر بەكارهێنانی زمان لە كۆمەڵدا دەكرێتەوە ، ئەم بەكارهێنانەش جۆرە سیستەمێك دەهێنێتە ئاراوە ،كە دەتوانین بە( سیستەمی كۆمەلاَیەتیی) ناوی ببەین ، ئەم سیستەمەش پەیوەست بە باگراوندی كلتوری و هەڵوێستەكان و بۆنەكانی بەكارهێنانی زمان هەندێك جار دوبارەبوونەوە و پێچەوانەی یاسا زمانییەكانی لێدەكەوێتەوە.

---

[33] سەرچاوەی پێشوو ( 115)

[34] محەمەدی مەحویی(ا) ( 2001: 21)

[35] نایف خرما (1978: 108)

[36] محەمەدی مەحویی(ا) (2001: 19)

[37] نایف خرما (1978: 116)

لەم ڕوانگەیەشەوە ناکرێت نکۆڵی لە بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیی زمان بکرێت و لەم دیدەیەشەوە (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی) دەبێتە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی زمانەوانی.

وەك ئاماژەی پێدرا دوای سۆسێر لێکۆڵینەوە لە زمان هاتە ئاراوە بە پەسنکردنی بەوەی، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پێکهێنەرێکە لە پێکهێنەرەکانی کلتور و گرنگیەکی سەربەخۆی پێدرا[38].

لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە لە توێژینەوەکانیاندا زمانەوان و زانای کۆمەڵایەتی و زانای نەژادەکان و پسپۆڕانی زانستی دەرونی کۆمەڵایەتی بەشداری تێدادەکەن[39]. بۆ ئەم مەبەستەش زانایانی زمانی وەك: سۆسێر ، ماییە ، فندرێس و فێرس و هالیدای و مالینۆفسکی و یسپرسن و فیلمۆر وهاریس و کاردنر ...هتد هەوڵیاندا ئەو بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییانە بدۆزنەوە ، کە کۆنترۆڵی ڕەفتاری زمانیی دەکەن و بۆ ئەم لایەنەش دوبارە بیر لە ئاخاوتنەکان و ئەو جیاوازیانەی کۆنترۆڵی ڕێساکانی کارکردنی زمان دەکات، کرایەوە[40].

## 1/1 – 3 – 1 ) سنوری نێوان زانستی زمانی گشتی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی:

ئەم بابەتە بە پرسیارێکی گرنگ دەستپێدەکەین، ئەویش ئەوەیە ئایا سنوور لەنێوان زانستی زمانی گشتی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا چییە ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە زۆرێك لە زانایانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی خۆیان بە زانای زانستی زمانی گشتی دادەنێن و زۆرێك لە زانایانی زمانی گشتی شارەزاییان لە زانستە کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجیا و زانستی دەرونی کۆمەڵایەتیدا هەیە[41].

جیاوازیش لەنێوان ئەم دوو زانستەدا ئەوەیە، کە زانستی زمانی گشتی تەنها گرنگی بە دروستەی زمان دەدات بەبێ گرنگیدان بە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکان، کە زمان تێدا وەردەگیرێت و بەکاردێت ئەو پرنسیپە لەبەرچاودەگیرێت کە زمانەوان هۆڵەندی (De groot) بانگەشەی بۆ دەکات و (بەسەربەخۆیی زانستی زمان) ناوی دەبات و (بابەتی تەنیا و ڕاستی زمان ئەوەیە، کە زمان لەخۆییدا بۆخۆی بێت) وەك سۆسێر لە ((وانەکانی زانستی زمانی گشتیدا خسویەتیەڕوو[42]، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە کاری زمانەوان ئەوەیە، کە دروستەی زمانی وەردەگرێت ، بەدەر لەو دەقە

---

38 http://www.alfaseeh.com

39 نایف خرما (1978: 121)

40 http://www.alfaseeh.com

41 هدسون ،ت/ محمود عبدالغنی عیاد (1987: 19)

42 محمود السعران ( 1958 : 3 )

کۆمەڵایەتییەی لێوەی فێربووە ، یان تیایدا بەکارهاتووە))[43]. لەکاتێکدا ئەرکی زانستی زمانی گشتی بریتییە لە دۆزینەوە و دیاریکردنی ڕێساکانی هەر زمانێك بۆ ئەوەی دواتر زانایانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بتوانن پەیوەست بەکۆمەڵەوە لێکۆڵینەوە لە خاڵەکانی ئەم ڕێسایانە بکەن، بۆ نموونە کاتێك گروپە کۆمەڵایەتیەکان، یان کۆمەڵەی قسەپێکەرە[44] جیاوازەکان ژمارەیەك دەربڕینی زمانییان بۆ گوزارشتکردن لەیەك شت لەبەردەستا دەبێت[45].

لەم ڕوانگەیەشەوە زمانەوانی کۆمەڵایەتی مەودای ڕێبازەکان وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی تەرزەکانی زمان، کە لە کاردان و لە هەڵوێستدا بەکاردەهێنرێت و تەنها هەندێك تەرزی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لەزمانی بەکارهاتودا دەتوانرێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك تێبینی بکرێت[46].

## *1/1 – 3 – 2* ) ناساندنی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی:

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو هەمە جۆرییەی لەزماندا هەیە ، پەیوەست بە پەیوەندی نێوان قسەکەرو و گوێگر لە ڕوانگەی چین و توخم و تەمەن و شێوازی قسەکردن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و باگراوندی کلتوری و جۆراوجۆری زارو شێوەزار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانرێت، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە چەند خاڵێکدا ڕاڤە بکرێت:

*1* . ئەو زانستەیە، کە پەیوەست بە کۆمەڵەوە لێکۆڵینەوە لە زماندا دەکات و لایەنەکانی زمان و ڕێگاکانی بەکارهێنانی، کە پەیوەندیدارە بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانەوە ڕێکدەخات[47].

*2*. بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زمان و کۆمەڵگا ، لەم بوارەدا زمانەوانەکان گرنگی دەدەن بەو جیاوازی و هەمەڕەنگییەی کە لە زمانی مرۆڤدا هەیە.زانستی زمانی کۆمەڵایەتیش هەوڵدەدات هۆکارەکانی ئەم هەمەڕەنگی و جۆراوجۆربوونە شیبکاتەوە و بیانخاتەڕوو[48].

---

Hudson,A., R. (1996:3) [43]

[44] کۆمەڵەی قسەپێکەران ئەو گروپە خەڵکەن، کە لە کۆمەڵێك نەریت و یاسا و پێشبینی دا هاوبەشن و چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت لەکاتی بەکارهێنانی زماندا ئەو جۆرە یاسا و نەریت و گریمانانە بەکاربهێنن بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Yule, G. ( 1996 : 239)

[45] هدسون،ت/ محمود عبدالغنى عياد ( 1987 : 19 )

Miriam M., H. (2006 : 26 ) [46]

47 http://www.alfaseeh.com

48 Aitchison, J. ( 1993: 103 )

3 . ((لقێكى زانستى زمانه و لێكۆڵینەوە وەك دیاردەیەكى كۆمەڵایەتى لە زماندا دەكات ، لە پەیوەندى نێوان زمان و كۆمەڵ و كاریگەرییان لەسەر یەكترى دەكۆڵێتەوە ، واتە خەریكى لێكدانەوەى ئەو پەیوەندییانەیە كەلەنێوان هەڵوێستى كۆمەڵایەتى و هەڵبژاردنى زمان ، یان زاردا هەیە و هەوڵى ئەوە دەدات تێمان بگەیەنیت چۆن خەڵكى دەتوانن سوود لە كانگاى زمانیان وەرگرن بەپێى ئەو ڕۆڵەى لە كۆمەڵدا دەیبینن و بەم پێیەش كەناڵەكانیان بگۆڕن))[49] .

وەك لەناساندنەكاندا دەركەوت ، ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانگەى زانستى زمانى كۆمەڵایەتییەوە لە زمان بكۆڵینەوە ئەوا دەبێت لە دوو لایەنەوە ئەم كارە ئەنجام بدرێت :

**یەكەم /** لایەنە ئاسۆییەكانى كۆزمانەوانى، بارى ئێستاى زمانێك ، واتە كاریگەرییەكانى ژینگە و گروپە كۆمەڵایەتییەكان و بەهاو ڕوانگە كۆمەڵایەتییەكانى ئەو كۆمەڵە لەبەرچاو بگرین ، چونكە ئاشكرایە لایەنە ئاسۆییەكانى كۆزمانەوانى ، وەكو دوو ژینگەى جیاواز و دوو جوگرافیا و زار ، یان شێوە زارى جیاوازى زمانێك ، جیاوازى ئاخاوتنیان بۆ دروستدەكات.

**دووەم /** لایەنە ستوونییەكانى كۆزمانەوانى ، وەكو زمانى چینەكانى سەرەوە و خوارەوەى كۆمەڵگا ، خوێندەوارو نەخوێندەوار ، پیرولاو ، ئافرەت و پیاو ،بۆ نموونە كەسایەتییەكى ئاینى و كەسایەتییەكى سیاسى ، شوانێك و بازرگانێك .. لە ئاخاوتندا جیاوازن ، هۆكارى جیاوازى زمانى ئەو توێژە جیاجیایانە ، پێكهاتەى كۆمەڵایەتییانەو پێویستى وناچارى ژیانى كۆمەڵایەتى بەو شێوەیە دابەشى كردوون[50] .

لە ڕووى تیۆرییەوە بۆ گەیشتن بەلایەنە ئاسۆیى و ستوونییەكانى كۆزمانەوانى ، كە لەسەرەوە ئاماژەى پێدرا ، بەواتاى ئەوەى لێكۆڵینەوە لەئەركى كۆمەڵایەتى زمان ، هێڵەكانى ڕێگەیەك دەكێشین، كە زۆربەى زمانەوانەكانى ئینگلتەرا بەناوبانگترینیان فێرس (J.R.Firth)، كە لە لایەنى پەسنییەوە[51] بەگرنگى دەزانن بۆ پراكتیككردنى بەسەر هەر زمانێكى زیندوودا ، ئەم ڕێگەیەش بریتییە لە هێنانە ناوەوەى بیرۆكەى دەوروبەر (context) [52] لە لێكدانەوەى زماندا و بەرچاوترین سوودەكانى بریتین لە :

---

49 محمد معروف فتاح،گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. 112،(1986: 115). هێمن عبدالحمید شمس ( 2006 :19)

50 بەهزاد موحسین(2008: 113 )

51 محمود السعران (1958 : 11– 12– 13 )

52 بیروبۆچوونى دەوروبەر لە سالآنى سییەكاندا سەریهەڵدا كاتێك ، گرنگى درا بە كۆمەڵ و پەیوەندى كۆمەڵایەتى ، كە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆى زمانەوە لە ئەندامانى كۆمەڵەكەى بگات تێیان بگەیەنێ بەتایبەتى لەسەردەمى (مالینوفسكى ،

1. ئەم ڕێگەیە مرۆڤ بە چەقی لێکۆڵینەوەی زمان دادەنێت.
2. ئەم ڕێگەیە مێژووی گەشەسەندنی زمانی کەسێك لە کۆمەڵێکدا لە لەدایکبونییەوە دەنوسێتەوە.
3. ئەم ڕێگەیە گرنگی بە کەس و کەسایەتی دەدات و تیایدا ناڕوانێتە کەسێك بەسەربەخۆیی (دابراوی) ، بەڵکو ئەوە لەبەرچاو دەگرێت ، کە ئەم کەسە ئەندامێکە لە کۆمەڵێکی قسەکردنی دیاریکراودا[53] .

بۆچوونەکان لەسەر بنەمای هۆکار و دیاردە کۆمەلآیەتییەکان بنیاتدەنێت ، کە پەیوەندی بە زمان و ڕەفتاری زمانی کەسەکەوە هەیە ، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەی ,کە کەسەکە پێوەی پابەنددەبێت. بنەمای کۆمەلآیەتی و لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری زمانی کەس تاڕادەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا بنەمایەکی گرنگە ، لەبەرئەوەی زمانی مرۆڤایەتی لەگەشەسەندنیدا ، چۆن گەشەی سەندبێت و بەچ ڕێگایەك گەشەی سەندبێت دروستکراوی کۆمەڵە و لە کۆمەڵدا زمان بەکاردێت و فێری دەبین ، هەروەها کاریگەردەبێت بە کۆمەڵ.

بەم پێیە گوتن (ئاخاوتن) –دەربڕاو بێت یان نوسراو بێت – نامانگەیەنێتە واتای تەواوی ئەگەر تەنها لێی بکۆڵینەوە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ، واتە لێکۆڵینەوە لە دەقێك تەنها لایەنی (دەنگی ، فەرهەنگی ، سینتاکسی) ناگرێتەوە ، بەڵکو دەبێت بۆ گەیشتن بەواتای تەواو و پڕاوپڕی چەند ڕەگەزێکی تر دەبێت بێتە ناوەوە و ڕەچاوبکرێت[54] .

لەم ڕوانگەیەوە زمان لە بۆشاییدا بەکارنایەت و دوو بار کۆنترۆڵی بەکارهێنانی زمان دەکەن:

**یەکەم /** پەیوەستە بە دەوروبەرەوە :

دەربڕینەکان بیّ دەوروبەری زمانی (verbal context) واتا وەرناگرن ، بۆنموونە ڕستەیەکی تەواو نەکراوی وەك : فەرهاد .. خواردی.

---

فێرس) ئەم ڕێبازە زیاتر پەرەی سەند و بایەخی پێدراوە، هەروەها چەند زمانەوانێکی تری وەك (هالیدەی ، ڕۆبینز ، بازل ، کاتزفۆدر) بەرهەمیان لەم بارەیەوە تۆمارکردووە ، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ساجیدە عبداللە فەرهادی ( 2008 :27 )، هەروەها بشڕوانە لە: (بەشی سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەو سەرچاوانەی لەو بەشەدا خراونەتەڕوو.

[53] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمود السعران ( 1958 : 11 – 12– 13 )

54 سەرچاوەی پێشوو ( 14 )

پێش تەواوکردنی ئەم ڕستەیە گوێگر یەکسەر پێشبینی ئەوە دەکات، کە ڕستەکە بەناوێك تەواوبکرێت کە جۆرێك خواردن بگەیەنێت ، بەڵام واتایی ڕاستەقینەش بەتەواوکردنی ڕستەکە دەگات ، لەبەرئەوەی کرداری (خوارد) فرەواتایە بەپێی ئەم دەوروبەرە زمانییانە:

1. ا. فەرهاد نانی خوارد
ب. فەرهاد مستەکۆڵەیەکی خوارد
پ. فەرهاد ماڵی هەتیوی خوارد
ت. فەرهاد هەناوی خۆی خوارد

لە نموونەکانی (1ا و 1ب و 1پ و 1ت)دا کۆنتێکستی زمانی هەیە، کە واتای دەربڕینەکان دیاری دەکات ، بە بێ کۆنتێکستە زمانییەکەش واتای تەواوی ڕستەکە( ئاخاوتنەکە ) ناگات[55] .

**دووەم /** بارودۆخ، یان ئەو (بۆنە)یەی ئاخاوتنی تیادا دەگوترێت، ئەمەش بێگومان کاریگەریەکی گەورەی لەسەر واتای ڕستەکە دەبێت[56] .

ڕەگەزەکانی ئەم بارودۆخەش زۆرن :

1. پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر ((ڕاستیەکانی پەیوەست بە بەشداربوون لە ڕوداوی زمانی))[57] بۆ نموونە قسەکەر یان گوێگر نێرە یان مێ ، گەنجە یان پیر ، یەك کەسە یان دوان ، یان کۆ ، توخمی ، باری ئاینی ، شێوەی دەرەوەی ، تۆنی دەنگی ، پایەی کۆمەڵایەتی ..هتد ، بەواتا ئەو تایبەتمەندیانەی کە جیای دەکاتەوە لەکەسێکی تر.

لەمانەش زیاتر پێویستە پەیوەندیی گوێگر بەقسەکەرەوە لە ڕووی نزیکی ، برادەرایەتی ناسینی ڕوکەش، نەناسین ، گوێ پێنەدان ، دوژمنایەتی ، یان پایەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری .. هتد ڕەچاوبکرێت[58] .

2.خودی ڕووداوە زمانییەکان ( بابەتی قسەکردن )[58]

3. ئەو لایەنانەی , کە پەیوەندیدارن بە هەڵوێستی قسەکردنەوە ، لە چ بارودۆخێکدا ئاخاوتن ئەنجام دەدرێت ، لەچ کات و شوێنێکدا ، چی و چۆن دەگوترێت ، هۆی گوتنەکەی ....هتد[59] .

---

[55] نایف خرما ( 1978 : 122)

56 سەرچاوەی پێشوو ( 123)

57 ساجیدە عبداللە فەرهادی ( 2008: 29 )

58 نایف خرما ( 1978 : 123)

[59] ساجیدە عبداللە فەرهادی ( 2008 : 29 )

4. کاریگەری دەقی قسەکردن ( دەستەواژەزمانییە دەربڕاوەکان بە کردار )بە واتای ئەوەی چۆن ڕستەیەك هەندێك جار کار لە گوێگرێك دەکات، بەڵام هەمان کاریگەری لەسەر گوێگرێکی تر نییە، ئەمەش بە هۆی دابونەریتەوە هەیە .[60]

## 2/1 ) زمان و کلتور:

پێش ئەوەی زمان و کلتور لە ڕوانگەی پەیوەندییانەوە هەڵبسەنگێنین، سەرەتا بە پێویست دەزانرێت، کە لە خودی زاراوەی کلتور و چەمك و بەشە پێکهێنەرەکانی وردببینەوە , دواتر لە لەپەیوەندی کلتور و زمان دەکۆڵینەوە .

### 1/2-1 )کلتور:

**1/2-1 - 1 ) زاراوەی کلتور :** چەمکی کلتور (culture) بەو شێوەیەی، کە ئەمڕۆ لە زانستدا بەکاردێت ، باس لە سەرهەڵدانی چەمکێکی نوێ دەکات لە ناو کۆمەڵە واتایەکی جۆراوجۆری واژەیەکدا[61] . واتا جۆراوجۆرەکانی زاراوەی کلتور بەشێوەیەکی گشتی لە وشەی لاتینی (cultrate) وەرگیراوە[62] . ((ڕەگ و ڕیشەی واژەی کلتور دەچێتەوە سەر زمانی کلاسیك و لەوانەیە لە زمانی پێش کلاسیکی لاتینییەوە هاتبێ و لە بنەڕەتدا مانای کشتوکاڵ یان پەروەردەکردن دەگەیەنێت))[63] پەروەردەکردنی (هەنگ ، ماسی ، کرمی ئاوریشم و ....هتد)[64] . ئەوەی لەم باسەدا مەبەستمانە لێکدانەوەی وشەی کلتورە بەرانبەر زاراوەی شارستانیەت و خودی زاراوەی کلتور بەو مانایەی کەدواتر ئاماژەی پێدەدەین.

بەر لە هەموو شتێك واتایەك هەیە، کە تیاییدا کلتور کەم تا زۆر ئاوەڵواتای (شارستانیەت)ە و لە داڕشتنێکی کۆنتر و توندڕەوانەی هاودژەکەیدا پێچەوانەی (بەربەریەت)ە[65] .

زمانە ڕۆمانییەکان و زمانی ئینگلیزی لەسەرەتای بزاوتی خۆیاندا تاماوەیەکی زۆر واژەی (civilization) (شارستانی)یان لەجیاتی( culture) بەکاردەبرد و مەبەستیان لەبەکارهێنانی ئەو

---

[60] نایف خرما ( 1978 : 123)

[61] ساجیدە عبدالله فەرهادی ( 2008: 29 )

[62] داریوش ئاشوری، و/ کۆسار فەتاحی ( 2007: 13 )

[63] ئەحمەد گوڵمحەمەدی، و/ عەبدوڵڵا بەهرامی ( 2007 : 117)

[64] داریوش ئاشوری، و/ کۆسار فەتاحی ( 2007: 13 )

[65] ئەحمەد گوڵمحەمەدی، و/ عەبدوڵڵا بەهرامی ( 2007 : 117)

[66] جون لاینز، و/ هادی محمد( 2003 :117 - 53 )

واژەیە پەروەردەکردن ، چاکسازی ، پێشخستن ، یان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوو[67] . ((ئەمە ئەو واتایەیە، کە لە ئینگلیزدا کارایە لە ئاوەڵناوی (cultured) دا (ڕۆشنبیر یان بە ئەدەب) دەگەیەنێت. دواجار ئەمە دەوەستێتە سەر وێناکردنی کلاسیکی بۆئەوەی کەچشتێك خاوەن ئیمتیاز (excellence) ە، لەهونەر و ئەدەب و ئاکار و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا))[68] .

واتای دووەمی کلتور ، ئەو واتایەیە، کە (هێردەر) پێشنیازی کردووە و پێویستە زاراوەکەی بۆ بەکاربهێنرێت ، لەم واتایەدا کلتور ((بەبێ هیچ مانایەکی زەمەنی بۆ پێشڕەویکردنی قۆناغ بە قۆناغی هێڵ ئاسانی مرۆڤ لە بەربەریەتەوە بۆ شارستانیەت ، وە بەبێ هیچ حوکمدانێکی بەهائامێزی پێشوەخت سەبارەت بەچلۆنایەتی ئیستاتیکی و فکری هونەر و ئەدەب و دامەزراوەکان ...هتد کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەکاربراوە))[69] . لەم مانایەدا مەبەست لە کلتور شێوە ژیانێك نییە ، کە مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی تر جیابکاتەوە ، بەڵکو کۆی شێوە ژیانێکی دیاریکراوە، کە جیاکەرەوەی گروپەکان و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانە لەیەکتر[70].

لەم ڕوانگەیەوە: ((هەر کۆمەڵێك کلتوری خۆی هەیە ، وەپێدەچێت لقەگروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەیەك لقە کلتوری ناوازەی تایبەت بەخۆیان هەبێت. بەرەوپێدانی هێردەر بۆ وشەی (کلتور) بەم واتایە بەستراوەتەوە بەتێزی ئەوەوە بە مەبەستی پشت پێبەستنی زمان و کلتور لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە بەستراوەتەوە بەو تێڕوانینەوە، کە زمان و کلتوری نەتەوەیەك دەرکەوتەکانی ڕۆح یان عەقڵی ناوازەی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیەن))[71] .

لێرەدا جێی ئاماژەکردنە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی (کلتور) وەك کۆی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەندامانی کۆمەڵ لە تێڕوانینیاندا بۆ جیهان و کۆمەڵ و بۆ پەیوەندیەکانییان بە دەوروبەرییانەوە تەماشادەکرێت ، ئەم جیهانبینیەی تاکەکانی کۆمەڵیش بەهۆی ئەندامبونییەوەیەتی لەکۆمەڵێکی دیاریکراودا، کە لێی وەریگرتووە. دیارە ئەم بۆچونەش بەرامبەر واتای زاراوەی (کلتور) دەمانباتەوە بۆ ئەو واتایەی، کە لە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کلتوریدا (cultural anthropology) باسکراوە، بەم مانایە (کلتور) شتێکە مرۆڤ خاوەنییەتی بەرانبەر ئەو ڕۆشنبیرییەی لە چوارچێوە ڕۆشنبیرییەکان وەك ئۆپرا و زانکۆکان و هاوشێوەکانیان ..هتد بوونی هەیە. زاراوەکەش بەپێی بۆچوونی زانا

---

[67] داریوش ئاشوری، و/ کۆسار فەتاحی ( 2007: 13– 14 )

[68] جۆن لاینز ، و/ هادی محمد(2003 : 53 )

[69] سەرچاوەی پێشوو (54)

[70] ئەحمەد گوڵمحەمەدی ، و/ عەبدوڵلا بەهرامی ( 2007 : 118)

[71] جۆن لاینز، و/ هادی محمد (2003 : 54 )

ئەنترۆپۆلۆژییەکان واتاکەی دەگۆڕێت ، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ، هەمیشە ئاماژە بە تایبەتدمەندییەکانی کۆمەڵێك دەکات ، بەتایبەتی ئەگەر ویسترا جیاوازی لەنێوان کۆمەڵێك و کۆمەڵێکی تردا بکرێت[72].

## 1/2–1 – 2 ) چەمکی کلتور:

ئەندامانی ئەو کۆمەڵانەی، کە یەك زمان بەکاردەهێنن ، بەشدارن لەکۆمەڵێك شتی زۆردا، لەوانە ئاراستە ڕامیاری و ئاکارییەکان ، نەك تەنها ئەمە بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر بەشداری لەو ڕێڕەوەی کە جیهانی پێدەبینن، دەکەن. بۆنموونە پۆلێنکردنیان بۆ شتە هەستپێکراوەکان ، هەروەها ئەو واتایانەی ، کە کرۆکی ئەو پۆلێنانە لەخۆدەگرن[73]. بەم پێیە یەکە کۆمەڵایەتییە بچوك و گەورەکان ، سنور و فەزای کلتوری کەم تا زۆر دیاریکراویان هەیە، کلتوری ئەم جۆرە کۆمەڵانە بریتییە لەکۆیەکی ئاڵۆز، کە لەخۆگری زانست، بڕوا، هونەر، ئاکار، ماف، دابونەریت و هەر بەهرەو خدەیەك، کە مرۆڤ وەك ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەدەستی دێنێت[74]. بەواتایەکی تر ئەندامانی کۆمەڵ لە مێژوویەکدا هاوبەشن ، کە سیستەم و دابونەریتێك باڵی بەسەریدا کێشاوە، کە لەسەری ڕێککەوتون و بەمەش ڕەفتاری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ڕێکدەخات و ڕادەی گونجانی لەچەند لایەنێکەوە دەردەخات. لەوانە : نانخواردن ، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی نەوەکان ، ئاهەنگەکان ، ژنهێنان و شوکردن .. هتد ، ئەمەش بەکۆی کلتوری کۆمەڵ ناودەبرێن[75]. بەمەبەستی شیکردنەوەی چەمکی کلتور ، بەپێی دوو تەوەری سەرەکی ئەم کارە ئەنجامدەدرێت، سەرەتا پێویستە پێناسەی خودی کلتور بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش چەند ناساندنێك دەخەینەڕوو و پەیوەست بە توێژینەوەکەوە شیاوترینیان هەڵدەبژێردرێت، دواتر هەوڵدەدرێت پێکهاتەکانی کلتور شیبکرێتەوە، پێکهاتەکانی کلتوریش بەگشتی هەموو چالاکیە هاوبەشە مرۆییەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، کە دواتر دەبێتە پێشینەیەك بۆ هەر ئەندامێك و لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ بۆنە و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات.

## 1/2–1 – 2–1 ) ناساندنی کلتور:

دیاردەیەکی ئاڵۆزی وەك (کلتور) پێناسەکردنی بەشێوەیەکی گشتگیر، کە سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی تیادا بخرێنەڕوو ئاسان نییە. ئەم ئاڵۆزیەش بۆ فراوانی پێکهاتەکانی کلتور دەگەڕێتەوە،

---


[72] هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد ( 1987: 130–131 )

[73] جمعه سید یوسف (156: 1990)

[74] ئەحمەد گوڵمحەمەدی، و/ عەبدوڵڵای بەهرامی ( 2007 : 118)

[75] جمعه سید یوسف (156: 1990)

له بەرئەوەی  کلتور لەلایەکەوە سەرجەم چالاکییە مرۆیەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، کە بریتیین لە وێژەیەکی هاوبەش، زمانێکی هاوبەش، مێژویەکی هاوبەش ، هونەرێکی هاوبەش ..هتد ، لەلایەکی تریشەوە دیسانەوە ئەم  کلتورە هاوبەشەی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەچێتە ناو بازنەیەکی گەورەتر، کە کلتورێکی مرۆڤایەتی هاوبەشی نێوان میللەتانە.  بەم شێوەیە دەبینین، کە جگە لەوەی هەر کۆمەڵێك کلتورێکی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا لەگەڵ کلتوری میللەتانی تردا لە کارلێکێکی بەردەوام دایە. دەکرێت ئەم لایەنەش بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:




شێوەی ( $1$ )

پەیوەندی نێوان کلتورەکان

لە ڕوانگەی ئەم بەرفراوانییەی کلتورەوە، دەبینین بیرمەندان و زانایان و زمانەوانەکان چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ کلتور کردووە، هەریەکەشیان بەپێی بیر و بۆچون و فەلسەفەی باوەڕپێکراوانی خۆیان، دیاردەکەیان لێکداوەتەوە. بۆئەم مەبەستەش چەند پێناسەیەك باسدەکرێت و سەرئەنجام ئەوەیان پەسەند دەکرێت، کە دەچێتە خزمەتی توێژینەوەکەوە، بەتایبەتی ئەوەیان، کە ڕێنوێنیمان دەکات بۆ لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان کلتور و زمان.

**پێناسەی یەکەم :**

کلتور ((مۆزایکێکە، کە مەعریفە ، دین ، هونەر ، یاسا ، مۆراڵ ، دابونەریتەکان و هەرچەشنە توانایی و عادەتێك لەخۆدەگرێت. مرۆڤ وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستی دەهێنێت))[76].

**پێناسەی دووەم :**

کلتور کۆمەڵێك ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتە، کە بە بۆماوەیی دەمێنێتەوە بۆ کۆمەڵێك، یان کۆمەڵە نەوەیەکی بەدوایەکدا هاتوو، وەك خواردن و بەها ئاکارییەکان و زانین و ئایین و نەریتە زمانیەکان و سروتەکان، هەروەها کلتور لە شێوازی جل لەبەرکردن و خانو و بەرەدا ڕەنگدەداتەوە.

بەم پێیەش کلتور دەبێت بە دوو ئاستەوە :

**ئاستی یەکەم**/ بەرجەستەیی: وەك، جلوبەرگ ، تەکنیك ، ئاوەدانی ، بیناسازی ..هتد.

**ئاستی دووەم**/ نابەرجەستەیی: وەك، (بەها کۆمەڵایەتیەکان ، ئاکاروياساکان ..هتد)[77].

لەم کارەدا زیاتر جەخت لەسەر ئاستی دووەم دەکرێتەوە، کە ئاستە نابەرجەستەیی و ئەو پێناسانە زیاتر مەبەستن، کە جەخت لەو لایەنە دەکەنەوە.

**پێناسەی سێیەم :**

کلتور بریتیە لە شێوازی ژیانی گەلێك یان کۆمەڵێکی دیاریکراو، هەروەها جیهانبینی ئەو گەلە یان ئەو کۆمەڵە بۆ ژیانیان دەخاتەڕوو، کە پێکدێت لە ڕێسا و باو و ڕۆیشتووەکان و نەریت و ئەدەب و هونەر و ڕەوتێك لە ڕەفتارەکان .. هتد و هەموو ئەم ڕەگەزانەش تاك لەکۆمەڵەوە وەریان دەگرێت. بەکورتی چۆن تاکێك لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا هەڵسوکەوت دەکات؟، چۆن و بۆچی بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات؟[78].

**پێناسەی چوارەم :**

کلتور ، ((واتە کۆمەڵێك کردارو باوەڕی لێك گرێدراو کەلە ڕێگای کۆمەڵگاوە بە میرات بۆمان ماوەتەوەو تانوپۆی ژیانی ئێمە پێکدەهێنێ))[79].

**پێناسەی پێنجەم :**

---

[76] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: داریوش ئاشوری،و/ کۆسار فەتاحی ( 2007: 13– 14 )

[77] سلیم الدوله (2009: 48–49)

[78] محمد حسن عبدالعزیز (1983 :93)

[79] داریوش ئاشوری، و/ کۆسار فەتاحی (2007: 31 )

((کولتورێك هەڵگری هەزاران نۆرم و بەها (چاوەڕوانییە ئاکاریەکان) ، بایەخ (پێوانەی دیاریکردنی پەسەند و ناپەسەند ، باش و خراپ ، جوان و ناحەز) ، بڕوا (شت گەلێك ، دەنگ یان کردار گەلێك، کە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە واتایەکی تایبەتیان هەیە) ، تێکنۆلۆژی و پێوەندییە مادییەکان))ە[80] .

**پێناسەی شەشەم** :

کلتور، بریتییە لە هەموو ئەو سەرمەشقانەی، کە  تێکڕای گروپەکان لە ڕەفتاری خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن پێی دەوترێت (ڕێبازی ژیان)، واتە سیمای دیاری هەموو گروپە مرۆییەکانە. کلتور بۆ هەموو گروپەکان بەیەك شێوە ڕوودەدات، بەڵام سەرمەشقە تایبەتییەکانی کلتور لەناو گروپەکاندا فرەچەشنن، کلتورێك بریتییە لەو سەرمەشقەی، کە لەڕووی ئاکارەوە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەیەکی تر جیادەکاتەوە[81] .

**پێناسەی حەوتەم** :

کلتور ((کۆزانینێکە لە کۆمەڵەوە وەرگیراوە"socially acquired knowledge ")) [82] .

ئەم پێناسەیە بۆ کلتور (ward goodonough) کردویەتی و پێیوایە، کە کلتوری کۆمەڵگایەك وا پێویست دەکات هەر تاکێکی کۆمەڵ بیزانێت و باوەڕی پێبکات، بۆئەوەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا بکات بەو شێوازەی، کە تاکەکانی تری کۆمەڵ قبوڵی بکەن. ئەمەش بەوە دەبێت، کە پێویستە خەڵك فێری کلتور ببێت بەرانبەر تایبەتمەندییە بایۆلۆژییە بۆماوەکانیان[83] .

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ پێناسەکانی پێشوو بکرێت، بۆماندەردەکەوێت، کە پێناسەکان لە ڕوانگەی مرۆڤناسی و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەوە چەند زانیارییەکی تەواوکەر دەخەنەڕوو:

1. کلتور چەمکێکی فرە ڕەهەندە پێکهاتەکانی چڕ و ئاڵۆزن. چەند لایەنێك لەخۆ دەگرێت ، وەك (زمان ، مێژوو ، ئایین ، هونەر ، بەها کۆمەڵایەتیەکان ، ئاکار ، عورف و نەریت .. هتد).
2. کلتور هەڵقولاوی ناو کۆمەڵە و مرۆڤ وەك ئەندامێك لە کۆمەڵەکەیەوە وەریدەگرێت.
3. لەڕێی کلتورەوە تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ جیهان و دەوروبەریان بەدیدەکرێت.
4. باگراوندی کلتوری مرۆڤ یارمەتیدەریەتی بۆ چۆنێتی هەڵسوکەوتی لە بۆنەو هەڵوێستەکانی ناو کۆمەڵدا.

---

[80] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ئەحمەد گوڵمحەمەدی، و/ عەبدوڵلا بەهرامی ( 2007 : 118)

[81] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە داریوش ئاشوری، و/ کۆسار فەتاحی (2007: 31 )

[82] هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد  (1987 :131 )

[83] سەرچاوەی پێشوو  (131 )

5. کلتور نەوە دوای نەوە بە میرات و بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆ ئەندامانی کۆمەڵ دەمێنێتەوە.
6. کلتور وەك چۆن ئەو نەخشەیەیە، کە ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤەکان و هەڵسوکەوتیان لە کۆمەڵدا دیاری دەکات، ئاوەهاش کلتور لە گروپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا بەشێوەیەکی ڕێژەیی فرەچەشنە و لەڕووی ئاکارەوە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر.
7. کلتور کۆزانینە. ئەم زانینەش لەلایەکەوە لە کۆمەڵەوە وەردەگیرێت، لەلایەکی تریشەوە توانای بیرکردنەوە و داهێنانی تاکەکانی کۆمەڵە و ڕێنوێنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ هەڵکردن لەگەڵ یەکتریدا دەکات.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیاتر پێناسەکەی (گۆدیناف) وەك بنەمایەك وەردەگیرێت و شیکردنەوەکانی داهاتووی نێوان (کلتور و زمان)ی پێدەنوێنرێت.

## 1/2–1–2–2) پێکهاتەکانی کلتور :

بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەکانی کلتور وەك لە (1/2–1 – 2) دا ئاماژەی پێدرا، تانوپۆی چالاکییە جۆر بە جۆرەکانی ژیان و ژیاریی مرۆڤەکانە، کە دەبێتە ژێرخانێکی پتەو بۆ ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە. بەش و پێکهاتەکانی کلتوریش هاوسەنگ و جێگیرنین، هەم لەڕووی فراوانی و تەسکیی دەوڵەمەندیی کلتوری کۆمەڵەوە هەم بەپێی کات دەگۆڕدرێت. بۆنموونە بەپێی کات هەندێك لەداب و نەریتەکان لەناودەچن و هەندێکیشیان دەگۆڕدرێن و هەندێکیان لە کلتورە گەورەکاندا دەتوێنەوە.
گۆڕانی کلتور نیشانەی ئەوەیە، کە کلتورەکان دروست دەکرێن، ئەگەر کلتوری کۆمەڵێك بریتی بێت لە هونەر و مۆسیقا و جل و بەرگ و ئایین و نۆرم و بڕوا و یاسا ، داب و نەریت ..هتد، ئەوا سەرجەم ئەم پێکهاتە و بەشانەی بە ئامادەکراوی نادرێتە دەست هیچ کۆمەڵێك، بەڵکو هەر کۆمەڵێك کلتورەکەی لەڕێگەی چنین و هەڵبژاردنی بەها کلتوریەکانەوە لەڕابردوو و ئێستادا دروستدەکات. بەواتایەکی تر کلتوری کۆمەڵێك لەڕێگەی وەرگرتن و تێکەڵاوکردن و دوبارە دۆزینەوە و دوبارە خوێندنەوەی ڕەوتی کار و کاردانەوەکانی تاك و گروپەکانەوە دروست دەبێت[84] .
بەمەبەستی خستنە ڕووی بەش و پێکهاتەکانی کلتور لە پرسیارێکەوە دەستپێدەکرێت، بەوەی، کە:
ئایا پەیوەندی مرۆڤ بە کلتورەکەیەوە چییە و چۆنە؟
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕای (ڕالف بیلز) لەسەر پەیوەندیی مرۆڤ بە کلتورەکەیەوە وەردەگرین ، کە دەڵێت : ((شێوازەکانی ئەو ڕەفتارە ڕەوتییانەیە (النمطیة)، کە مرۆڤ لەڕێی ئەندامێتی لە گروپێکی

[84] بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە: ئەحمەد گوڵمحەمەدی، و/ عەبدوڵڵا بەهرامی (2007: 119).

کۆمەلآیەتیدا فیێریدەبێت))[85] . ئەگەر لە واتای قولّی ئەم گوتەیە وردبینەوە ، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پەیوەندییەی، کە مرۆڤی تاکی بەکلتورەکەیەوە بەستۆتەوە ، دەتوانین ئەو پرسیارەش بکەین ، ئایا سروشتی ئەم پەیوەندییە چۆنە؟

لەوەلآمی ئەم پرسیارەدا بۆماندەردەکەوێت، کە کردەی بە کلتور بوون پێوستی بەم ڕەهەندانە هەیە :

1. کۆبوونەوەی مرۆیی.
2. فێربوون.
3. بەزاراوەبوون (مەیینی بەها و نۆرمە کۆمەلآیەتییەکان).
4. زمان ، کە دامەزراوەیەکی هێماییە[86] .

لەم چوار ڕەهەندەی سەرەوەدا ئەوەی بەدیدەکرێت (بۆئەوەی پەیوەندیی مرۆڤ بەکلتورەکەیەوە دەستنیشانبکرێت)، ئەوەیە، کە مرۆڤ دەبێت لە گروپێکی کۆمەلآیەتی دیاریکراودا ئەندامبێت ، هەروەها لەڕێی هەلّسوکەوت لەو گروپە کۆمەلآیەتییەدا کۆمەلّێك لایەنی هاوبەشی ئەو کۆمەلّە فێردەبێت. دەبێت چۆنێتی بەزاراوەبوونی وشەکانی زمانیش بزانێت لە ڕوانگەی ئاماژە کلتورییەکانییەوە، کە دواتر پێویستی بەزمانێکی هاوبەش دەبێت. بەمەش خۆی لەخۆیدا زمان دەبێتە دامەزراوەیەکی هێمایی. ئەوەی خرایەڕوو ئەوە دەگەیەنێت، کە کلتور تۆڕێك لەپەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەلّدا ڕێکدەخات بەپێی پێوەرە ڕەفتارییەکانی : وەك :یەکسانی و نایەکسانی ، باشە و خراپە ، حەرام و حەلآلّ ، جوانی و ناشرینی[87] . بۆئەوەی ئەم هاوسەنگییە لە پرۆسەی بەکلتوربوونی تاکێکی کۆمەلّدا ڕوبدات، ئەوا تاك بۆ هەلّکردن لە کۆمەلّێکدا پێویستی بەوەدەبێت، کە بە ئاگابێت لە پێکهاتە کلتورییەکان (کە ئەم پێکهاتانە زۆرن )، لەم لێکۆلّینەوەیەشدا زیاتر هەولّدەدرێت ئەو پێکهاتانەی کلتور ڕاڤە بکرێت، کە ڕاستەوخۆ لە چنینی تانوپۆی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور لە لایەك و تابۆ و زمان (تابۆی کلتوری) لە لایەکی ترەوە، بنەماییانە دەردەکەون.

### 1/ 2– 1–2–2–1) ئاکار" Ethics":

---

[85] سلیم الدوله (2009 :62 )

[86] سەرچاوەی پێشوو ( 61–62 )

[87] سەرچاوەی پێشوو (63)

پێڕەوی ئاکاریی لە کۆمەڵدا پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی پێوەریی نەنوسراوە[88] ، بە واتای ئەوەی ئاکار کایەیەکی پێوەرییە بەدوای ئەوەدا ناگەڕێت کە هەیە ، بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت ، کە دەبێت شتەکان چۆن بن[89] ، لەبەرئەوەی ئاکار پێڕەوێکە ئەوە دیاریدەکات، کە پێویستە بەها مرۆییەکان چۆن بن، ئاوەهاش لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتییەکان یەکبگرنەوە و لەڕوانگەی دەنگێکی مرۆییانەوە، کە لە ویژدانی کۆمەڵایەتیی ڕووتەوە دەردەچێت[90]. دیارە ئەم پێڕەوە پێوەریەش بەپێی جیاوازی ئەزمونی ناوەکی (خودی) کۆمەڵەکان لەژیاندا و بەپێی جیاوازی مێژووەکانیان و باوەڕەکانیان و ئەو هێزە شاراوانەی دەیانجولێنن، هەروەها لەناو یەك کۆمەڵێشدا لەگۆڕاندایە بەپێی جوڵەیەکی لەسەرخۆ بەرەو بەها نموونەییەکان[91].

لەم ڕوانگەیەوە بەهانموونەییەکان ناوەڕۆکی ئاکاری هەر کۆمەڵێك پێکدێنن و دەبنەوە بەشێکی پێکهاتە کلتوریەکان، لەبەرئەوەی ((فێربوونی کلتور بەهۆی وەرگرتنەوە دەبێت و ئەو ڕەفتارە ڕەوتییە دەنوێنێت، کە کۆمەڵ دایدەنێت بەمەبەستی پێوانی پەیکاڵبوون و پەیکاڵنەبوونی ڕەفتاری تاك لەگەڵ تاکدا لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکاندا))[92]. بۆیە هەر کلتورێك و هەر فەلسەفەیەکی ئاکاریی نموونەیەك بۆ کەسایەتیەکی نموونەیی دادەنێن و لەوانەیە تاکێکی کۆمەڵ نەبێت لەگەڵ ئەم کەسایەتییە نموونەیەدا پەیکاڵبێت، لەهەمانکاتدا هەموو کلتورەکان پێداگری لەسەر لاسایی کردنەوەی ئەم کەسایەتییە نموونەییە دەکەن، چونکە کەسی باش نزیکترین تاکەکانی کۆمەڵە لەو کەسایەتییە نموونەییەوە[93]. ئەوەی جێی ئاماژەیە، ئەوەیە کەسایەتی نموونەیی لەپشتییەوە ئاکارێکی بەرز هەیە، کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەیە:

1. هەموو مرۆڤەکان لە خراپەکاری ئەم پارێزراون.
2. هەموو ئاژەڵەکان لە خراپەکاری ئەم پارێزراون.
3. هەموو شتە ماددییەکان و ژینگە و گەردون لەم پارێزراون.
4. مامەڵەکردنی لەگەڵ هەموو ئەمانەی، کە باسمانکرد بە پێی نزیك بوونەوەی لە ئایدیاڵ و نمونەیی بوونەوە دەبێت.

---

88 محمد محمود عبدالله (1997 : 35 )

89 سليم الدوله(1996: 63)

90 محمد محمود عبدالله (1997 : 35 )

91 سەرچاوەی پێشوو (36)

92 سليم الدوله(1996: 63)

93 سەرچاوەی پێشوو (36)

شایەنی باسە، گرنگترین ڕێسا ئاکارییەکان، کە دەبێت لە کەسایەتیی نموونەییدا هەبن و پێوەریشن بۆ ئەو کەسایەتییە، بریتین لە: ((حەرامکردنی دەستدرێژیکردنە سەر کەسان و پارەو عەرزی خەڵك (شەرەف و ناموس) ، یان ئەو ڕێسایانەی کە بانگەشە بۆ پابەندبوون بە بەڵێنەکانەوە دەکات ، یان حەرامکردنی دەوڵەمەندبوون بەبێ هۆکاری ڕێپێدراو )) ..هتد[94].

پەیوەست بە کلتوری کوردەوە پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کە ئایا هەموو ئەو ڕێسا ئاکارییانەی پێشتر باسکرا دەبنە پێوەرێك و بەهایەکی کلتوریی بۆ مرۆڤی کورد؟ ، یاخود ئەو ستانداردە ئاکارییە مرۆییە لای کورد بە هەمان چەشن ناسراوە؟

بۆ شیکردنەوەی ئەم پرسیارە پەنا دەبرێتە بەر ئەو وشانەی، کە بۆ ئەم کایەیە بەکاردەهێنرێن، وەك ( بە ئەخلاق – بێ ئەخلاق – نائەخلاقیی ). دەبینین هەردوو کایەی ( ئاکار ) و (ڕەوشت) لە پێڕەوی کلتوری کوردیدا تێکەڵاوییەکی بە خۆیەوە بینیوە. لەو شوێنەدا، کە حوکمکردنەکان لە سەر بنەمای ڕەوشتن، حوکمدەکرێن بە زاراوەی (ئاکار)، بۆ نموونە با لە ڕستەی (*2*) وردببینەوە:

*2*. فلان پزیشك بێ ئەخلاقە.

ئێستاکە، گەر لە نموونەی (*2*) وردببینەوە، دەبینین وشەی (پزیشك) لە نموونەکەدا پیشەیەك دەگەیەنێت، کە دەبێت بە ئاکاری کارەکییەوە (الاخلاق المهنیە) ببەسترێتەوە، نەوەك بە ڕەوشتی کەسەکەوە، بەڵام لێرەدا کەسی (پزیشك) سەرپشکە، کە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بە چ شێوەیەك ڕەفتار دەکات. ئەمەش ڕەوشتە (Morality)، بەڵام لە سنوری پیشەکەیدا ئەو پابەندە بە ئاکاری پیشەییەوە، کە ناتوانێت خۆی لێیان لابدات. بەڵام لێرەدا کورد هەردوو کایەکەی تێکەڵ کردووە. حوکمی پیشەکەی دەکات بە لایەنە کەسێتییەکەیەوە. هەروەها وشەی (بێ ئەخلاق) لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا زیاتر بۆ لایەنی سێکسی تەسکدەکرێتەوە. دیارە کە وشەی (بە ئەخلاق)یش هەمان تێکەڵاوبوونی بە خۆیەوە بینیووە، وەك وشەی (بێ ئەخلاق)، بەڵام تاڕادەیەك ئەم وشەیە لە ئاکار نزیکدەبێتەوە. بەڵام وشەی (نائەخلاقیی) تەواو پەیوەستە بە (ئاکار)ەوە، چونکە لە لایەنی سێکسییەوە دوور دەکەوێتەوە.

## 1/ 2– 1–2–2–2) ڕێساکانی خوونەریت و جێخۆشکردن :

تاکەکانی کۆمەڵ هەمیشە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتردا ، بەپێی پەیوەندییە جیاوازەکان و لە چوارچێوە و بۆنەی جیاوازدا. ئەم پەیوەندییەش لەوانەیە لەچوارچێوەی خێزانەکەیدا ، یان پیشەکەی، یان دامەزراوەیەکی فێرکاریی ، یان چالاکییە ئایینی و ئابوریەکاندا بێت .. هتد. بەکورتی ئەم لایەنە

---

[94] حسن کیرە ( 1988: 36 )

سەرجەم کایەکانی ژیانیان دەگرێتەوە[95]. لەم ڕوانگەیەوە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێك ڕێسا هەیە ، کە خەڵکی لەسەری ڕێکدەکەون و لە پەیوەندییەکانیاندا و لە بەیەکگەیشتنی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن ، یان دەیکەنە نەریتێك لە ڕوخسار و جل لەبەرکردنیاندا پەیڕەوی دەکەن[96].

ئەم ڕێسایانەش دەبنە پێکهاتەی خوونەریت و جێخۆشکردن.خوونەریتیش بریتیە لە کۆمەڵێك بەهای ڕەوشتی ، کە مرۆڤ ڕادەهێنێ لەسەر پابەندبوونی لەژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، دیارە ئەم خونەریتانەش لەبەهای کۆمەڵایەتی بۆماوەییەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕێنوێنی ڕەفتاری مرۆیی دەکەن لەوشتانەدا، کە فەرمانی پێدەکرێت و ئەوانەی نەهی لێدەکرێت ، بەم شێوەیەش مرۆڤ پابەندییان دەبێت[97]. لە کلتوری هەر کۆمەڵێکدا نموونەی ڕێساکانی خونەریت و جێخۆشکردن بریتییە لە ، پیرۆزبایی کردن لەکاتی بۆنەی خۆشیدا ، دڵنەوایی کردن و سەرەخۆشی لێکردن لەکاتی مردن و کارەساتەکاندا ، سلاّولێکردن و سلاّودانەوە .. هتد و زۆرێك لەو ڕێسایانە لە کۆمەڵدا دروستدەبن بێ ئەوەی بەرنامەیەکی داڕێژراوی بۆ هەبێت ، بەڵکو خەڵکی بەشێوەیەکی سروشتی لەسەری دەڕۆن و وەك ئاماژەی پێدرا بەشێوەیەکی بۆماوەیی نەوە دوای نەوە بۆیان دەمێنێتەوە، هەتا ئەو کاتەی خەڵکەکە واز لە هەندێك لەم ڕێسایانە دەهێنن، بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ لۆجیك و پێوەرە هاوچەرخەکاندا دژی دەوەستنەوە[98].

لە ڕوانگەی ئەم بابەتەوە پەیوەست بەکلتوری کوردەوە دەتوانرێت بگوترێت :

1.میللەتی کورد هاوشێوەی میللەتەکانی تر کۆمەڵێك ڕێسای خونەریت و جێخۆشکردنی هەیە ، کە لە بۆنە جیاوازەکاندا بەکاری دەهێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم بۆنانە ئاینی ، یان نەتەوەیی ، یان خێزانیی ..هتد بێت.

2.ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسۆیی بڕوانرێتە خونەریتەکان ، دەبینرێت لەو بۆنانەدا دەربڕینی زمانیی جیاواز بەجیاوازیی بۆنەکان بەکاردەهێنرێن. ئەمەش مرۆڤی کورد پابەند دەکات جۆری دەربڕینەکانی بەپێی جۆری بۆنەکان هەمەڕەنگ بێت.

3.ئەگەر بەشێوەیەکی ستونی بڕوانرێتە ئەم خونەریتانە ، دەبینرێت ڕێساکانی بەگۆڕانی کات دەگۆردرێن ، واتە بەپێی گۆڕانی بیروبۆچوونی سەردەمەکان و پێوەرە هاوچەرخەکان و شارستانیبوون ئەم ڕێسایانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر مەرج نییە جێگیربێت.

---

[95] ریاض القیسي ( 2002: 44 )

[96] حسن کیره (1988: 28).

[97] ریاض القیسي ( 2002: 45 )

[98] عباس الصراف (2005: 17 )

## 1 / 2- 1-2-2-3) باو و ڕۆیشتوو :

دیارە باو و ڕۆیشتوو (عورف) وەك سەرجەم پێکهاتە کلتوریەکانی تر لە کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت ، بە واتای ئەوەی ((تایبەتمەندێتی هەڵقولاَویی لە بارودۆخی کۆمەڵ لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە ، بەشێوەیەك ، کە ڕێساکانی بەجێهێنەری پێداویستیەکانی کۆمەڵن))[99]. خودی باو و ڕۆیشتووش بریتییە لە دوبارەکردنەوەی ڕەفتارێك لەلایەن مرۆڤەوە لە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا، لەڕوانگەی پێداویستی کۆمەڵگاکەیەوە. لەمەشەوە کۆمەڵێك ڕێسای لێدەکەوێتەوە بەپێی ڕێکەوتنیان و بەشێوەیەکی بۆماوەیی دەمێنێتەوە، لەگەڵ بڕوای مرۆڤەکان بەوەی پێویستە ڕەچاوی ئەم ڕێسایانە بکەن و سیفەتێکی پابەندێتی هەیە[100].

شیکردنەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە باو و ڕۆیشتوو لە سەر دوو بنەمای سەرەکی ڕاگیرکراوە:

1. دوبارەکردنەوەی ڕەفتار.
2. پابەندبوونی مرۆڤەکان پێوەی.

کاتێك دەگوترێت باو و ڕۆیشتوو لەکۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت ، مەبەست ئەوەیە کرۆکەکەی لە ڕێککەوتنی مرۆڤەکانەوە و لە چێوەی مامەڵەی ئابوری و بارودۆخی کۆمەڵایەتییانەوە سەرهەڵدەدات. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕێساکانی باو و ڕۆیشتوو بەوە دەناسرێنەوە، کە دەربڕی ڕاستەقینەی ڕەزامەندبوونی تاکەکانی کۆمەڵن لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان. بەم پێیەش دروستبون و گەشەکردنی گونجاودەبێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا، لەسەر ئەم پەیوەست بوونەش بە کۆمەڵەوە گەشەسەندنی ڕێسا باو و ڕۆیشتووەکان وابەستەی گەشەسەندنی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکانن، دواجاریش بەردەوام لەگەڵ ئەم بارودۆخانەدا دێنەوە[101].

پەیوەست بە پێکهاتەی دووەمی کلتورەوە، کە (ڕێساکانی خونەریت و جێخۆشکردن) بوو، پەیوەندییەکی پتەوی بە باو وڕۆیشتووەوە هەیە ، بە واتای ئەوەی چۆن لە سەرجەم بۆنە و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی بارودۆخی کۆمەڵ پێویستمان بە چەند ڕێسایەکی خونەریت و جێخۆشکردن هەیە ، وەك (پیرۆزبایی کردن ، دڵنەوایی کردن ، سلاَوکردن ..هتد) بەهەمان شێوە بەپێی کلتوری کۆمەڵگایەك پێویستمان بە ڕێساکانی باو و ڕۆیشتوو دەبێت ، لەگەڵ زانینی ئەوەی کە دیسانەوە

---

[99] أنور سلطان (1981: 123 )

[100] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: عبدالمنعم فرج الصده ( 1984 :140–141) و عباس الصراف (2005: 17 )

[101] عبدالمنعم فرج الصده (1984: 141–142)

ڕێساكانی خونەریت دەبنەوە پێكهاتەی باو و ڕۆیشتوو بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە باو و ڕۆیشتوو قۆناغێكی پێشكەوتووتری ئەم ڕێسایانەیە و دەبێتەوە پێوەرێك بۆ هەڵسوكەوتی مرۆڤ لەكۆمەڵدا.

لەم بابەتەوە پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە پەیوەندیی باو و ڕۆیشتوو بەزمانەوە چۆن لێكدەدرێتەوە؟

پێشتر ئەوە خرایە ڕوو، كە باو و ڕۆیشتوو پێكهاتەیەكە لە پێكهاتەكانی كلتور ، كلتوریش لە كۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت ، ئاشكراشە بەهەمان شێوەی كلتور ، زمانیش وابەستەی كۆمەڵە ، لەبەرئەوەی ((زمان لەهەمان كەرەستەی خاوی یاساكان و شێوازەكانی ژیان و كۆمەڵێك ڕێسای ئاكار و ڕەفتار و پرنسیپەكانی دروستبووە ، كە پێكهاتووە لە با و و ڕۆیشتووەكان ، واتە لە كۆمەڵێك ڕێسا لە پێناوی ئەو چالاكییانەدا ، كە گروپە مرۆڤێك بەشداری تێدادەكەن))[102]. باشترین بەڵگەش بۆ پەیوەست بوونی باو و ڕۆیشتوو و زمان لەبیروبۆچونی زمانەوانە نوێكاندا بەدیدەكرێت كاتێك بەدوای ئەو پێوەرەدا دەگەڕێن، كە بەكاریدەهێنن بۆ گوتنی ڕاستی و هەڵە، ئەمان بڕیاری ئەوە دەدەن، كە زمان سیستەمێكی باو و ڕۆیشتووە، بە واتای ئەوەی باو و ڕۆیشتوو دەستنیشانكەری پێوەرەكانی بەكارهێنانی زمانە[103]. ئەم ڕاستیەش نەك هەر لە زماندا دەردەكەوێت، بەڵكو لە دیاردە مادییەكانی تری ژیانیشدا هەروایە، بۆ نموونە: ((دیزاینی چاكەتێك، كە لەگەڵ باو و ڕۆیشتوودا یەكنەگرێتەوە گەرمی بۆ جەستەت دابین دەكات و خانوویەك بیناكەی لەگەڵ باو و ڕۆیشتوودا دەرنەچێت، دەتپارێزێت لە سەختی كەشوهەوا ، خواردنێكی ئامادەكراو بێ گوێدانە باو و ڕۆیشتوو جەستەت تێر دەكات ، بەڵام كاتێك گوتەیەكی دەربڕاو(spoken utterance)، ئەگەر ڕێساكانی باو و ڕۆیشتووی زمانی كۆمەڵگاكە بەشێوەیەكی مەترسیدار پێشێل بكات ، ئەوا ناتوانێت گوزارشتت لە هیچ بۆبكات، بۆیە بە بێ بەها دادەنرێت))[104].

كەواتە قسەكەری زمانێك ، زمانەكەی بەكاردەهێنێت لە شێوەی دەنگ و ڕۆنان و وشەكانیدا بەپێی ئەو باو و ڕۆیشتووە زمانییەی، كە كۆمەڵی قسەپێكەرانی زمانەكەی وابەستەییان پێوەی هەیە. بەم شێوەیە ڕاستی ئەوەیە، كە بەكارهێنانی زمان وابەستەی ئەم باو و ڕۆیشتووە بێت. هەڵەش ئەوەیە، كە بەكارهێنانەكەی وابەستەی باو و ڕۆیشتووی كۆمەڵەكە نەبێت ، بە واتای ئەوەی باو و ڕۆیشتوو سیستەمەكە دادەنێت و بڕیاری لەسەر دەدات و پارێزگاری لێدەكات[105].

---

[102] روی .سی.هچمان ، ت/ داود حلمی احمد السید ، ( 1989 :123)

[103] محمد حسن عبدالعزیز (1983: 141)

[104] روی.سی.هچمان، ت/ داود حلمی احمد السید (1989: 123)

[105] محمد حسن عبدالعزیز (1983: 141)

نموونەش بۆ ئەم لایەنە ، باوایدابنێین ، کە باو و ڕۆیشتووی زمانی کۆمەڵی (ا) واپێویستدەکات کرداری (بانگی بکە) بەشێوەی (بانگی بکە) دەربرڕێت لەکاتێکدا عورفی زمانی کۆمەڵی (ب) واپێویستدەکات بەشێوەی (گازی بکە) دەربرڕێت ، دەبینین دەربڕینی (گازی بکە) لەناو کۆمەڵی (ا) دا دەبێتە مایەی سەرسوڕمان و گاڵتەپێکردن ، هەمان شتیش ڕاستە پەیوەست بەکۆمەڵی (ب)ەوە بۆ دەربڕینی کرداری (بانگی بکە). ئەم نەگونجانی دەربڕینانەش لەو دوو کۆمەڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ وابەستە نەبوونی هەر یەکێك لەو کردارانە لەگەڵ باو و ڕۆیشتووی زمانیی کۆمەڵگاکەدا .

## 1 / 2- 1-2-2-4) ئایین :

پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان ئایین و کلتوردا هەیە ، جۆری ئەم پەیوەندییەش بریتییە لە پەیوەندی بەش بەگشتەوە ، بەو واتایەی ئەوەی کلتوری هەر کۆمەڵێك کاریگەرە بە فەلسەفەی ئایینێك یان چەند ئایینێك ، کە دەبنەوە بەشە پێکهاتەی کلتورەکە، خودی ئاینیش ((بریتییە لە کۆمەڵێك فەرمان و نەهی لێکردن ، کە خوای گەورە وەك دیارییەك بۆ پێغەمبەرەکانی دایبەزاندووە بۆئەوەی مرۆڤ بخاتە سەر ڕێی ڕاستی و خۆشی و شادی لەم دنیا و ئەو دنیا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت))[106]. دیارە ناوەڕۆکی ئایین پێکهاتووە لەکۆمەڵێك بڕوا و ڕێسا، کە ڕێنموونی مرۆڤ دەکەن لە ژیانیاندا و ئەرکی سەرشانی مرۆڤ بەرانبەر خوای خۆی و خودی خۆی و خەڵکیی دیاریدەکەن[107]. ڕێسا ئاینیەکان ، کە کلتوری هەر کۆمەڵگەیەك کاریگەرە پێیانەوە سزا تیایاندا وەستاوەتە سەر نکۆڵیلێکردنی ویژدان ، یان سزاکانی ئەو دنیاییە[108].

بۆ نموونە کلتوری کورد و نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵات کاریگەرن بەئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ، لەم ڕوانگەیەشەوە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) ڕەنگدانەوەی لە ئاوەزی مرۆڤی کورد و ئەو نەتەوانەدا هەیە و دواجار بەچەندین شێوە لە کلتورەکاندا دەبێنرێتەوە. بەم پێیە چەندین دەقی وەك (اعملوا بالمعروف وانهوا عن المنكر) و (تعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الاثم و العدوان) .. هتد دەبنە پێوەرێك بۆ مرۆڤی کورد بۆ جیاکردنەوەی کردەوەی باش لە کردەوەی خراپ و هاندانی مرۆڤی کورد بۆ هاریکاریکردنی یەکتری لەکاری باشە و خێردا و ڕێنموونی کردنی لەلایەکی ترەوە بۆ دورکەوتنەوە لەکاری خراپە و داگیرکاریی. ئاین لەناو زۆربەی میللەتاندا گرنگییەکی

---

[106] انور سلطان (1981: 23)

[107] عبدالمنعم فرج الصده ( 1984: 122 )

[108] سەرچاوەی پێشوو.

ئەوەندە بەهێزی هەیە ، کە وادەکات پێکهاتەکانی تری کلتوریش وابەستەی بن، بۆ نموونە لەو بابەتەدا، کە باس لە ئاکار و ڕێساکانی خوونەریت و جێخۆشکردن و باو و ڕۆیشتوو کرا ، ئەمانە دیسانەوە کاریگەریی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان لەسەرە[109] ، بۆ نموونە لەڕووی مێژووییەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئاکار و ئاییندا هەیە، هەروەها لەوانەیە خوونەرێتە ئایینییەکان زووتر ناسرابێت لە پێش ئەوەی جیاوازی لە نێوان خوونەرێتی ئاکاریی و ئاییندا بکرێت. دەشتوانرێت بگوترێت، کە گەشەسەندنی ئاکار لە ڕێگەی ئایینەوە دەستی پێکردووە و زیاتر جیاوازی نێوان ئاکار و ئاین لە درکپێکردنی جیاوازی ئەو ئەرکانەوە[110] سەرچاوەی گرتووە، کە لە لایەکەوە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، لە لایەکی تریشەوە ئەو ئەرکانەی لە نێوان مرۆڤ و خوای خۆیدا هەیەتی. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی پەیوەندیی مرۆڤ بە دراوسێیەکەیەوە یەکێکە لەو ئامۆژگارییانەی، کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، تا ئێستاش ئەم لایەنە لە پایەکانی پەیوەندییە بەهێزەکانی نێوان ئاکار و ئایینە[111].

لەم ڕوانگەیەوە ئایین و ئاکار هەردووکیان جیهانێکی ئایدیال/ نموونەیی دروستدەکەن، کە مرۆڤەکان وەك ستانداردێك ڕەفتارەکانی خۆیانی پێدەپێون[112]. باشترین بەڵگەش دانپێدانانی گشتی ئایینە ئاسمانییەکانە بەوەی، کە گوێڕایەڵیی ڕێساکانی ئاکار لە ئەرکە ئاینییەکاندا پلەیەکی بەرزی هەیە[113]، یان زۆربەی خوونەریت و ئەو دەربڕینانەی، کە جێخۆشکردنی تێدا دەبینرێتەوە بەپێی باو و ڕۆیشتوویەکی ناسراو زانراوە، کە میللەت ڕێکەوتووە لەسەری و پابەندە بە ئاینەکەیەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ناو دەیان دەربڕینی بەکارهێنراو لە (نەخۆشیەکاندا ، لە جەژنە پیرۆزەکاندا ، لە سلاّوکردندا ، لەپرسەدا .. هتد) سەلمێنەری وابەستەیی ئایین و سەرجەم پێکهاتەکانی تری کلتورن.

---

[109] هەرچەندە میللەتی کورد پێش بوونی بە ئیسلام لەسەر ئایینی زەردەشتی و مەسیحی بووە و تاڕادەیەکی کەمیش خەڵکی لەسەر ئایینی جوو بوون و ئەم ئایینانە کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر پێکهاتەی کلتوری میللەتی کورد ، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت لەسەر ئاینی ئیسلام کراوەتەوە لەبەر بەردەوامی ئەم ئاینە لە ناوچەکەدا تائێستا و فراوانی بڵاوبوونەوەی و بەڕەسمی بوونی لە یاسا و دادگا و دەستووری وڵاتدا.

[110] ئەم دەربڕینە زیاتر مەبەست لێی زاراوەی (واجبات)ی زمانی عەرەبییە.

[111] ولیام لیلی، ت/ علی عبدالمعطي محمد ( 2000: 130).

[112] شایەنی باسە، کە لە یۆنانی کۆندا سیستمی ئاکار لە ژێر کاریگەری ژیریێژییدا بووە، نەك ئاییندا، بە پێچەوانەی ژیارییەکانی تری وەك (ئیسلامی، مەسیحییەت.......هتد).

[113] ولیام لیلی، ت/ علی عبدالمعطي محمد ( 2000: 130).

## 2–2/1 ) (زمان) و (بیروکلتور) :

دوای ئەوەی لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا، پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ شیکرایەوە، دواتر لەوەچەپاری پێشوودا کلتور و پێکهاتەکانی خرایەڕوو. ئەمانە هەمووی لەپێناوی ئەوەدایە، کە پەیوەندی نێوان زمان و کلتور لێکبدرێتەوە. زمان و کلتور هەردووکیان دەبنەوە دووکایەی کۆمەڵ و هەردووکیشیان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە ، بۆ ئەم مەبەستەش لەم وەچەپارەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە دەگوترێت :

ئایا کلتور و بەشە پێکهاتەکانی کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە ، یان کاریگەرییەکە بەپێچەوانەوەیە ؟

((لەگەڵ ئەوەی دابەشکردنی ئاسایی ناوەوەی زمان هەیە – کەپشت بە ئاستەکانی زمان وەك (سینتاکس و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) دەبەستێت– ئێستا باس لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندی زمان بەدەرەوەی خۆی دەکرێت، کە ئایا هێڵی جیاکەرەوەی سروشتی هەیە لەنێوان ئەو دیاردانەی ، کە واژەی (زمان) دەگرێتەوە لەگەڵ دیاردەکانی تردا؟)) [114]. زۆرجار دەگوترێت، کە: ((ژیانی کۆمەڵایەتیمان وەك ئەوەی دەیزانین بەدەر لە زمان نایەتە پێش چاومان و وەك نەریتێك ئەم گوتەیە وەردەگرێت لەوکاتەدا گوزارشت لە شتێکی تێبینی کراو بکرێت. ئەویش ئەوەیە، کە دەربڕینە زمانییە گۆکراوەکان ڕەگەزی سەرەکیی لەکارلێکە مرۆییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکدێنێت. دیارە ئەم گوتەیە گوزارشت لە ڕاستییەکی قوڵتردەکات ، ئەویش ئەوەیە ، کە ژیانی مرۆیی کۆمەڵایەتی لەبنچینەدا لەسەر کۆزانینی هاوبەش (کلتور) بنیاتنراوە و زمانیش ئامرازێکی سەرەکییە، کە بەهۆیەوە ئەو هاوبەشییە لەو کۆزانینەدا دەکرێت)) [115]. لەلایەکی ترەوە زمان ئەو توانایەش دەدات بە کەسێك بیری کەسێکی تر ئاراستە بکات، بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی بیری خۆی بێت. بەم شێوەیەش دوبارە بەشێك لە کۆزانینی خۆی لەمێشکی ئەو کەسەی بەرانبەریدا بەرهەمدەهێنێت و ئەم ڕەنگدانەوە ئاراستەکراوەش(imitation guided )، کە بەم شێوەیە بەکاردێت، بەکارهێنانی زمانە وەك ئامرازێك بۆ کاراکردنی کلتور و ئەو هۆکارەشە بۆ پەیکاڵبوونی کلتوری کەسێك لەگەڵ کەسێکی تر و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەی دوای خۆی [116]. کەواتە پشت بەست بەم بۆچوونانە ، کورتەی وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە پێشتر خرایەڕوو –ئایا هێڵی جیاکەرەوەی سروشتی هەیە لەنێوان زمان و دیاردەکانی تردا؟– بەکلتور و بیر وەڵامدەدرێتەوە و ئەم وەڵامەش زیاتر جەخت دەکاتەوە لە سەر لایەنە

---

114 هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد( 1987: 130 )

115 روی.سی.هیچمان، ت/ داود حلمی احمد السید (1989: 177 )

116 سەرچاوەی پێشوو (177)

هاوبەشەکانی زمان و بیرو کلتور نەك جیاوازییان[117] ، باشترین بەڵگەش بۆ هاوبەشی زمان و بیر و کلتور فۆرمە زمانییەکانی زمانێکی دیاریکراو پەیوەست بەکۆمەڵەوەیە، کە زمانەکەی تێدا سەرهەڵدەدات ، وەك دەیان وشەی ، (خوڕەی ئاو) لە کوردیدا و( خریر المیاه) لە عەرەبییدا. بە مەبەسەتی زیاتر قوڵبوونەوە لە وەڵامی پرسیارەکەشدا ، بە پێویست دەزانرێت لەسەرباسی داهاتوودا لە پەیوەندی نێوان (زمان و بیر) بدوێین ودواتریش پەیوەندی نێوان (زمان و کلتور)یش لێکدەدرێتەوە.

### 1/2–2–1 ) پەیوەندیی نێوان زمان و بیر:

ئەگەر زمان وا لیکبدرێتەوە، کە ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی. بەمەش بەگریمانە بە سەرەتابوونی ئەم هەست و سۆزانە دادەنرێت و دواتر بەهۆی زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت. ئایا دەتوانرێت هەمان شت بگوترێت سەبارەت بەوەی، کە زمان ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە بیر؟ ، یان بیر و زمان یەك شتن ، یان زمان ڕێڕەوی بیر دیاریدەکات و وێنەی سنورەکەی دەکێشێت ؟[118]

پەیوەندی نێوان زمان و بیر بەدرێژایی مێژوو بۆتە خولیای بیری مرۆڤایەتی ژیربێژان و بیرمەندان و زانایان، تا ئێستا وەڵامێکی سەلمێنراویان بۆ ئەم پرسیارانە نییە.

لێکۆڵەران هەڵوێست و ڕای جیاوازیان هەیە و بەپێی جیاوازی بۆچوونەکانیان دەتوانرێت دابەشبکرێن بە سەر ئەم گروپانەدا:

**گروپی یەکەم :**

ئەم گروپە ڕایانوایە بیر و زمان یەك شتە، داکۆکیلێکەرانی ئەم ڕایەش پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی ڕەفتارین، بەناوبانگترینیان واتسۆن (Watson) و پاڤلۆف و سکینەر (Skinner) ن[119]. ئەمان جیاوازییان لەنێوان زمان و قسەدا نەدەکرد و وایاندادەنا ، کە بیرکردنەوە جۆرێك لە قسەی ناوەکی دەربڕاو لەسەر ئاستی قوڕگ[120]، بە واتای ئەوەی ((بیر زمانێکی بێدەنگە ، کە مروڤ لەگەڵ خۆیدا قسەی پێدەکات ، یان زمانێکی شاراوەیە و لەدەنگ بەدەرە))[121].

---

[117] هدسون،ت/ محمود عبدالغنی عیاد ( 1987 : 130 )

[118] نایف خرما(1987 : 176)

[119] بۆ ئەم ڕایە بڕوانە: موفق الحمدانی (1982:186–188) و جمعە سید یوسف(144:1990)

،نایف خرما(1987 :177)

[120] نایف خرما ( 1987: 177 )

[121] نوری جعفر(1971: 124 )

**گروپی دووەم :**

ئەم گروپە ڕایانوایە، کە زمان و بیر لە دوو ڕەگی جیاوازەوە هەڵدەقولێن ، بەلأم لەکاتی گەشەی منداڵدا یەکدەگرن، لەم بوارەدا یەکێك لە زانا بەناوبانگەکانی دەروونناسی ڕوسی (Vygotsky)یە وەك لەکتێبی (بیرو زمان /Thought and Language )دا باس لەم لایەنەدەکات[122]. لە بەردەوامی ئەم بیرۆکەیەدا، (پیاجیە / Piaget) ڕایەك دەخاتەڕوو , کە دژی بیروبۆچونی گروپی یەکەمە (ڕەفتارییەکان).

قوتابخانەی پیاجیە پێیانوایە، کە لای منداڵ یەکەم جار گەشەی زانین ڕوودەدات بەدوایدا ئەویشدا گەشەی زمانیی دێت ، واتە بیرکردنەوەی منداڵ لەکاتی کارلێکی منداڵدا لەگەڵ شت و خەڵکەکان لە ژینگەیەکدا گەشەدەکات و کامڵبوونی زمان بەپێی چوونە ناویەکی ئەم شێوانەی کارلێککردن گەشەدەکات[123].

**گروپی سێیەم** :

ئاراستەی سێیەم پێیانوایە، کە زمان و بیر پەیوەندییەکی توند و تۆڵییان بەیەکەوە هەیە ، بەو پێیەیی زمان ئەو دەفرەیە ، یان ئەو شێوە دەرەکیەیە ، کە بیری تێدا پێشکەش دەکرێت[124] .

دیارە لەم بیرۆکەیەوە سێ وەچەئاراستەی لاوەکی تری لێدەبێتەوە :

**1– زمان بە بیر کاریگەر دەبێت :**

ئەم قوتابخانەیە بیر وادەبینێت، کە دیاردەییەکی لاوەکییە بە بەراورد لەگەڵ واقیعی بابەتی، کە دیاردەی سەرەتاییە و بیر لە ڕێگەی نواندنی ڕاستییە بابەتییەکانەوە ڕاستی دەنوێنێت[125]، لەم ڕوانگەیەوە(Brunot) دەڵێت : ((بیرکردنەوە پێش زمانە ، زمانیش تەنها ڕۆڵی دیاریکراوە لە گوزارشتکردن لە خودی ئەو بیرە. بەم پێیە هەموو ڕوداوێکی بیریی ڕووداوێکی زمانی گونجاوی هەیە))[126]. لە بەردەوامی ئەم ڕایەشدا (**کۆرزبسکی** Korzubsky) بڕیاری ئەوەدەدات ، کە: ((شێوازی بیرکردنەوە لەلای کۆمەڵە دیاریکراوەکان شێوازی ڕۆنانە زمانییەکانی ئەو کۆمەڵانە

---

[122] بۆ ئەم بۆچونە بڕوانە : موفق الحمدانی(1982 :185)، جمعە سید یوسف(1990: 144–145)

[123] سەرچاوەی پێشوو (145 )

[124] سەرچاوەی پێشوو (150 )

[125] موفق الحمدانی (1982: 198 )

[126] جمعە سید یوسف (1990: 151 )

دیاریدەکات و نموونەش بۆ ئەمە لای عەرەب و فەرەنسیەکان بیرکردنەوەی ئاماژەبەخش (استدلالی: deductive) زاڵە بەسەریاندا ، لەبەرئەوەی لەو دوو زمانەدا دەرخەر دوای دەرخراو دەکەوێت، لەکاتێکدا ئینگلیز بیرکردنەوەیەکی (استقرائی :inductive )یان هەیە ، لەبەرئەوەی دەرخەر پێش دەرخراو دەخەن))[127] .

## 2−) بیر بە زمان کاریگەر دەبێت :

سەبارەت بە ئاراستەی بیرکردنەوەی کاریگەریی زمان لەسەر بیر ، ئەوەی لەم بوارەدا خاوەنی تیۆرییەکی ڕوونە، زماناس و ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەمریکی (بنجامین لی وۆرف Benjamin lee Warf)ە ، کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر زمانی هیندییە سورەکانی ئەمریکا و بەراوردی بە زمانە ئەوروپییە نوێکان تیۆرییەك یان گریمانەیەکی بەناوی (whorf hypothesis) خستەڕوو[128]، بە کاریگەریی مامۆستاکەی (ئیدوارد ساپیر)ی گەورە ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەمریکی و ئەم گریمانەیەش لە سەرچاوە زانستییەکاندا بە گریمانەی (ساپێر = وۆرف) دەناسرێت[129].

### داڕشتەی تیۆرییەکە:

بونیادی زمان ، یان دروستەی زمانیی بیر دیاریدەکات و دەسەڵاتی تەواوی بەسەریدا دەشکێتەوە، لەبەرئەوە کۆزانینی مرۆڤ لەم جیهانەدا و ئەزموونەکانیان و بۆچوونیان و هەڵوێستەکانیان تێیدا دەگۆڕدرێت بە گۆڕانی ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن ، بە واتای ئەوەی جیهان بەو شێوەیەی هەندێك دەیبینن جیاوازە لە هەندێکی تر ، ئەگەر ئەو دوو کۆمەڵە بە زمانی جیاواز قسەبکەن[130]. لەمەشەوە ((جەختکردن لەسەر بەهای پۆزەتیڤی فرەجۆرێتی کلتوری و زمانیی))[131] دیارترین نیشانە جیاکەرەوەی ئەم تیۆریەیە. بۆ ئەم مەبەستەش (وۆرف) چەندین نموونەی وەك بەڵگە بۆ تیۆرییەکەی خستۆتەڕوو لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەك دەکەین:

---

[127] سەرچاوەی پێشوو ( 151 )

[128] نایف خرما ( 1987 : 177 )

[129] جۆن لاینز، و/ هادی محمد ( 2003 :55)

[130] نایف خرما ( 1987 : 177 )

[131] جۆن لاینز، و/ هادی محمد ( 2003 :55)

(وۆرف) ستراکچەری زمانی (هۆپی) ، کە زمانێکی هندییە سورەکانی ئەمریکایە بە ستراکچەری زمانە ئەوروپییەکانی وەك (ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی) [132]بەراوردکردووە و لەم بارەیەوە بۆچونی وایە ، کە زمانە پێوانەییە ئەوروپییەکان تێڕوانینێکی وایان بەقسەکەرانیانداوە، کە بۆچوونێکی تایبەتییان سەبارەت بەکات و شوێن هەبێت ، بەواتای ئەوەی لە قسەکردنی ئەوروپییەکاندا سێ تافی کردار هەیە (ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، ئایندە) ، بەڵام لای (هۆپی)یەکان کاتی کردار بەم شێوەیە دابەشناکرێت ، بەڵکو لای ئەوان شتێك ئەتوانێت گرەنتی بدات لە ڕوودانی ، یاخود گرەنتی لەبەردەوامی ڕوودانی بکەن ، یاخود پێشبینی بکەن، کە لە ئایندەدا ڕوبدات. بە بۆچوونی (وۆرف) ئەم جیاوازییە زمانییە لەنێوان (هۆپی) و (زمانە پێوانەییە ئەوروپییەکان)دا وای لێکردوون دیدێکی جیاوازیان بەرانبەر جیهان و دەوروبەر هەبێت[133].

یەکێك لە بەهێزترین بۆچوونەکانی (وۆرف) ئەوەیە ، کە ئەو باگراوندە زمانییەی (بەتایبەتی ڕێزمان) ، کە لە هەر زمانێکدا هەیە بەرهەمێکی کەرەستەیی نییە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکان، بەڵکو لە قاڵبدانی بیرۆکەکانیشە. ئەمیش ڕێنیشاندەرێکە ، یان پرۆگرامێکە بۆ چالاکی مێشکی تاکەکان لەهەمانکاتدا ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەی بیروبۆچوونەکان.

لە ڕاستیدا لەقاڵبدانی بیرۆکەکان پرۆسەیەکی سەربەخۆنییە، بەڵام بەشێوەیەکی تەسك و لەسەر شێوازە کۆنەکە بەشێکە لە ڕێزمانێکی تایبەت. ئەو پەیوەندییەش کەم تا زۆر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕدرێت[134]. کرۆکی ئەم گریمانەیە ئەوەیە ، کە زمان وا لە کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکات هەڵسوکەوت و بیر بەو شێوەیەیە بکەنەوە، کە خۆی هەڵسوکەوت و بیری پێدەکاتەوە و کۆمەڵ جیهان لەڕێگەی زمانەکەیەوە دەبینێت[135] . ئێمە ئێستا و بۆ هەتا هەتایە لەهەموو بیرکردنەوەکانماندا– لەژێر باری ئەو زمانە دیاریکراوەداین، کە بوەتە نێوەندی دەربڕین و گوزارشتکردن بۆ کۆمەڵگاکەمان – چونکە تەنها ئەوەمان لەدەست دێت ببینین و ببیستین یان ئەگەر واش نەبێت ئەزموونبکەین لەڕووی ئەو کاتیگۆری و جیاوازیانەوە، کە لە زماندا کۆد کراون[136].

---

[132] شایەنی باسە لێکچوونی ستراکچەری ئەم زمانانە وای لە (وۆرف) کردووە ناویان بنێت (ستاندەری پێوانەیی ئەوروپیی)

[133] Wardhaugh, R. (1990:215)

[134] Wardhaugh, R. (1990:213)

[135] جمعە سید یوسف( 1990: 153)

[136] جۆن لاینز، و/ هادی محمد ( 2003 :56)

بەم شێوەیە زمان یارمەتی گەشەسەندنی بیر دەدات و ئەم گریمانەیەش لەسەر دوو بنەما وەستاوە :

1. ڕێژەگەرایی زمانیی ( Linguistic Relativity ): هەموو زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە زمانێکی تر ئەم تایبەتمەندییانەش تایبەتمەندی کلتوری بەرهەم دەهێنێت، کە هەر کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر جیادەکاتەوەئەمەش پێیدەوترێت ڕێژەگەرایی زمانیی[137] .
2. هەژموونگەرایی زمانیی ( Linguistic Determinism) ، واتە ستراکچەری زمان کۆت و مەرج بۆ بیرەکان دادەنێت[138].

لێرەدا جێی ئاماژەکردنە، کە پێش گریمانەی (ساپێر–وۆرف) ،(هێردەر) قسەی لەسەر پشت بە یەکتربەستنی زمان و بیرکردنەوە کردووە، (هەمبۆڵدت)یش لە ڕێبازی هەژموونگەرایی زمانیی نزیکتر دەبێتەوە ، وەك نەریتێکیش گریمانەکەی (ساپێر–وۆرف) بەم شێوەیە دەخرێتە ڕوو:
ڕێبازی هەژموونگەرایی زمانیی بەڕێژ گەرایی زمانییەوە دەبەستێتەوە.[139]

### 3–) زمان و بیر کاریگەرییەکی دوولایەنەیان لەسەر یەکتر هەیە :

وەچەئاراستەی سێیەم، وەچەئاراستەیەکی هاوسەنگییانەیە، لەو ڕوانگەیەوە، کە چارەسەرێکی نێوەندییانە بۆ بابەتی پەیوەندیی زمان بە بیرەوە دادەنێت.
لەم بوارەدا پەیوەندی نێوان زمان و بیر پەیوەندییەکی دینامیکی دوو لایەنەیە لە ڕوانگەی کاریگەرییانەوە لەسەر یەکتری ، بەواتای ئەوەی هەریەکەیان کاریگەری لەوی تریان دەکات ، لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین قسەبکەین لەسەر شتێك ، کە نەتوانین بیری لێبکەینەوە و ناتوانین دوور لە توانا زمانییەکانمان بیربکەینەوە[140].

### 1/ 2–2–2) پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور:

سروشتی تەواوی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور بە ڕاستی، ئاڵۆز و بەیەکداچووە. خەڵکیش بە چەند جۆرێکی جیاواز و لە باکگراوندی جیاوازەوە ئەو سەرسوڕماوییەیان بەرانبەر ئەو پەیوەندییە هەیە.[141]

---

137 محمود احمد نحله ( 2008 : 37 )

138 جمعه سید یوسف(1990: 153 )

139 جۆن لاینز، و/ هادی محمد (2003: 56)

140 جمعه سید یوسف (1990: 155 )

141 ward haugh, R.(1990:211)

له ڕاستیدا ئەنترۆپۆلۆجیستەكان و زمانەوانەكان، پێیانوایە، كە ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەكی دانەبڕاوە و ناتوانین لە یەكتری جیابكەینەوە، لە بەرئەوەی واتای دەربڕاو تەنها لە واتای وشەكانەوە بەدەستنایەت، بەڵكو لەو ڕێكەوتنەوەیە، كە لە كۆمەڵ و كلتوردا لە سەری ڕێكدەكەوین[142]. كەواتە پێویستە تەوەرەی گرنگی لێكۆڵینەوەمان شیكردنەوەی جۆر و سروشتی پەیوەندی نێوان زمان و كلتور بێت، بەو واتایەی پەیوەندیی نێوان دەربڕاو و ئەوەی لە پشت دەربڕاوەكەوەیە گرنگە. بۆ ئەم مەبەستە درێژە بە وەڵامی پرسیاری وەچەپاری پێشوو دەدرێت[143]، كە لە سەر پەیوەندی زمان و دیاردەكانی دەرەوەی خۆی خرایەڕوو و دواجار بە (بیر و كلتور) وەڵامی پرسیارەكە درایەوە.

تیۆرییەكانی پێشوو لە سەر پەیوەندیی نێوان ( بیر و زمان ) تەنها مرۆڤی تاك و شێوەی بیركردنەوە و بۆچوونی بەرانبەر جیهان ناگرێتەوە، بەڵكو ئەم لایەنە تێدەپەڕێنێت، تا دەگاتە ئەوەی كلتورەكان بگرێتەوە، وەك ئاماژەشی پێدرا بەیوەندییەكی دوو لایەنە لە نێوان زمان و بیردا هەیە، بە واتای ئەوەی زمان و بیر بە شێوەیەك لە شێوەكان هەردووكیان كاریگەرییان لە سەر یەكتر هەیە[144]. بە مەبەستی زیاتر تیشك خستنە سەر لایەنی پەیوەندی نێوان زمان و كلتور سەرەتا دەگەڕێینەوە سەر "پێناسەكەی (**وارد گۆدیناف** Ward Goodonvgh)، كە بۆ كلتور كردویەتی و لە ( *1–2 – 1–2 / 1* ) دا ئاماژەی پێدراوە: (( كۆزانینێكی وەرگیراوە لە كۆمەڵەوە Social aquired knowledge))[145]

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە (كلتور)، ئەو كۆزانینەیە، كە كەسێك دەبێت بیزانێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە كۆمەڵێكی تایبەتیدا بە ئەركەكانی هەڵبستێت، یاخود ئەندامێكی كارا بێت. ئەم بۆچونەش هاوڕایە لەگەڵ ئەو پێناسەیەی (وارد گۆدیناف)، كە لە سەرەوە خرایەڕوو و لەمبارەیەوە دەڵێت: (( كلتوری كۆمەڵگایەك پێكدێت لە هەر چییەك، كە یەكێك دەیزانێت یاخود دەبێت باوەڕی پێی هەبێت، تا بتوانێت بە شێوەیەكی شیاو لەو كۆمەڵگایەدا ببێت بە ئەندام، هەر بە شێوەی ئەو شتانەیە، كە خۆیان ئەتوانن لە خۆیان و خەڵكانی تریشی قبوڵبكەن. ئەوەی دەبێت ئێمە ئاماژەی پێ بدەین، ئەو كۆزانینەیە، كە لە ڕوانگەیەكی كۆمەڵایەتییەوە وەردەگیرێت، واتە ئەو جۆرە كۆزانینانە و هەڵسوكەوتانەی خەڵكی لە كۆمەڵگا فێری دەبێت، لەبەرئەوەی هیچ شتێك نییە، كە بە شێوەیەكی بۆماوەیی بۆی بمێنێتەوە)).[146]

---

142 Tannen, D. (2006:342)

[143] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لاپەڕە ( 32 –33)

[144] نایف خرما (1978: 179).

[145] هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد (1987: 131)

[146] Wardhaugh, R. (1990 :211)

ئەگەر بەو شێوەیەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، باوەڕمان بە پێناسەی (کلتور) هەبێت، کە (کۆزانینێکی وەرگیراوە لە کۆمەڵەوە)، ئەوا ئاسایی ئەوە تێدەگەین، کە (کلتور) بەشێکی (میمۆریی Memory)[147] دەنوێنێت، بە تایبەتی ئەو بەشەی لە کۆمەڵەوە وەریدەگرین، بەرانبەر ئەو بەشەی خەڵکانی تر لە وەرگرتنیدا بەشداری ناکەن. ئەم تێڕوانینە یارمەتیمان دەدات بۆ جیاکردنەوەی دوو جۆر دیاردە و بابەت، کە بریتین لە:

یەکەم/ ئەو بابەتانەی، کە ئەنجامی ئەزموونی کەسیی خۆمان بە ڕاستی دەزانین.

دووەم/ ئەو بابەتانەی لە کەسانی ترەوە فێری بووین.[148]

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە، دوو ڕستە وەردەگرین:

3. بەیانی هێلکەوڕۆنم خوارد.

4. کۆلۆمبۆس ئەمریکای دۆزییەوە.

بە وردبونەوە لە واتای ڕستەی سێیەم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مرۆڤێك لە ئەزموونی تاکە کەسی خۆیەوە ئەو زانیارییەی دوای خواردنی (هێلکەوڕۆن)ەکە بە دەستیهێناوە. ئەم چەمکە، کە بە بابەتێك دەربڕاوە ناچێتە ژێر چەتری چەمکی کلتورەوە، لە بەر ئەوەی کەسانی تر لەو کۆزانینەدا بەشدارنین.

بە وردبوونەوە لە ڕستەی چوارەم ، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم بابەتە دەچێتە ژێر چەتری کۆزانینی کلتورییەوە، لە بەر ئەوەی لە خەڵکی ترەوە فێر بووین. ئەم کۆزانینەی لە ڕستەی چوارەمەوە دەست دەکەوێت، ئەنجامی تەکنیکی بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتنە، کە مرۆڤ بە هۆیەوە کارلێك لەگەڵ یەکتریدا

[147] ئاماژەدان بە زاراوەی (میمۆری) وابەستەبوونی بیرمان بە کلتورەوە بۆ شیدەکاتەوە، بەو پێیەی، کە بە پێی زانستی دەرونزانی وشەی (بیر) چەند جۆرێکی جیاوازی چالاکی هزری دەگرێتەوە، وەك ( ئارەزووەکان، خستنەڕووی بیرەکان، وەرگرتنی بیری نوێ، هەڵهێنجانی یەکێك لە تیۆرییەکان، بڕیاردان، تاوتوێکردنی یەکێك لە بابەتەکان، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر تۆمارکردنی کارامەیی کەسیی.....هتد. هەروەها لە (بیر)ی مرۆڤیشیدا (میمۆری Memory) و (ئیستدلال Inference) هەیە و لە مانیشدا (چەمکەکان Concepts) و (کرۆکە واتاکان Propossion) هەن، بەو پێیەی دوو بابەتن لە (میمۆری و ئیستدلال) و ئەگەر ئەم زاراوانەش گرێبدەینەوە بە زمانەوە (بابەتەکان/ کرۆکە واتاکان) بە شێوەیەکی نزیك پەیکاڵی (گوتەکان Statements) دەبنەوە و (چەمکەکان)یش پەیکاڵە لەگەڵ ئەو پۆلکردنە گشتیانەدا، کە بابەتەکان لە سەر بنەمای ئەو دادەڕێژێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا/ هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد (1978: 134). ب/ جودیث جرین، ت/ عبدالرحیم جبر(1992: 17).

[148] هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد (1978: 135).

دەکەن لە ڕێی ئاڕاستەکردنی یەك لەدوای یەکی بیری یەکتری. لەمەشەوە گەشە بە جۆرێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەدەن. ئەم پەیوەندییەش بە ئاڵوگۆڕی زانین بە پێی ماوە دووبارەکراوەکانی کاتەوە پەسەندەکرێن و کاتێکیش گروپێك مرۆڤ وابەستەی یەکتری دەبن بە هۆی تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا ئەم گروپە مرۆڤە لە ڕێگەی کۆزانینێکی زۆرەوە یەکدەگرن. ئەم کۆزانینە زۆرەش وا لە کۆمەڵی مروڤایەتی دەکات، کە ڕیتمێکی بێ وێنەی زانیارییان هەبێت لە پێناوی وەرگرتنی زانین و هەڵگرتنی و بەکارهێنانی[149]. بەمشێوەیە دەبینین چەمکی کلتوری و ناکلتوری جیادەبێتەوە، بەوەی (چەمکی/کۆزانینی ناکلتوری) بێ گەڕانەوە بۆ کەسانی تر لە لامان دروست دەبێت ، وەك هۆکارێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی کەسیمان، بۆ نموونە چەمکی (من)، (شێوازی قسەکردنی ژنەکانمان).....هتد.

(چەمکی/کۆزانینی کلتور)یش باشترین پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی لە ( چەمکی/ کۆزانینی ناکلتوری ) و دەوەستێتە سەر سروشتی سەرچاوەی ئەم کۆزانینە. ئەمەش بەوەی، ئەگەر چەمك و کرۆکە واتاکان هاوشێوە بوون لەگەڵ ئەو چەمك و کرۆکە واتایانەی، کە لە مێشکی کەسانی تردا هەیە، ئەوا ئەم چەمکانە بە کلتوریی دادەنرێن[150]. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا جەخت لە سەر چەمکە هاوبەشە کلتورییەکان دەکەینەوە، کە ئەزموونی هاوبەشی کۆمەڵە و وابەستەی ( هاندەرە کلتورییەکانە Cultural bias)[151] ، کە لە ڕێگەی (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە Social Relation ) دروستبووە و مرۆڤ بەرچاو ڕووندەکەن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا، ئەویش بە بەکارهێنانی دەربڕینی گونجاو لە هەڵوێستی دیاریکراودا. دیارە بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە زمانییە گونجاوانەش بە هۆی هاوبەشی مرۆڤەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە دەبێت لە زانینی هەمان چەمك و کرۆکە واتاکاندا.

بەمشێوەیە دەتوانرێت سێ جۆر (کۆزانین) جیابکرێنەوە:

**یەکەم** : کۆزانینی کلتوریی: ئەو جۆرە کۆزانینەیە، کە لە کەسانی ترەوە فێری دەبین.

---

[149] ڕوی، سی هجمان، ت/ داود حلمی احمد السید (1989: 179–180).

[150] هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد (1987: 135).

[151] هاندەرە کلتورییەکان، مەبەست لە بەها و باوەڕی هاوبەشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەوتی پەیوەندییە کەسییەکان لە نێوان تاکەکاندا دەناسرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

مجموعە من الکتاب، ت/ علی سید الصاوی (1997: 29).

**دووەم:** کۆزانینی هاوبەشی ناکلتوریی: ئەمەشیان زانیاری دنیاییە، ئەم جۆرە کۆزانینە خەڵکی لە ناو هەمان کۆمەڵ، یان لە هەموو دنیادا تێیدا هاوبەشن.

**سێیەم:** کۆزانینی ناهاوبەشی ناکلتورییە: ئەم کۆزانینە تەنها پەیوەستە بە یەك کەسەوە و لە ئەزموونی تاکە کەسییەوە سەرچاوە دەگرێت.[152]

کورتەی ئەم باسەی پێشوو ئەوەیە، کە کلتورمان وەك جۆرێك لە کۆزانین خستەڕوو، کۆزانینیش دەکرێت کلتوری، یان ناکلتوری بێت و لە میانەی باسەکەدا جەخت لە سەر جۆرە کلتورییەکەی کرایەوە، بە واتای ئەوەی ئەو کۆزانینە گرنگە، کە لای هەمووان ئاشکرایە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە، کە ئایا ئەو کۆزانینە کلتورییەی، کە سەرجەم پێکهاتەکانی کلتور بە ئاین و خوونەریت و باو و ڕۆیشتوو[153].....هتد دەگرێتەوە، دەسەلاتی بە سەر زماندا هەیە، یان زمان دەسەلاتی بە سەر ئەم جۆرە کۆزانینەدا هەیە؟

دیارە زمان و کلتور بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە و لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێت ئاماژە بە دوو بۆچوونی سەرەکی بدرێت:

**یەکەم:**

((ستراکچەری زمان کاردەکاتە سەر چۆنیەتی بینینی جیهان، یاخود دەوروبەر لە لایەن قسەکەرەوە))[154]. ئەم بۆچوونە ئەمڕۆ زیاتر دەخرێتە پاڵ زمانەوان (ئیدوارد ساپیر) لەگەڵ خوێندکارەکەیدا (بنیامین وۆرف)، کە بە گریمانەی (ساپیر–وۆرف) دەناسرێت[155].

ئەزموونەکان و توێژینەوەکان، کە تا ئێستا لە سەر پەیوەندیی زمان و کلتور دەکرێت، ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە زمان دەسەلاتێکی تەواوی لە سەر هیچ دیاردەیەك لە دیاردەکانی کلتور نییە، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە، کۆمەڵی جیاواز، کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن، دەشێت لە کلتوردا هاوبەش بن، وەك لە شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدا دەبینرێتەوە. یاخود پێچەوانەکەی دەشێت چەند کۆمەڵێك، کە سەر بە کلتورە جیاوازەکان بن، بە یەك زمان قسە بکەن وەك نموونەی زمانی ئینگلیزی لە ئێستادا. ئەم دیاردانەش ئەوە دەخەنەڕوو، کە هەڵەیە نموونەی تاك بەکاربهێنرێت، کە زمان تیایدا

---

152 هدسون، محمود عبدالغنی عیاد (1987: 137).

153 بۆ ئەم پێکهاتانەی کلتور، بڕوانە (1 / 2– 1–2–2) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە (23–32).

154 بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (1/ 2–2–1–2) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە(35–37)، هەروەها بشڕوانە: پۆل هێنلە، و/ ڕەحیم سورخی ( 2006: 105–108) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون.

155 Wardhaugh, R.(1990:212)

لەوی تر جیاوازە و بگشتێنرێت بە سەر زمان و کلتور و پەیوەندی نێوانیان و بگوترێت زمانی کۆمەڵێکی دیاریکراو ئەو چوارچێوەیە دادەنێت، کە ئەو کۆمەڵە لەو چوارچێوەیەدا نەبێت دنیا نابینێت[156].

**دووەم:**

((کلتوری خەڵکی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەو زمانەی بەکاریدەهێنن))[157].

ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو خەڵکانەی کۆمەڵێك شت هەیە بەلایانەوە بەنرخە و بە ڕێگایەکی تایبەت هەڵسوکەوتی پێدەکەن، زمانەکەیان بە جۆرێك بەکاردەهێنن تێیدا ڕەنگدانەوەی ئەو شتانەی تێدا بێت، کە بە بەنرخ و پیرۆز دادەنرێن. بەم جۆرەش بەو ڕەهاییە کلتور دەستنیشانی ستراکچەری زمان ناکات، ئەوەی زیاتر ڕاستە و باوە، ئەوەیە، کە ئەو هەڵسوکەوت و بارودۆخ و بۆچوونە کلتورییانە کاردەکاتە سەر چۆنیەتی بە کارهێنانی زمان، لەوانەشە دەستنیشانی چەند لایەنێکی بچووکی زمانەوانی بکەن، کە بۆچی بەو شێوەیە، هەن[158]. لەم توێژینەوەیەدا ئەم بۆچوونە پەیڕەو دەکرێت و لە بابەتەکانی داهاتوشدا چەندین نموونەی پەیوەندی نێوان زمان وکلتور دەخەینەڕوو[159]، کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کلتور کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر زمان هەیە.

لەمبارەیەوە بۆچوونی هەریەك لە (چیمۆبۆ و ڕۆزبێری) و (ڤاندایك) وەردەگرین، کە دەڵێن:

((کلتور زمان لە قاڵب دەدات ))[160]. بە ڕای ئەم نوسەرانە (دەوروبەر Context) لە دایکبووی (کلتورCulture) و ( بارودۆخی قسەکردن Situation)ە. بە واتایەکی تر بارودۆخی کلتوری و کۆمەڵایەتی دەستنیشانی شێوازی قسەکردن دەکات و لە قاڵبی دەدات. هەر لە ڕێگەی چۆنیەتی ئاخاوتنیشەوەیە دەتوانرێت پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەران دەست نیشان بکرێت.

(Gee )[161] دوو جۆر (دەوروبەرContext) دەستنیشاندەکات، کە بریتین لە (دەوروبەری کلتوریی) و (دەوروبەری بارودۆخیی)

---

156 نایف خرما (1987 : 179–180).

157 Wardhaugh, R.(1990:212)

158 سەرچاوەی پێشو.

159 بڕوانە( 1/ 2–2–2–1) (45–53)، کە لە بابەتی کارلێکی زمان و کلتور لە نێوان قسەکەر و گوێگر کۆڵراوەتەوە .

160 بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
a/Moira, C. and Rosberry, L., R.(1998:5)
b/ Muhammad, T. , T. (2007:22)

161 Paul, J., G.(1999:54)

1 . **دەوروبەری کلتوریی**: ئەو بیر و بۆچوونە کلتورییانەن[162]، کە لە ناخی کۆمەڵدا ڕەگیان داکوتیووە و لە ناخی تاکەکاندا بە جۆرێ لە جۆرەکان لە زمانی قسەکردندا دەردەکەوێت.

2. **دەوروبەری بارودۆخ:** مەبەست لە بارودۆخی قسەکردنە، لەو کاتەی ئاخاوتنەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت. ئەمەش سەرچاوەکەی لە جیاوازی (تەمەن، توخم....هتد) و باکگراوەندی تاکەکان(پیشە، ئاستی خوێندەواری،...هتد)، پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر بە دەست دەکەوێت[163].

لە ڕوانگەی بۆچوونی (لەقاڵبدانی زمان لە لایەن کلتورەوە )، دەتوانین چەندین نموونەی وەك دەربڕاوە تابۆییەکان و و ڕێزگرتن لە زماندا وەربگرین بە مەبەستی زیاتر تۆکمەکردنی بۆچوونەکە. بۆ نموونە دەربڕاوە تابۆییەکان لە زماندا، ئاسایی بە بەراوردکردنی دوو کلتوری جیاواز ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کلتوری کۆمەڵێك بڕیار لە سەر ئەوە دەدات دەربڕاوێك تابۆیە یان تابۆ نییە. بۆ نموونە لە کلتوری سویدیدا ئاساییە ئافرەتێك بڵێت (دەچم بۆ میزکردن)، بەڵام لە کلتوری کوردیدا ئەم دەربڕاوە ئاسایی نییە، بەڵکو ئافرەتی کورد لەم لایەنەوە پەنا دەباتە بەر دەربڕاوێکی تر بۆ ئەڵتەرناتیڤیی ئەم دەربڕاوە تابۆییە، کە دەڵێت: (دەچم بۆ سەر ئاو). ئەم نموونەیە ڕاستی ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو، کە کلتور دەربڕاوە زمانییەکان لەقاڵبدەدات. تەنانەت لە هەمان کلتوریشدا، ئەگەر مرۆڤێك لە کلتورێکی لادێوە هاتبێتە ناو کلتورێکی شارییەوە، زۆرجار دەبینین ئاساییە لە کاتی ئاخاوتندا دەنگ بەرزبکرێتەوە و هیچ بێڕێزییەکی تێدا نییە، بەڵام لە کلتوری شاردا لەوانەیە دەنگ بەرزکردنەوە لە کاتی ئاخاوتندا ئاماژەیەك بێت بۆ بێڕێزی. کەواتە ئەو دەربڕاوانەی، کە ئاماژەیان پێدرا، پێوەر تێیدا بۆ تابۆیی دەربڕاوەکە یاخود بێڕێزیی ئەو کەسەی دەنگ بەرزدەکاتەوە ئەوەیە، کە لە لایەکەوە جیاوازی کلتوری هەیە و لە لایەکی تریشەوە بارودۆخی ئاخاوتن حوکمی ئەم دەربڕاوانە دەکەن –زۆرجار دەنگ بەرزکردنەوە لە ئاخاوتندا، کە لە کلتوری شاردا ئاسایی نییە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەمەن و توخم و جیاوازی قسەکەر و گوێگر و ئاستی خوێندەواری و ........هتد– بەمەش چەمکی ( لەقاڵبدان/ لە چێوەدان Framing) گرنگە، کە بریتییە لەو ڕێگایانەی، کە قسەکەر ئاخاوتنی پێدەکات و

---

[162] بۆ ئەم بیروبۆچونە کلتورییانەن بڕوانە بەش و پێکهاتەکانی کلتور لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە لە (1 / 2– 1–2–2) دا خراوەتەڕوو.

[163] بۆ سەرچاوەی هەمەجۆری ئاخاوتن، بڕوانە لە (ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان وکارلێکی کۆمەڵ و زمان)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە (1 /1 – 2) دا بەدیدەکرێت، هەروەها بڕوانە: (ناساندنی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)، کە لە (1 /1 – 3– 2) دا ئەو ڕەگەزانە خراوەتەڕوو، کە دەقی گوتن پێیان کاریگەر دەبێت.

دەستنیشانی بۆچوونەکانی دەکات، کە چی دەکات و ڕۆڵی چییە لە ئاخاوتنێکی تایبەتیدا، هەروەها لە چێوەی ئەو قاڵبانەدا دەتوانین لێکدانەوە بۆ ئەو ئاخاوتنانە بکەین، کە قسەکەر دەیکات[164] .

لە ڕوانگەی لە قاڵبدانی زمان لە لایەن کلتورەوە، دەکرێت پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، کە ئەگەر زمان لە لایەن کلتورەوە لە قاڵب نەدرێت، ئایا چی ڕوودەدات؟ و ئەم ڕەهابوونەی زمان چ کاریگەرییەك لە سەر کۆمەڵ دروستدەکات ؟ ئایا لەقاڵبدان لە نێوان زمان و کلتوردا لە گۆڕینەوەدایە، یاخود بەستنەوە و لە قاڵبدانی زمان دەبێتە هۆی هێنانە ناوەوەی ڕێکخستنێك لە ناو کۆمەڵگادا و ژیانی مرۆڤ لە ئاژاوە دەپارێزێت؟

بەو پێیەی زمان ئامڕازی پەیوەندیکردنی ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە، چەمکەکان لە مێشکی مرۆڤدا لە ڕێگەی فۆرمەوە بەرجەستە دەکرێن. ئەم فۆڕمانە بە هۆی کۆمەڵگا و بەکارهێنانەوە جیادەبنەوە بۆ کۆدی تایبەتی و گشتی. ئەم کۆدانە  لە کاتی بەکارهێنانیاندا دەکرێت بە تایبەتمەندیی وردتر بار بکرێن، بەڵام سەرجەمیان گشتین و مرۆڤ دەپارێزن لەوەی، کە بەرانبەرەکانیان وەك خۆیان لێیان تێبگەن، چونکە هەر چەمکێك، کە لای تاکە کەسێك هەیە هەڵگری ئەزموون و دیدی ئەو تاکە کەسەیە، کە جیهانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و گەیاندنی ئەم جیهانەش لە ڕێی ئەم فۆڕمانەوە (زمان) وەك خۆی بە کەسی بەرانبەر ناگەیەنرێت، لە بەر کەموکورتی ئەزموون و تێگەیشتن لە لای بەرانبەر، یاخود هەندێك جار جیاوازی دید و بۆچوونی کەسەکان دەبنە هۆی لێکدانەوەی جیاواز. بەم پێیە فۆڕمەکانی زمان هەم دەبنە ئامڕاز و هەم پارێزەریش و جۆری پاراستنەکەش جۆری ڕێکخستنەکە دیاریدەکات،  هەروەها خودی چەمکی پاراستنەکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش خودی پەیوەندی دوو لایەنی زمان و کۆمەڵ دەردەخات. چەمکی لە چێوەدانیش، یاخود چەمکی دەوروبەر، ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە زمان و کلتور پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاوییان هەیە. بە شێوەیەك ناکرێت قسەیەك بکەین یاخود لە قسەیەك تێبگەین لە هەردوو سەرەوە بێئەوەی بگەڕێینەوە بۆ نیشانە (ناپەیامی"Metamessage")[165]. چەمکی لە چوارچێوەدانی کلتوریش کار بە چەند نیشانەیەکی زمانیی دەکات. لەم ڕوانگەیەشەوە بە پێویستی دەزانین ئەم نیشانانە بە بابەتێکی سەربەخۆ لە ژێر ناونیشانی (کارلێکی زمان و کلتور لە نێوان قسەکەر و گوێگردا) تیشکیان بخرێتە سەر.

---

[164] Tannen, D. (2006:347)

[165] مەبەست لەو نیشانانەیە، کە قسەکردن لە کاتی ئاخاوتندا لەخۆیان دەگرێت، تا ببێتە ئاماژەیەك یان بەڵگەیەك بۆ ئەوەی بەرانبەر لە دەوروبەرەکەدا تێبگات ئەو قسەیە مەبەست لە چییە و ئەم نیشانانەش لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر دەگۆڕێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Tannen, D.(2006:347)

## 1-2-2-2/1 ) کارلێکی زمان و کلتور لە نێوان قسەکەر و گوێگردا:

بە مەبەستی خستنەڕووی کاریگەری کلتور لە سەر زمان، کە زۆرجار دەبێتە هۆی بە هەڵە لەیەکگەیشتن لە نێوان خەڵکانی دوو کلتوری جیاوازدا. لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین باس لە گرنگترین ئەو نیشانە زمانییانە بکەین، کە لە ئاخاوتندا کارلێکردنی زمان و کلتور دەردەخات. لەم ڕوانگەیەوە، کە واتای دەربڕاو تەنها لە واتای وشەکانییەوە بە دەست نایەت، بەڵکو بەشێك لە واتاکەی لە چوارچێوەی ئەو کلتورەوە وەردەگرن، کە فۆڕمە زمانییەکەی تێدا بەکاردێت. بە پێویستی دەزانین گرنگترین ئەو ڕەگەزە زمانییانە، کە کار دەکەنە سەر ئەوەی چ شتێك چۆن دەربڕێت بخرێنەڕوو:

بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە لێکۆڵینەوەکانی John Gampers وەردەگیرێت ، کە لێکۆڵیینەوەکانی لە سەر (ئاخاوتن لە چەند کلتورێکی جیاوازدا) کردووە و تیشکی خستۆتەسەر هەڵە لەیەکگەیشتن لە نێوان کەسانێکدا، کە باکگراوەندی کلتورییان جیاوازە.

ئەم هەڵە لەیەکگەیشتنەش بۆ دوو جۆر هۆکار دەگێڕێتەوە:

**یەکەم/** دنیا بینی قسەکەران:

دیارە مەبەست لە دنیابینی قسەکەران ئەوەیە، کە لە لایەکەوە هەر تاکێکی کۆمەڵ لە بیرکردنەوەی تاکە کەسی خۆی و ئەزموونی ژیانییەوە بە جۆرێك جیهان دەبینێت، کە دەگمەنە دوو کەس ئەگەر سەر بە یەك کلتوریش بن بیرکردنەوەیان وەکیەك بێت. لەمەشەوە زانینێکی تاکە کەسی سەرچاوە دەگرێت و ئەو کەسە بە شێوەیەکی تایبەتی جیهان دەبینێت. لە لایەکی ترەوە ئاسایی تاکەکانی کۆمەڵ بە پێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە پەیوەندی بەردەوامدان و لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیانەوە و ئەزموون و کارامەیی خۆیانەوە دووبارە تێکەڵدەبێتەوە و ئەنجام لە ڕێی پەروەردەی گروپە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە جۆرێکی هاوبەش لە کۆزانین دروستدەبێت و جارێکی تر دەبێتەوە بە سەرچاوەی دنیابینینی ئەم کۆمەڵە یاخود ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتە[166].

---

[166] شایەنی باسە ئەم تێڕوانە پەیکاڵ دەبێتەوە لەگەڵ هەردوو جۆرەکەی کۆزانین، کە کۆزانینی ناکلتوری و کۆزانینی کلتورییە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (1 / 2-2-2)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە (41) .

**دووەم/** جیاوازی ڕەگەزە زمانییەکان: کە زیاتر مەبەست لەو دیاردانەیە، کە ڕاستەوخۆ لە ئاخاوتندا دەردەکەون، هەروەك لە خوارەوە دەخرێنەڕوو[167]:

**1/ 2–2–2–1–1** )ئاوازە (Intonation).

**1/ 2–2–2–1–2** )بابەت/باس (Topic).

**1/ 2–2–2–1–3**)کەللەڕەقیی و پێداگریی لە دیالۆگدا (Agonism)

**1/ 2–2–2–1–4**)نۆرەگیری قسەکردن (Turn-Taking).

**1/ 2–2–2–1–5**) ناڕاستەوخۆیی (Indirectness).

لێرەدا لە بەر گرنگی ئەم دیاردە زمانییانە لە پرۆسە زمانییەکاندا، بەوردی لە هەریەکێکیان ورد دەبینەوە:

### 1/ 2–2–2–1–1 ) ئاوازە:

یەکێك لەو ڕەگەزە زمانییانەی، کە جیاوازی لە نێوان کلتورەکاندا دروستدەکات (ئاوازەIntonation)یە. بە پێی زانستی دەنگسازی ((گۆڕینی لەرینەوەی دەنگە ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە. هەر ئاوازەش واتایەکی جیاواز بە ڕستە دەبەخشێت))[168].

ئەگەر وردبینەوە لە ڕستەیەکی وەك:

5. فەرهاد وانە دەخوێنێت.

تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بە پێی گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە، ڕستەکە چەندین واتا دەبەخشێت، کاتێك لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان لە سەرتاپای ئەم ڕستەیەدا وەك یەك بوو، ئەوا ڕستەکە واتایەکی هەواڵگەیاندنی دەبێت. بەڵام ئەگەر خێرایی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان هەر جارەو لە سەر فرێزێکی ڕستەکە زیاد بکرێت، ئەوا جارێك واتای ڕستەکە پرسیاری دەبێت، جارێکیش سەرسوڕمان و .......هتد. ئەم لێکدانەوەیە لە ڕوانگەی خودی زمان خۆیەوەیە، بەڵام ئەگەر لێرەدا پرسیارێك بکەین ( ئایا لە پشت ئەم ئاوازە گۆڕینەوە چی هەیە؟ ) ئەوا دەتوانرێت بگوترێت، کە: ((بێگومان ئێمە کاتێك قسە دەکەین، دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر ئەو شتەی، کە دەمانەوێت بیڵێین. ئەمەش وامان

[167] Tannen, D. (2006: 345-346).

[168] وریا عومەر ئەمین (2004: 289).

لێدەكات چەندین ڕێگای زمانیی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بەكاربهێنین. بێگومان (ئاوازە) یەكێكە لەو ڕێگایانە، بۆ نموونە لە كلتوری ژینگە بیابانییەكاندا، ڤاوڵەكان درێژ دەكرێنەوە، واتە ئاوازی بەرز بەكاردێت و ئەمەش لە كلتورێكەوە بۆ كلتورێكی تر دەگۆڕێت))[169].

پەیوەست بە كلتورەوە هەندێك كەس لە گفتوگۆكانیاندا دەنگ بەرز دەكەنەوە. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، ئایا تۆ ئاوازەیەكی بەرز یان نزم بەكاردەهێنیت، یاخود تۆنی نەرم یان زبر بەكاردەهێنیت. بۆ نموونە بە پێی كلتوری ئەڵمانی كلتوری دەنگ بەرزكردنەوە و بەكارهێنانی تۆنێكی تۆزێك زبر ئاماژەیە بۆ دەربڕینی حەماس و كەفوكوڵ و پابەندبوون بە بیرۆكەیەكی ئاوەزی ئەو كەسەوە. بەڵام لە كلتوری كوردەواریدا، دەنگ بەرزكردنەوە لە كاتی قسەكردندا بە واتای چاو ترسانی بەرانبەر و خۆ زاڵكردنی و بێنەزاكەتی دێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر ئەڵمانییەك و كوردێك بكەونە گفتوگۆوە، ئەوا بە پێی جیاوازی كلتورەكان لە یەك نەگەیشتن ڕوودەدات، لە بەرئەوەی (( قسەكەری هەر زمانێك دەتوانێت بە گۆڕانی ئاوازەی ڕستەكەی چەمكی سەرسوڕمان و تەنز و گاڵتە پێكردن و ڕەزامەندبوون و ناڕەزایی و.... هتد دەربڕێت))[170]. بێگومان ئەم لایەنەش لە لایەن هەر كلتورێكەوە بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، هەروەك لە شیكردنەوەی هەر دوو كلتوری (ئەڵمانی و كوردەواری) دا دەركەوت.

## 1/ 2-2-2-1-2 ) بابەت/باس (Topic):

مەبەست لە بابەت/باس ئەو گفتوگۆیەیە، كە لە نێوان قسەكەر و گوێگردا ئاخاوتنەكەی لە سەر دەكرێت. خودی ئەم بابەتەش بە پێی گرنگییەكەی دەگۆڕێت، بە واتای ئەوەی هەندێك بابەت هەیە هەستیارە و هەندێكی تریان بابەتی ئاسایی ئاخاوتنن. لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، كە ( ئایا ئاساییە، كە كەسێك ناسینێكی ڕوكەشیت لەگەڵیدا هەبێت، ڕاستەوخۆ باسی بابەتێكی هەستیاری وەك ئایینی، ڕامیاریی، نەتەوەیی....هتد لەگەڵدا بكەیت؟ )

وەڵامی ئەم پرسیارە لە نموونەی جیاوازی كلتورەكانەوە دەردەكەوێت، بۆ نموونە بە لای ئەڵمانییەكەوە لە ڕوانگەی كلتورەكەیانەوە، ئاساییە ڕاستەوخۆ باس لەو بابەتە هەستیارانە بكرێت[171]، بەڵام لای نەتەوەی كورد ئەم لایەنە بە جۆرێكی تر دەكەوێتەوە، بۆ ئەمەش ئەگەر ڕای چەند

---

[169] Tannen,D (2006: 345).

[170] لەم شیكردنەوەیەدا نموونە ئەڵمانییەكە لە سەرچاوەی پێشووەوە وەرگیراوە، بەڵام شیكردنەوەی بەراوردكردنی بە كلتوری كوردەواری زیاتر ئەنجامێكی شیكاری مەیدانیی لێكۆڵەرە.

[171] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

Tannen,D.(2006: 345)

قسەپێکەرێکی زمانی کوردیی، کە هەڵگری بەها کلتورییەکانن وەربگیرێت، ئەوە دەردەکەوێت، کە قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە هەستیارانە لە پلەی یەکەمیدا پەیوەست دەبێت بە ڕادەی پەیوەندیی ناسیاویی قسەکەر و گوێگرەوە. ئەم لایەنەش بە ڕاشکاوی لە بابەتی ئایینیندا ڕەنگدەداتەوە، بە واتای ئەوەی کلتوری کوردەواری کاریگەرە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەها و پرنسیپەکانی ئەم ئایینە و بە پیرۆز ڕاگرتنی ئاینەکە دەبێتە هۆی ئەوەی، زۆرجار تا پەیوەندی ناسیاوی قسەکەر و گوێگر نزیک نەبێت، تاکی کورد لەگەڵ بێگانەیەکدا نەتوانێت بچێتە وردەکاری بابەتە ئاینییەکانەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە پەیوەست بە بابەتە نەتەوەییەکانەوە و بە هۆی چەوساوەیی نەتەوەی کورد و دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرانەی داگیرکەرانەوە، لە بابەتە نەتەوەیەکاندا بە مەبەستی ناساندنی کورد بە دەرەوەی خۆی، زۆرجار ڕاشکاوانە قسەکەرێکی کورد باس لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەکات. ئەم بۆچونانەی تاکی کورد لە سەر ئاین و نەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە بابەتی ئاین لە لای کورد چۆتە دۆخێکی چەسپیوەوە، بەڵام بابەتی کێشەی نەتەوەکەی، تا ئێستا کێشەیەکی کراوەیە.

### 1/ 2-2-2-1-3 ) کەللەڕەقیی و پێداگریی لە دیالۆگدا[172]:

بەکارهێنانی شێوازی پێچەوانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، وەک ئەڵتەرناتیڤێك بۆ شەڕی ڕاستەقینە، بە واتای ئەوەی لە جیاتی شەڕکردن شێوازی دژ بەکاردەهێنرێت. لەم پرۆسەیەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کە ( ئایا بە پێی کلتورە جیاوازەکان دەشێت کەسێك بە توندی دژایەتی پێچەوانەی ڕای بەرانبەر دەربڕێت، لە کاتێکدا لەگەڵ کەسێکدا (کە ئەمڕۆ ناسیبێتی!) بکەویتە گفتوگۆیەکی توندەوە و ڕاکانیان یەکنەگرێتەوە؟ )

ئەمە پرسێکی کلتورییە، بە لای ئەڵمانییەکەوە ئاساییە، کەسێك تازە بیناسێت و دژایەتی ڕای ئەو بە شێوەیەکی توند بکات و پێچەوانەی ڕاکەی دەربڕێت، بەڵام بە لای ئەمریکییەکەوە ئەم دیاردەیە بێنەزاکەتییە[173]. دیارە ئەم بابەتە بەڵگەیە بۆ وابەستە بوونی زمان بە کلتورەوە، چونکە ئەڵمانییەك هەرچەندە زمانی ئینگلیزی بزانێت هێشتا هەر زمانە نوێیەکە لە ڕوانگەی کلتوری ڕەسەنی خۆیەوە بەکاردێنێت، هەمان شت بۆ کەسێکی ئینگلیزیش ڕاستە. ئەگەر پەیوەست بە کلتوری کوردەوە (کەللەڕەقیی و پێداگریی لە دیالۆگدا) هەڵبسەنگێنین، هاوبەشی تێڕوانینی تاکی کوردمان لەگەڵ ئینگلیزێکدا بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم دیاردەیە پەسەند و شیاو نییە بۆ کەسێك، کە تازە بیناسیت و بە

---

[172] زاراوەی (Agonism) لەم باسەدا بە دەربڕاوی (کەللە ڕەقیی و پێداگریی لە دیالۆگدا) وەرگێڕدراوە و بەکارهاتووە.

[173] Tannen,D. (2006: 345).

کەلله ڕەقی و شێوازێکی توندەوە بابەتێکی لەگەڵدا باس بکەیت. بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی جیاوازی باکگراوەندی کلتوریی هەردووکیان، لە بەر ئەوەی کاتێك دەڵێین کورد بەو شێوازە ڕەفتار ناکات، لە لایەکەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ با و و ڕۆیشتوو و خوونەرێت و ئاکاری کورد، لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە پەیوەستبێت بە کەم ئەزموونی تاکی کورد بەرانبەر کەسێکی ئەورووپی. ئەمانەش هۆکارن بۆ شەرمکردنی تاکی کورد و دەرنەبڕینی ڕاکانی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە.

### 1/ 2–2–2–1–4 ) نۆرەگیریی قسەکردن (Turn-Taking):

مەبەست لە نۆرەی قسەکردن، ئەوەیە، کاتێك ڕەوتی ئاخاوتن لە گفتوگۆیەکی ئاساییدا لە نێوان هاوبەشانی ئاخاوتندا (قسەکەر و گوێگر و هەندێکجاریش کەسی سێیەمیش دێتە ناوەوە) بەڕێوەدەچێت، قسەکردن بە نۆرەیە، بە واتای ئەوەی، کاتێك کەسێك قسە دەکات گوێگر (یاخود گوێگران) گوێی لێدەگرن و دواتریش ئەمان نۆرەی قسەیان دێت و قسەکەری یەکەم دەبێتەوە بە گوێگر. بەمشێوەیە، کاتێك قسەکەر دەدوێت چەند نیشانەیەکی زمانیی و نازمانیی[174] بەکاردەهێنێت و ئاماژەیە بۆ بەرانبەر، کە لە قسەکردن تەواو بووە و ئیتر نۆرەی کەسی بەرانبەرە بدوێت. بەمشێوەیە زەمینەی ئاخاوتن بۆ بەرانبەر خۆشدەکات[175].

لێرەدا بابەتێکی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە لە کاتی قسەکردندا کێ کۆنترۆڵی دیالۆگ دەکات؟
ئەو کەسەی کۆنترۆڵی دیالۆگ دەگات، بەم نیشانانەدا دەناسرێتەوە:

1. یەکەم کەس، ئەو قسە دەکات.
2. زۆرترین نۆرەی لە قسەکردندا هەیە.
3. قسە زۆر بە بەرانبەرەکەی دەبڕێت.
4. هەندێکجار پرسیاری ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بەرانبەر دەکات.

دیارە هەر یەك لەم چوار خاڵەی سەرەوە گرنگی خۆی هەیە، بە تایبەتی خاڵی سێیەم (قسەپێبڕین Interruption)، بە واتای بەردەوامبوون لە ئاخاوتن، یان قسە بە بەرانبەر بڕین[176].

---

[174] شایەنی باسە لە کلتوری کورددا یەکێك لەو نیشانە کلتورییە زمانییە گرنگانە، کە زەمینەی ئاخاوتن خۆشدەکات (ئاخاوتنە کلێشەییەکان)ە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: هۆگر محمود فەرەج ( 2000: 178).

[175] Tannen,D (2006: 345).

[176] سەرچاوەی پێشوو.

لێرەدا چەند پرسیارێك سەرهەڵدەدات، کە بە پێی گرنگییان ڕیزبەندیان دەکەین و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین:

ئایا مەبەست ئەوەیە، کە قسەکەر زەمینەی قسەکردن بۆ خۆی داگیر بکات، یان هاوکارییە بۆ نیشاندانی پێباشبوونی بابەتی ئاخاوتن، یاخود پەرۆشییە بەرانبەر بە بابەتی ئاخاوتن؟

دیسانەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا جیاوازی دوو کلتور بە ئاشکرایی دەردەکەوێت، بۆ نموونە بەلای ئەڵمانییەکەوە، بە پێی گرنگی بابەتەکە و پەرۆشی دەربڕین بۆی، ئاساییە دیالۆگەکە کۆنترۆڵ بکات و بە ڕاستەوخۆیی بچێتە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، بەلاّم لە ڕوانگەی کلتور و باو و ڕۆیشتووی زمانی کوردییەوە، لە ئاخاوتنی ئاساییدا پێویستە لە ڕوانگەی نۆرە گرتنەوە ڕێگە بە بەرانبەر بدەیت قسەی خۆی بکات و قسە پێبڕین ((پەیوەندی بە دەسەلاّت و پلە و پایەی کۆمەلاّیەتی و تەمەن و توخم و بۆنەی ئاخاوتنەوەیە هەیە))[177]، بە واتای ئەوەی لەڕوانگەی کلتوری پیاوسالارییەوە بە بەراورد بە توخمی مێ قسەکەری نێر بۆی هەیە قسە بە بەرانبەر ببڕێت، هاوکات قسەکەری بە تەمەن لە ڕوانگەی تەمەن و ئەزموونییەوە باو و ڕۆیشتوو و خو و نەریتی کورد ڕێگە بەوە دەدات لە زۆر بۆنە و هەلّوێستی ئاخاوتندا قسە بە بەرانبەر ببڕێت، بە هەمان شێوەش ئەم دیاردەیە لە پلەو پایەی کۆمەلاّیەتی قسەکەردا دەردەکەوێت، وەك ئەوەی کاتێك سەرۆکێك وتارێك ئاراستەی هاولاّتیانی دەکات، یان دادوەرێك لە دادگا، یان باوکێك لە چوارچێوەی خێزانەکەیدا.......هتد قسە دەکات.

## 1/ 2-2-2-1-5 ) ناڕاستەوخۆیی (Indirectness):

مەبەست لە ناڕاستەوخۆیی ئەوەیە، کە شتێك دەربڕێت بە شێوازێکی شاراوە، نەك ئاشکرا. پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا بە پێی کلتورەکان چ شتێك شیاوە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربڕێت، یاخود چ شتێك شیاوە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەربڕێت، کاتێك قسەکان (بۆچونەکان) بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەبڕدرێت، بەلاّم شاراوەیە؟ یان چ ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە ئاشکرایانەی بە شاراوەیی دەردەبڕدرێن بگوترێن؟

لە کلتوری ئەمریکادا شیاو نییە، کە کەسێك تازە بیناسیت و بۆچوونێکی ڕامیاری خۆتی ڕاستەوخۆ پێبلّێیت، لە بەر ئەوەی لەوانەیە هەستی بەرانبەر بریندار بکات. لەم ڕوانگەیەشەوە بە پێی کلتوری خۆیان ڕێگا ناڕاستەوخۆکان دەگیرێتە بەر، بەلاّم هاوکات ئەڵمانییەکان لەو شێوازە ناڕاستەوخۆییانە تێناگەن، یاخود بە سەریاندا تێدەپەڕێت، لە بەر ئەوەی بە پێی کلتوری خۆیان بە شێوازێکی

---

[177] هێمن عبدالحمید شمس ( 2006: 47).

ڕاستەوخۆ، کە سۆز لە خۆ دەگرێت بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕن. دواجار ئەم لایەنەش دەبێتە هۆی جیاوازییەکی کلتوریی و هەڵە لەیەکگەیشتنیش ڕوودەدات و وا لە ئەمریکییەك دەکات، کە ڕای لە سەر ئەڵمانییەك بە شێوەیەك بێت، کە بە شێوازێکی زبر دەدوێن و تەکنیکی گفتوگۆکردن لە سەر بابەتە ڕامیارییەکان باش نازانن[178].

بەڵام لە کلتوری کوردەواریدا گفتوگۆکان و دەربڕینی ناوەڕۆکی ئاخاوتن و مەبەستەکان زۆرجار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

1. جیهان بینی قسەکەری کورد، وەك زۆربەی میللەتانی تری ڕۆژهەڵات بەو شێوەیەیە، کە ڕاشکاوانە ڕای خۆی دەرنەبڕێت. بە بەراورد بە ئەڵمانییەك، کە باکگراوەندێکی کلتوری جیاوازی لە پشتەوەیە.
2. هۆکارێکی تر پەیوەندیدارە بە کاتەوە، بە شێوەیەکی گشتی بە لای ئەوروپییەکەوە کات گرنگە و جەنجاڵی ژیانی و سەرقاڵی زیاترە، لەبەرئەوە زیاتر مەیلی بە لای ئەوەدا هەیە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسە بکات. بەڵام لە لای کوردێك کاتێك دەکەوێتە قسەکردن کاتێکی زۆرتری دەوێت، لەبەرئەوەی پێش ئەوەی بچێتە ناو کرۆکی بابەتەکەوە بە کۆمەڵێك پێشەکیی و سەرەتا بۆ چوونە ناو بابەتەکە دەستپێدەکات. ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ناڕاستەوخۆیی.
3. هۆکاری سێیەم پەیوەندی بە ساردی و گەرم و گوڕیی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە لە گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە سروشتی تاکی کورد وەك سەرجەم خەڵکانی تری ڕۆژهەڵات گەرم و گوڕییەك لە پەیوەندییەکانیاندا بە دەوروبەرەوە دیارە. ئەمەش خۆی لە پەرۆشی پێکەوەبەستنی پەیوەندییەکانی کەسان و جێخۆشکردنیان لەگەڵ چوار دەورەکەیدا دەبینێتەوە، لە بەر ئەوە ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو بابەتێکەوە، بەڵکو بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەستپێدەکات.
4. ئەم هۆکارە پەیوەندی بە جۆراوجۆری، یان هەمەڕەنگی ئاخاوتنەوە هەیە، لە چوارچێوەی دیاریکردنی پێگە و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەرەوە لە ڕوانگەی ئاستی خوێندەواری و پیشە و تەمەن و توخمییەوە، بۆ نموونە کەسێك تەمەنی منداڵ بێت بە پێی کلتوری ئێمە لە دانیشتنێکدا، کە خەڵکانی بەتەمەنی تێدا بێت شیاو نییە ڕایەکی خۆی بە ڕاستەوخۆیی دەربڕێت، یاخود قسەکەرێك، کە توخمی مێینەیە لە کۆمەڵی ئێمەدا زۆرجار ناتوانێت

---

[178] Tannen,D (2006: 345).

ڕاستەوخۆ باس لەو بابەتانە بکات، کە تابۆییە[179]، لە بەر ئەوەی ڕێگەی ناڕاستەوخۆیی لە قسەکردندا دەگرێتە بەر. لەم ڕوانگەیەوە ((قسەکەری زمانی کورد بە شێوەیەکی زیاتر ناڕاستەوخۆ مەبەستەکانیان دەگەیەنن. بۆ ئەو کەسەش، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا مەبەستەکانی دەردەخات جۆرەها ناولێنان هەیە، لەوانە ( بێڕوو، ڕوو هەڵماڵراو، دەم درێژ، دەم ڕووت، دەم هەراش، بێچاو ڕوو و .......هتد) پلەی بەکارهێنانی هەریەك لەم ناونانەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی ئەو ئاشکرایی و بێ پەرژینییەی قسەکەر پێی دەدوێت، هەروەها شێوەی ئەو ئاماژانەی لە قسەکردنەکەیدا بەکاریدەهێنێت و ڕادەی ئەو کەمایەتی کردن و بێ ڕێزیی کردنەیە، کە لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا دەینوێنێت))[180].

هەموو ئەم نیشانە زمانییانەی، کە تا ئێستا باسکران هەر لە (ئاوازەی قسەکردن، بابەت، کەللەڕەقیی و پێداگریی لە دیالۆگدا، نۆرەی قسەکردن، ناڕاستەوخۆیی) و پشت بەست بە جیهان بینینی قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو، مەبەست لەوەیە هەموو کلتورێك ستراتیژییەتێك دادەڕێژێت بۆ بابەتی ڕێزگرتن و زەمینە خۆشکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئاخاوتن لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە. لەمەشەوە کاریگەری کلتور بە سەر زماندا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی وەك دیارە کۆدە زمانییەکان پەیکاڵە لەگەڵ ئاماژە کلتورییەکاندا و هەر کاتێك لە نێوان کۆدە زمانییەکان و ئاماژە کلتورییەکاندا پچڕان ڕوویدات، ئەوا لە یەك نەگەیشتن و پێکدادانی کلتوریی ڕوودەدات. چونکە چۆن هاوبەشییەکی زۆر هەیە لە نێوان کلتورەکانی جیهاندا، بە هەمانشێوەیەش جیاوازی کلتوریش بە دی دەکرێت. ئەم ڕاستییەش لە لایەکەوە لە گفتوگۆکردنی دوو کەسی سەر بە دوو کلتوری جیاوازدا دەردەکەوێت، تەنانەت لە نێوان قسەکەرانی هەمان کلتوریشدا (بۆ نموونە کلتوری شار و کلتوری لادێدا)، لە لایەکی تریشەوە لە پرسی وەرگێڕاندا ئەم لایەنە بە ئاشکرایی دەردەکەوێت، بەوەی کەسی وەرگێڕ پێویستە شارەزایی لە کلتوری ئەو میللەتەدا هەبێت، کە بابەتەکەی لێوە وەردەگێڕێت، یان لانی کەم پێویستی بە زانینی گرنگترین ئاماژە کلتورییەکانی ئەو زمانە دەبێت.
بەمشێوەیەش باڵا دەستی کلتور بە سەر زماندا بە شێوەیەکی دیار بە دەیدەکرێت و لە بەشەکانی داهاتوودا بە وردی ئەم لایەنە پەیوەست بە دەربڕاوە (تابۆ)ییەکانەوە دەخەینەڕوو.

---

[179] ئەم بابەتە بە وردی و نموونەی شیکراوەوە لە بەشی (سێیەم) (3/3-1-2) لاپەڕە (139-147) ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

[180] ئاڤێستا کمال محمود ( 2009: 129).

## 1/2) تابۆ (چەمك و تێڕوانین):

بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی کلتوریی و کۆمەڵایەتیی و وردبونەوە لە فۆڕمە زمانییەکان (وشە، فرێز، ڕستە) ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی هەندێك لەم فۆڕمانە لە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا نەشیاو دەکەوێتەوە. بە واتایەکی تر ئەم فۆڕمانە هەڵگری واتایەکن وای لێکردوون لە دەوروبەری خۆیاندا نەبێت بە بێڕێزیی لە قەڵەمدەدرێن[1]. لە لێکدانەوەی واتای ئەم فۆڕمە زمانییانەشدا ئەوە دەردەکەوێت، کە هەندێکیان وشەی فەرهەنگین و ئەم واتا نەشیاوە/ قەدەغەکراوەیان هەیە، هەندێکی تریشیان لە پەیوەندیی واتایی نێوان زیاتر لە وشەیەك دروستدەبێت. ئەمجۆرە دەربڕینانە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بە (تابۆ "Taboo") ناوزەد دەکرێن. بۆ ئەوەی لە چەمکی تابۆ تێبگەین بە پێویست دەزانرێت لە سێ وەچە پاردا ئەم بابەتە توێژینەوەی تیابکرێت، کە زیاتر بریتین لە: گەڕان بە دوای شیکردنەوەی زاراوەی تابۆ، لە چێوەی باسکردنی بنەمای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە و بڵاوبوونەوەی بە زمانەکانی جیهاندا. وەچە پاری دووەمیش زیاتر تەرخانکراوە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن لە خودی تابۆیی تابۆ (چەمکی تابۆ). وەچەپاری سێیەمیش تایبەتکراوە بەشیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان تابۆ ویوفیمیزم ،بەوپێیەی یوفیمیزم دەربڕێکی ئەلتەرناتیڤی چەمکە تابۆییەکەیە.

### 1-1/2) زاراوەی تابۆ:

زاراوەی (تابۆ "Taboo") بەم فۆڕمەی، کە ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێت و بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بە زاراوەی (نەشیاو/ قەدەغەکراو) ناوزەدبکرێت. بنەمای ئەم زاراوەیە لە ( کلتوری پۆلینیزی "Polynesion Culture")یەوە هاتووە[2] و بۆ یەکەمجار کابتن (جیمس کوك"James cook") لەگەڵ هاوکارەکەیدا (ولیام ئەندرسۆن "William Andrson") وشەی تابۆیان لە ساڵی (1777) بەکارهێنا بۆ پەسنکردنی چەند ڕەفتارێك بەرانبەر چەند شتێك، کە نەدەبوو بکرێت یان ببینرێت، یاخود دەستی لێبدرێت[3]، لە بەر ئەوەی لەم کلتورەدا بابەت و کردە بێگومانەکان، هەروەها وشەکانیش وا بیریان لێکراوەتەوە، کە بریتین لە هەوڵی هێزی زیانبەخش بۆ خەڵکی، بۆ نموونە هەندێك وشە

---

[1] شیکردنەوەی ئەم لایەنەی بابەتەکە بە وردی لە بەشی سێیەمدا تیشکی دەخرێتە سەر. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: پاری (3/3)ی بەشی (سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (131-158).

[2] Strazny,P (2005: 1073).

[3] Http:// www.arts.monash.edu.aul. Linguistics/ staff kallan.php.

وا بیریان لێکراوەتەوە، کە جێگەی مەترسین وەك ئەوەی کەسێك ناوی باپیرە گەورەتی هێنا لە بری ناوی خۆت، ئەوا ڕەنگە ئەنجامێکی نێگەتیڤ بە دەست بێت. زانا کوك لە کتێبەکەیدا باس لە ئافرەتی تاهیتی دەکات، کە نابێت لەگەڵ پیاواندا نان بخۆن، ئەگەر چاوی خەڵکیان لێوە دیاربێت. ئەمەش نموونەی تابۆی ڕەفتاری ناچیزەیە، کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە یەکجار نەشیاوە یان ڕەتدەکرێتەوە[4]. لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە شوێنەواری زمانێکی هاوبەش لە تابۆ لە وشەی تۆنگایی (Tapu)، یان وشەی فیجی (Tabu) بەدیدەکرێت، کە بە واتای (قەدەغەکراو"Under Prohibition") یان ( ڕێگەپێنەدراو "not allowed" )، یان لە بەکارهێنانی ئێستای زمانی تۆنگاییدا بە واتای (قەدەغەکراو "forbidden") دێت[5]. بەم شێوەیە بنەمای یەکەم بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە نائاسایی بەکارهێنانیەتی لە زمانی تۆنگاییدا و ((بە شێوەیەکی گشتی مانای قەدەغە دەبەخشێت. سەرەتا چەمکێکی ئاینی بووە، بەڵام ئێستا لە کۆزمانەوانیدا بۆ ئەو وشە و زاراوانە بەکاردێت، کە ڕاستەوخۆ بەکارهێنانییان ئاسایی نییە و پێویستە ئەو وشە و زاراوانە لە جیاتی بەکاربهێنرێت، کە هاوواتای ئەوانن و بەکارهێنانیشیان ئاساییە))[6]. لێرەدا بە پێویست دەزانرێت لە سەر چەمکی دەربڕینی (لە سەرەتادا چەمکێکی ئاینی بووە) هەڵوەستەیەك بکەین. ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی سەرچاوەی بەکارهێنانی زاراوەکە، لە بەر ئەوەی خودی وشەکانی [ (Tapu)، (Tabu)، (kapu) ] زۆرجار بە واتای گروپێکی ئاینی دیاریکراو دێت، کاتێك چالاکی و باو و ڕۆیشتوویان قەدەغەکراو بێت[7]. لە لایەکی ترەوە وشەی (Tapu) لە دوورگەی سەرەکی شانشینی تۆنگادا بە واتای (پیرۆزی)یش دێت، کە زۆرجار لە نەستدا بە کۆتکراوە، یان یاسا و باو و ڕۆیشتوو دەپارێزێت، کە بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم دوورگەیە لە پایتەختەکەی (Nuku'alafa) دەژین و زۆرجار وشەکە دەلکێنرێت بە بەشی کۆتایی وشەی (تۆنگاوە) و وشەکە دەکات بە (Tonga Tapu). ئەم بەکارهێنانە بە واتا ناوچەییەکەی (خوارووی پیرۆز"Sacred South") نەك (خوارووی قەدەغەکراو"Forbidden South")[8] دەگرێتەوە. بێگومان بە وردبوونەوە لەم زانیارییانەی پێشو، بە واتای زاراوەی (تابۆ) ئاشنا

---

[4] سەرچاوەی پێشوو.

[5] http:// en.wikipedia.org/wiki/Taboo.

[6] بەهزاد موحسین، ڕامان، ژ.129،(2008: 112).

[7]http:// en.wikipedia.org/wiki/Taboo.

[8] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم لایەنە مێژووییەی (تابۆ)،بڕوانە:

a/ Lliamas,C., Mullany,L. and Stockwell,P. (2007:62-63).
b/ Freud,S. (2001:21-27).

دەبین، کە لە لایەکەوە شتە پیرۆزەکان دەگرێتەوە، کە مرۆڤ پێیهەڵدەستێت، لە لایەکی تریشەوە بەکارنەهێنانی ئەو دەربڕاوانەیە، کە لە خۆیاندا قەدەغەیی و ناچیزەییان هەڵگرتووە. بۆ نموونە هەر ڕەفتارێکی ناشرین، کە لە باو و ڕۆیشتوو و ئاین و هەڵسوکەوتی باو بەدەر بێت و ببێتە هۆی ئەوەی ڕووڕەشی و ناشرینی و نەنگی لێبکەوێتەوە. بەمشێوەیە ئەگەر (تابۆ) بەو واتا گشتی و بەرفراوانە وەربگرین، ئەوا هەردوو هەڵسوکەوتە زمانی و نازمانییەکان دەگرێتەوە. بەم پێیە سەرجەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارە نەشیاوەکان لە کۆمەڵدا تابۆی نازمانی دەگرێتەوە، کە ئەمەیان دەچێتە دەرەوەی زمان، بەلام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کارەکەمان پەیوەست دەبێت بە تابۆی زمانییەوە، کە سەرجەم ئەو دەربڕینە زمانییانە دەگرێتەوە، کە یان بە هۆی پیرۆزیی ناوەڕۆکی دەربڕینەکانەوە، یان بە هۆی نەشیاوییانەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە تابۆ دادەنرێن.

## 2-1/2) چەمکی تابۆ:

لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدرا بە گشتی زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵ و بە تایبەتی لە ڕوانگەی کلتورەوە لێکبدرێتەوە[9]، بۆ ئەم مەبەستەش لە لایەکەوە تیشک خرایە سەر کارلێکی کۆمەڵ و زمان لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە لایەن قسەکەرەوە لە گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی شیکردنەوەی وابەستەیی زمان و پێکهاتەکانی کلتور درا، بەو واتایەی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی خاوەنی کۆمەڵێك خو و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی و کلتورییە، کە بەرهەمی کەڵەکەبووی نەوە دووای نەوەی کۆمەڵگایە و لە ڕێگەی ئەم بەهایانەوە تاکەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی شیاو بۆ بەکارهێنانی زمان ئاڕاستە دەکرێن. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین، کە: ( ئایا دەکرێت زمان بەکاربهێنرێت بە بێ لە بەرچاوگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان؟ یان دەشێت مرۆڤ بە شێوەیەك بدوێت، کە بەرانبەرەکەی توشی ناڕەحەتی بکات و هەست و نەستی ئازار بدات؟ ).

بۆ تێگەیشتن لەم پرسیارە سەرەتا پێویستە شێلگیرانە وردببینەوە لە تاکێتی و هەڵکردنی تاك لە کۆمەڵدا. ئەمەش بە مەبەستی دەرخستنی ئەو ڕاستییەی، کەوا چ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە چ لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە تاکی سەرکەوتوو ئەو تاکەیە، کە هاوسەنگییەك دادەمەزرێنێت لە نێوان تاکگەرایی/ خودپەرستی خۆیدا لەگەڵ هەڵکردنەکانی

[9] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (4-53).

لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگادا[10]. بەمشێوەیە تاکی سەرکەوتوو بریتییە لەو تاکەی لە سەنتەری کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەکدایە. بۆیە ئەگەر تاکێك تاکگەراییەکەی زاڵبێت بە سەر هەڵکردنەکەیدا، ئەوا تاکێکی ناچیزەی نامۆی نەویستراوی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەگەر تاکێکیش هەڵکردنی زاڵ بێت بە سەر تاکگەراییەکەیدا، ئەوا دیسان تاکێکی ونبووی نێو هەڵکردکنەکانی ناو کۆمەڵگای هەر کۆمەڵگایەکە. لەم تێگەیشتنەوە ئەگەر بڕوانینە بابەتە تابۆییەکان لە ژیانی مرۆڤدا، ئەوا ڕاستەوخۆ دەکەوینە شیکردنەوەی لایەنە نێگەتیڤەکانی تاکگەرایی و هەڵکردن لە ژیانی زمانیی و کۆمەڵایەتی هەر تاکێکدا. بۆیە تاك لەم ڕوانگەیەوە پێویستە لە سەری، کە نەك گرنگی نەدات بە لایەنە تاکگەراییەکەی تابۆ، کە لە هەست و نەستیدا چەسپیوە، بەڵکو دەبێت بەردەوام تای هاوسەنگی تەرازووەکە بە لای (هەڵکردنی زمانی و کۆمەڵایەتییەکاندا) بشکێنێتەوە و نەهێڵێت ویستێکی هەستییانە یان نەستییانەی تاکگەرایی خودی وای لێبکات بە زاراوە تابۆییەکان بدوێت و هەڵکردنەکانی پێ بدۆڕێنێت، تەنانەت ئەگەر لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی دەروونیی یان کۆمەڵایەتیشدا ویستە تاکێتییەکانی ئەو تاکە داوای پڕکردنەوەی ئەم لایەنەی لێکرد، چونکە هەر ڕەفتارێکی زمانی یان نازمانی لە ڕوانگەی تاکێتی تاکەوە لە بواری تابۆ زمانییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕاستەوخۆ تێکشکاندنی کۆدە ڕەوشتی و بەها کۆمەڵایەتییە قەتیسدارەکانە، کە بە زیانی ژیانە کۆمەڵایەتی و هەڵکردنە کۆمەڵایەتییەکانی و ئەو تاکە کۆتایی دێت. هەر بۆ زیاتر تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی ئەم بابەتە دەچینە ناو کۆزمانەوانییەوە و تێڕوانینەکانمانی تێدا چڕدەکەینەوە.

---

[10] تاکگەرایی/ خودپەرستی لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا زیاتر مەبەست لە (الفردیە "Individuality")یە، کە هەموو ئەو حەز و هیوا و ئاواتانەی تاکە، کە ویستویەتی هەیبێت یان دەیەوێت هەیبێت. لەم کارەشیدا هەڵکردن و گونجانی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگا (خێزان و هاوڕێ و کەسوکاری) بەکاردەهێنێت بۆ بەدیهێنانیان. بەڵام هەڵکردن زیاتر مەبەست لە زاراوەی (Conformity)یە، کە گشت پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی تاکێك لەگەڵ تاکێکی تر یان چەند تاکێکی تری کۆمەڵ دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە:

a/Arche,M.(2006:5-15) b/ Meyerhoff,M.(2006:148-150)
c/Freitas,E.(2008:26-33) d/ Watts,A.(1973:11-29)
e/Laker,S.(2008:2-15). f/ Cameron,D. and Kulick,D. (2006:63-68)
j/ Fought,C. (2006:3-16)

سەرهەڵدانی تابۆ دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگرتنێکی کۆمەڵایەتی لە بەردەم  هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکان کاتێك خەڵکانی تر توشی نارەحەتی و زیان و ئازار دەکات[11]، لە بەر ئەوەی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەندێك تاك هەن، کە بە پێی ڕێنماییەکانی ئایین و دابونەرێت و پڕ بە پێستی بەها کۆمەڵایەتییەکان ناجولێنەوە، ئیتر کۆمەڵیش ئەو تاکە یاخییانە سەرزەنشت دەکات و ناو و ناتۆرەیان لێدەنێت و زۆر وشە و زاراوەی وەك (بێشەرم، بێئابڕوو، بێدین......هتد) بە سەردا دەبڕێت[12]. بەمشێوەیە خەڵکی ڕووبەڕووی مەترسییە میتافیزیکییەکان دەبنەوە، کاتێك دێنە سەر باسی خەڵکە پیرۆزەکان یاخود شت و شوێنە پیرۆزەکان، هەروەها لە بەر مەترسی کەسانی خاوەن دەسەڵات و بەهێز و تەنگ و چەڵەمە و نەخۆشییەکانی سەر زەمین. بەمجۆرە جەستە و گیانی کەسەکان دەخاتە بەر مەترسی میتافیزیکی ئاکاریی، یاخود مەترسیی جەستەیی، کە دەشێت خەڵکی تریش تێوەگلێنێت[13].
دیارە هەر ئەم تێڕوانینەشە، کە دەمانگێڕێنێتەوە بۆ قسەکردن لە سەر زاراوەی تابۆ لە وەچەپاری ($1-1/2$)دا، کە بریتی بوو لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان کلتور و زمان و خودی زاراوەکەش وابەستەی واتای نەشیاویی/ قەدەغەکراویی و پیرۆزیی بوو لە کلتوری تۆنگاییدا.
لە ئەنجامی وردبوونەوە لە تێڕوانینی خەڵکی بۆ دەربڕینە تابۆییەکان و پەیوەستبوونی تابۆ بە کۆمەڵ و کلتوریی مرۆییەوە و بە تایبەتی تێڕوانینە میتافیزیکییەکان، دەکرێت تابۆ  ئەم پێناسانەی بۆ بکرێت:

یەکەم//

تابۆ بریتییە لە قەدەغەکردن، یان دورکەوتنەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا لەو بیر و بۆچون و ڕەفتارانەی، کە ببنە هۆی زەرەر گەیاندن بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە و ئەندامانی دەخاتە نێو دوو دڵی و ڕاڕاییەوە، یان ئەندامانی توشی شەرم لە خۆکردن دەکات[14].

دووەم//

تابۆ قەدەغەکردنێکی کۆمەڵایەتی بەهێزە پەیوەست بە هەر بوارێك لە بوارەکانی چالاکی مرۆیی یان باو و ڕۆیشتووی کۆمەڵایەتی، کە پیرۆز بێت یان قەدەغەکراو بێت لە سەر بنەمای حوکمێکی ئاکاریی و هەندێکجار بیر و باوەڕی ئایینی[15].

---

[11] http://www.arts.monash.edu.au// linguistics/ staff- kallan.php.

[12] بەهزاد موحسین، ڕامان، ژ.129،(2008: 112).

[13] http://www.arts.monash.edu.au// linguistics/ staff- kallan.php

[14] Wardhoouph, R. (2006:239).

[15] http://en.wikipedia.org org/ wiki/Taboo.

سێیەم//

تابۆ بریتییە لەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە قەدەغەکراوانەی، کە هەمیشە کاردەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانە. ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەش لە بابەتەکانی تابۆوە سەرچاوە دەگرن، کە بریتین لە:
( لەشولار ) و ئەو شتانەی لێوەی دەردەچن، وەك (ئارەق، پیسایی، خوێنی سوڕی مانگانەی ئافرەتان....هتد) و ئۆرگانەکان و کردەی سێکسی و میز و با و نەخۆشی و مردن و کوشتن، ناو ناتۆرە، دەستبازی، هەروەها چۆنیەتی تێڕوانین لە خەڵك و شتە پیرۆزەکان، هەندێك شت و شوێنی تایبەت.....هتد[17].

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ئەم پێناسانەی سەرەوە بکەین، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە کرۆکی پێناسەکان لەم خاڵانەدا کۆدەبێتەوە:—

1. تابۆ پەیوەستە بە قەدەغەکراوەییەوە.
2. قەدەغەکراویش پەیوەستە بە کۆمەڵەوە.
3. قەدەغەکردنی بابەت و دەربڕینەکان بە پێی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کاتێك بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبنە ڕێگرێك لە بەردەم بەکارهێنانی ئەو بابەت و دەربڕینانەی، کە بە پێی کلتوری گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەکارهێنانیان نەشیاوە.
4. ڕەفتارە نەشیاوەکانیش لە بابەتە جۆراوجۆرە تابۆییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، وەك لە پێناسەی سێیەمدا خرایەڕوو.

پاش هەڵسەنگاندن و تێڕوانین لە پێناسەکان و بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی، کە دەربڕینێکە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە ڕووی وتنی نییە. دەتوانین بەمشێوەیە پێناسەی تابۆ بکەین:—

—تابۆ// بریتییە لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە دەربڕینییان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاونییە. ئەمەش لە لایەکەوە بە هۆی وابەستەبوونیان بە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە، یان کردە سێکسییەکانەوە، یان نەخۆشی و شتە شوومەکان، لە لایەکی تریشەوە وابەستەیی دەربڕینەکانە بە بابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە[17].

---

[16] http://www.arts.monash.edu.au// linguistics/ staff- kallan.php

[17] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چەمك و زاراوەی (تابۆ)، بڕوانە:

a/ Llamas,C., Mullany,L. and Stockwell,P. (2007:231-232).
b/ Thomas,L.,Wareing,S.,Singh,I.,Pecci,J., Thornborrow,J. and Jones,J. (2004:199-200)
c/ Wardhaugh,R. (2006:238-239). d/ Freitas,E. (2008:37-41)
e/ Holden,L.(2000:248-249).

به وردبوونەوە لەم ڕاڤە شیکارییە پرسیارێکی گرنگ سەرهەڵدەدات، کە ئەویش بریتییە لە:
( ئەگەر مرۆڤ بە پێی بەها کۆمەڵایەتی و کلتوریی گروپە کۆمەڵایەتییەکەی ڕێی لێبگیرێت لە دەربڕینی بابەتە تابۆییەکان، ئایا چۆن ئەم بابەتانە بگەیەنێتە بەرانبەرەکەی بێئەوەی بێشەرمی و بێئابڕوویی بۆ بمێنێتەوە؟ )
شیکاری ئەم پرسیارە ڕەنگە زیاد لە وەڵامێك هەڵبگرێت، بەڵام لە چێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا وەڵامی پرسیارەکە پەیوەست دەکرێت بە تیۆری (جوانی دەربڕین)ەوە. هەربۆیە هێنانەوەی ڕاڤەییانەی ئەم بابەتە پەیوەست بە خودی تابۆوە بە پێویست دەزانرێت.

## 3-1/2) تابۆ و جوانی دەربڕین:

زمان وەك چەکێکی کاریگەری دەستی مرۆڤ توانایەکی تایبەتی داوە بە قسەپێکران بە شێوەیەك، کە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو چەندین ڕێگای دەربڕینی جییاوازی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە کاتێك بابەتە تابۆییەکان ڕێگری کلتوری و کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی دەبنە هۆی دەرنەبڕینیان، ئالێرەدا لە زمانەوانیدا بابەتی (جوانی دەربڕین/ حسن التعبیر"Euphemism") دێتە پێشەوە، بەو پێیەی جوانی دەربڕین دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی دەربڕاوە تابۆییەکان. بەمشێوەیە (( دەبینین لە پاڵ خۆ بە دوورگرتن لە بەکارهێنانی تابۆکاندا، ناسکی و نەرم و نیانی لەگەڵ نیشاندانی ڕێزدا دوو فاکتەری کۆمەڵایەتین بۆ بەکارهێنانی جوانی دەربڕین))[18]. ئەمەش ڕێگایەکە لە زماندا بەکاردێت بۆ خۆ بە دوورگرتن لە وتنی ڕاستەوخۆی شتە بێگومانەکان. نەوتنی ئەم دەربڕاوە تابۆییانە یان ئەم شتە بێگومانانە لە بەر ئەوە نییە، کە ناتوانرێت بوترێت، بەڵکو لە بەر ئەوەیە خەڵکی قسە دەربارەی ئەم شتانە ناکەن، یاخود ئەگەر ئەم شتانە قسەیان لە سەرکرا، ئەوا بە شێوەیەکی زیرەکانە، یان فێڵبازانە قسەیان لە سەر دەکرێت[19]. (( بەمشێوەیە یوفیمیزم شوێنگرەوەیەکە بۆ ناوهێنان و باسکردنی ئەو شتانەی، تابۆن بە شێوازێکی شیاو لە لایەن کۆمەڵگا و خەڵکەوە))[20]. بۆ نموونە لە بری ناوهێنانی ئەو دەربڕاوانەی بۆ نەخۆشییە کوشندەکان، نەخۆشییە دەروونییەکان یاخود ئەو نەخۆشییانەی دەبنە هۆی کەمئەندامی یاخود کردە سێکسییەکان و مردن......هتد لە زماندا زۆربەیان ڕێگەیەکیان بۆ دۆزراوەتەوە، کە قسەپێکەری زمانەکە لە بارەیانەوە بدوێن[21]. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە سەرنجی ئەم نموونانە دەدەین:

---

[18] Naoum, A. (1995:18).
[19] Wardhaugh, R.(2006: 238).
[20] Naoum, A. (1995:18).

[21] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چەمك و زاراوەی (یوفیمیزم)، بڕوانە:

| ژ | تابۆ | جوانی دەربڕین |
|---|---|---|
| 1 | a/ سەرەتان/شێرپەنجە | b/ دەردەپیسەکە |
| 2 | a/ کوێر | b/ نابینا |
| 3 | a / لاڵ | b/زمانی دەیگرێت/ نیوەزمان |
| 4 | a/ کەڕ | b/ گوێی لە هیچ نییە/ نابیستێت |
| 5 | a/ شێت | b/ تەواو نییە/ناتەواو/ تەختەی نوقسانە |
| 6 | a/ کەر | b/ تێنەگەیشتوو/ ناحاڵی |
| 7 | a/ زۆج | b/ ساویلکە |
| 8 | a/ مرد | b/ کۆچی دوایی کرد/ ئەمری خوای بەجێهێنا/ گیانی لە دەستدا/ مۆمی تەمەنی کوژایەوە. |
| 9 | a/ کوژرا | b/ کۆتایی بە ژیانی هێنرا/ جوانەمەرگ کرا |

## خشتەی هەمبەریی (تابۆ و جوانی دەربڕین)

***خشتەی ژمارە (1)***

بە تێڕوانین لە نموونەکانی گروپی (a"1–9")، دەبینین هەریەك لەم دەربڕاوانە بەرانبەری لە زمانی کوردیدا بە دەربڕاوێك لە نموونەکانی گروپی (b "1–9")دا گوزارشتی لێدەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی نموونەکانی گروپی (a) لە بەرئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناپەسەندن، بۆیە بە مەبەستی نەرم و نیان دەربڕین و ڕێزگرتن لە بەرانبەر قسەپێکەری زمانی کوردیی لە بری ئەم دەربڕاوانە دەربڕینەکانی گروپی (b) دەردەبڕێت، کە هەمان چەمك و مەبەست دەگەیەنن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە، ئەگەر بە تایبەتی یەکە بە یەکەی دەربڕاوەکان وەربگرین، دەبینین لە نموونەی (1/a)دا وشەی (سەرەتان) نەخۆشییەکی کوشندەیە و لە ڕوانگەی وابەستەیی زمانی کوردیی بە کلتورەکەیەوە، وردتر بڵێین تێڕوانینی خەڵکی بەرانبەر ناوهێنانی نەخۆشییەکی بەو شێوەیە بە ڕاستەوخۆیی بەکارناهێنرێت، لە بەر ئەوەی بە پێی

---

= a/ Thomas,L.,Wareing,S.,Singh,I.,Pecci,J., Thornborrow,J. and Jones,J. (2004:200-202)
b/ Wardhough,R. (2006: 240-241) c/ Holden,L. (2000:66).

باو و ڕۆیشتوو و تێڕوانینە ئاینیی و دەروونییەکە ئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە، بۆیە قسەپێکەری ڕەسەنی زمانی کوردی دەربڕاو (1/b) (دەردەپیسەکە)ی بۆ بەکاردەهێنرێت.
وشەکانی گروپی (a) لە نموونەکانی (2–3–4–5)دا، کە بریتین لە وشەکانی (کوێر، لاڵ،کەڕ،شێت) هەموویان پەیوەستن بە کەمئەندامی مرۆڤەوە و دەربڕینیان بەو شێوەیە لەڕووی دەرونییەوە کاریگەرییەکی خراپی لە سەر گوێگر دەبێت، لە بەر ئەوەش بە دەربڕاوەکانی گروپی (b) ئەم نموونانە قسەی لە سەر دەکرێت. لێرەدا ئاماژەدان بە گەشەکردنی تێڕوانینە کلتورییەکان لە نێو کۆمەڵدا بە پێویست دەزانرێت، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە دەربڕینەکاندا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ (( کارگەرییە گرنگەکان لە گۆڕانی واتای بە دەستهێنراو لە ڕێگەی بەشداری وشەکانەوە، کە دەشێت ئەو وشەیە هەیبێت، بۆ نموونە چەندین چەمکی بێگومان هەیە، لەوانەیە کلتور پێی هەزم نەکرێت، کاتێك وشەکان دەلکێنرێن بەم چەمکانەوە، دەشێت ئەم چەمکە نێگەتیڤانە وشەکان و بەکاربەرانیان بەرێت بۆ ئەوەی لە لایەن کۆمەڵەوە پەنجەی تاوانیان بۆ درێژ بکرێت))[22]. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕاستە نموونەکانی گروپی (b"2–3–4–5") وەك جوانی دەربڕینی بەرانبەر وشەکانی گروپی (a"2–3–4–5") بەکاردێت، بەڵام دیسانەوە بە هۆی وابەستەبوونی چەمکی دەربڕینەکانی گروپی (b) بە گۆڕانی تێڕوانینە کلتورییەکانەوە بە پێی سەردەم دەشێت دەربڕاوە جوانی دەربڕینەکانیش چەمکی نێگەتیڤ لە خۆ بگرن. باشترین بەڵگەش لە ئێستای زمانەکەماندا دەربڕاوی (خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان) لە بری جوانی دەربڕینەکانی گروپی (b) بەکاردەهێنرێت.

بە وردبوونەوە لە نموونەکانی (a"6–7")، کە وشەکانی ( کەر و زۆج )ە و بەرانبەری دەربڕاوەکانی (بێ ئەقڵ و ساویلکە) بەکاردەهێنرێت، بۆماندەردەکەوێت، کە:

1. ئەم وشانە کاتێك دەدرێنە پاڵ مرۆڤ دیاردەی (میتافۆڕ) دروستدەکەن، بەو پێیەی واتای پەسنیی نێگەتیڤی ئەم وشانە زەقدەکرێنەوە و میتافۆڕەکەش هۆکاری سەرەکییە بۆ بە تابۆ بوونی وشەکان[23].

---

[22] Carter, R., etal (2001:99).

[23] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم لایەنە، بڕوانە: پاری (2–3/2)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (106–107).


2. بــە شــێوەیەکی گشــتی لــە نموونــەکانی ( خشــتەی هەمبــەریی تــابۆ و جــوانی دەربڕین)ەکــەدا، بــە تایبــەتی هــەردوو نموونــەی (a"6–7") دەربــڕاوە جــوانی دەربڕینەکانی بەرانبەریان لە هۆکاری بوون بە تابۆی وشەکانەوە وەرگیراوە. بە واتای ئەوەی (ساویلکەیی) هۆکاری (زۆجییە) و هاوکات بۆتە ئەو وشەیەی، کە هەمان چەمك بە شێوەیەکی هێورتر دەردەبڕێت. هەروەها (ناحاڵیبوون) هۆکارێکە بۆ ئەوەی بە مرۆڤێك بوترێت (کەر) و لە هەمانکاتیشدا بۆتە دەربڕاوە جوانی دەربڕینەکەشی.

کاتێك دێینە سەر شیکردنەوەی نموونەکانی (a"8–9")، کە دەربڕاوەکانی (مرد و کوژرا)یە، چەمکە نێگەتیڤەکانی ئەم دوو دەربڕاوە وابەستەی کلتورن، بە تایبەتی (ئایین) وەك پێکهاتەیەکی کلتوری کورد. ئەم چەمکەش لە پەیوەستی ئەم دوو وشەیە بە:


1. پیرۆزیی گیانی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئایینەوە.
2. دەرچوونی ئەم گیانە لە جەستەی مرۆڤ بە هۆکاری خواکرد بێت، یان قێزەوەنی لە ناوبردنی ئەم گیانە بە هۆی مرۆڤێکی ترەوە.
3. تێڕوانینی ئەفسانەیی کۆمەڵ، لەوەدا کە نەشیاوە ئەم دیاردەیە بە وشەکانی (مرد و کوژرا) ناو بەرین.

بەم پێیەش دەربڕاوەکانی گروپی (b) لە دەربڕاوەکانی (8–9)دا بەکاردەهێنرێت لە لایەکەوە بۆ دەربڕینی پیرۆزیی گیانی مرۆڤ، لە لایەکی تریشەوە ئەم جوانی دەربڕینە بۆ خۆ بە دوور گرتن لە شومیی بەکارهێنانی زاراوە تابۆکەیە.

لە پەیوەستکردنی شیکردنەوەکانی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە لە نێوان (تابۆ و جوانی دەربڕین) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانرێت هەردوو هاوکێشەی (1) و (2) بخرێتەڕوو، کە سەرجەم شیکردنەوە پەیوەستکراوەکانی تیا دەنوێنرێت، بە ڕادەیەك، کە تەواو و پڕاوپڕ ڕەنگدانەوەی تێکردە و دەرکردە زمانی و ڕەوشتییەکانن. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی و کلتور بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێگرە لە بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکاندا و لە ئەنجامیشدا مرۆڤ جوانی دەربڕین وەك ئاستێکی جوانتر و هێورتری دوای ئەم دەربڕینە تابۆییانە بەکاردەهێنێت.




هاوکێشەی ژمارە (1)




هاوکێشەی ژمارە (2)

### 2/2) چەشن و جۆرەکانی تابۆ:

هۆکاری بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی وشە تابۆییەکان لە زماندا پشت بەو مەبەستە دەبەستێت، کە ئاخاوتنەکە هەیەتی، چونکە بەکارهێنانی جۆرەکانی وشە هەستدەربڕە زبرە فەرهەنگی و نافەرهەنگی زمانەکان بەردەوام بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕین و خستنەڕووی هەست و نەستە جیاوازەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیدا. هەربۆیە ئەو هەست و نەستانە چەندێك هەمەچەشن بن، دەبێت دەربڕاوە تابوییەکانیش هێندە جیاواز بن. بەمشێوەیەش زمانەکە دەتوانێت پێداویستییەکۆمەڵایەتییەکانی زمانبەکاربەر لە کۆمەڵگاکەیدا پڕبکاتەوە. لە ڕاستیدا بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان پرۆسەیەکی تایبەتمەند نییە لە زمانی قسەکردنی کۆمەڵگایەکی تایبەتمەندا، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە پرۆسەیەکی زیندووی سەرجەم زمانە زیندووەکانی کۆمەڵگا چالاکەکانە. لەم ڕوانگەیەوە (محمود سەعران) لە کتێبی (اللغە و المجتمع)دا پێیوایە، کە: (( هۆکاری بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان

تەنها پەیوەست نییە بە کۆمەڵگە شەڕەنگێز و سەرەتاییەکانەوە، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە، جا ئەو کۆمەڵگایە لە هەر پلەیەکی ژیاریدا بێت. گومانیشی تێدانییە بەشێکی زۆر لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی خۆ بە دوورگرتن لە بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوە تابۆییانە، دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە هێزە نادیارەکان و کار و پیشە پیرۆزەکان، چونکە خەڵکی پێیانوابووە و پێشیانوایە، کە ئەم دوو لایەنە ژیانی خەڵکی بەڕێوەدەبەن و ئەگەر ببەزێنرێن زەرەرمەند دەبن))[24]. هەر ئەم ڕوانگەیەیە، کە چەشن و جۆرەکانی دەربڕاوە تابۆییەکان و هۆکاری دروستبوونیان هەمەچەشن دەکات بە ڕادەی هەمەچەشنی ئەو بیروبۆچون و باوەڕ و کلتور و باو و ڕۆیشتوو و خو و نەریتانەی، کە لەو کۆمەڵگایانەدا بوونیان هەیە، کە مەرج نییە گشتگیر بێت و نەك هەر لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بگرە لە ناو خودی کۆمەڵگایەکیشدا (لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، یاخود لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر) دەگۆڕێت[25]. هەر ئەمجۆرە تێڕوانینەشە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێویستی هێنانە ناوەوەی دیاریکردن و شیکارکردنی چەشن و جۆرەکانی تابۆ زمانییەکان لە زمانەکەماندا بە سەر لێکۆڵینەوەکەدا دەچەسپێنێت.

## 1-2/2) چەشنەکانی تابۆ:

پەیوەست بە دەربڕاوە تابۆییەکانی زمانی کوردیی و چۆنیەتی شیکردنەوەیان دەتوانرێت دوو چەشنی سەرەکی لە تابۆیی زمانی لە ناو زمانی کوردیدا دیارییبکرێت:

---

[24] محمود السعران (1958: 77).

[25] لە ڕاستیدا بۆچوونی بەراییمان وابوو، کە لەم بەشەدا چەشن و جۆرەکانی تابۆ و بنەما هۆکارەکانی ئەم جۆرانە لە دوو پاری جیاوازدا بخرێنەڕوو. بەڵام ئاوێزانبوونی بنەما و هۆکارەکان بە چەشن و جۆرەکانی تابۆوە ئەوەی بە سەر لێکۆڵینەوەکەدا سەپاند، کە پێکەوە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت ، تاوەکو لێکۆڵینەوەکە خۆی لە دووبارەبوونەوە بە دوور بگرێت، بە تایبەتی لە کاتێکدا هەم بنەما و هۆکارەکان و هەم چەشن و جۆرەکانی تابۆ ( ئەگەرچی جۆرە گشتوەگیرییەکیان پێوە دیارە لە ناو زمان و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا )، بەڵام شیکردنەوەکانی ئەم وەچەپارە ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەو دید و بۆچونە گشتییانەی، کە گشتگیری دەبەخشن بە هۆکار و جۆرە جیاوازەکانی تابۆ لە زمانەکانی جیهاندا، بڕوانە:

ا/ نایف خرما (1978: 199-203). ب/ بەهزاد موحسین، گۆڤاری ڕامان،ژ.129،(2008: 115-117).

a/Wierzbicka,A. (1997:245-246) b/ Douglas,M. (2001:61-67) c/ Crystal,D. (2003:63) e/ Fairman,C. (2009:25-33) f/ Harvey,K. and Shalom,C. (2003:85-94)

## 1-1-2/2) تابۆی یەکلایەنە:

بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەم چەشنەی تابۆ، ئەگەر لە چەمکە تابۆییەکانی ( سوخواردن، کفرکردن، بێ ئیمانی،......هتد) بڕوانین لە ڕستەکانی (10 و 11 و 12)دا:

(10) حاجی عەلی پیاوێکی [ سوخۆر ]ە.

(11) دەبەس بڵێ، [ خوام نەما] !

(12)دەبڕۆ، [بێ ئیمانی کافر ]!

بۆماندەردەکەوێت، کە دەربڕاوەکانی ( سوخۆر، خوام نەما، بێ ئیمانی کافر) لە هەرسێ ڕستەی (10 و 11 و 12)دا دەربڕی هەمان لایەنی چەمکیی چەمکە تابۆییەکەن، کە ئەویش بریتییە لە تەنها و تەنها جەختکردنەوە لە سەر لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم چەمکە تابۆییە[26]. بۆیە دەربڕینی ئەمجۆرە ڕستانە لە هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا بێت و لە لایەن هەر قسەپێکەرێکەوە بێت، چەمکە گەیەنراوەکە بریتی دەبێت لە دەربڕینی لایەنە بێزراوییەکانی ئەو مرۆڤە یان ئەو شتە[27]. لەم ڕوانگەیەوە هەردوو زانا Burridge and Allan (2006) هەوڵیانداوە چەمك و بیرۆکەی (تابۆی بێگومانی/ڕەها " Absolute Taboo") بسەلمێنن و پێیانوابوو، کە: (( هەموو تابۆییەك پێویستە دیاریکرابێت بۆ کۆمەڵێك خەڵکی تایبەمەند بۆ دەقێکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا))[28].

شیکردنەوەی نموونەکانی زمانی کوردیی و تێڕوانینە تیۆرییەکە جەختدەکەنەوە لە سەر ئەم چەشنەی تابۆ، کە چەشنێکی یەك لایەنەیە و هیچ گومانێك نییە لە نێگەتیڤی چەمکە دەربڕاوەکە و واتای نەگۆڕانی ئاڕاستە نێگەتیڤەکانی ئەم چەمکە تابۆییە لە بارودۆخە

---

[26] شیکردنەوەی چەمکی تابۆ پەیوەست بە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە چنراوی سەرەکیی چەشنی دووەمی تابۆی زمانیی دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (2/2-1-2)، بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوە، لاپەڕە ( 67-100).

[27] شایەنی تێبینی کردنە، کە سەرجەم چەمکە تابۆ ئاینییەکان یەکلایەنە نین، بەڵکو تەنها ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە (باوەڕ و پەرستن)ەوە دەتوانرێت وەك چەشنی یەکلایەنە وەربگیرێت لەگەڵ ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە حەرامی ڕەهاوە هەیە، وەك ( چەمکی "سوخواردن" و "زیناکردن"). لە کاتێکدا ئەو چەمکە تابۆییانەی پەیوەستن بە مامەڵەکردنەوە زیاتر وەك چەشنی تابۆی دوو لایەنە وەردەگیرێن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: پەراوێزی ژمارە (37)ی ئەم پار و بەشە، لاپەڕە (75- 76).

[28] Pang Chor Ying, J. (2009:3).

کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ناو هەمان کۆمەڵگادا. بۆیە ئەمجۆرە دەربڕاوە تابۆییانە بێ هیچ سێ و دوو کردنێك تابۆی زمانیین و گومان ناکرێت لە تابۆییان (واتە تابۆیی بێگومانیین)[29].

## 2/2–1–2) تابۆی دوو لایەنە:

وشە هەستدەربڕە زبرەکان لە ڕوانگەی بزاوتنی هەست و نەستەوە دەوڵەمەندن. ئەم دەوڵەمەندییەش وایکردووە بە تێڕوانینی سایکۆلۆژییانە چەمکە تابۆییەکان والێکبدرێنەوە، کە تەنها بریتی نییە لە هێنانەوەی تەنها لایەنێکی نێگەتیڤیی و بەس، بەڵکو دەوڵەمەندیی واتایی و سایکۆلۆژیی چەمکە تابۆییەکە بۆتە هۆی ئەوەی قسەکەر لە زمانی کوردیدا بواری بۆ بڕەخسێت، کە بەم دەربڕاوە تابۆییانە تەنها لایەنی نێگەتیڤی نەخاتەڕوو، بەڵکو هەندێك جار بشتوانێت لایەنی پۆزەتیڤی بە خودی دەربڕاوە تابۆییەکە دەرببڕێت. بەمشێوەیە دەبێت چەمکی تابۆ پێکبێت لە هەردوو لایەنی (نێگەتیڤی) و (پۆزەتیڤی).

بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەم ئاڕاستەیەی لێکۆڵینەوەکە پەیڕەوی هەنگاوەکانی Pan Chor Ying, Joane(2009) دەکەین،چونکە ئەم پێیوایە، کە: (( تابۆی زمانیی ناناسێنرێت لە ڕێگەی کۆبوونەوەی لەگەڵ چەمکی تابۆدا))[30]. مەبەست لەم دەربڕینە ئەوەیە، کە زۆرێك لە چەمکە تابۆییەکان لە زماندا لێڵن. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم لێڵییە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی خودی چەمکەکە، لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی ئەوەی قسەکەر بە پێی پێویستی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە و پێویستییە سایکۆلۆژییەکانی خۆی چەمکە تابۆییەکەی ئاوەزی بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە ( هەرچی ئێش و ئازار و ناشرینی و ناچیزەیی ئەو کەسە یان ئەو شتەی پێ بخاتەڕوو) دەرببڕێت، یاخود چەمکە تابۆییەکەی ئاوەزی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە دەرببڕێت ( واتە هەم قسەکەر مەبەستی خۆی بەدیبهێنێت و هەم خۆشی بپارێزێت لە بەزاندنی سنووری کۆمەڵایەتییەکانی کەسی بەرانبەر، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەچێتە بواری جۆرێکی تایبەت لە (جوانی دەربڕینەوە) ).

لەمجۆرە شیکردنەوەیەدا جەختکردنەوە و ئاوازەی دەربڕینی دەربڕاوە تابۆییەکە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە دیاریکردنی ئەوەی قسەکەر مەبەستی دەربڕینی چ لایەنێکی چەمکە تابۆییەکەیە ( واتە لایەنە نێگەتیڤەکەی مەبەستە یان لایەنە پۆزەتیڤییەکەی مەبەستە )[31].

---

[29] بۆ زانیاری لە سەر (تابوی بێگومانیی)، بڕوانە: Armstrong,N. (2005:123-124)

[30] Pang Chor Ying, J. (2009:2).

[31] شیکردنەوەی تیۆری و کارەکیی ئەم لایەنە دەبینرێتەوە لە:

a/ Freitas,E. (2008:140-145)   b/ Cassirer,E. (1946:67-70).

بۆ شیکردنەوەی ئەم چەشنەی تابۆ، چەمکی تابۆیی (مردن) وەردەگرین و لەم ڕستانەی خوارەوە وردەبینەوە:

(13) ئەو مرد.

(14) ئەو لە باوەشی خودادایە.

(15) ئەو گیانی بە خاك سپارد.

(16) ئەو مۆمی تەمەنی کوژایەوە.

(17) ئەو جوانەمەرگ بوو.

(18) ئەو لە جهەننەمدایە.

(19) ئەو تۆپی.

(20) ئەو گۆڕ بە گۆڕ بوو.


گەر لەم ڕستانەی سەرەوە وردببینەوە، دەبینین هەموویان دەربڕی هەمان چەمکی تابۆیی (مردن)ن. بەمشێوەیە ڕستەکانی (13 و 14 و 15 و 16 و 17 و 18 و 19 و 20) لایەنی جیاوازی چەمکی تابۆیی (مردن) دەپێکن و دەخەنەڕوو. بۆ نموونە لە ڕستەی (13)دا لایەنێکی ئاسایی چەمکە تابوییەکە دەربڕاوە (کە دەشێت بەرانبەر مردووێك بگوترێت، کە نەیناسیت یان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئاسایت لەگەڵیدا هەبووبێت)، بەڵام لە ڕستەکانی (14 و 15 و 16 و 17)دا لایەنێکی پۆزەتیڤی چەمکی تابۆیی (مردن) کێشراوە، مەبەست لێی ئەوەیە، کە ڕاستە مرۆڤەکە مردووە و گیانی لە دەستداوە، بەڵام چاکە و پیاوەتی کەسە مردووەکە و خۆشەویستی لای کەسی قسەکەر بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی، کە هیچ گومانێکی لانەبێت، کە مرۆڤە مردووەکە خوای گەورە لە بەهەشتی خۆیدا جێگەی دەکاتەوە. هەربۆیە ئەگەر لە ڕستەکانی (14 و 15) ڕابمێنین، دەبینین خۆشەویستی کەسی مردووە وای لە قسەکەر کردووە بێگومان بێت لە بەهەشتیی کەسی کۆچکردوو، بەڵام ئەگەر هەڵوەستەیەك لە سەر ڕستەی (16 و 17) بکەین، دەبینین، کە تەنها چاکە و خۆشەویستی کەسی مردوو نەبۆتە هۆی دەربڕینەکە، بەڵکو کەمی تەمەنی کەسی مردوو و بە گەنجیی سەرنانەوەی بۆتە بنەمایەك بۆ ئەمجۆرە دەربڕینە پۆزەتیڤەی چەمکی تابۆ.

لە بەرانبەردا ئەگەر لە ڕستەکانی (18 و 19 و 20) وردببینەوە، دەبینین لایەنێکی نێگەتیڤی چەمکی تابۆیی (مردن) نیشاندەدەن، کە ئەویش بریتییە لەوەی یان ئەوەتا کەسە مردووەکە زۆر خراپبووە، یان کەسی قسەکەر زۆر ڕقی لە کەسە مردووەکە بووە و بە دڵی ئەم نەبووە و خراپەی لەگەڵدا کردووە. بۆیە لەم سێ ڕستەیەدا قسەکەر هەر بەوە ڕاناوەستێت، بە گوێگر

ڕابگەیەنێت، کە ناوبراو مردووە، بەڵکو بە بێگومانیش کەسی مردوو خودای گەورە دەیخاتە چەهەننەمەوە.

لەم بەراوردکردنە ڕاڤەییەی خرایەڕوو بۆماندەردەکەوێت، کە خەڵکی زیاتر هەست بە ئاسودەیی دەکات لە بەکارهێنانی ڕستەکانی (14 و 15 و 16 و 17) وەك لە ڕستەکانی (18 و 19 و 20). ئەمەش ئەو ڕاستەییە دەردەخات، کە چەمکی تابۆ هەمیشە دەردەبڕدرێت لەو فۆڕمانەدا، کە خۆیان بە دووردەگرن لەو لایەنانەی چەمکەکە، کە ویستراونین، یاخود ئەم لایەنە نەویستراوانە زەقدەکەنەوە لە بری ئەوەی دایبپۆشن.

ئەم ئاڕاستەیەی گفتوگۆکردن لە سەر هەردوو لایەنی (پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی) چەمکی تابۆ، دەکرێت لە هێڵکاری (1)دا بخرێتەڕوو:





***هێڵکاری ڕێژەیی ( تابۆیی و ناتابۆیی ) چەمکی تابۆ***

***هێڵکاری ژمارە (( 1 ))***

به وردبوونەوە لە هێڵکاری (1) تێدەگەین، کە چەمکی تابۆیی (مردن) دوو لایەنی هەیە، کە بریتین لە لایەنی پۆزەتیڤی چەمکەکە و لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکە. لایەنە پۆزەتیڤییەکە بریتییە لە (بەهەشتیی کەسی کۆچکردوو)، بەڵام لایەنی نێگەتیڤییەکانی چەمکە تابۆییەکە بریتییە لە (قێزەونی کەسی مردوو "سووتان لە جهەننەم").  ئەو هێڵە ئاسۆییەی لە بنکەی خشتەکەدا کێشراوە ڕیزبەندی دوو جەمسەری چەمکە تابۆییەکە پەیوەست بە یەك دەخاتەڕوو، بە شێوەیەك ئەگەر بە ئاڕاستەی لای چەپی ڕیزبەندییەکە بڕۆین ( ⟶ ) ڕێژەی ناتابۆیی دەربڕاوەکە زیادەکات. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر بە ئاڕاستەی جەمسەری لای ڕاستی ڕیزبەندییەکە بڕۆین ( ⟵ ) ڕێژەی تابۆیی دەربڕاوەکە زیاددەکات. هێڵە پچڕپچڕەکانیش، کە لە هەردوو لایەکەیەوە ( لایەنی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی ) دابەزیوەتە خوارەوە بۆ سەر هێڵە ئاسۆییەکە بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەوەی، کە ناتابۆیی دەربڕاوەکە پەیوەست دەبێت لەگەڵ ئەو جەختەی (ئاوازەی دەربڕین) دەخرێتە سەر لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی چەمکە تابۆییەکە[32]. بەمشێوەیە بە تێگەیشتن لە هەردوو ئاڕاستەی ئاستە ئاسۆییەکە تێدەگەین، کە دەربڕاوە زمانەوانییەکە زیاتر تابۆ دەبێت، کاتێك جەخت دەخرێتە سەر لایەنە نێگەتیڤەکانی چەمکە تابۆکە و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. بەمشێوەیە قسەکەر دەتوانێت تای تەرازوو بۆ ناتابۆیی چەمکەکە بونیاد بنێت لە ڕێگەی ئاست بەرزیی پۆلی سینۆنیمە نزیکەکانی دەربڕاوەکان بە درێژایی تای تەرازووی ڕیزبەندییە دوو جەمسەرە پەیوەست بە یەکەکەوە بۆ جەختکردنەوە لە سەر لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی چەمکە تابۆییەکە. هەروەك لە هێڵکاری ژمارە (2)دا دەتوانرێت بنوێنرێت:

[32]Pang Chor Ying, J. (2009:2-3).




هێڵکاری ژمارە (2)

ئێستا ئەگەر بێت و تێگەیشتنمان بۆ هێڵکاری ژمارە (2) بە پێچەوانەیی وەربگرین، ئەوا دەتوانین پەیوەست بە چەمکی تابۆوە، کە لە (2-1/2)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو[33] سەر لە نوێ بەمشێوەیە تابۆی زمانیی لە زمانەکەماندا ڕاڤە بکەین:

تابۆی زمانیی، مەبەست لە دەربڕاوێکی زمانییە، کە قسەکەر جەختی خستۆتە سەر لایەنی نێگەتیڤی چەمکە تابۆییەکە.

## 2-2/2) جۆرەکانی تابۆی زمانیی:

پەیوەست بە چەشنی دووەمی تابۆوە و چۆنیەتی شیکردنەوەی تابۆ زمانییەکان لەم چەشنەی تابۆی زمانی کوردیدا، ئەگەر لە وشە هەستدەربڕە زبرەکانی زمانەکەمان وردببینەوە پەیوەست بە بارودۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەتوانرێت پێنج (5) جۆری سەرەکی لە تابۆی زمانی دیاری بکەین، کە بریتین لە:

1-2-2/2) تابۆی ئاینیی.

2-2-2-2 ) تابۆی نەخۆشی و مردن.

2-4-2-3) تابۆی سێکسیی

2-2-2-4) تابۆی بێڕێزیی.

2-2-2-5) تابۆی (شوێن-کات-ژمارە).

---

[33] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (2-1/2)ی بەشی دووەم، لاپەڕە (56-60)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

ئەگەر لە هەر یەکێك لەم جۆرانە وردببینەوە، دەبینین تابۆ بوونیان بێ بنەما نییە، بەڵکو ڕەگێکی قوڵی فەلسەفی و کلتوری و ئاینی و بیروباوەڕیی و ئەفسانەیی و باو و ڕۆیشتوو و خو و نەریتیان لە ناخی کۆمەڵگادا هەیە. ئەمەش بە شێوەیەکە، کە ئاینە جیاوازەکان و ئەو بیروباوەڕە جیاوازانەی لەگەڵ خۆیاندا هێناوییانە زۆرێك لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و جوڵانەوە و بزاوتنی جەستەیی و ناجەستەیی بەرگی ناچیزەیی و قەدەغییان بە بەرداکراوە، لە بەرانبەردا پیرۆزیی مرۆڤ و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ ژیان و ترسی مرۆڤ لە نەخۆشییە کوشندەکان، چەندین بیروبۆچونی تایبەتمەندی لە کۆمەڵگاکەماندا خوڵقاندووە لە سەر نەخۆشی و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی مردنی مرۆڤ. هەر ئەم پیرۆزییەی مرۆڤیشە لە لای خودی مرۆڤ خۆی و بە هەند وەرگرتنی نرخی مرۆڤ لە لایەن کۆمەڵگاوە وایکردووە، کە هەموو کردەیەکی جەستەیی مرۆڤ ( چ مەبەست دەرهاویشتە بایلۆژییەکانی مرۆڤ بێت، یاخود زاوزێ و جوتبوون بێت ) جۆرە پیرۆزییەکی وەرگرتووە و تێکشکاندنی ئەم پیرۆزییەش جۆری تابۆی سێکسی لێدەکەوێتەوە. کۆمەڵگا و تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها مرۆڤ و تێڕوانینە مرۆڤایەتییەکان دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوون و شوێن و کاتی ڕووداو و کارەساتە کۆمەڵایەتییە جۆر بە جۆرەکانی مرۆڤ وایکردووە، کە تێڕوانینی تایبەتمەند دروست ببێت لە سەر هەر یەکێك لەو شوێن و کاتانە، کە قسەکردن لە سەریان پەیوەست بە کۆمەڵگاوە تێکشکاندنی ئەو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییانەشە. بەمەش جۆری ( تابۆی "شوێن–کات–ژمارە" ) هاتۆتەکایەوە.

هۆکار و بنەماکانی دروستبونی جۆرەکانی تابۆ هەر ئەوەندە نین، کە بەم درشتییە لێیان بدوێین، بەڵکو هەر نموونەیەکی تابۆ، کە بۆ یەکێك لەم جۆرانە دەهێنرێتەوە (لەم لێکۆڵینەوەیەدا) بۆ خۆی چیرۆکێکی تەواوی کلتوریی و بیروباوەڕی کۆمەڵگا و ئەو گەلەی لە پشتەوەیە، کە بە پێی توانا هەوڵدەدرێت لە دامێنی شیکردنەوەی نموونە هێنراوەکانی جۆرەکاندا لێیان بدوێین و سەرچاوەکانییان بخەینەڕوو.

1-2-2/2) تابۆی ئاینیی:

لە ناو هەر میللەتێکدا بەها و ڕێسا ئاینییەکان وەك پێکهاتەیەکی کلتوریی میللەتەکە پێگەیەکی بەرچاوی لە ناخی تاکەکانی ئەو میللەتەدا هەیە[34].

لەم ڕوانگەیەوە کارکردن بە پێچەوانەی ئەم بەها ئاینییانەوە تاك دەخاتە ژێر پرسیارەوە و وتەکانی بە گومان و ناچیزەییەوە لە لایەن کۆمەڵەوە لێوەردەگیرێت.

لە چێوەی ئەم بابەتەدا جۆری یەکەمی چەشنی تابۆی دوو لایەنە باسدەکرێت، کە بریتییە لە ( تابۆی ئاینی )، بەو پێیەی پێکهاتەی ئاین کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر دەربڕاوە زمانییەکانی کلتورێکی دیاریکراو هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش چەمکی تابۆیی وشەی (تەڵاق) وەردەگرین، هەروەك لەم ڕستانەدا دەخرێتەڕوو:

(21) نازدار و مێردەکەی لە یەکتر جیابوونەوە.

(22) نازدار تەڵاقی لە مێردەکەی وەرگرت.

(23) نازدار خۆی لە مێردەکەی ڕزگارکرد.

(24) نازدار تەڵاق درا.

(25) ئەو هەمیشە وشەی تەڵاق لە سەر زارییەتی.

بە تێڕوانین لە ڕستەکانی (21 و 22 و 23 و 24 و 25) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەموویان چەمکی (تەڵاق/جیابوونەوەی ژن و مێرد) دەردەبڕن، بەڵام لە هەمانکاتدا هەر ڕستەیەك لەو ڕستانە لایەنێکی چەمکی تابۆیی (تەڵاق) دەخەنەڕوو (تەواو بە پێچەوانەی تابۆی یەکلایەنەوە، کە زیاتر ئەو چەمکە ئاینییانەی دەگرتەوە، کە پەیوەستبوون بە بڕوا و پەرستنەوە)[35].

بۆ نموونە لە ڕستەی (21)دا چەمکێکی لێڵی تابۆیی (تەڵاق) دەردەبڕێت، بە واتای ئەوەی چەمکەکە هەم هەڵگری لایەنی پۆزەتیڤی واتای تەڵاقە (کە لە لایەنی باشیی جیابوونەوەی نازدار و مێردەکەیەتی، کە لەوانەیە نەگونجاو بن و لەم قۆناغەدا شیاوترە لە یەك جیاببنەوە)، لە لایەکی تریشەوە چەمکی تابۆیی (تەڵاق) لەم ڕستەیەدا هەڵگری لایەنی نێگەتیڤی واتای

---

[34] زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بەها کلتورییانە لە پێکهاتەکانی کلتوردا لە (1/2-1-2-2)، لاپەڕە (23-32)دا دەبینرێتەوە، کە باس لە ئاکار و باو و ڕۆیشتوو و ڕێساکانی خوونەریت و جێخۆشکردن کراوە و وابەستەییان بە ئایینەوە خراونەتەڕوو.

[35] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە شیکردنەوەکانی لاپەڕە(65-67)ی ئەم پار و بەشە و نموونە شیکراوەکانی هەمبەر بە نموونە و شیکردنەوەکانی ئەم لاپەڕەیە.

تەلاّقە (بەو پێیەی بە پێی بنەماکانی ئاینی ئیسلام جیابوونەوەی ژن و مێرد کارێکی بێزراو و نەشیاوە)[36].

خۆ ئەگەر بێت و لە ڕستەکانی (22 و 23) بڕوانین، دەبینین لایەنێکی پۆزەتیڤی چەمکی تابۆیی (تەلاّق) بەرجەستەکراوە. ئەمەش بەوەی، کە ڕاستە (نازدار) و (مێردەکەی) لە یەکتر جیابونەتەوە، بەلاّم بە پێی ڕێپێدراوی تەلاّق لە ئاینی ئیسلامدا وەك ڕێگەچارەیەك بۆ کۆتایهێنان بە نەگونجانی ژن و مێرد چەمکی تەلاّق بەم پۆزەتیڤییە بارگاوی بووە. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی لە هەردوو ڕستەکەدا لایەنە پۆزەتیڤەکە پلەی جیاوازی وەرگرتووە، بۆ نموونە لە ڕستەی (22)دا کاتێك دەگوترێت (تەلاّقی لە مێردەکەی وەرگرت) لایەنی باشەی جیابوونەوەی (نازدار)ە لە (مێرد)ەکەی دەخاتەڕوو، کە پێدەچێت (نازدار) لەو بارودۆخە ناهەموارەی ژیانی ژن و مێردایەتی جیابوونەوەیان باشتربێت لە بەردەوامبوونی پڕۆسەی هاوسەرگیرییەکە، بەلاّم لە ڕستەی (23)دا، کە دەگوترێت (خۆی لە مێردەکەی ڕزگار کرد)، ئەوا دیسان لایەنی پۆزەتیڤی چەمکەکە دەنوێنێت، کە ئەویش بریتییە لە خۆڕزگارکردنی (نازدار) لەو بارە ناهەموارەی، کە بە هۆی هاوسەرگیری لەگەڵ مێردە خراپەکەیدا تێیکەوتبوو. لە ڕستەکانی (24 و 25)دا، دەبینین ئەم ئاڕاستەیە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە بە تەواوی لایەنی نێگەتیڤی تابۆیی (تەلاّق) نوێنراوە، ئەوەتا لە ڕستەی (24)دا دەربڕاوی (تەلاّقدرا) بە پێی تێڕوانینی کۆمەڵی کوردەواری تانە و تەشەرێکی زۆر زبرە و تەواو تابۆیە، تەنانەت ئەمجۆرە نێگەتیڤییەی چەمکی تابۆیی (تەلاّق) لە زمانەکەماندا لە شێوەی ئیدیەمیشدا بەکاردێت (ئەو کاتەی وەك تانە و تەشەرێك بە کەسێك دەگوترێت (تەلاّقدراو) ). ئەمەش خۆی لە خۆیدا نالەباری کەسێتی (نازدار) دەخاتەڕوو، چونکە ئەگەر کەسێکی باشبوایە لەگەڵ مێردەکەی دەگونجا و مێردەکەی تەلاّقی نەدەدا.

---

[36] شایەنی باسە چەمکی تابۆیی وشەی (تەلاّق) لە ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا لە پیرۆزی پڕۆسەی ژنهێنان و شوکردنەوە کەوتۆتەوە. بەو واتایەی ئەو پڕۆسەیە هێندە پیرۆزە، کە بە پێی ئایین سەرکەوتنی پڕۆسەکە پیرۆزی و گرنگییەکی بێپایانی هەیە، بەلاّم لە هەمانکاتدا هەر ئایین خۆی تەلاّقی حەلاڵ کردووە. بێگومان ئەمەش لە کاتی پێویستی و هەبوونی کێشە و بنبەستبوونی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، هەروەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (( **أبغض الحلال الى الله الطلاق** )). بەم پێیە ڕاستە تەلاّق لە لایەن خوای گەورەوە ڕێگەی پێدراوە و حەلاّڵە، بەلاّم حەلاڵێکی بێزراوە، کەواتە لەم دەقەوە ئەو دەردەکەوێت، کە هەندێك بابەت هەیە (وەك تەلاّق) هەرچەندە بە پێی ئاینی ئیسلام حەلاڵ کراوە، بەلاّم لە بەر نەشیاوی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە تێڕوانینێکی کۆمەلاّیەتی و دەروونی بە تابۆ کەوتۆتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پڕۆسەی ژنهێنان و شوکردن و تەلاّق لە ئایینی ئیسلامدا، بڕوانە: **یوسف القرضاوی** (1994: 163-192).

به هەمانشێوەش لە ڕستەی (25)یشدا دەربڕاوی (هەمیشە وشەی تەڵاق لە سەر زاریەتی) بە هۆی پیرۆزی پڕۆسەی هاوسەرگیریی و وابەستەبوونی دەربڕاوەکە بە شەرەف و کەرامەتی پیاوەوە نەگونجاوە (واتە قێزەوەن و تابۆیە) لە کۆمەڵی کوردەواریدا پیاو لە قسەکردندا وشەی (تەڵاق) بە کاربهێنێت و سوێندی پێبخوات، چونکە بەم کارەی پیرۆزیی پڕۆسەی هاوسەرگیری و شەرەف و کەرامەتی خێزانەکەی و هاوسەرەکەی دەخاتە مەترسییەوە.

لە ڕوانگەی ئەم شیکردنەوانەی بۆ چەمکی تابۆیی (تەڵاق) کرا، ئەو ئەنجامە بە دەستدێت، کە ئەم نموونەیە بە پێی بەکارهێنانی لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەشێت هەڵگری هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بێت، لە هەمانکاتیشدا دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە ئەم بابەتە لە ئاینی ئیسلامدا حەرامنەکراوە، بەڵکو حەلاڵێکی بێزراوە و نەبوون ڕوونەدانی باشترە. بەڵام بە پێی چەندین نموونەی تری (چەمکی تابۆیی ئاینیی) وەك:

(26) کافر ، (27) بێئیمان ، (28) نوێژنەکەر ، (29) ڕۆژوونەگر ، (30) سوخۆر

(31) فاسیق ، (32) ڕیاییکەر ، (33) زیناکەر

ئەو لایەنەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم نموونانە خودی ئایین بە تابۆیان دادەنێت. ئەمەش لە ڕوانگەی بنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە، بە تایبەتی کە ئەم دەربڕاوە زمانییانە لەو ڕێکخستنە دەدەن، کە ئایین لە ڕوانگەی پرنسیپەکانییەوە کۆمەڵی پیێ ڕێکخستووە[37].

---

[37] بە مەبەستی زیاتر ڕونکردنەوەی تابۆیی ئەم دەربڕوانە لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، دەتوانین هەردوو پێکهاتەی ئاینی ئیسلام وەربگرین و شیبکەبنەوە، کە بریتین لە:

ا/ باوەڕ (ایمان): باوەڕبوون بەو شتانەی خوای گەورە و پێغمەبەرەکەی (د.خ)، کە پێی ڕاگەیاندوین، وەك باوەڕ: بە خوای گەورە و فریشتەکانی و کتێبە پیرۆزەکانی و پێغمەبەرەکانی و ڕۆژی کۆتایی و قەدەر (بە خێر و شەڕییەوە).

ب/ شەریعەت:

1. پەرستن (العبادات): ئەو ئەرکانەی لە سەر شانی مرۆڤی مسوڵمانە بەرانبەر بە خوای خۆی زیاتر بریتییە لە ( شایەتمان هێنان بەوەی هیچ خوایەك نییە تەنها خوای گەورە نەبێت و محمد (د.خ) نێردراوی خوایە، نوێژکردن، ڕۆژگرتن، زەکاتدان، حەجکردن ).

2. مامەڵەکردن (المعاملات): خوای گەورە مرۆڤی بە شێوەیەك دروستکردووە، کە پێویستیان بە یەکتر هەبێت، چونکە هیچ تاکێك هەموو شتێکی لا گرنگ و پێویست نییە، بەڵکو خاوەنی شتێکە و هەندێکیشی لێزیادە و پێویستی بە شتێك لەو شتانە هەیە، کە خەڵکی تر لێیان زیادە. بەمشێوەیە خوای گەورە ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی بە شێوەی کڕین و فرۆشتن و بەخشین و هاوشێوەکانی مامەڵەکردن خستۆتە دڵی مرۆڤەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی ڕەوڕەوەی ژیان ڕاست و ڕەوان بڕوات و خێر و بەرهەم بەردەوام بێت. شێوازی ڕاستی مامەڵەکانیش بریتین لە: ( یارینەکردن بە نرخی کالاّ و شتومەك،

نموونەی (26) و (27)، کە بریتین لە (کافر و بێ ئیمان) چەمکی نێگەتیڤی و تابۆیان لە پێچەوانیی ئاراستەی پرنسیپی باوەڕەوە وەرگرتووە، لە بەر ئەوەی پێویستە مرۆڤی مسوڵمانان باوەڕی بە یەك خوایی و بوون و گەورەیی خوای گەورە هەبێت. بەم پێیە تابۆیە بیرکردنەوە و دەربڕینی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە گومان و ڕاڕایی دەخاتە نێو دڵ و دەروونییەوە. بە وردبوونەوە لە نموونەکانی (28) و (29) ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە کەسێکی نوێژنەکەر و ڕۆژوونەگر ئاراستەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری بە پێچەوانەی پرنسیپی (پەرستن)ەوەیە، کە خوای گەورە نوێژ و ڕۆژووی لە سەر دیندار و پابەندبوو بە ئایینەوە فەرزکردووە.

هەروەها بە تێبینیکردنی دەربڕاوەکانی ( 30 ) و (31) و (32) ئەوە بە دیدەکرێت، کە سیفەتی (سوخۆر) و (فاسیق) و (ڕیاییکەر) نێواندژ دەوەستێتەوە لەگەڵ باو و ڕۆیشتوو و بنەماکانی مامەڵکردنەوە لە ئاینی ئیسلامدا، لە بەرئەوەی مرۆڤی مسوڵمان نابێت سوبخوات بەو واتایەی، کە ئەگەر پارە بدات بە قەرز بە کەسێکی تر، ئەوا پێویستە هەمان بڕ پارە وەربگرێتەوە و زیاد وەرنەگرێت.

هاوکات مرۆڤی پابەند بە ئاینەوە واپێویست دەکات لە پرۆگرامی نێردراو لە لایەن خوای گەورەوە دەرنەچێت، ئەگەر لەو پرۆگرامە دەرچوو بە (فاسیق) ناودەبرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە بنەمای بە فاسیق بونی مرۆڤێك لەوەوە دێت، کە: (( کاتێك کەسێك کردەوەیەك دەکات، کە نەهی لێکرابێت و کردەوەیەکی تر جێبەجێ ناکات، کاتێك فەرمانی پێدەکرێت. بەمشێوەیە بە فاسیق ناودەبرێت و بە دەرچوو لە فەرمانی خوا دادەنرێت))[38].

لە نموونەی (32)دا، دەربڕاوی (ڕیاییکەر/ ڕیاکەر) دەبێتە تابۆ، بە پێی گەڕانەوە بۆ بنەماکەی لە ئاینی ئیسلامدا گەندەڵییە لە کار و باردا و بریتییە لە ئاراستەکردن بەرەو کارێکی بێ سوود و بێ نرخ، ڕیاکار دەگەڕێت بە دوای پاداشتی بچوك و ئەسڵ و بنەڕەت بە جێدەهێڵێت و کاریگەرییەکانی کاتییە[39].

---

=قۆرخنەکردنی شتومەك، غەش نەکردن و چاو بەستی نەکردن، سوێندنەخواردن بە درۆ، قەدەغەکردنی سوخواردن، قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی شتی ڕزیوو و خراپبوو، ڕیایی نەکردن، خۆ بە دوور گرتن لە فاسیقی.....هتد). بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بابەتە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، بڕوانە:

**عمر سليمان الاشقر** (1991: 10) و **عبدالكريم زيدان** (1975: 16) و

**يوسف القرضاوي** ( 1994: 232) و **محمد متولي الشعراوي** (2004: 104-105).

[38] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: **محمد متولي الشعراوي** ( 2001: 104)

[39] سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (105).

پەیوەست بە ئاینی ئیسلامەوە نموونەی (33) کردەوەیەکی تری ناچیزە و نەشیاوی مرۆڤمان بۆ دەخاتەڕوو، کە بە (زیناکردن) دەناسرێت، بەو واتایەی، کە پێویستە پیاو و ژن بە پێی پیرۆزی پرۆسەی هاوسەرگیریی کردەی سێکسی لەگەڵ یەکتردا ئەنجامبدەن بەو پێیەی، کە: (( سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکان هاوڕان لە سەر حەرامکردنی زینا و بەرەنگاربوونەوەی، دوائاینییش، کە ئاینی ئیسلامی پیرۆزە قەدەغەی کردووە و مرۆڤی ئاگادارکردوتەوە لە ترسناکی ئەو لێکەوتانەی لە زیناکردن دەکەوێتەوە، وەك تێکەڵبوونی نەژادی وەچەکان و پچڕاندنی خێزانەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان و داڕمانی ئاکار، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿ **ولا تقربوا الزنى انه كان فاحشةً و ساء سبيلا** ﴾ **سورة الاسراء** ))[40].

## 2-2-2/2 ) تابۆی نەخۆشی و مردن:

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی، کە سەردەمانێکی زۆرە مرۆڤ گیرۆدەی بووە، بابەتی (نەخۆشی و مردن)ە. بۆیە دەبینین لە ناو کلتوری میللەتانی جیهاندا بە گشتی و لە ناو کلتوری کوردەواریدا بە تایبەتی ئەم بابەتە جێی تێڕامان و بیرکردنەوەی تاکەکانی میللەتەکەمانە.

هۆکاری سەرەکی ترس و بیرکردنەوەی مرۆڤ لەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و پیرۆزیی ژیانی مرۆڤ لە لای خودی خۆی لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بەرز ڕاگرتنی ژیانی مرۆڤە لە لای خوای گەورە. لایەنی سێیەمیش تێڕوانینی ئەفسانەیی کۆمەڵە، کە تۆوی ترس لە ناخی مرۆڤدا دەچێنێت بۆ دەرنەبڕینی ئەو دەربڕوانەی پەیوەستن بە (نەخۆشی و مردن)ەوە[41] و پەیوەست بە تابۆوە، جۆرێکی تایبەت لە تابۆ دەخوڵقێنن بە ناوی (تابۆی نەخۆشی و مردن)ەوە. شیکردنەوەکانمان لە سەر چەمکی مردن لە (2-1-2/2) ئەوەی سەلماند، کە چەمکی تابۆیی هەڵگری هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤە، بەو واتایەی بە پێی بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوە و هاوشێوەکانی لە ڕستە جیاوازەکاندا چەمکی مردن لە لایەکەوە چاکە و بەهەشتێتی کەسی مردووی دەربڕی، لە لایەکی ترەوە قێزەوەنی و خراپی کەسی مردووی دەربڕیووە[42].

---

[40] **یوسف القرضاوي** ( 1994: 142).

[41] نایف خرما (1978: 200).

[42] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چەمکی تابۆیی (مردن)، بڕوانە: وەچەپاری (2-1-2/2)، بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوە، لاپەڕە (67-72). لێرەدا لە بەر خۆ بە دوور گرتن لە دووبارەکردنەوەی زیاتر لە بارەیەوە نەدواین.

سەبارەت بە تابۆی (نەخۆش)یش خستنەڕووی چەندین نموونەی وەك ئەمانەی لای خوارەوە دەربڕی ئەو ڕاستییەن، کە چەمکی تابۆیی نموونەکان هەڵگری هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤین. لێرەوە بە مەبەستی جەختکردنەوە لە سەر ئەم بۆچوونە نموونەکان دەهێنرێنەوە و شیکردنەوە لە سەر یەکێکیان دەکرێت:

(34) سەرەتان/ شێرپەنجە

(35) سیل

(36) سورێژە

(37) ئایدز

(38) دەردەکۆپان

(39) تاعون

(40) کولێرا

(41) وەرەم

(42) سیّ بەڕۆ

(43) جەڵتە

(44) گەڕیی

ئێستا شیکردنەوەکانمان لە سەر چەمکی تابۆیی (گەڕیی) دەهۆنینەوە، کە بنەماکەی لە نەخۆشی (گەڕیی)یەوە هاتووە و لە چەند ڕستەیەکی جیاوازدا دەکرێت نەخشە بکێشرێت:

(45) نەوزاد توشی نەخۆشی [گەڕیی ] بووە.

(46) نەوزاد هەمیشە[ خۆی دەخورێنیّ].

(47) نەوزاد [گەڕ] بووە.

(48) قسە لەگەڵ ئەو [گەڕە] ناکەم.

(49) [گەڕە] بۆ دیار نیت؟

بە تێڕامان لە ڕستەکانی (45 و 46 و 47 و 48 و 49 )، بۆماندەردەکەوێت، کە چەمکی تابۆیی (گەڕیی) دەشێت ئەم واتایانە لە خۆ بگرێت:

لە ڕستەی (45)دا واتایەکی ئاسایی نەخۆشی (گەڕیی) دەربڕاوە، بە واتای ئەوەی هەردوو لایەنی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی چەمکی تابۆیی (گەڕیی) لە دەربڕاوەکەدا دەبینرێتەوە. لایەنە نێگەتیڤەکە ئەوەیە، کە نەخۆشی (گەڕیی)، نەخۆشییەکی گواستراوەیە و لەش و ڕووخساری توشبوو وشك دەبێتەوە و توشی خورانی دەکات. بەم پێیە گوێگر ئاگادار دەکرێتەوە، کە خۆی لە کەسی توشبوو بە دوور بگرێت. لە لایەکی تریشەوە دەشێت تەنها ئەوە بە گوێگر

ڕابگەیەندرێت، کە (نەوزاد توشی نەخۆشی گەڕیی بووە) و ئەو نەخۆشییە هێندە قێزەوەن و خراپ نییە، تا گوێگر خۆی لە کەسی توشبوو بە دوور بگرێت.

وردبونەوە لە ڕستەکانی (46 و 47) بە پێی پلەی جیاواز ئەوەمان پێڕادەگەیەنن، کە چەمکەکە لایەنی نێگەتیڤی وەرگرتووە، بەمشێوەیە:

دەربڕاوی (هەمیشە خۆی دەخورێنێ) دەربڕی نیشانەیەکی نەخۆشییەکەیە و گوێگر ئاگادار دەکرێتەوە لە ئەگەری توشبوونی (نەوزاد) بە نەخۆشییەکە، بەڵام دەربڕاوی (گەڕ بووە) لایەنێکی توندتر/ پلەیەکی نێگەتیڤتری چەمکی نەخۆشییەکەیە، کە ڕاستی ئەوەی تیا سەلماوە، کە (نەوزاد) گەڕ بووە و گوێگر ئاگادار دەکرێتەوە، کە خۆی لە (نەوزاد) بپارێزێت.

ئێستا ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ڕستەکانی (48 و 49) بکەین، دەبینین لایەنێکی زۆر جیاوازی چەمکی نەخۆشییەکە دەردەبڕێت، کە ئەویش لایەنی پۆزەتیڤی چەمکە تابۆییەکەیە:

لە ڕستەی (48)دا دەربڕاوی (قسە لەگەڵ ئەو گەڕە ناکەم) دەربڕینی لایەنێکی خۆشەویستییە بۆ کەسی بەرانبەر، کە نە لە دوور نە لە نزیکەوە پەیوەندی بە واتای تابۆیی چەمکی نەخۆشییەکەوە نییە، بەڵکو قسەکەر ئەوە دەردەبڕێت، کە کەسی سێیەم لای قسەکەر خۆشەویستە. بۆیە ڕاز و گلەیی لە لای گوێگری بەرانبەری دەردەبڕێت. بەهەمانشێوە ئەگەر لە ڕستەی (49)یش بڕوانین، دەبینین، کە دەربڕاوی (گەڕە بۆ دیار نیت؟) زۆر ڕاشکاوانە چەمکی پۆزەتیڤیی دەردەبڕێت. ئەمەش لەو تێڕوانینەوەیە، کە گوێگر هێندە خۆشەویستە، قسەکەر زۆر بە تاسەوەیە بۆ بینینی و ئەم خۆشەویستییەش لە بەرگی وشەی (گەڕە)دا بە ڕەهایی بۆ گوێگر دەردەبڕێت (دیارە ئەمەش بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی، کە میکرۆبی گەڕیی چەندە ویستی ژیانە لە سەر پێستی نەخۆشەکە، ئەمیش هێندەی ئەو میکرۆبە ویستی بینیی کەسەکەیە). بەمەش تێبینی ئەوە دەکرێت، کە فۆڕمی (گەڕە) لە ڕستەی (49)دا پلەی پۆزەتیڤییەکەی لە فۆڕمی (گەڕە) لە ڕستەی (48)دا زیاترە[43].

---

[43] شایەنی باسە هەندێك فۆڕمی زمانی بە پێی کات واتاکەیان بەرز دەبێتەوە یان نزمدەبێتەوە، بۆ نموونە وشەی (گون)، وشەیەکی تابۆیە، بەڵام بە پێی کات و ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەی لە نێوان قەسەکەرانی زمانەکەماندا هەیە وشەکە واتاکەی بەرزبۆتەوە و گۆڕدراوە بە واتایەکی ئاسایی. پێچەوانەکەشی نزمبوونەوەی واتایە، کە بە هەمان پرۆسەی سەرەوە جێبەجێدەبێت، بۆ نموونە وشەی (کارخانەچی) و (تەڕەماش) واتایەکی ئاسایی ناتابۆیان هەیە، بەڵام لە ئێستادا واتاکەیان نزمبۆتەوە و بە تابۆ بەکاردێن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لە (فراوانبوونی واتا) فرێدانی بەرگی تابۆییە و هەمبەر دەبێتەوە بە دیاردەی (جوانی دەربڕین)، هەروەها مەبەسەت لە (نزمبوونەوەی واتا) پۆشینی بەرگی تابۆییە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ا/ محمد معروف فتاح (1990: 101–123)      ب/ عبدولواحید موشیر دزەیی ( 2010: 179–183).

پ/ شیکاری کارەکیی ئەم بابەتە لە بەشی (سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەخرێتەڕوو.

### 3-2-2/2) تابۆی سێکسیی:

یەکێك لە تایبەتمەندیە هەرە دیارەکانی هەڵسوکەوتی تاك لە گروپە کۆمەلأیەتییەکەیدا جێخۆشکردن و هەولْدانییەتی بۆ هەلْکردن لە ناو ئەو گروپە کۆمەلأیەتییەدا[44]. بۆ ئەم مەبەستە زۆرینەی زۆری تاکەکانی کۆمەلْ هەولْدەدەن بە پێی باو و ڕۆیشتوو و خو و نەرێتی باو[45] خۆیان بە دوور بگرن لە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە نیشانەی پرسیاریان لە سەر دروستدەکات، کۆمەلْ گومان لە سەر ئاکاریان دروستدەکات و پلە و پایەیان دوور دەخاتەوە لەو کەسایەتییە نموونەییەی، کە لە میانەی بابەتی (ئاکار)دا خرایەڕوو[46]. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو دەربڕاوە زمانییانەی پەیوەست دەبن بە ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ و ئاژەلْەوە و هەموو ئەو دەربڕاوانەی، کە دەربڕی بابەتی کردە سێکسییەکانن مرۆڤ خۆی لێ بە دوور دەگرێت.

پەیوەست بەم لایەنەشەوە جۆرێکی تر لە تابۆ لە زماندا هەیە، کە بە (تابۆی سێکسی) ناوزەددەکرێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم بابەتەدا ئەوەیە، کە تێڕوانینێکی گشتی لە کلتورەکانی جیهاندا هەیە، کە لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەن و ئەوەی پەیوەندی بە ئەندامەکانی زاوزێ و کردە سێکسییەکانەوە هەبێت بە تابۆ لە قەلْەم دەدرێن و لە جیاتییان دەربڕاوەکانی (جوانی دەربڕین) بەکاردەهێنرێن. لەم ڕوانگەیەشەوە و بە پێی کلتوری کورد هەموو ئەم بابەتانە تابۆن و بەکارهێنانیان لە ناو کۆمەلْی کوردەواریدا نەشیاو و ناچیزەیە.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی کارەکییانەی ئەمجۆرەی تابۆ و بەرجەستەکردنی بۆچونەکە چەند نموونەیەکی تابۆی سێکسیی وەردەگرین، کە بەرانبەر هەریەکەیان دەربڕاوە ئەلْتەرناتیڤە (جوانی دەربڕین)ەکەی دەهێنینەوە و دواتر لە سەر بنەمای هەردوو لایەنی (پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی) چەمکە تابۆییەکان تاکە نموونەیەك شیکاری بۆ دەکرێت:

---

[44] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆلْینەوەیە، لاپەڕە(5-7).

[45] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆلْینەوەیە، لاپەڕە(28-30)

[46] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆلْینەوەیە، لاپەڕە(25-27).

| تابۆی سێکسی | | |
|---|---|---|
| ژ | دەربڕاوە تابۆییەکان | دەرپڕاوە جوانی دەربڕینەکان |
| 1 | ک.... | چووک |
| 2 | ق.... | /ناوگیان/ناولەش/دامێن/زێ |
| 3 | گون | وەتە/باتوو |
| 4 | گ..... | جوتبوون/ خەوتن/ سەرجێکردن |
| 5 | مەمك | سنگ/بەهێ/سێو/لیمۆ |
| 6 | تۆو | ئاو/سپێرم |
| 7 | حیزێتی | لێچوون/ سەرفکردن |
| 8 | قەحبە | لەشفرۆش/ سۆزانیی |
| 9 | تێخستن | وەك تێبینییەك بۆ وشەکانی (9 و 10 و 11 و 12 و13)، پێویستە بڵێین ئەمانە خۆیان کرداری ئاسایین و بەهۆی دیاردەی پراگماتیکی (بەخشکەیی دەربڕینەوە) پەیوەست دەبن بە تابۆوە، هەربۆیە دەربڕاوی جوانی دەربڕینیان نابێت. |
| 10 | لێخستن | |
| 11 | هەڵگرتن | |
| 12 | هەڵبڕین | |
| 13 | پیاکردن | |

خشتەی ژمارە (2)

ئێستا ئەگەر لە نموونەکانی خشتەی (2) وردببینەوە، دەتوانین تێبینی ئەم خاڵانە بکەین:

1. زاراوە زانستییەکانی وەك (سپێرم، وەتە،چووك،زێ،......هتد)، کە لە سەر بنەمای زانستیی پزیشکی گشتی دانراون، وەك دەربڕاوی جوانی دەربڕینێك یاریدەی قسەپێکەری زمانی کوردیی دەدەن، کە خۆی بە دوور بگرێت لە بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان.
2. دەربڕاوەکانی وەك ( بیلامانێ، پەرژینێکی قایم بێت لە ڕووتا، پەرژینێکی بە گوڵ چنراو بێت لە حزوورتا، دوور لە ڕووی جەنابتان، ......هتد) چەکێکی کاریگەری دەستی قسەپێکەری زمانی کوردیین، کە بەردەوام لە کاتی ناچاربوونی بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییە سێکسییەکاندا بەکاریاندەهێنێت هەم بۆ مەبەستی پاراستنی کەسێتی خۆی و هەم بۆ پاراستنی گوێگر و بریندار نەبوونی. دیارە ئەمەش بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی گفتوگۆکردن کارێکی پێویستە، چونکە ئەگەر بێتو قسەکەر گوێ بە گوێگرەکەی نەدات و ڕاستەوخۆ و بێ هیچ شەرمێك دەربڕاوە تابۆییە

سێکسییەکان دەربڕێت، ئەوا ڕەنگە گوێگر چیدی بە گوێگری نەمێنێتەوە و گوێی لێناگرێت. بەمەش پرۆسەی ئاخاوتن و پەیوەندیکردن دەپچڕێت و کۆتایی پێدێت.

3. چەمکی نموونەکانی (خشتەی ژمارە "2") تەنها لایەنی نێگەتێڤییان تێدایە و وەك هەڵگری لایەنی پۆزەتیڤی دەرنابڕێن. ئەمەش بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ئەم دەربڕاوانە نەك لە قسەکردنی ئاساییدا بەکارناهێنرێن، بەڵکو زۆربەی جار وابەستەی جنێو و هەڵسوکەوتی سێکسی دەبنەوە، هەروەك باسکردنی ئەندامەکانی زاوزێی توخمی بەرانبەر. بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە ئێمە لە چێوەی ئەم بابەتەدا بە شێوەیەکی گشتگیر لەزماندا لەسەر چەمکی تابۆ دەدوێین، لە کاتێکدا شیکردنەوەکانی بەشی (سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە زیاتر شیکردنەوەی تابۆیە پەیوەست بە بارودۆخی ئاخاوتنەوە، ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە هەمان ئەم نموونانە لە بارودۆخی تایبەتی خۆیدا چەمکەتابۆییەکەی دەڕەوێتەوە[47].

4. لە خشتەی ژمارە (2)دا نموونەکانی (9–13) ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە ئەو واتا تابۆییانەی نموونەکان، کە دەربڕی چەمکە تابۆییەکەن واتایەکی دروستەیین و لە چالاککردنی کردەی کردارەوە بە دەست هاتوون[48].

ئێستا بەمەبەستی زیاتر شیکردنەوەی ئەوەی، کە لە خشتەی ژمارە (2)دا چەمکە تابۆییەکانی نموونەکانی (1–9) جەختدەکەنەوە سەر لایەنی نێگەتیڤی چەمکە تابۆییەکە، نەك سەر هەردوو لایەنی نێگەتیڤی و پۆزەتیڤی چەمکە تابۆییەکە، ئەم ڕستانەی خوارەوە دێنینەوە و لێیاندەڕوانین:

(50) مەمکم دەخورێت.

(51) مەمکم ئازاری تێدایە.

(52) (ئەو) مەمکی گەورە بووە.

(53) (ئەو) مەمکی بە دەرەوەیە.

---

[47] جێی ئاماژەیە ئەم دەربڕاوانە لە ناو گروپە کۆمەڵایەتییە هەرزەکارەکاندا بۆ پەیوەندیی کردن و سلاوکردن بەکاردێت، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (3/3–2–2) بەشی (سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (148–153).

[48] بۆ زانیاری لە سەر وردەکارییەکانی ئەم پرۆسەیە، بڕوانە: پاری (3/2–2)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (111–114).

به تێڕوانین له ڕستەکانی (50 و 51 و 52 و 53) ئەوە دەردەکەوێت، کە وشەی (مەمك) له هەر چوار ڕستەکەدا هەمان چەمك دەردەبڕن، کە ئەندامێکی لەشی مرۆڤه و له سەرجەم ڕستەکاندا لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکە دەربڕاوە. ئەمەش بەو واتایەی له ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەربڕاوەکە تابۆیە و هیچ لایەنێکی پۆزەتیڤی تێدا نابینرێتەوە. بۆ نموونە له ڕستەکانی (50 و 51)دا توخمی قسەکەر نێر بێت یان مێ، ئەوا به شێوەیەکی گشتی ئاسایی نییە قسەکەر له ناو کۆمەڵدا ئەم دەربڕاوە بەکاربهێنێت، جگە له بارودۆخی تایبەتی خۆی، هەروەك له بەشی سێهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێتەڕوو[49].

له ڕستەکانی (52و 53)یشدا هەمان چەمکی نێگەتیڤ زەقبووەتەوە و وشەی (مەمك) له هەردوو ڕستەکەدا تابۆیە و دەربڕینی نەشیاوە و ناچیزە و قەدەغەیە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی خودی وشە تابۆکە له لایەکەوە، له لایەکی تریشەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی گەردانکردنی وشەکە و ئەو واتایەی پێ دەربڕاوە له هەردوو ڕستەکەدا، کە زیاتر دەربڕینی واتایەکی نێگەتیڤییە. بەمەش هەم وشە بەکارهاتووەکە تابۆیە و هەم واتا گەیەنراوەکەش تابۆیە.

### 4-2-2/2) تابۆی بێڕێزیی:

کاتێك بەها کلتورییەکان دەبنە پێوەر بۆ نەشیاوی دەربڕاوە زمانییەکان، ئەوا بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوانە له لایەن قسەکەرەوە جۆرە بێڕێزییەکی بەرانبەر بە گوێگر تێدایە. بەمشێوەیە جۆرێکی تر لە تابۆی زمانیی سەرهەڵدەدات، کە بە تابۆی (بێڕێزیی)[50] ناودەبرێت.

بەم پێیە بێت دەبێت: (( بەکارهێنانی هەندێك وشەی وەك (کەر) و (گوو)، کە بەرانبەر ئەوانە وشەی دیکە دانراون و دەربڕینیان تابۆ نییە، وەکو (گوێدرێژ) و (پاشەڕۆ) ))[51] دەکەونە

---

[49] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:وەچەپارەکانی (3/3-1-2) لاپەڕە (143-145).

[50] له سەرەتادا نیاز وابوو، ئەمجۆرەی تابۆ زاراوەی (تابۆی تەندروستی) بۆ بەکاربهێنرێت، بەڵام پاش تێڕامان و وردبوونەوە لەو داتا زمانییانەی پەیوەست بەم بابەتەوەیە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە زاراوەی (تابۆی بێڕێزیی) بۆ بەکاربهێنین، کە نوسەری وتاری (کۆزمانەوانی) بۆ ئەمجۆرە تابۆیە نوسیویەتی. ئەم تێگەیشتنەش لەو باوەڕەوەیە، کە ئەمجۆرە تابۆیە تەنها لایەنی تەندروستی ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی تری وەك ( سوکایەتیپێکردن، کەمکردنەوەی بەهای مرۆیی مرۆڤ ) دەگرێتەوە، هەروەك له توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بەهزاد موحسین (2008: 116).

[51] سەرچاوەی پێشوو.

چێوەی ئەم بابەتەوە. بە تێڕوانین لە چەمك و سروشتی ئەو داتا زمانییانەی، کە پەیوەستن بەمجۆرە تابۆوە، دەکرێت چەند وەچەجۆرێك لە ( تابۆی بێڕێزیی ) دیارییبکرێن:-

یەکەم// تابۆی بێڕێزیی تەندروستی:

لە میانەی ئەم بابەتدا چەندین دەربڕاوی وەك (گوو، میز، چڵم، لیك، خوێنی عادەبوون، ئاودەست....هتد) بەڵگەی بوونی ئەم وەچەجۆرەی تابۆی بێڕێزیین. ئەمەش لە سەر بنەمای ڕاستەوخۆ پەیوەستبوونی ئەم دەربڕاوە زمانییانە بە گشتی بە باری تەندروستیی مرۆڤەوە، بە تایبەتیش بە لایەنی پاکوتەمیزی و پیس و پۆخڵی مرۆڤەوە. لێرەدا بە مەبەستی وردبوونەوە لە لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی چەمکەکە، یەکێك لەم نموونانە لە چەند ڕستەیەکدا وەردەگرین و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین و ئەنجامی بۆچونەکەمانی لێهەڵدەهێنجین.

(54) دەچم بۆ گوکردن/ میزکردن.

(55) دەچم بۆ ئاودەست.

(56) دەچم بۆ تەوالێت.

(57) دەچم بۆ WC.

(58) دەست بە ئاو دەگەیەنم.

ئەگەر لەم ڕستانە وردببینەوە، دەبینن، کە هەریەکەیان بە جۆرێك چەمکەکە ( دەرهاویشتەیەکی بایلۆژی مرۆڤ ) دەردەبڕن. لە ڕستەی (54)دا (گوکردن/ میزکردن) ڕاستە لە ڕووی تەندروستییەوە پاشەڕۆیەکی مرۆڤە و پێویستە لە جەستەی مرۆڤ دەربچێت، بەڵام بە پێی تێڕوانینی کلتوری و کۆمەڵایەتی کورد لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکە دروستبووە و هۆکاری بە تابۆبوونی دەربڕاوەکەیە. هەربۆیە وئاسایی نییە لە ناو کورددا، کەسێك ئەم چەمکە بەم فۆڕمە دەربڕێت.

لە ڕستەی (55)دا وشەی (ئاودەست) جێگرەوەی وشەکانی (خۆخاڵیکردنەوە "گوکردن/ میزکردن")ە، مەبەستیش لێی ئەوەیە، کە ئەم وشەیە لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکەی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کەمکردۆتەوە، بەڵام دیسانەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا تابۆیە و بە تەواوی فۆڕمەکە ناتوانێت پۆزەتیڤیانە چەمکەکە دەربڕێت.

لە ڕستەی (56)دا بە مەبەستی ڕەوینەوەی چەمکە تابۆکە، زمانی کوردی وشەی (تەوالێت)ی وەك جوانی دەربڕینێك لە زمانی بێگانەوە خواستووە، بەڵام لە بەرئەوەی وشەی (توالێت) لە لایەکەوە بۆ (ئاوێنەی خۆڕازاندنەوە) بەکاردێت و لە لایەکی تریشەوە بە پێی گۆڕانی تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ واتای وشەکە ( لە ڕوانگەی زمانزانین و خۆ بە ڕۆشنبیرزانینەوە). هەربۆیە بۆ

جیاکردنەوەی ئەم واتایانە و جوانتر دەربڕینی چەمکەکە وشەی (WC)ی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و بەرانبەر وشەی (گوکردن و میزکردن) بەکاردێت، بە تایبەتیش واتای (WC) زۆر کەس نایزانێت و نادیارە، هەروەك لە ڕستەی (57)دا بەرچاودەکەوێت. بە سەرنجدانیش لە دەربڕاوی (دەست بە ئاو گەیاندن) لە ڕستەی (58)دا، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم دەربڕاوە وەك جوانی دەربڕینێك وشەیەکی تەواو کوردییە و بە مەبەستی شاردنەوەی قێزەونی چەمکە تابۆییەکە هاوشانی وشەی (WC) بەکاردێت. ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بە پڕۆسەیەکەوە، کە لە زمانەوانی و کۆزمانەوانیدا بە پڕۆسەی (سەر لە نوێ ناونانەوە)[52] ناوزەد دەکرێت.

دووەم// تابۆی بێڕێزیی جنێودان:

بەکارهێنانی هەموو ئەو دەربڕاوانەی پەیوەندییان بە ئەندامەکانی زاوزێی گوێگر و کەسوکارەکەیەوە لە چێوەی جنێوداندا هەیە ، یان ناوهێنانی ئەو ئەندامانەی زاوزێی گوێگر و کەسوکاری، یان بە وتە مراندنی کەسوکارە نزیکەکانی گوێگر، وەك نموونەکانی ( هەتیوو، چەتیوو، کوڕەتیوو، چەتیوو، مردوت بمرێ....هتد) دەچێتە خانەی جنێودانەوە. بۆ شیکردنەوەی زیاتر لەم دوو ڕستەیە ورددەبینەوە:

(59) هەتیوو، کتێبەکەم بدەرێ.

(60) نەوزاد، هەتیووکەوت.

---

[52] لە ڕاستیدا مەبەست لەم پڕۆسەیە دانانی هێمای زمانییە بۆ هێمای زمانی تر (واتە ناونانی ناوە). ئەمەش بـە مەبەسـتی بریندارنـەکردنی چـەمکە قووڵـەکانی زمـان، بـەو واتایـەی لـە بـری ئـەوەی تـەنها فـۆڕمێکی ڕاستەوخۆی بۆ دابنرێت، هەولدەدرێت لە سەر بنەمای فۆڕمی یەکەمی چەمکەکە فۆڕمی زمانی تر دابڕێـژرێت و بەردەوام فۆڕمی ناڕاستەوخۆی زمانی تر لە سەر بنەمای فۆڕمە بەراییەکە دابڕژرێت، تاوەکو بتوانرێـت لـە ڕێگەی ئەم فۆڕمە زمانییە ناڕاستەوخۆییانەوە ئەم چەمکە تابۆییە قووڵانەی ئاوەز و کۆمـەڵگا دەرببڕدرێـت. پڕۆسەی سەر لە نوێ ناونانەوە بە هەمان شێوەی ناونانی ناولێنراوەکانی ترە، واتـە بـە ڕێگـەی (داڕشـتن و خواستن) دێتە کایەوە، تەنها جیاوازی ئەم پڕۆسەی وشە دروستکردنە لە وشەکانی تری زمان هێندەیە، کـە لێرەدا لە بری ئەوەی هێمایەك بۆ دیاردەیەك یان چەمکێك دابنرێت، قسەکەر و کۆمەڵگا دێن لە سەر بنەمای فۆڕمە بەراییەکە فۆڕمی لـێڵتر و گشـتیتر دروسـتدەکەن، بـە مەبەسـتی زیـاتر داپۆشـینی لایـەنی نێگـەتیڤی چەمکە تابۆییەکە. بۆ نموونە ئەگەر لە ئەو فۆڕمانەی بۆ چەمکی تابۆیی (جلـی ژێـرەوە) دانـراون، بـڕوانین، ڕاستەو ڕاست ئەم شیکردنەوەیە دەسەلمێت:

("Anderwear"ئەندەروێر)–(لیباس) –(جلی ژێرەوە) –(دەرپێ کورت) – (دەرپێ قووڵە)

بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Wardhaugh,R. (1990:230-231)

تێڕامان لە دوو ڕستەکە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە وشەی (هەتیوو) لە ڕستەی (59)دا لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکەی تیا بالأدەستە، لە بەر ئەوەی وشەکە تابۆیە و بە جنێو بەکارهاتووە. لە بەرانبەردا و لە ڕستەی (60)دا وشەی (هەتیوو) لە دەربڕاوی (هەتیووکەوت)دا لایەنی پیرۆزەتیڤی چەمکی (باوکمردن)ی دەرخستووە. ئەمەش بەو واتایەی ڕاستە مردنی باوك کارەساتێکی ناخۆشە، بەڵام چەمکەکە بە شێوەیەك دەربڕاوە، جگە لەوەی هەواڵگەیاندنێکی ئاساییە، ئەوەشی پێدەربڕاوە، کە باوکی نەوزاد مردووە و جێی بەزەییە و نەوزاد هەتیوکەوتووە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە (جنێودان) هەمیشە تابۆیە و تەنها دەربڕینی لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکەیە[53] .

سێیەم// بە کارهێنانی میتافۆڕیی ناوی ئاژەڵەکان[54] :

یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی میتافۆڕیی ئەو ڕەگەزی نامۆیی و تێڕامانەیە، کە بەکارهێنانی میتافۆڕیی دەربڕاوە زمانییەکان دەیهێننە ئاراوە[55] . لەم ڕوانگەیەوە کاتێگ ناوی ئاژەڵ وەك وەسفێك دەخرێتە پاڵ ناوی مرۆڤ، کۆتوبەندەکانی هەڵبژاردن لە ڕێی درەوشەدارکردنی نیشانە واتاییە نێگەتیڤەکانی ناوی ئاژەڵەکەوە دەبەزێندرێت. لێرەشەوە جۆرە تابۆیەك دروستدەبێت، کە بریتییە لە سوکایەتیپێکردن بەو مرۆڤەی ناوی ئاژەڵەکەی دەخرێتە پاڵ[56] .

بۆ بەرجەستەکردنی بۆچونکەمان با لەم ڕستانە ڕابمێنین:

(61) فلأنە کەس کەرە.

(62) فلأنە کەس مانگایە.

(63) فلأنە کەس مەیمونە.

---

[53] کاتێك دەڵێین (جنێودان) هەمیشە تابۆیە، مەبەست ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە زماندا تابۆیە، بەڵام کاتێك دەبەسترێتەوە بە بارودۆخی ئاخاوتنەوە و لایەنی دوور و نزیکیی قسەکەر و گوێگر (بە تایبەتی توخم و تەمەن و پلە و پایەی کۆمەڵایەتییان) لە بەرچاو دەگیرێت، چەمکە تابۆیەکەشی دەڕەوێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم لایەنی لێکۆڵینەوەکە، بڕوانە:

بەشی (سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (143–145) و (151).

[54] وردەکاری ئەم وەچەجۆرەی تابۆی بێڕێزیی زیاتر دەبینرێتەوە لە نایف خرما (1978: 202)، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لە چۆنیەتی پۆلێنکردنی جۆرەکانی تابۆدا سودیان لێوەرگیراوە.

[55] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بەکر عمر علی (2000: 9).

[56] شیکردنەوەی واتایی زیاتری ئەم بابەتە لە (106–107)دا خراوەتەڕوو.

ئەوەی لە ڕستەی (61)دا تابۆیی دروستکردووە، بە شێوەیەکی گشتی چواندنی کەسێکە بە (کەر)، چواندنەکەش زیاتر چواندنی کەسەکە بوو بە نیشانەی واتایی [ + بێ ئاوەزیی ].

لە ڕستەی (62)دا چواندنی مرۆڤیش بە (مانگا) تابۆیە، وردتریش بڵێین تابۆکە لە چواندنی مرۆڤ و ئاژەڵەکەیە لە نیشانە واتاییەکانی [ + زلی ] و [ + بێ هونەری و ماریفەتیی ]دا. لە ڕستەی (63)دا وەسفکردنی مرۆڤێك بە (مەیمون) تابۆیە. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە مرۆڤ مەیمون نییە و لەمەش وردتر نیشانەی واتایی [ + ناشرینیی ] هاوبەشی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکەدا دروستکردووە.

## چوارەم// کەمکردنەوەی بەهای مرۆیی مرۆڤ:

دەکرێت زمان بە کاربهێنرێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی پیرۆزیی و بەهای مرۆیی مرۆڤەکان. ئەم کردەیەش بە پێی ئەم دوو بنەمایەی خوارەوە دەبێت:

ا_) بەکەم ڕاگرتنی ئاستی ئاوەزیی بەرانبەر:

بە کارهێنانی چەندین ئاوەڵناوی وەك (دەبەنگ، حۆل، گێژ، شێت، شیتۆکە، زۆج،....هتد) بۆ وەسفکردنی مرۆڤ و ناتۆرەکردنی مرۆڤ بە مەبەستی کەم ڕاگرتنی توانستی ئاوەزیی گوێگر لە لایەن قسەکەرەوە تابۆیی دەربڕاوەکان دەسەلمێنێت.

بە مەبەستی شیکردنەوەی لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی چەمکی تابۆیی (بەکەم ڕاگرتنی ئاستی ئاوەزیی بەرانبەر)، چەمکی تابۆیی (گێژیی) دەکەینە دەسکەلا:

(64) تۆ گێژیت.

(65) تۆ عەقڵت پێی ناشکێت.

(66) تۆ درکت پێ نەکرد.

ڕستەی (64) دەربڕی لایەنی نێگەتیڤی چەمکی (گێژیی)یە و دەربڕاوێکی تابۆیە، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لە توانستی ئاوەزیی کەسی بەرانبەری کەمکردۆتەوە. بەڵام ڕستەی (65) تاڕادەیەك دورکەوتۆتەوە لە لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکە و کەمێك بەرەو لایەنی پۆزەتیڤی چەمکە تابۆکەی بردووە. ئەمەش بە واتای ئەوەی، کە دەربڕاوی (عەقڵ پێ نەشکان) جۆرە هێورییەکی زیاتری تێدایە، وەك لەوەی بە کەسێك بڵێی گێژ.

لە ڕستەی (66)یشدا دەربڕاوی (درکت پێنەکرد) تەواو چەمکە تابۆکەی بەرەو لایەنی پۆزەتیڤی بردووە. ئەمەش لەوەدا، کە جوانی دەربڕینێك بەکارهاتووە بەرانبەر هەمان چەمکی تابۆیی (گێژ)، بەڵام بە شێوەیەکی شیاوتر و نەرمتر و بەڕێزتر.

ب–) ئەو لایەنەی پەیوەستە بە کەمئەندامییەوە:

سەرچاوەی تابۆیی دەربڕاوەکانی (ئاوەڵناوەکانی) وەك (کەڕ، کوێر،شەل، خێل، قۆڕ....هتد)، توشبوونی مرۆڤە بە یەکێك لە کەموکورتییە جەستەییەکان. بۆیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تابۆیە ئەم ئاوەڵناوانە بۆ وەسفی مرۆڤەکان بەکاربهێنرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە دەربڕاوی (کەمئەندام) وەك جوانی دەربڕینێك دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی ئەم وشانە و لەمەش نەرمتر و جوانتر بە پێی گۆڕانی تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لە سەر زمان دەبینین دەربڕاوی (خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان) دروستبووە. لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە خودی دەربڕاوێکی (جوانی دەربڕین)، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا کارایە و بەکاردێت، هەمان دەربڕاو لە سەر دەمێکی دواتردا دەبێتە تابۆ.

بە مەبەستی زیاتر شیکردنەوەی ئەم نموونانە، چەمکی تابۆی (کوێری) لەم ڕستانەی خوارەوەدا وەردەگرین، بۆ شیکردنەوەی لایەنی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی خودی چەمکە تابۆیەکە.

(67) نەوزاد کوێرە.

(68) نەوزاد نابینایە.

(69) نەوزاد خاوەن پێداویستیی تایبەتە.

بە وردبونەوە لە ڕستەی (67)دا وشەی (کوێر) بە ڕوونی لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکەی تێدا دەبینرێتەوە و وشەیەکی تابۆیە و بەکارهێنانی بەو شێوەیەی لە ڕستەکەدا هاتووە بە تەواوی نەشیاوە. لە ڕستەی (68)دا وشەی (نابینا) تۆزێك چەمکەکەی بەرەو لایەنی پۆزەتیڤ بردووە. هەرچەندە لە ئێستای زمانەکەماندا ئەم وشەیەش تابۆیە. بەڵام لە ڕستەی سێیەمدا تەواو دەربڕاوی (خاوەن پێداویستی تایبەت) لایەنی پۆزەتیڤی تێدا ڕوونە و لە ئێستادا وەك جوانی دەربڕینێك لە بری وشەی (کوێر) و سەرجەم جۆرەکانی کەمئەندامی بەکاردێت.

### 5-2-2/2) تابۆی (شوێن-کات-ژمارە):

لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤ هەوڵیداوە لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی بگات پەیوەست بە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان و کاتی ڕوودانیان و چەند بارەبوونەوەیان (شوێن-کات-ژمارە)، هاوکات بە هۆی دواکەوتوویی زانست و کەم توانستی ئاوەزیی مرۆڤ، مرۆڤ پەنای بردۆتە بەر لێکدانەوەی ئەفسانەیی بۆ ئەم دیاردە و ڕووداوانەی دەوروبەری. کەڵەکەبوونی زانیاریی مرۆڤ لەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاوە بۆتە هۆی دروستبوونی پێشێنەیەکی مرۆڤانە، کە بە ڕادەیەك لێی وردبۆتەوە، کە بۆتە جێگەی تێڕامانی و بەردەوام لە ڕوانگەی(ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوری و .......هتد)یەوە هەڵوەستەی

بەرانبەریان کردووە. بۆیە ئەم دیاردانەی ژیانی مرۆڤ ڕوانگەیەکی شوێنی، پیرۆزیی، قەدەغەییان وەرگرتووە. ئەم ئاڕاستەیە لە بیرکردنەوە مرۆڤی بەرەو ئەوە بردووە وردتر بڕوانێت بۆ (شوێن–کات–ژمارە)ی ڕوودانی ڕووداوەکان. هەربۆیە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا هەرسێ چەمکی (شوێن–کات–ژمارە) جۆرە تابۆیەکیان لە خۆ گرتووە، کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە بۆنەیەکەوە بۆ بۆنەیەکی تر (لە لایەکەوە هەم بە هۆی دیارنەمانی سەرچاوەی ڕووداوەکە و هەم بە هۆی لێڵبوونی خودی ڕووداوەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی پێشەکەوتن و گەشەسەندنی بیری کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان لە ناو کۆمەڵگادا )دەگۆڕێت.

توێژینەوەکە لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵدەدات ڕوومالی هەرسێ تابۆی (شوێن–کات–ژمارە) لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بکات:

ا–) شوێن:

بە هێندەی خودی ژیان (شوێن)ی ژیان بە لای مرۆڤەوە گرنگبووە، هەربۆیە مرۆڤ و کۆمەڵگا هەندێك شوێنی پیرۆز کردووە و هەندێك شوێنی تریش ناچیزە. پیرۆزیی و ناچیزەیی شوێنیش بە گۆڕانی کۆمەڵگا تێڕوانینەکانیش بۆی دەگۆڕێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردەوارییدا، لە چەمکەکانی (سەرقەبران، دۆڵ، چەم، گرد، حەمام) وردبببینەوە، دەبینین بەکارهێنانیان لە ئاخاوتندا پەیوەست بە بارودۆخی زمانیی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە جۆرە قەدەغەییەك لە خۆ دەگرن و وەك چەمکێکی تابۆ دەردەکەون. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لەم ڕستانەی ڕابمێنین:

(70) پێ بە قەبرەکاندا مەنێ.

(71) مەیەڵە ئەو منداڵە بچێتە سەر قەبران.

(72) بە گۆڕی ئەژداد و ئابادیا چووە خوارەوە.

(73) پیسی چەپەڵی وا داوای ژوانی سەرقەبران دەکات.

(74) ماسی چەم خۆشە.

(75) باخەکەی لە دامێنی چەمەکەیە.

(76) بردی بۆ چەم!

(77) بە سەری خۆمان خێری لێ نابینێ، لە چەم گەورە بووە.

(78) قارەمانانی دۆڵی جافایەتی بە ڕاستی کوردن.

(79) پەمووی دۆڵە ڕووتە.

(80) ڕۆڵە تۆ ئاگات لە دۆڵی خۆت بێت.

(81) برۆ بە لای دۆڵی باوکتەوە.

(82) لە گردە نازێ مامۆستایە.

(83) گردەکانی دامێن چیاکە بەفریان پێوە ماوە.

(84) لێرەوە تا گردی پیرۆز لەگەڵتانین.

(85) بەردەوام لە گردەکەی دەباشانە.

(86) لە گردە مژە بینراوە.

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکانی (70–73) وردببینەوە، دەبینین، کە لە ڕستەکانی (70 و 71)دا پیرۆزی سەرقەبران بۆتە هۆی چنینی لایەنی پۆزەتیڤی چەمکی سەرقەبران، کە پێشێلکردنی لە لایەن خەڵکییەوە وەك تابۆیەك سەیردەکرێت. لە کاتێکدا لە ڕستەی (72 و 73)دا، تێڕوانینی قسەکەر بۆ شوێنی سەرقەبران وەك شوێنێکی پیرۆز، کە حورمەتی شکێنرابێت لە لایەن کەسێکەوە، کەسی قسەکەر بە تانە و تەشەر ئەوی بەزێنەری پیرۆزی سەرقەبران دەهێنێتەوە، چونکە کردەیەکی نێگەتیڤی لە پۆزەتیڤی چەمکی سەرقەبراندا جێبەجێکردووە، کە ئەمەش هۆنینەوەی لایەنی پۆزەتیڤی چەمکی شوێنی سەرقەبرانە، کە لە ڕستەی (72)دا بریتییە لە جنێودان بە گۆڕی باو و باپیری گوێگر لە ڕستەی (73)یشدا بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەستنی ژوان لە شوێنی پیرۆزی سەرقەبران. بە هەمان شێوە ڕستەکانی (74–77)، کە دەربڕی چەمکی تابۆیی (چەم)ن، کە لە ڕستەی (74 و 75)دا هێنانەوەی لایەنە پۆزەتیڤییەکەی (چەم) ئاسایی بوونی دەربڕینی ئەم دەربڕاوە لە زمانی ئاخاوتندا دەنوێنێت وەك هەر شوێنێکی تری ئاسایی. بەمەش وەك لایەنی پۆزەتیڤی چەمکەکە دەردەکەوێت. لە کاتێکدا ڕستەکانی (76 و 77) دەربڕی چەمکی نێگەتیڤی تابۆی شوێنی (چەم)ن، کە لە باوەڕێکی کۆمەڵایەتییەوە بە هۆی دەورەدانی چەم و دیارنەبوونی لە چاوی خەڵکییەوە ئەو باوەڕە لای خەڵکی دروستبووە (هەروەك واشە)، کە زۆربەی کارە دزێوەکان لەم شوێنەدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

تێڕامان لە ڕستەکانی (78–81) بۆمان دەردەخات، کە بە هەمان شێوەی (چەم)، (دۆڵ)یش وەك هێمایەك بۆ شوێن چەمکێکی تابۆیە، بەڵام تەنها جیاوازییان لەوەدایە، کە (چەم) چەمکی تابۆییەکەی بە هۆی نزمی و نادیارییەوە وەردەگرین، لە کاتێکدا بە ڕواڵەت وادەردەکەوێت، کە (چەم) تابۆتر بێت لە (دۆڵ)، بەڵام بە پێچەوانەوە. لە بەر ئەوەی ئەگەر (چەم) لە کاتی زستاناندا ڕوتببێتەوە لە پەرژینەکەی، ئەوا (دۆڵ) بەردەوام دەورەدراوە و پەرژینەکەی مادییە (کە بریتییە لە چیاکان). ئەمە وێڕای ئەوەی (دۆڵ) شوێنێکی فراوانترە لە (چەم). لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە ڕستەکانی (78 و 79) بڕوانین، ئەم فراوانییەی (دۆڵ) هەیەتی بۆتە

هۆی بەخشینی لایەنی پۆزەتیڤی بە چەمکی (دۆڵ) و مایەی کردەوەی چاك تێیدا. هەربۆیە ڕستەی (78) دەربڕی شوێنی چالاکییەکی قارەمانانەی پێشمەرگەیە، کە تەنها لە کوردان دەوەشێتەوە. لە ڕستەی (79)یشدا (دۆڵەڕووت) جگە لەوەی ناوی شوێنێکە، پێگەیەکی بەپێزی کشتوکاڵ و چاندنیشە. بەڵام ئەمە مانای ئەوەی نییە، کە بە هەمان شێوەی (چەم) بە دوور بێت لەوەی وەك شوێنێك کردەی قێزەوەندی تێدا جێبەجێبکرێت، یاخود وەك هێمایەك ئاماژەدەر بێت بۆ چەند شوێنێکی/ئەندامێکی عەورەتی لەشی مرۆڤ وەکو کۆئەندامی زاوزێی مێینە و سمتی مرۆڤ. بۆیی ڕستەکانی (80 و 81) لایەنی نێگەتیڤی چەمکی (دۆڵ) دەخەنەڕوو، پەیوەستکراوە بە جەستەی مرۆڤەوە.

خۆ ئەگەر بێت و لە ڕستەکانی (82–86) وردببینەوە، دەبینین، کە ڕستەکانی (82 و 83) لایەنی پۆزەتیڤی چەمکی (گرد) دەنەخشێنن، لە کاتێکدا ڕستەی (84) ئاڕاستەیەکی دوو لایەنە (پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ) لە چەمکی (گرد) دەردەخەن. ئەمەش بەوەی، کە دەربڕینی ڕستەی (84) بۆ پەیڕەوکەرانی ئاڕاستەیەکی سیاسی دیاریکراو نەك هەر گاڵتەجاڕەی نییە، بگرە مایەی شانازییە و جۆرە پیرۆزییەکی وەرگرتووە. بەڵام هەمان ڕستە، کە لە لایەن پەیڕەوکەرانی تەوژمێکی سیاسی ترەوە پێچەوانەی تەوژمە سیاسییەکەی یەکەم دەردەبڕدرێت، نەك هەر داماڵراوە لە پیرۆزی بگرە جۆرە قەدەغەییەکی پێبەخشراوە، کە مەبەستیان لێی شوێنی نەیارانی دژ بە تەوژمە سیاسییەکەی خۆیانە. بەڵام ڕستەکانی (85 و 86) ئەم جۆرە لێڵییە لە خۆیان ناگرن، چونکە سەراپایان دەربڕی لایەنی نێگەتیڤی چەمکی تابۆی (گرد)ە. بۆ نموونە ڕستەی (85)، کە دەربڕاوی (گردەکەی دەباشان)ی لە خۆ گرتووە، دەربڕی شوێنکاری ناشایستەیە، کە لە ڕوانگەی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێپێنەدراوە. لە کاتێکدا ڕستەی (86) دەربڕاوی (گردەمژە)ی لەخۆ گرتووە و تەواو و پڕاوپڕ تابۆیە، لە بەر ئەوەی وەك شوێنێك پێگەی جێبەجێکردنی کردە سێکسییە قەدەغەکراوەکانە، کە لە ڕوانگەی ئایین و کۆمەڵگای کوردەوارییەوە بە تەواوەتی نەشیاو و قەدەغەیە.

ب–) کات:

باوەڕی مرۆڤ بۆ کات باوەڕێکی شێلگیرانەیە، هەربۆیە ڕوودانی ڕووداوەکان و کاتی ڕوودانیان، هەروەها جێبەجێکردنی کاتی ڕووداوەکان لای مرۆڤ بە هەند وەرگیراوە، زۆرجار ئەم بەهەند

وەرگرتنە بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە[57].
هەربۆیە چەندین باو و ڕۆیشتوو و خو و نەریت و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی لەم ڕوانگەیەوە هاتۆتە کایەوە و بۆتە هۆی ئەوەی، کە هەندێك لە کاتی ڕووداوی ڕووداوەکان بە (شووم) یان (پیرۆز) هەژمار بکرێت و جێبەجێکردنی کردەیەکی دیاریکراو لەو کاتە دیاریکراوەدا بە نەشیاو دابنرێت. بۆ شیکردنەوەی زیاتری بۆچوونەکەمان با لەم ڕستانەی خوارەوە ڕابمێنین:

(87) بەم هەینییە خۆت گوناهبار مەکە.

(88) بەم ڕەمەزانە خواردنەوەی چی؟!

(89) شەممە بار، یەکشەممە کار، دوو شەممە بووکی تیا ناکرێت سوار.

(90) پاییزە برا! هاتییتەوە.

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکانی (87–90) و ئەو چەمکی کاتەی لە خۆیاندا هەڵگرتووە وردببینەوە، دەبینین لە ڕستەکانی (87 و 88)دا پیرۆزی ڕۆژی (هەینی) و (ڕەمەزان) بۆتە هۆی ئەوەی، کە جێبەجێکردنی کردەی مەیخواردنەوە و هەر کردەیەکی تری ناچیزە، لە ڕوانگەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردەوارییەوە بە قەدەغە و تابوّ هەژمار بکرێت، کە ئەمەش وەك لایەنی پۆزەتیڤی چەمکەکان هەژمار دەکرێت. لە کاتێکدا لە ڕستەکانی (89 و 90)دا پەیوەستبوونی گواستنەوەی بووك وەك شادییەکی مرۆڤ بە ڕۆژی دووشەممەوە، لە ڕوانگەی ئەفسانەی کۆمەڵایەتی و بیر و ڕای باوەوە بە شووم لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها دەربڕاوی (پاییزە برا) لە ڕستەی (90)دا وەك هێمایەك ئاماژە دەدات بە بیر و بۆچوونی کۆمەڵ بەرانبەر بە وەرزی پاییز، کە وەرزی زەردبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئاماژەدان بە کەسی بەرانبەر وەك (برا)یەك (بەڵام براییەکی پاییزانە)، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە ئاماژەدانە بە کەسێکی نادۆست یان دۆستێکی دوورکەوتووی بەرژەوەندی پەرست. هەردوو چەمکی ڕستەکەش لە خۆیاندا لایەنی نێگەتیڤی چەمکی تابۆیی کات دەنوێنن.

---

[57] فەلسەفەی کۆمەڵایەتی : بریتییە لەلێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی بۆئەو پرسیارانەی،کە پەیوەستن بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە، بە تایبەتی ڕەفتارە مرۆییەکان. فەلسەفەی کۆمەڵایەتی چەندین بابەت لە خۆ دەگرێت لە بۆچوونی تاکگەراییەوە بۆ شەرعیەتی یاساکان، لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مەرجەکانی شۆڕش....هتد. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: فلسفة–اجتماعية /http:// ar. Wikipedia.org/wiki

پ-) ژمارە:

ژمارەی ڕوودانی ڕووداوەکان، ئەگەر لە شوێن و کاتی ڕووداوەکان گرنگتر نەبێت، ئەوا بە هێندەی ئەوان گرنگە، چونکە هەندێك لە ژمارەکان ئاماژە دەدەن بە ڕۆژی ڕوودانی ڕووداوە شوومەکان، هەندێکی تریشیان وەکو هێمایەك ئاماژە دەدەن بە شوێنە تابۆیەکانی جەستەی مرۆڤ و کردە سێکسییەکان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە ژمارەش بە وێنەی شوێن و کات لە ئەفسانەی کۆمەڵ بە دەر نییە زۆرێك لە ژمارەکان بە تێڕوانینی باوی کۆمەڵ قەدەغەییان پێوە دەردەکەوێت. شیکردنەوەی زیاتری بابەتەکە لە ڕستەکانی (91 و 92 و 93 و 94 و 95)دا بەرچاو دەکەوێت:

(91) یەکوپێنجە، دابەزە. (لە یاری دۆمینەوە هەڵگوێزراوە)

(92) هەر خەریکی کولەپێنج بن. (لە یاری دۆمینەوە هەڵگوێزراوە)

(93) لە پاش ڕاپەڕینی (1991)دا بوو بە پیاو.

(94) لە ڕەشبگیرییەکەی (1963)ەوە سەری خۆی هەڵگرتووە.

(95) ناوچەوانی سیانزەیە.

ئەگەر لە ڕستەکان وردببینەوە، ئەوا دەبینین، کە پەیوەستبوونی ژمارەکانی (1 و 5) و (5) بە جەستەی مرۆڤ و کردە سێکسییەکانییەوە هەردوو ژمارەی (1) و (5)ی تابۆ کردووە و هەردوو ڕستەی (91 و 92) دەربڕی لایەنی نێگەتیڤی ئەم چەمکە تابۆیەی ژمارەی (91) و (63) پەیوەستکراوە بە ڕووداوێکی مێژووییەوە، بەڵام بە تێڕوانینی جیاواز. ئەمەش بەوەی، کە لە ڕستەی (93)دا ڕاستە ساڵی (1991) ڕێککەوتی ڕاپەڕینێکی پیرۆزی نەتەوەی کوردە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاتی دەوڵەمەندبوون و تازە پیاکەوتوویی هەندێك مرۆڤی مشەخۆرە، کە بە تالا َنیی و ڕاوڕووت سەرەوەت و سامانێکی زۆر و زەوەندییان کۆکردۆتەوە. هەربۆیە ڕستەی (93) دەربڕی لایەنی نێگەتیڤی چەمکی ژمارەی (1991)ە بۆ ئەو مرۆڤانەی گەورە بووی ئەو بارودۆخەن. بەڵام ژمارە (63) لە ڕستەی (94)دا هێمایەکە بۆ ڕووداوێکی دڵتەزێنی مێژووین کە ڕەشبگیرییەکەی شاری سلێمانییە، هەربۆیە ئەم ڕێککەوتە (1963) وەك هێمایەك بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو ڕووداوە و ڕستەی (94)یش دەربڕی ئەو بیر و بۆچوونەیە، کە مرۆڤەکە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی ئەو ساڵەوە دیار نەماوە. بەمەش ژمارە (1963) دەربڕی لایەنێکی نێگەتیڤی چەمکی خودی ژمارەکەیە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەر لە ڕستەی (95) وردببینەوە، دەبینین، کە ژمارە (13) هێمایەکە بۆ ئەو کەسانەی شانس و بەختی باشیان لە ژیاندا نییە و بەردەوام ئاسانترین کاریان بۆ قورس دەبێت. دیارە ئەم بۆچوونەش بۆ ئەم ژمارەیە لە باوەڕێکی ئەفسانەیی کۆمەڵەوە هاتووە، کە ڕەنگە لە ئێستادا تەنها وەك

بۆچوونێك مابێتەوە، كە بەردەوام لە هزری ئاخێوەرانی كۆمەڵگاكەماندا ئامادەگیی هەیە بە بێ ئەوەی سەرچاوە و بنەماكەی بزانرێت. ئەمەش لە خۆیدا ژمارە (13) و ئەو چەمكە ژمارەییەی هەیەتی بەردەوام لە لایەن كۆمەڵگا و خەڵكییەوە بە تابۆ هەژمار دەكات. بۆیە ژمارە (13) دەربڕی ئەم چەمكە تابۆییەی ئاوەزی كۆمەڵگایە لە ڕستەی (95)دا[58].

## 3/2) شیكردنەوەی تابۆ پەیوەست بە تیۆری (سیمانتیكی پێكهێنان) و (شیكردنەوەی پێكهاتە)وە:

لە چێوەی پاری دووەم (2/2)ی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا، لایەنی نێگەتیف و پۆزەتیڤی چەمكی دەربڕاوە زمانییەكان شیكرایەوە و خرایەڕوو. ئەمەش لە پێناو لێكدانەوە و ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی بەرەو تابۆ چوونی چەمكی دەربڕاوەكان. بۆیە بە مەبەستی تەواو و پڕاوپڕ نواندنی ئەم شیكردنەوەیە، شیكردنەوەكانی ئەم پارەش تەرخاندەكرێت بۆ لایەنی تیۆری و كارەكیی تیۆری (سیمانتیكی پێكهێنان"Semantic of Composition")/ سیمانتیكی نیشانە" Semantic Featuers")[59]. لەم ڕوانگەیەوە خستنەڕووی لایەنی تیۆرییەكە دەكرێتە دەستپێك و شیكردنەوەكانی لە سەر بونیاد دەنرێت و لە شیكردنەوەكانیشەوە هەوڵی هەڵهێنجانی نیشانە واتاییەكانی دەربڕاوە تابۆییەكان دەدرێت. مەبەستی سەرەكی ئەم ڕەوتەش لە لێكۆڵینەوەكەدا تەواوكاریی بۆ توێژینەوەكە بەدەست دێنێت، لەبەرئەوەی بنەمای بەرەو

---

[58] لە ڕاستیدا هەندێك ژمارەشمان هەیە، كە بەرانبەر ڕێككەوتی دیاریكراون و كاتی ڕوودانی ڕووداوی (خۆش، یان ناخۆش، ژێركەوتن، یان سەركەوتن)ن. كاتێك لەم ژمارانە ورد دەبینەوە، دەبینین بە گۆڕانی بارودۆخی ئاخاوتنەكە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئەو چەمكە ژمارەییەش دەگۆڕێت. ژمارەكانی (1966) و (1974) و (31ی ئاب) و (6ی ئەیلول) لە ڕستەكانی خوارەوەدا ئەم بۆچوونە زیاتر شیبكەینەوە:

1) گفتوگۆكانی ساڵی (66) هیچ دەستكەوتێكی درێژ خایەنی نەبوو.
2) پڕیشكی شۆڕشی (75)ببوو، كە ژیلەمۆی دامركاوی (74)ی داگیرساندەوە.
3) (31)ی ئاب زەقكەرەوە و ترۆپكی شەڕی نەگریسی براكوژی بوو.
4) ڕۆژی (6)ی ئەیلول ڕۆژێكی ڕەشی مێژووی كوردە.

زانیاری زیاتر لە سەر ئەم گۆڕینەی واتای تابۆ بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی نازمانی لە بەشی (سێیەم)ی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا پەیوەست بە ئاڕاستەكانی زانستی زمانی كۆمەڵایەتییەوە چنراوی سەرەكی ئەو بەشە دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (3/3)، لاپەڕە (131-158).

[59] محەمەدی مەحویی (2009: 151).

نێگەتیڤ چوونی واتای دەربڕاوە زمانییەکان لێکدەداتەوە، بۆ نموونە وشەی (ئاودەست) دەکرێت لە ڕێگەی نیشانە واتاییەکانییەوە ڕوونبکرێتەوە، کە دەربڕینی لە ڕوانگەی کلتوری کوردەوە ناشرینە و بێزراوە بۆ بەکاربەری. ئەم ناشرین دەربڕینەش بنەمای بە تابۆ بوونیەتی.

## 1-3/2) سیمانتیکی پێکهێنان"Semantic of Composition"/نیشانەی واتایی"Semantic Features":

گەڕان بە دوای جیهانیی/گشتێتی بۆ زمانی مرۆڤ لە سەدەی بیستەمدا دەستی زمانەوان لە زمانەوانیدا دەگرێت، تاوەکو بە شێوەیەکی زانستیتر لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر ئەبستراکتر بۆ هەندێك جۆری بنەڕەتی تەرز لە (فۆنۆلۆژیدا/ڕێزماندا/سیمانتیك)ی زمانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی جێبەجێبکات. لە ڕاستیدا ئەم ئاڕاستەیە لە لێکۆڵینەوە تا ڕادەیەکی پلە بەرز شیاو نییە کاتێك پەیوەست دەکرێت بە ئاڕاستەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی هەندێك واتای تایبەتی کلتوریی هەیە، کە زمان هەڵیاندەگرێت، دەشێت شیانی ئەوەی نەبێت بە شێوەیەکی فراوانتر ڕوبدات، بە واتای ئەوەی، کە مەرج نییە ئەو واتا کلتورییە جیهانی بێت و لە سەرجەم کلتوری نەتەوەکاندا دووبارە بێتەوە، بەڵکو زیاتر وابەستەی کلتورێکی تایبەتی دیاریکراوە[60]. لە سیمانتیکی دروستەکاریدا پۆلێك تیۆری بونیادنراو بە ڕێگەی ئەنالۆژییانە (نیشانە تایبەتمەند و جیاکەرەوەکانی فۆنۆلۆژی) گەشەی پێدراوە، کە وا بیری لێکراوەتەوە ئەم نیشانانە بچوکترین یەکەی سیمانتیکی بێت بۆ پەسنکردنی دەربڕاوە زمانییەکان و پەیوەندییە سیمانتیکییەکانیش[61]. ڕوونتر دەتوانرێت بگوترێت، کە لەم تێڕوانینەوە بۆ سیمانتیك، دروستەکارییەکان لە ڕووی دروستەوە وەك (ئەنالۆژی دروستەیی "Structural analogy")[62] دیوی دەربڕین دەیانڕوانییە دیوی ناوەڕۆك، وایان دادەنا، کە یەکە بچوکەکانی سیمانتیك (Sems)، وەك چۆن فۆنیمەکان دەخرێنە تەکیەك بۆ پێکهێنانی مۆرفیم، لە خستنە تەك یەکی یەکەی بچوکتر (سێمەکان) پێکهاتووە و ئەم سێمانەش (بەشە واتاکان) بۆ واتا گشتییەکە دەخرێنە تەکیەك[63]. بە هەر حاڵ ئەو پێشنیازەی، کەوا واتای وشەکان دەتوانرێت وەك دروستبوویەك لە نیشانە واتاییەکان ببینرێت، بریتییە لە یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ئەو بیرکردنەوەیەی، کە زمان پێکهاتەیەکی

---

[60] Jeffries, L. (2006:164).
[61] Bussmann, H., T/ Trauth, G. and Kazzazi, K. (2006:1043).
[62] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Beetes,R.(1995:72-79)
[63] محەمەدی مەحویی (ب) (2009: 162-163).

(سیستیماتیکە/پەیڕەوبەندە)[64] . بەم پێیەش ئاستی واتا وەك سەرجەم ئاستەکانی تری زمان دەشێت پەیڕەوبەندانە پەسنبکرێت. ئەمەش خۆی لە بینینی واتای وشەدا دەبینێتەوە وەك کۆیەك لە سیما جیاکەرەوە جیاوازەکان. لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێت ئاماژە بە گریمانەی بنەڕەتیی سیمانتیکی پێکهێنان/ سیمانتیکی نیشانە بکرێت، کە بریتییە لە: (( واتاکان و یەکە بنەڕەتییە بەرایییەکانی زمانیش (مۆرفیمەکان و وشەکان) ئەتۆمیی نین، ئەمانیش پێکهاتووی خراوەتە تەکیەکن))[65] . کەواتە ئەگەر واتاکان بەم شێوەیە بێت، ئەوا دەشێت یەکێك پێشبینی واتای لێکسیمی بکات، وەك ئەوەی بە هۆی دووبارە بوونەوەی ئەم نیشانە واتاییانەوە دروست بووبێت[66] . بەم پێیە لە سیمانتیکدا نیشانە واتاییەکان، بریتین لە بچوکترین کەرەستەی جیاوازی واتای وشە، کە لە هەندێك تیۆریدا پێیدەوترێت (پێکهاتەی سیمانتیکی" Semantic Component")، بۆ نموونە دەتوانرێت واتای وشەی (کچ) دابەشبکرێت بە سەر نیشانەکانی وەك [ +مرۆڤ، + مێ، +گەنج ][67] . بەمشێوەیە نیشانە واتاییەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتین لەو دەربڕاوانەی لە زمانی قسەکردنی ئاساییدا دەدۆزرێنەوە و بوونیان هەیە، بەڵام وەك زاراوەکانی نازمانی (Metalinguistics) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و وەك یاسایەکیش لە ڕووی تەکنیکییەوە لە ناو دوو کەوانەی شکاوەدا [ (کە بریتییە لە ڕەگەزی شیکاری بۆ هەڵگواستنی نیشانە واتاییەکان)]دادەنرێت[68] . لە ڕاستیدا ئەم ڕاڤەیە بۆ نیشانە واتاییەکان زیاتر مەبەست لەو ڕێگەیەیە بە دەست زمانەوانەکانەوە، کە وەك ئامرازێك بەکاریدەهێنن بۆ (( لێکۆڵینەوە لە واتا درکپێکراوە بنەماییەکان))[69] ، بە تایبەتی کاتێك هەست بە ناقۆڵایی چەند ڕستەیەکی وەك ئەمانەی لای خوارەوە دەکرێت:

(96) ا/ *پەنجەرەکە پارووەکەی خوارد

(97)* تەپڵەکەکە چاوی بڕیووەتە تەلەفزیۆنەکە

(98)* مانگاکە دیوانەکەی دەخوێندەوە

گەر لێکۆڵینەوە لە سەر بنەمای فۆڕمی ڕستەکان بکرێت، ئەوا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە بە پێی ڕێزبوونی کەرەستە لە ڕستەی کوردیدا ئەم ڕستانە فۆڕمدروستن، بە واتایەکی تر درککردن بە ناقۆڵایی یان نادروستی هەرسێ ڕستەکە لە دروستەی سینتاکسی خودی

---

64 Jeffries, L. (2006:134).

65 محەمەدی مەحویی (ب) (2009: 152).

66 Jeffries, L. (2006:134).

67 Crystal, D. (2003:410).

68 Bussmann, H., T/Gregory Trauth, G and Kazzazi, K. (2006: 1043-1044).

69 Yule, G. (2006:101).

ڕستەکانەوە هەڵنەگوێزراوە. ئەمەش بەو پێیەی، کە لە هەر سێ ڕستەکەدا سەرێکی ڕێزمانیمان هەیە لەگەڵ تەواوکەرێکی ناوەکی و دەرەکی بە پێی ڕێسای سەرە کۆتایی (بکەر+بەرکار+کردار) خراونەتەکیەك و ڕستەیەکی ڕێزماندروستیان بۆ بەرهەمهێناوین. کەواتە نەشیاوی ڕستەکان لە ناڕێزمانی ڕستەکانەوە نییە، بەڵکو نەگونجان و نەشیاوی پەیوەندییە سیمانتیکییەکان ئەم ناقۆلاییەیان خولقاندووە، بە هۆی ڕاست و دروست جێبەجێنەبوونی یاسای (ڕۆڵی بابەتانەوە) پەیوەست بە ڕێسای (پرۆژەسازدان)ەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە ڕستەی (96) وردببینەوە، دەبینین ناقۆلاییەکەی زیاتر لە ڕووی سیمانتکییەوەیە، چونکە ئەگەر ڕستەکە بگۆڕین بە:

96- ب / کوڕەکە پارووەکەی خوارد.

ئەوا ڕستەکە لەڕووی فۆڕم و واتاوە شیاو دەبێت. تێگەیشتن و هۆکارهێنانەوە بۆ بنەمای ناقۆلایی سیمانتیکی ڕستەی (96–ا)یش بە پێی تیۆری نیشانە واتاییەکان تەواو دەردەکەوێت لەو بۆچوونەوە، کە پێکهاتەکانی واتای درکپێکراو بۆ وشەی (پەنجەرە) پێویستە بە شێوەیەکی گرنگ جیاواز بێت لە وشەی (کوڕ). بەمەش دژی یەکێکیان دەوەستێتەوە لەگەڵ یەکێکی تریشیان دەبین، تاوەکو بەکاربێت وەك بکەرێك بۆ کرداری (خوارد). ئەمەش بەو واتایەی جۆری ئەو ناوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەتوانێت ببێتە بکەر بۆ کرداری (خوارد)، کە پێویستە ئاماژە بە بوونێك (کیان) بکات، کە شایستەی کرداری (خوارد) بێت، واتە نیشانە واتاییەکانی ناوەکە بگونجێت لەگەڵ نیشانە واتاییەکانی کرداری (خوارد) و یاسای ڕۆڵی بابەتانە جێبەجێ ببێت. لێرەدا دەتوانرێت ئەم تێبینیکردن و شیکردنەوەیە بە شێوەیەکی گشتیتر جێبەجێ بکەین، لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ دیاریکردنی کەرەستەی سەرەکی، یان نیشانەی سەرەکی واتاکە، کە هەر ناوێك پێویستە هەیبێت تا بتوانێت لە کاردا بێت وەك بکەرێك بۆ کرداری (خوارد). ئەمجۆرە کەرەستەیە بە شێوەیەکی گشتی دەشێت (بونەوەرێکی زیندوو "Animate Being") بێت، ئەو کاتە دەتوانرێت ئەم بیرۆکەیە بۆ پەسنکردنی بەشێکی واتای وشەکە بەکاربهێنێت، وەك ئەوەی (+) یان (–) ئەو نیشانە تایبەتییەی هەبێت. کەواتە ئەو نیشانەیەی ناوی (کوڕ) هەیەتی، بریتییە لە: [ + زیندوو ] ، کە ئەمەش یەکسانە بە ئاماژەدان بە بونەوەرێکی زیندوو، هەروەها ئەو نیشانەیەی ناوی (پەنجەرە) هەیەتی، بریتییە لە: [ – زیندوو]، کە یەکسانە بە ئاماژەنەدان بە بونەوەرێکی زیندوو. ئەم نموونە سادەیە نەخشەکێشانێکە بۆ پرۆسەی نیشانەکانی واتا لە زاراوەی (نیشانە واتاییەکان)دا، بۆ نموونە نیشانە واتاییەکانی وەك [ +زیندوو،–زیندوو،+مرۆڤ،–مرۆڤ،+مێ،–

مێ ] دەتوانرێت مامەڵە بکرێن وەك کەرەستەیەکی بنەمایی پێویست بۆ جیاکردنەوەی واتای هەر وشەیەك لە زماندا لە وشەکانی تری زمانەکە[70] . لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر هاتوو پێویستمان بە هێنانەوەی نیشانە سەرەکییە جیاکەرەوەکان بوو، ئەوا بۆ دیاریکردنی واتای پۆلێك وشەی زمانی کوردی، وەك: ( تەپڵەك، مانگا، کوڕ، پیاو، کچ، ژن )، ئەوا دەتوانرێت هێنانەوەی نیشانە واتاییەکانیان بۆ دیاریکردنی واتاکانیان بەم خشتەیە دەست پێبکرێت:

| ژ | نیشانە واتاییەکان | وشەکان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تەپڵەك | مانگا | کوڕ | پیاو | کچ | ژن |
| 1 | زیندوو | − | + | + | + | + | + |
| 2 | مرۆڤ | − | − | + | + | + | + |
| 3 | مێ | − | + | − | − | + | + |
| 4 | هەراش | − | + | − | + | − | + |

خشتەی ژمارە (3)

کەواتە بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە، کە نیشانەکانی ئەو ناوانەی تیادا شیکراوەتەوە، دەتوانرێت بگوترێت، کە بە لایەنی کەمەوە بەشێکی واتای ناوی (کچ) لە زمانی کوردیدا پێویستی بە نیشانەکانی [ +مرۆڤ، +مێ، −هەراش ]ە، هەروەها دەتوانرێت نیشانەکان بەوە پەسنبکرێت بەوەی، کە بە شێوەیەکی سەرەکیی پێویست و داواکراوە لە ناوێکدا بۆ ئەوەی

---

[70] شیکردنەوەی تیۆری و کارەکی لە سەر تیۆری نیشانە واتاییەکان دەبینرێتەوە لە:

ا/ عبدالواحيد موشير دزەيي (2010: 144)       ب/ مازن الوعر (2001: 51−53).

a/ Michaelies,L. (2002:234-246          b/Mattews,P. (2003:126-133).
c/ Thompson,E. (2005:5-7).  d/ Culicover,P. and Jackendoff,R.(2005:17-20).  e/ Emonds,J.(2007:9-14)          j/ Tao,D., Xu,D. and Li,X. (2009:80-84).          f/ Pfau,R. (2009:86-93).

بتوانرێت وەك بکەری کردارێکی تایبەت دەربکەوێت. بەمەش شیکردنەوە سینتاکسییەکە لەگەڵ نیشانە واتاییەکاندا پەیکاڵ و دروستدەبێت.

لەم تێڕوانینەوە، وردبوونەوە لە ڕستەی (97) ئەوەمان پێدەڵێت، کە ناوی (تەپڵەك) لەڕووی واتاییەوە دروست نییە بۆ ئەوەی ببێتە بکەری کرداری (چاوی بڕیووەتە)، لە بەرئەوەی ناوی (تەپڵەك) نیشانە واتاییەکانی [ –زیندوو، –مرۆڤ، –مێ، –هەراش ]ە.

لە ڕستەی (98)یشدا ناوی (مانگا) شیاو نییە بۆ ئەوەی ببێتە بکەری کرداری (خوێندەوە)، لە بەرئەوەی هەڵگری نیشانە واتایی [ +مرۆڤ ] نییە.، نەك هەر ئەوەندە، لەمەش وردتر، ئەگەر ناوەکە مرۆڤێکیش بێت، ئەوا دەبێت هەڵگری نیشانەی واتایی [ + خوێندەوار ] بێت. ئەمەی تا ئێرە شیکرایەوە، ئەو نیشانە واتاییانە بوون بۆ شیکردنەوەی واتای وشەکە، کە دەشێت ئەم نیشانانە جیهانی بن و لە زمانەکاندا هاوشێوە بن. ئەی ئەو نیشانە واتاییانەی جیهانی نین دەبێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە وەچەپاری داهاتوودا پەیوەست بە کلتوری کوردەوە لە سەر دەربڕاوە تابۆیەکان شیکردنەوەی لە سەر دەکرێت[71].

دیارە هەر ئەم پرسیارەشە باری تیۆری نیشانە واتاییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و کێشە و مشتومڕی لە سەر دروستدەکات، لەبەرئەوەی: (( نیشانە واتاییەکان ڕاستەوخۆ کەسێتییە فیزیکییەکانی جیهانی ڕاستەقینە نانوێنن، بەڵکو ڕەنگدانەوەی مەرجە سایکۆلۆژییەکان لە ڕوانگەی ئەوەی چ مرۆڤێك لە ڕێگەی زمانەوە شیکردنەوە بۆ ژینگەکەی خۆی دەکات))[72].

بیرکردنەوەش لە نموونەی کلاسیکی (مردووەکە) بەرانبەر بە (جەستەکە) ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەردوو وشەکە هەمان ناولێنانێکە بۆ هەمان شت لە جیهانی ڕاستەقینەدا، بەڵام لە زماندا جیاوازییەکی واتایی لە نێوانیاندا هەیە. بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر با لەم دوو ڕستەیە وردببینەوە:

(99) هاوڕێیەکی باشبووم بۆ جەستەکە.

(100) هاوڕێیەکی باشبووم بۆ مردووەکە.

هەروەها ئەوەش ڕوونە، کە ( بە بەراورد لەگەڵ نیشانە جیاوازەکانی فۆنۆلۆژیی ) هیچ پۆلێکی ڕێکخستنی گشتی بۆ نیشانە واتاییەکان نییە، کە بتوانرێت بۆ پەسنکردنی سیمانتیکی هەموو زمانەکانی دنیا بەکارهێنرێت[73].

---

71 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە: وەچەپاری (2/3–2)، لاپەڕە (100–117).

72 محەمەدی مەحویی (ب) (2009: 164).

73 Bussmann,H. T/ Trauth, G. and Kazzazi, K. (2006: 1044).

## 2-3/2) نیشانە واتاییەکانی دەربڕاوە تابۆییەکان:

دەشێت ئەم وەچەپارە بەو پرسیارە ئاڕاستە بکرێت، کە ( ئایا تیۆری نیشانە واتاییەکان تا چ ڕادەیەك بە سودە بۆ شیکردنەوەی دەربڕاوە تابۆییەکان؟)، یاخود ( پاش دیاریکردنی جۆرەکانی تابۆ پەیوەست بە لایەنی نێگەتیڤیی و پۆزەتیڤیی چەمکی دەربڕاوە تابۆییەکانەوە، ئایا چۆن ئەم تیۆرییە چەمکە نێگەتیڤییەکان وردەکاتەوە، تا ئەو ڕادەیەی ئەو دەربڕاوە و چەمکەکەی بە تابۆ دابنرێت؟). بە مەبەستی شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، چەند نموونەیەك لە جۆرەکانی تابۆ وەردەگرین و بە پێی ئەم تیۆرییە نیشانە واتاییەکانی پەسندەکەین، زیاتریش جەخت لە سەر ئەو نیشانە واتاییانە دەکرێتەوە، کە واتایەکی (ناشرینبەخشن"Perjuries")[74] بە دەربڕاوەکە دەدەن، تا ئەو ڕادەیەی، کە دەربڕاوەکە و چەمکەکەی تابۆ دەکەن.

سەرەتا با لەم خشتەیەی نموونەی جۆرەکانی تابۆ وردببینەوە:

| ژ | جۆرەکانی تابۆ | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | تابۆی ئاینیی | عارەقخۆر/مەیخۆر |
| 2 | تابۆی بێڕێزیی | ا-ئاودەست<br>ب-گوخۆر<br>پ-مەیموون<br>ت-حۆل |
| 3 | تابۆی نەخۆشی و مردن | ا-تۆپیین<br>ب-سیلاوی |
| 4 | تابۆی سێکسیی | ا-هەتیوباز/نێرباز<br>ب-کردی |
| 5 | تابۆی (شوێن،کات،ژمارە) | ا-گردەمژە<br>ب- 6ی ئەیلول |

خشتەی ژمارە (3)

بە تێڕوانین لەم نموونانەی پێشەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەر نموونەیەك کۆمەڵێك نیشانەی واتایی هەیە. ئەم نیشانانەش هەندێکیان نیشانەی فەرهەنگیین، بە واتا وشەکان بێلایەن ئەم نیشانە واتاییانەیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە و هەندێك لە نیشانە واتاییەکانی

74 بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
Carter,R., Goddard,A., Reah,D., Sanger,K. and Bowring,M. (2001:99-100)

تریشیان پەیوەست بە دروستەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە هەڵگرتووە[75] . بەشێکی تری ئەم نیشانە واتاییانەش وابەستەی تێڕوانینی کلتوری و جیهانبینینی ئەندامانی کۆمەڵن لە دەقە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێن[76] . لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین سێ (3) جۆر، یان سێ (3) کۆمەڵ نیشانەی واتایی دەستدەکەوێت، کە زیاتر بریتین لە:

1. نیشانەی واتایی فەرهەنگیی.
2. نیشانەی واتایی دروستەیی.
3. نیشانەی واتایی کلتوریی و کۆمەڵایەتی.

بەمشێوەیە و لە ڕوانگەی ئەم سێ کۆمەڵە نیشانە واتاییەوە دەتوانرێت نموونەکانی خشتەی (3) بەمجۆرە پەسنبکرێت:

لە نموونەی (1)ی خشتەکەدا، وشەکانی (عارەقخۆر/مەیخۆر) هەڵگری ئەم نیشانە واتاییانەن:

+ زیندوو

[75] دروستەی مۆرفۆلۆژی، مەبەست لە پرۆسەی ( وشە ڕۆنانە "Word Formation")، کە تێیدا مۆرفێمەکانی زمان دەدرێتە پاڵ یەکتر بە مەبەستی دروستکردنی وشەی نوێ. لەم پرۆسەیەشەوە لێکدانی نیشانە واتاییەکانی مۆرفێمەکان نیشانەی واتایی نوێی لێدەکەوێتەوە. لە بەرانبەردا (دروستەی سینتاکسی)، مەبەست لە خستنەتەکیەکی وشەکان و مۆرفێمەکان لە فۆرمێکی سینتاکسی ڕێپێدراوی سینتاکسیدا. بەمەش وشە بەکارهاتووەکان دەبنە خاوەنی نیشانەی واتایی نوێ، کە تەنها لە سینتاکسدا تێیاندەگەین و لێکدەدرێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ا/ ئەوڕحمانی حاجی مارف (1977) ب/ محەمەدی مەحویی(ب) (2001) پ/ دیار علی کمال (2002: 83–99)

ت/ محەمەدی مەحویی (2005) ج/شاخەوان جەلال فەرەج (2006: 26–42). چ/ محمەدی مەحویی (2010: 83–99)

a/ Coates,R. (1999:10-13). b/ Plag,I. (2002:25-50)
c/ Stekauer,P. and Lieber,R. (2005:49-61)

[76] شایەنی باسە کۆمەڵێك نیشانەی واتایی تریش هەیە، کە پەیوەستن بە مەبەستی قسەکەر و لێکەوتەکانی دەربڕاوەکانەوە، کە لە دەقە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونیان هەیە، کە شیکردنەوەی تەواو و پڕاوپڕی ئەم لایەنە چنراوی (بەشی سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەقی زمانی و نازمانی (گوتراو و نوسراو)، چ لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە چ لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە ، بڕوانە:

a / Holmes,J. and Meyerhoff,M. (2003:43-60). b/ Baker,P. (2002:5-17)
c/ Weiss,G. and Wodak,R. (2003:135-147)

**نیشانەی واتایی فەرهەنگی** +مرۆڤ

+نێر

**نیشانەی واتایی فەرهەنگیی و دروستەیی** { +خواردنەوە
+بێهۆشکردن }

**نیشانەی واتایی کلتوری و کۆمەڵایەتی** { –سیفەتی باش
–کردەوەی باش
–موسڵمانێتی
+شکاندنی بەرانبەر
+کەمکردنەوەی بەها }

بە وردبوونەوە لەم نیشانە واتاییانە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە (عارەق) خاوەنی نیشانەکانی [ +خواردنەوە ، + بێهۆشکردن ]ە و مۆرفیمی (خۆر)یش خاوەنی نیشانەی واتایی [ +زیندوو، +مرۆڤ، +نێر]ە. ئەم نیشانە واتاییانەش نیشانەی واتایی بنەماین لە فەرهەنگدا و بۆ هەریەکێك لە پێکهاتەکانی (عارەق) و (خۆر)، پاشان لە دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی وەك ( مۆرفیمی سەربەخۆ+ مۆرفیمی ڕەگی بەند ) دا یەکیان گرتووە و وشەیەکی لێکدراویان پێکهێناوە و لە چێوەی دروستەکەشدا وشە لێکدراوەکە نیشانەی واتایی [ +مرۆڤ بێهۆشکردن ] زەقدەبێتەوە و دەبێتە نیشانەیەکی دروستەیی مۆرفۆلۆژییانە. ئێستا ئەگەر بێتو بمانەوێت شیکارێکی لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکە بکەین، ئەوا کاتێك بە پێی پێوەرە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان لە وشەکە ڕادەمێنین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم وشەیە هەڵگری نیشانەی واتایی کلتوریی تایبەتمەندە، بەو واتایەی کلتوری کورد، بە تایبەتی پێکهاتەی ئاینەکەی نیشانە واتاییەکانی [ –سیفەتی باش، –کردەوەی باش،–مسوڵمانێتی ] بە وشەکە دەبەخشێت. بەو پێیەی مرۆڤی مسوڵمان و پابەند بە بەرنامەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، پێویستە نەخواتەوە و سەرخۆش و بێهۆش نەبێت. نواندنی ئەم واتایەش لە وشەکەدا زیاتر نیشانە واتاییە کۆمەڵایەتییەکانی وشەکە بە زمانبەکاربەری ڕادەگەیەنێت و لایەنی نێگەتیڤی چەمکەکە بە دەردەکەوێت. هاوکات نیشانە واتاییەکانی [ +کەمکردنەوەی بەها، +شکاندنی بەرانبەر ] لە دەقێکی وەك ئەم دەقەی خوارەوەدا دەکرێت بخرێتەڕوو:

+ئەرێ فلانەکەس چۆن کوڕێکە؟

–خێزانێکی چاکن، باوکیشی هەر زۆر پیاوە!

+ئەی خۆی؟!

–ها!خۆی!

+بەڵێ،خۆی؟

–وەڵلاّ! عارەقخۆرێکی عەجیبە!

ئەگەر لە دەقەکە وردببینەوە، دەبینین، کە کەسی وەلاّمدەرەوە لە پلەی یەکەمدا خۆی بە دوور دەگرێت لە دەربڕینی دەربڕاوی (عارەقخۆر)، بەلاّم پاش ناچاربوونی ڕاستەوخۆ بەم دەربڕاوە لەو بارودۆخەی ئاخاوتندا سەرجەم تێڕوانینی نێگەتیڤانەی خۆی بەرانبەر بە کەسی پرسیارلێکراو بۆ گوێگر دەردەبڕێت. بەمەش وشەکە نەك هەروەك دەربڕاوێکی تابۆ بەکارهاتووە، بگرە لەو بارودۆخەی ئاخاوتندا سەرجەمی ناشرینەکانی ئەو مرۆڤەی پێ خستۆتەڕوو.

ئەگەر لە نیشانە واتاییەکانی نموونەی (2ا)ی خشتەی ژمارە (3) وردببینەوە، کە وشەی (ئاودەست)ە، ئەوا نیشانە واتاییەکانی دەشێت بەمشێوەیە پەسنبکرێت:

نیشانەی واتایی فەرهەنگی:
+شوێن
+خۆخاڵیکردنەوە
+ئاو بەکارهێنان
+خۆپاکژکردنەوە بە دەست

نیشانەی واتایی کۆمەلاّیەتی:
+پیسی و قێزەوەنی شوێنی کردەکە

دیارە ئەم وشەیە، وشەیەکی لێکدراوە و بە پێی دروستەکەی بە ڕێسای (مۆرفێمی سەربەخۆ+مۆرفێمی سەربەخۆ) دروستبووە و دەرکردەکەی، کە وشەی (ئاودەست)ە، هەڵگری ئەو نیشانە واتاییە فەرهەنگییانەی سەرەوەیە. بە وردبوونەوە لەم نیشانانەش لایەنێکی نێگەتیڤی چەمکەکەی تێدا بەدیناکرێت، بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنجە هۆکاری بە تابۆ بوونی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی تێڕوانینی کۆمەڵ بە پێی کات بۆ بەکارهێنانی وشەکە، بەو پێیەی بە پێی تێپەڕبوونی کات دەروازە ڕۆشنبیری کۆمەڵ فراوان دەبێت و بەکارهێنانی ئەو

وشانەی، کە دەربڕی ئەتەکێتی قسەکردن و ئاخاوتنن بە پێویستی دەزانرێت. وردتریش دەتوانرێت بگوترێت، لە بەرئەوەی بەکارهێنانی ئەم وشەیە ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە کردەی پاشەڕۆ دەرچوونەوە، کە ( میزکردن/گوکردن)ە و ئەم دوو وشەیەش خۆیان تابۆن لەبەرئەوە دەبینین نیشانەی واتایی کۆمەلأیەتی [ +پیسی و قێزەوەنی شوێن و کردەکە ] ئەم وشەیە دەکەنە تابۆ. بۆیە قسەکەر هەوڵدەدات، کە وشەی بیانی وەك ( تەوالێت/WC ) بەکارهێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم دوو وشەیە وشەی بیانین و هەم نیشانە واتاییەکانیان پەیوەست بە زمانی کوردی و قسەکەری کوردەوە دیار نین یان زۆر ئاشکرا نین و هەم بەکارهێنانیشیان جۆرە ئەتەکێتێك بە قسەکەر دەبەخشێت.

هەر لە سەر بنەمای ئەمجۆرە شیکردنەوەیە، ئەگەر لە نموونەی (2ب)ی خشتەی ژمارە (3) وردببینەوە، کە وشەی (گووخۆر)ە، ئەوا دەتوانرێت نیشانە واتاییەکانی بەمشێوەیە بخرێتەڕوو:

نیشانەی واتایی فەرهەنگی { +زیندوو، +مرۆڤ، +پیسیی، +بۆنناخۆش }

نیشانەی واتایی کلتوری و کۆمەلأیەتی { +پاشەڕۆخۆر، −جوێن }

بە وردبوونەوە لە دروستەی واتایی دەرکردەی دروستەی مۆرفۆلۆژی (مۆرفێمی سەربەخۆ+ مۆرفێمی ڕەگی بەند)، کە وشەی لێکدراوی (گووخۆر)ە، دەبینین نیشانە بنەماییە فەرهەنگییەکانی (گوو)، کە بریتییە لە [ + پاشەڕۆ، +پیسی،+بۆنناخۆش]، کۆنترۆڵێکی بەرچاوی نیشانە واتاییەکانی وشەی (خواردن)ی کردووە، بە شێوەیەك نیشانەکانی [ +خواردن، −جوێندان ] لە دەرکردەی (گوخۆر)دا پێچەوانە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی مەبەست لە چەمکی (گوخۆر) بریتی نییە لە خواردنی پیسایی، بەڵکو مەبەست لە قسەکردنی بێ نرخ و بێهودەیە. ئەگەر وردتر ئەم بابەتە ڕونبکرێتەوە، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت بەکارهێنانی وشەی

(گوو)، کە وشەیەکی تابۆیە لە بری وشەی (قسە) کاریگەرییەکی واتایی نێگەتیڤی لە سەر واتای دەربڕاوی (گووخۆر) بەجێهێشتووە، بە شێوەیەك نیشانە واتاییەکانی (خۆر)ی بە تەواوەتی پێچەوانەوە کردۆتەوە، بەو شێوەیەی لە شیکردنەوەی نیشانەکاندا خراوەتەڕوو. بەم پێیە تابۆیی نیشانە واتاییە فەرهەنگییە بنەماییەکانی (گوو) لە وشەی (گووخۆر)دا ڕەنگیداوەتەوە و دووبارە وشە نوێکە بە تابۆ لە قەڵەم دەدرێت. بەمشێوەیە گەر مەبەست لە خواردنی (گوو) بێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وەك لە ڕستەی (101)دا دیارە:

(101) منداڵەکە گووی خۆی خوارد.

ئەوا نیشانەی واتایی [ +خواردن]ی (خۆر) نیشانەی واتایی [ –جوێندان ] دەبەخشێتە وشەی لێکدراوی (گووخۆر) و وشەکە تابۆ نابێت. بەڵام ئەگەر مەبەست لە وشەی (گوو) خواردن نەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، ئەوا نیشانەی واتایی [ –خواردن ] وشەی (خۆر) نیشانەی واتایی [ +جوێندان ] دەبەخشێتە وشەی لێکدراوی (گووخۆر). بەمشێوەیە لە ڕستەی (102)دا

(102) ئەوەندە گووخۆری مەکە!

ئەگەر بمانەوێت نیشانەی واتایی وشەی لێکدراوی (گووخۆر) شیبکەینەوە، دەبینین داڕشتەی نیشانە واتاییەکانی بریتی دەبێت لە:

| | |
|---|---|
| +زیندوو<br>+مرۆڤ<br>+پیسیی<br>+بۆنناخۆش | نیشانەی واتایی فەرهەنگی |
| –خواردن<br>+جوێندان | نیشانەی واتایی کلتوری و کۆمەڵایەتی |

لێرەشەوە ئەو ئەنجامە بە دەست دێنین، کە وشەی لێکدراوی (گووخۆر) لە ڕاستیدا، کە وەك دروستەیەکی مۆرفۆلۆژی دروستبووە، بە مەبەستی دیاردەی تابۆیی دروستنەبووە، چونکە ئەم وشەیە، کە دروستکراوە زیاتر مەبەست بەکارهێنانی بووە بەرانبەر خودی پرۆسەی (گووخواردن) چ لە لایەن منداڵێکەوە بێت، کە لە بێئاگایی دایکەکە گوو بەخۆیدا دەکات و

گوەکەش دەخواتەوە و دایکەکە هەر ئاگای لە خۆی نییە، یاخود لە لایەن ئەو گیاندارانەوە، کە بە ڕاستی گووی خۆیان دەخۆن، وەك لە ڕستەی (103)دا دیارە:

(103) پشیلەکە گووی خۆی دەخوات.

بەڵام دواتر لە کۆمەڵگادا و لە ئەنجامی بەکارهێنانی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەم وشەیە هەمبەرکراوە بەو چەمکەی، کە ئیشێك کاری تۆ نەبوو دەمی تێوە مەدە. بەمەش کردەی (خواردنی گوو) لە وشە لێکدراوەکە لێکراوەتەوە و واتاییەکی تابۆیی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێبەخشراوە و وەك (جوێن)ێك بەکاردێت.

خۆ ئەگەر لە نموونەی (2پ)ی خشتەی ژمارە (3) وردببینەوە، کە وشەی (مەیموون)ە، ئەوا دەتوانرێت بەمشێوەیە پەسنبکرێت:

نیشانەی واتایی فەرهەنگی
+زیندوو
−مرۆڤ
+/− مێ

نیشانەی واتایی دروستەیی
+ناشرینی
دەموچاو

ئەم نیشانە واتاییانەی (مەیموون) لە فەرهەنگدا بێلایەنن و تەنها بوونی گیانداری (مەیموون)مان وەك ئاژەڵێك بۆ پەسندەکەن و نیشانەیەکی وای تێدا نییە، کە تابۆ بێت. بەڵام لە ڕستەیەکی وەك (104)دا:

(104) (ئەو) مەیموون/ەکە هات.

بە پێی دروستەی ڕستەکە بەکارهێنانی (مەیموون) وەك وەسفێك بۆ مرۆڤ دەبێتە هۆی زەقکردنەوەی نیشانەی واتایی [ +ناشرینی دەموچاو]. لەمەشەوە جۆرە میتافۆرێکمان[77] بۆ دروستدەکات، بەلاَم نەك بە لایەنە پۆزەتیڤییەکەی، بەڵکو بە لایەنە نێگەتیڤییەکەی. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەر دروستەی ڕستەی (104) شی بکەینەوە، دەبینین دروستەکەی پەیوەندییەکی (ئەنافەریی) تێدایە[78]، کە بە (وەچەبەستێنەرەکەیەوە) بەستراوەتەوە و هاونیشانەکراون، هەروەك لە دروستەکەدا دیارە و دەکرێت لە (105)دا بنوێنرێت:

(105) [ ف.ن ( [ ( ئەو ) ] وەچەبەستێنەر مەیموون/ەکە ) [ ف.ك هات ]]]

i ⟵ i

پرۆسەی هاونیشانەکردن

بە وردبوونەوە لە دروستەکە بۆماندەردەکەوێت، کە وەچەبەستێنەری (مەیموون) بەستراوەتەوە بە ئەنافەری (ئەو)ەوە و بەستنەوەکەش بە جێبەجێکردنی پرۆسەی هاونیشانەکردن جێبەجێکراوە و نیشانە واتاییەکانی (مەیموون)ی وەچەبەستێنەر و نیشانە واتاییەکانی ئەنافەری (ئەو) و (مەیموون)، کە بریتییە لە (ئەوی مەیموون ). بەمەش نیشانە واتاییەکانی (مەیموون) چۆتە سەر نیشانە واتاییەکانی (ئەو). ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی لێکچواندنەکە و بەخشینی سیفەتی (مەیموونیی/ ناشرینی لە دەموچاودا) بە کەسەکە و بە شێوەیەکی میتافۆریی خاسیەتی مەیموونیی بە کەسەکە براوە. لەم شیکردنەوەیەشەوە دەکرێت ئەو ئەنجامە دەستبکەوێت، کە:

1. زەقکردنەوەی نیشانە واتاییە ناشرینەکانی دەربڕاوێك و هەڵواسینی بە ناوێك یان کەسێکەوە جۆرێك لە دیاردەی میتافۆڕیمان بۆ دروستدەکات.
2. لە خاڵی یەکەمیشەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە دیاردەی (میتافۆڕ) دەروازەیەکە بۆ بە تابۆبوونی هەندێك لە دەربڕاوەکان.
3. هۆکاری تابۆییەکەش لەمجۆرەی تابۆدا (واتە تابۆی بێڕێزیی) دەگەڕێتەوە بۆ دروستەیەکی سینتاکسی دیاریکراو، کە نموونەیەکی لە دروستەی (105)دا خرایەڕوو.

---

[77] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بابەتی (میتافۆڕ) لە زمانەوانی و زمانی کوردیشدا، بڕوانە:
ا/ بکر عمر علی (2000)
a/ Goatly,A. (1998:13-20)
b/ Campbell,J. O'Rourke,M. and Shier,D. (2002:26-27)

[78] شایەنی باسە (هۆگر محمود فەرەج) لە نامەی دکتۆراکەیدا ئەم پەیوەندییەی بە زاراوەی (چاو لە پێش) ڕاڤە کردووە و شیکردۆتەوە، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: هۆگر محمود فەرەج (2000: 69).

هەر لە نموونەکانی خشتەی ژمارە (3)دا، ئەگەر لە نموونەی ( 3 ا) وردببینەوە، کە وشەی (تۆپین)ە، ئەوا بەمشێوەیە نیشانەکانی دیاریدەکرێت:

نیشانەی واتایی فەرهەنگی
{ +ئاژەڵ
+ئاژەڵی گۆشت نەخوراو
+گیاندەرچوون
_مرۆڤ }

نیشانەی واتایی کۆمەڵایەتی و کلتوریی
{ +مرۆڤ }

دیارە ئەم نیشانە بنەماییانەی وشەی (تۆپین) لە فەرهەنگدا بەو شێوەیەی سەرەوەیە و هیچ ئاماژەیەکی بە تابۆ بوونی تێدا نییە، بەڵام کاتێك لە دروستەیەکی ڕستەسازیی وەك (106)دا دەخرێتەڕوو و وردەبینەوە:

(106) فلآنە کەس تۆپی!

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە چێوەی دروستەکەدا نیشانە واتاییەکانی کرداری (تۆپی) لەگەڵ ئارگومێنتی (فلآن کەس)دا ڕێککەوتووە[79]. بەمەش یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی دەبێت بە [ +مرۆڤ ] ، کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەشیاویی لێدەکەوێتەوە، چونکە مرۆڤ دەمرێت و کۆچی دوایی دەکات و ناتۆپێت. بەمشێوەیە نیشانەی واتایی تری وەك

---

[79] لە زمانی کوردیدا هەمیشە سەری ڕێزمانی بە پێی نیشانە واتاییەکانی، کە لە فەرهەنگدا بۆی دیاریکراو، ئارگومێنتی پێویست داوا دەکات و بە کەرەستە لێکسیمی و ڕێزمانی پڕیدەکاتەوە. لەم پرۆسەیەشدا دەبێت نیشانە واتاییەکانی ئارگومێنت داواکەرەکە بگونجێت و ڕێکبکەوێت لەگەڵ نیشانە واتاییەکانی ئارگومێنت داواکراوەکاندا. بەمەش پرۆسەی ڕۆڵی بابەتانە جێبەجێدەبێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە::

ا/ ڤیان سلێمان حاجی (2001: 95)    ب/ محەمەدی مەحوی،کاروان عومەر،شیلان عمر (2010)

a/Aarts,B. (2001:71-80)

b/ Ackema, P. Brandt, P., Schoorlemmer, M. and Weeyman, F. (2006:20-25)

[ +نەشیاوی ئاینییەوە ] دەبێتە جێی باس و سەرنج ڕاکێشان.بەم پێیە تابۆ بوونی کرداری (تۆپی) هۆکارەکەی دروستەییە و بە پێی دروستەیەکی سینتاکسی زەقبۆتەوە. وردتر دەتوانرێت بگوترێت وشەکە بێلایەن خۆی تابۆ نییە لە کاتی بەکارهێنانی لەگەڵ ئارگومێنتەکانی خۆیدا وەك لە ڕستەی (107)دا دیارە:

(107) سەگەکە تۆپی.

بەڵکو نیشانە دروستەییەکە چەمکەکەی بەرەو نێگەتیڤی بردووە. لێرەدا ئەگەر پرسیارێك بکرێت، کە ( چ مەبەستێك لە پشت دروستەیەکی لەو شێوەیە هەیە؟ یان ڕوونتر ( بە چ مەبەستێك کرداری (تۆپی) بۆ ئاماژەدان بە مردنی (مرۆڤ) بەکارهاتووە؟ )، وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی لە بێزاری و کەسێتی خراپی کەسە مردووەکەدا دەبینێتەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی بە مەبەستێکی پراگماتیکی[80] کرداری (تۆپی) لەگەڵ (مرۆڤێك)دا لە دروستەیەکی سینتاکسیدا یەکبگرێت، کەواتە خودی (فلأنە کەس) جگە لە نیشانە واتاییەکانی [ +مرۆڤ، +/- نێر ] ، نیشانەکانی [ +بێزراوی، +کەسێتی خراپ] یشی هەیە. بۆیە لەگەڵ نیشانە واتاییەکانی (تۆپی)دا یەکدەگرێتەوە و وەك ئاماژەی پێ درا نیشانەیەکی دەبێت بە [ +مرۆڤ ] . کورتەی ئەم لێکدانەوەیەش ئەوەیە، کە مەبەستی پراگماتیکی پەیوەست بە بارودۆخی ئاخاوتن لە ناو کۆمەڵگا و کلتوری کوردا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دروستەیەکی وەك (106). لەمەشەوە نیشانەی واتایی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی بە تابۆ بوونی کرداری (تۆپی).

---

[80] پەیوەست بە دیاردەی ( بەخشکەیی دەربڕین"Implecature")ەوە لە زانستی پراگماتیکدا، ئەگەر هاتوو دەربڕاوێك دەربڕا و گوێگر توانی جگە لە واتا ئاشکراکەی واتایەکی تریشی لێهەڵبهێنجێت، ئەوا ئەم بەخشکەیی دەربڕاوە لە بواری پراگماتیکدا درکی پێدەکرێت، کە لێرەدا ئەم دوو واتایە بریتین لە:

ا/ مردنی کەسی قسە لەسەر کراو.

ب/ ناچیزەیی و ناشرینی ڕەفتاری کەسی مردوو و چواندنی بە سەگ.

بەمشێوەیە ئەم دەربڕاوە پراگماتیکییانە توانیویانە جگە لە واتای سیمانتیکی واتایەکی تریش بگەیەنن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

أ- بکر عمر علی (2000: 90-95)

ب- کاروان عمر قادر(2010: 133-138).

ئەگەر لە نموونەی (3ب)ی خشتەی ژمارە (3) ڕابمێنین، کە وشەی (سیلاوی)ە، ئەوا ئەم وشەیە دەربڕی جۆرێك لە نەخۆشییە و بەم شێوەیەش نیشانە واتاییەکانی دەتوانرێت پەسنبکرێت:

| | |
|---|---|
| +نەخۆشی<br>+ مرۆڤ<br>+/– مێ | نیشانەی واتایی<br>فەرهەنگی |
| +دەردێکی کوشندەی<br>گواستراوە | نیشانەی واتایی<br>کۆمەڵایەتی و کلتوریی |

ئەو نیشانە واتاییانەی وشەی (سیل)، کە لە ناو کەوانە شکاوەکەدا دانراوە و بریتین لە [ +نەخۆشی، +مرۆڤ، +/–نێر ] سەرجەمیان نیشانەی واتایی فەرهەنگین و ئەگەری تابۆ بوونی دەربڕاوەکەیان لێناکەوێتەوە، بەڵام نیشانەی واتایی [ + دەردێکی کوشندە و گواستراوە ] ئەگەری تابۆ بوونی دەربڕاوەکەی لێدەکەوێتەوە، بەو پێیەی، کە دەبنە بنەما بۆ بونیادنانی تێڕوانینێك لە لای کۆمەڵ، کە ئەم دەردە کوشندەیە و دەبێتە هۆی لە ناوبردنی ژیانی مرۆڤ و لە و ڕوانگەیەشەوە، کە ژیانی مرۆڤ پیرۆزییەکی خۆی هەیە، بۆیە لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا قسەکەر خۆی لە ناوهێنانی ئەم نەخۆشییە و سەرجەم نەخۆشییە کوشندەکان بە دوور دەگرێت، گەر پێویستیش بوو بە کاریبهێنێت، ئەوا دەربڕاوی وەك (قەزا و بەلاَ دوور، گوێی شەیتان کەڕ بێت، دوور لە بالأت)ی لەگەڵدا بەکاردەهێنێت، تاوەکو وەك (پەرژینێکی زمانی) وابێت و لە ڕووی واتاییەوە قسەکەر و بەکاربەری ئەم داتا زمانییانە و گوێگرەکانیشی بپارێزێت لە کاریگەرییە خراپە دەروونییەکانی واتاکانی ئەم دەربڕاوانە.

لە سەر هەمان ئاڕاستەی شیکردنەوە، گەر نموونەی (4 ا )ی خشتەی ژمارە (3) شیبکەینەوە، کە بریتییە لە (هەتیووباز/نێرباز)، ئەوا سەرەتا دەکرێت نیشانە واتاییەکانی بەمشێوەیە

بچنرێت:

نیشانەی واتایی فەرهەنگی { + زیندوو، + مرۆڤ، + هەراش، +کارکەر }

نیشانەی واتایی دروستەیی { + ئەنجامدانی کردەی سێکسی، +پیشە/ئارەزوو }

نیشانەی واتایی کۆمەلأیەتی و کلتوریی { + کردەی نەشیاو، –بنەماکانی ئایین }

ڕاستی نیشانە واتاییەکانی هەریەك لە (هەتیوو/نێر) و (باز) ئەوە دەردەخەن، کە پێش خستنە تەکیەکی مۆرفێمی سەربەخۆی (هەتیوو/نێر) و مۆرفێمی بەندی وشە داڕێژەری (باز) هیچیان نیشانەی واتایی تابۆیان نەبووە. بەلأم بە پێی ڕێسای مۆرفۆلۆژی ( مۆرفێمی سەربەخۆ+ مۆرفێمی بەندی وشە داڕێژەر ) نیشانەی واتایی دروستەیی مۆرفۆلۆژیی بۆ وشەکە پەیدابووە و کردوویەتییە وشەیەکی تابۆ، بە هۆی وابەستەبوونی بە کردەیەکی سێکسی نەشیاو و حەرامکراوەوە لە ڕووی ئاینییەوە. بەم پێیە و لەم نموونەیەدا، ئەوە بەدیدەکرێت، کە پاشگری (باز)، کە دەربڕی پیشەیەکە و بەردەوامی و دووبارەکردنەوەی کردەیەك دەگەیەنێت کۆنترۆڵی تابۆیی چەمکی (هەتیووبازی/ نێربازی) کردووە. ئەگەر لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەوتی بە تابۆ بوونی دەربڕاوەکە پەیوەست بە نیشانە واتاییەکانەوە بخرێتەڕوو، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت نیشانەکانی [ + ئەنجامدانی کردەی سێکسی، + پیشە ] لە ئەنجامی دروستە مۆرفۆلۆژییەکەوە کەوتۆتەوە و دواجاریش بە هۆی نەگونجانی لەگەڵ ئاییندا وەك پێکهاتەیەکی کلتوری کۆمەڵگای کوردەواری نیشانەی واتایی کۆمەلأیەتی و کلتوریی وەك [ +کردەیەکی نەشیاو، –بنەماکانی ئایین ] ی لێکەوتۆتەوە و لەمەشەوە بێگومانیی تابۆیی دەربڕاوەکە بەرجەستە بووە.

ئێستا ئەگەر لە نموونەی (4ب)ی خشتەی ژمارە (3) وردببینەوە، کە دەربڕاوی (کردی)یە، دەتوانرێت ئەم نیشانە واتاییانەی بۆدیاربکرێت:

| | |
|---|---|
| +کردە<br>+جووڵە<br>+بزاوتن | نیشانەی واتایی فەرهەنگی |
| +پیشە<br>+/−پۆزەتیڤیی | نیشانەی واتایی<br>دروستەیی و پڕاگماتیکی |

وردبوونەوە لە نیشانە واتاییەکانی دەربڕاوی (کردی)، بۆماندەدەخات، کە نیشانە واتاییەکانی [ +کردە، +جووڵە، + بزاوتن ] نیشانەی واتایی فەرهەنگیی و بنەمایی ناوی ڕووداوی (کردن)ن و هیچ پەیوەندییەکیان بە پەیوەستبوونی ئەم دەربڕاوە بە تابۆوە نییە. بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ناوی ڕووداوە لە دروستەیەکی سینتاکسیدا و دواتر ڕۆیشتنی دروستەکە بە سەرجەم پرۆسە سینتاکسییەکانی ڕستەسازیی زمانی کوردیدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (کردی). بەمەش دروستە مۆرفۆسینتاکسەکە دەبێتە خاوەنی نیشانەی واتایی دروستەیی [ +پیشە، +/− پۆزەتیڤی ] ، کە قسەکەر و گوێگر دەتوانن لە پرۆسەیەکی پڕاگماتیکیدا نیشانەی واتایی [ − پۆزەتیڤیی ] چالاك بکەن و بشیکەنە بنەمای بە تابۆ بوونی دەربڕاوەکە. بۆ ڕاستی بۆچوونەکەش با لە ڕیزبەندی دروستە سینتاکسییەکانی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکسی (کردی) وردببینەوە:

(107)

ا− نەسرین نان کردن (د.ق)

ب−نەسرین نان کردی (د.ڕ1)

پ− نەسرین نانی کرد. (د.ڕ2)

ت− (pro) نانی کرد. (د.ڕ3)

ج− (pro) t کردی Ø. (د.ڕ4)

j i j i

د− کردی. (MS)

(108)

ا− ئازاد گوو کردن (د.ق)

ب− ئازاد گوو کردی (د.ڕ1)

پ− ئازاد گووی کرد. (د.ڕ2)

ت− (pro) گووی کرد. (د.ڕ3)

ج− (pro) t کردی Ø. (د.ڕ4)

j i j i

د− کردی. (MS)

به پێی ئەم شیکردنەوەیە بێت، دەبێت دوو دەربڕاوی (کردی)مان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەبێت، کە هەریەکەیان نیشانەی واتایی تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لەوی تریان، کە ئەم نیشانە واتاییانەش زیاتر بریتین لە:

کردی
{ +پیشە
+پۆزەتیڤ/−نێگەتیڤ }

کردی
{ +پیشە
−پۆزەتیڤ/+نێگەتیڤ }

لەم شیکردنەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مۆرفێمی (Ø) لە هەردوو دەربڕاوەکەدا وەك مۆرفێمێکی هۆمۆنیمە و ئەم نیشانە واتاییانەی هەیە:

{ +جێناوی لکاوی بەرکاری پۆزەتیڤ
− جێناوی لکاوی بەرکاری پۆزەتیڤ }

لەم شیکردنەوەیەشەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە بنەمای بە تابۆ بوونی سەرجەم پێڕەوی کرداری زمانی کوردی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

1. بوونی بزاوتن لە کردەی کردارەکانی زمانی کوردیدا.
2. لە پرۆسەی مۆرفۆسینتاکسدا بەرکار لە شێوەی جێناوی لکاوی (Ø)دا دەچێتە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسەکەوە و بزاوتنی کردەی کردارەکە واتای بە خشکەیی دەربڕین بە جێناوە لکاوەکە دەبەخشێت و دروستە مۆرفۆسینتاکسەکە دەکاتە تابۆ پەیوەست بە دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین)ەوە لە زانستی پڕاگماتیکدا.

لێرەشەوە دەتوانین پێشنیازی (جێناوی لکاوی تابۆیی) بۆ پێڕەوی کرداری زمانی کوردی بکەین، کە تایبەتمەندە بە پێڕەوی (مۆرفۆسینتاکس)ی زمانەکەمان و لێڵی واتایی هەیە. واتا فەرهەنگییەکەی بریتییە لە (جێناوی لکاوی) ئاسایی بۆ بەرکاری پۆزەتیڤ دەگەڕێتەوە (هەروەك لە ڕستەکانی 107ا و 107ب و 107پ و 107ت و 107ج و 107د دا خرایەڕوو)، بەڵام واتا بە خشکەییە دەربڕاوەکەشی پەیوەستە بە پراگماتیکەوە و بۆ جێناوی لکاوی بەرکاری نێگەتیڤ دەگەڕێتەوە وەك لە (108ا و 108ب و 108پ و 108ت و 108ج و 108د دا خرایەڕوو). وەك پێشنیازێکیش ئەم جێناوە لکاوە بە (جێناوی لکاوی تابۆیی) ناوزەد دەکەین.

ئێستا ئەگەر لە نموونەی (5ا)ی خشتەی ژمارە (3) وردببینەوە، کە وشەی (گردەمژە)بوو، ئەوا دەتوانرێت نیشانە واتاییەکانی بەمشێوەیە پەسەنبکرێت:

نیشانەی واتایی فەرهەنگی
+شوێن/بەرزی
+جێگیریی
+دیاریکردن
+شاری سلێمانی
+دەباشان

نیشانەی واتایی کۆمەڵایەتی و کلتوریی
+کردەی سێکسی
+بەردەوامی کردە سێکسییەکە

بە وردبوونەوە لە نیشانە واتاییەکانی (گرد) پێش بەشداریکردنی لە دروستبوونی وشە لێکدراوەکەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تەنها شوێن دەگەیەنێت بە بێ ئەوەی تابۆ بێت، بەڵام نیشانە واتاییەکانی (مژ) جێدەستێکی دیاری دەبێت لە بە تابۆ بوونی وشەی لێکدراوی (گردەمژە)دا، بەو پێیەی (مژ) خۆی تابۆیە. بۆیە وشە نوێیەکە لە لایەکەوە نیشانە واتاییەکانی (مژ) تابۆی دەکات لە لایەکی تریشەوە ئەنجامدانی ئەو کردە سێکسییە لەو شوێنەدا لە لایەن چەند ئەندامێکی کۆمەڵەوە نیشانە کۆمەڵایەتییەکەی پێدەبەخشێت و تابۆی دەکات. کەواتە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین هەم نیشانە واتاییە مۆرفۆلۆژییەکان و هەم نیشانە واتاییە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی بە تابۆ بوونی ئەم دەربڕاوەن.

خۆ ئەگەر بێتو لە نموونەی (5ب)ی خشتەی ژمارە (3) وردببینەوە، کە بریتییە لە وشەی (6ی ئەیلول)، دەبینین، کە خاوەنی ئەم نیشانە واتاییانەیە:

نیشانەی واتایی فەرهەنگی
+ژماردن
+کات

+مێژوو

+ڕەشەکوژیی } نیشانەی واتایی کۆمەڵایەتی

+کارەسات کلتوریی

ژمارە (6) وەك سەرجەم ژمارە ئاساییەکانی تر ئاسایی بۆ ژماردنی کەسێك یان شتێك بەکاردێت و مانگی (ئەیلول)یش یەکێکە لە لە مانگەکانی ساڵ. بۆیە بە سەرنجدان لە نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکانی دەربڕاوەکە، هەروەك لە سەرەوە خراوەتەڕوو، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەم نیشانانە بنەمایین و تابۆ نین، بەڵام پەیوەستبوونی ئەم ژمارەیە بە دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو لە مێژوویەکی دیاریکراوی نەتەوەی کورد کارەساتێکی کۆمەڵایەتی گەورە دەخاتەڕوو، هەربۆیە نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی [ + کارەسات +ڕەشەکوژیی ] ڕاستەوخۆ دەربڕی تابۆیی چەمکی دەربڕاوەکەن و ئەم دوو نیشانە واتاییەش پەیوەستە بە باری کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە. بۆیە نیشانە واتایی کۆمەڵایەتی بەخشراوە بە دەربڕاوی (6ی ئەیلول) و خودی دەربڕاوەکە تابۆ دەکات.

## پاساودان:

پاش وردبوونەوە و تێڕامان لە سەرجەم نموونە شیکراوەکانی پاری سێیەم و وەچەپارەکانی (واتە 1-3/2، 2-3/2) پەیوەست بە تیۆری (نیشانە واتاییەکان) لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا، ئەگەر ئێستا هەڵسەنگاندنێك بکەین بۆ ڕادە و ڕێژەی نیشانە واتاییەکانی بە تابۆ بوونی دەربڕاوە تابۆییەکان. بۆماندەردەکەوێت، کە لە نموونەکانی خشتەی ژمارە (3) شیکردنەوەی بۆکرا بە پێی ڕیزبەندی ئەو نیشانە واتاییانەی لە خودی واتای ئەم دەربڕاوە تابۆییانەوە هەڵهێنجراوە. نیشانە واتاییەکانی بە ڕێژەی جیاواز بونەتە هۆکاری بە تابۆ بوونی دەربڕاوەکان. ئەم بەشدارییە ڕێژەییە جیاوازەی جۆری نیشانە واتاییەکان لە خشتەی (4)دا دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانەی واتایی | ڕێژەکەی (لە سەددا) | نموونەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرهەنگیی | ٪1 | سیل |
| 2 | دروستەیی | ٪5 | تۆپین،مەیموون،هەتیووباز/نێرباز، کردی، گردەمژە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 3 | کۆمەڵایەتی و کلتوریی | ٪7 | عارەقخۆر، سیل، ئاودەست، گووخۆر، گردەمژە، کردی، 6ی ئەیلول |

بە تێڕامان لەو نیشانە واتاییانەی لە خشتەکەی سەرەوەدا خراونەتەڕوو، بۆماندەردەکەوێت، کە نیشانەی واتایی (کۆمەڵایەتی و کلتوریی، دروستەیی،فەرهەنگیی) بوونەتە هۆی بە تابۆ بوونی دەربڕاوەکان . نیشانەی واتایی (کۆمەڵایەتی و کلتوریی) لەم ڕیزبەندییەدا بە پلەی یەکەم دێت و نیشانەی واتایی (دروستەیی)ش بە پلەی دووەم دێت و نیشانەی واتایی (فەرهەنگی)ش بە پلەی سێیەم دێت. ئەم سێ جۆرەی نیشانەی واتاییش بەم ڕیزبەندییە، ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کە ئاوەزمەندیی ئاوەزی مرۆڤی کورد، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەکۆد کراوە(Encoding) بە ڕێژەی جیاواز لێکدانەوەی جیاوازی لە ناو کۆمەڵدا بۆ دەکرێت. لێرەشەوە دەربڕاوەکانی فەرهەنگ نیشانەی واتایی کۆمەڵایەتی و کلتوریی هەڵگرتووە و بەرگی تابۆیی دەپۆشن. لەم نێوەندەشدا دروستەیی پێکهاتەی زمانی کوردیی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە سازکردنی فۆڕمی زمانی نوێدا و لێکدانی دوو چەمکی جیاواز و هێنانە کایەی چەمکێکی نوێ، کە فۆڕمێکی تابۆیی وەردەگرێت. هەردوو فۆڕمی دروستەیی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکە بە نیشانە واتایی دروستەیی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانیانەوە دەبنەوە بە کەرەستەی چالاکی فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤی کورد. لەم شیکردنەوەشەوە دەتوانرێت پاساودانی ئەو ڕاستییەی زمانی کوردیی بکرێت، کە زمانی کوردی زمانێکی داڕشتەیی ئاوەزیی پەیوەستە بە کلتور و ئاڕاستەکانی بیری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە.

1/3) تیۆری دەوروبەر "Contextual theory":

شیکردنەوەکانی بەشی دووەمی توێژینەوەکە، ئەو ڕاستییەی بۆ سەلماندین، کە هەردوو تیۆری (لایەنی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی) و (نیشانە واتاییەکان) بە گشتی لە زماندا دوو ئامرازی شیاون بۆ لێکدانەوەی چەمك و واتای دەربڕاوە زمانییەکان ، بەلاَم شیاویی ئەم دوو ئامرازە بەس نییە بۆ چۆنیەتی تەنینەوەی بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان، بە تایبەتی ئەگەر چەند پرسیارێکی وەك ئەمانەی خوارەوە بوروژێنرێت:

1. ئایا دەربڕاوێکی تابۆ هەمیشە تابۆیە؟
2. ئایا دەربڕاوە تابۆییەکان لە ناو گروپە کۆمەلاَیەتییەکاندا چۆن دەکەوێتەوە؟
3. ئایا دەکرێت فۆڕمێکی زمانیی، کە هەڵگری واتاییەکی تابۆیە، لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، ئەم واتا تابۆییەی بڕەوێتەوە؟
4. ئایا بارودۆخە کلتوری و کۆمەلاَیەتییەکان کاریگەرییان لە سەر دەربڕاوە تابۆییەکان چییە؟
5. ئایا جۆراوجۆری کۆمەلاَیەتی، کە خۆی لە جیاوازی (توخم و تەمەن و پلە و پایەی کۆمەلاَیەتی) قسەکەر و گوێگردا دەبینێتەوە، دەربڕاوە تابۆییەکان و واتایان و ڕەهەندی بەکارهێنانیان بە چ ئاڕاستەیەکدا دەبن؟

بۆیە هەوڵدان بۆ وەلاَمدانەوەی ئەم پرسیارانە ڕاستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، کە لە چێوەیدا ئاماژە بە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە کۆمەڵدا درا، بەو پێیەی زمان لە بۆشاییدا بەکارنایەت. لێرەدا بە مەبەستی گەیشتن بە وەلاَمی پرسیارە وروژێنراوەکان پشت بە تیۆری (دەوروبەر"Context") دەبەسترێت.

تیۆری دەوروبەر لای زمانەوانە هاوچەرخەکان[1] بە پێی تێڕوانینیان بۆ: ( واتای وشەکان لە ڕوانگەی ڕۆنان و بەکارهێنانەوە ) دیاریدەکرێت[2]. ئەمەش بە هۆی ئەوەی دەوروبەر گرنگییەکی زۆری لە دیاریکردنی واتا و ئاڕاستەکردنیدا هەیە. لەم ڕوانگەیەشەوە زۆربەی

---

[1] لە ڕابەرانی ئەم تیۆرییە زمانەوانەکانی قوتابخانەی لەندەنن، کە قوتابخانەکەیان ( ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەوروبەریی "Contextual Approch") پەیڕەو کردووە. لە ناودارەکانی ئەم قوتابخانەیش (فێرث)ە ، کە جەختی لە سەر ئەرکی کۆمەلاَیەتی زمان کردۆتەوە. ئەمە وێڕای کاری چەندین زمانەوانی وەك ( Mitchell, Sinclair, Mc lntosh, Halliday)، کە کارەکانیان هەر دەچێتە ئەم قوتابخانەیەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
a/http:// Salah Kayad.jeeran.com b/ Widdowson, H.(2004:37-50) c/ Birch,D.(2005: 99-103).

[2] عواطف كنوش المصطفى (2007: 189).

وشەکانی زمـان لـە ڕووی چـەمکی فەرهەنگییـەوە زیـاتر لـە واتایـەکییان هەیـە و ئـەوەی ئـەم واتایانــەش دەستنیشــان دەکــات و جیادەکاتــەوە ئــەو دەوروبەرەیــە، کــە وشــەکەی تێــدا بــەکارهاتووە. بۆیــە تێبینــی ئــەوە دەکرێــت زمانەوانــەکان واتــای فەرهــەنگی بــە جۆراوجــۆر پەسندەکەن و وایبۆدەچن، کە ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر لـە واتایـەك هـەڵبگرێت، بـەڵام واتـای دەوروبــەریی وشــەیەك یــەك واتایــە و واتــای زیــاتر هــەڵناگرێت[3]. لــەم تێڕوانینــەوە زمانەوانــە هاوچەرخەکان گەیشتنە پرۆگرامێکی تایبەت بـۆ ڕاڤـەکردنی وشـەکانی زمـان، لـە بـەر ئـەوەی ئەمان وایان دەبینی، کە ئەم شێوە شیکردنەوانە لەوانەیە بیانگەیەنێتـە تێگەیشـتنێکی وردتـر وو قوڵتری زیاتری سروشتی ڕۆنانـە زمانییـەکان[4]. هـەر ئـەم ئاڕاسـتەی بیرکردنەوەیەشـە، کـە ژیربێژێکی وەك (L. Witgenstein) ی والێکردووە جەخت لە سـەر ئـەم لایەنـە بکاتـەوە و بڵێت: ((  واتای وشـە بریتییـە لـە بـەکارهێنانی لـە زمانـدا))[5]. هـەر ئـەم بۆچونەشـە ڕێگامـان پێدەدات بڵێین: (( دەوروبەر کرۆکی واتای مەبەسـت لـە هـەر ڕۆنـانێکی دەقیـی، یـان قسـەیی پێکدەهێنن، لە بەر ئەوەی دەوروبەر تەنها تیشك ناخاتە سەر وشە و ڕستەکان، بـەڵکو تیشـك دەخاتــە ســەر ســەرجەم نوســراو وتراوەکــە، لــە چــێوەی ئــەو پەیوەندییــەی لــە نێــوان دەربڕاوەکاندایە، کە لە هەر دەوروبەرێك لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا هەیە))[6]. بەم پێیە کاتێك دەڕوانینـە هەنـدێك لـە ڕسـتەکانی زمـان ئـەم لایەنـە بـە ئاشـکرایی بـە دەردەکـەوێت، بـە لـە بەرچـاوگرتنی ئــەوەی ئــەم ڕســتانە لــە ڕووکەشــدا ڕێســاکانی ( فۆنۆلــۆژی و مۆرفۆلــۆژیی و سینتاکسیی) تەواون و دروستن. وەك چـەندین ڕسـتەی هاوشـێوەی ڕسـتەی وەك (1ا و 1ب)، کە لە توێژینەوە هاوچەرخەکاندا بەناوبانگن، وەك:

(1)  ا/ خەونە سەوزە بێ ڕەنگەکان بە توند و تیژی دەخەون.

ب/ .The Colourless green idea sleep furiously

ئەم وشانەی ڕستەی (1ا و 1ب) (هەم لە زمانی کوردیدا و هەم لە زمانی ئینگلیزیدا) کاتێك لـە دەوروبەرێکدا دەخرێنە تەکیەك و فرێزەکانی ڕستەیەك پێکدەهێنن بێ واتا دەبێت. ئەمەش بە هۆی نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ئەو واتایانەی پێکیانهێناوە. ئێمە ئەم ڕستە هەڕەمەکییانـە

---

[3] علی زوین (1986: 185) و van Dijk,T.,A. (2009:1-5)

[4] عواطف کنوش المصطفی (2007: 189).

[5] مازن الوعر (2001: 35) و Crary,A. and Read,R. (2000:22-37)

[6] http:// Salah Kayad.jeeran.com

بە هەند وەرناگرین[7] ، بـەڵكو پرۆگرامەكـە وای دادەنێـت واتـای ڕسـتە بـە شـێكی دانـەبڕاوە لـە هاوسەنگیی نێوان واتای وشەكان، كە ڕێكنەكەوتنیان دەبێتە هـۆی شـاردنەوە و پـەنهانكردنی واتا، هەروەها ئێمە ناتوانین واتا لە دەوروبەرەكەی جیابكەینەوە، چونكە پێویستە وابەستەیی لە نێوان واتا و دەوروبەردا هەبێت. ئەمەش ئەو ڕەوتەیە، كە هەندێك لـە قوتابخانـە و تیۆرییـە زمانەوانییە هاوچەرخەكان پەیڕەوی دەكـەن. بەمـەش (واتـا) و (دەوروبـەر) بـوون بـە دوو لای پەڕەیەك و ناكرێت یەكێك لە لاكانی ئەو پەڕەیە لە لا كەی تـری جیابكەینـەوە[8] و پێـداگری لـە سەر ئەو تێڕوانینە دەكرێت، كە: (( وشە یان ڕسـتە كاتێـك بـە دەوروبـەرەوە دەبەسـترێنەوە، ئەوا وشە و ڕستەكان واتای فەرهەنگی خۆیان ون دەكـەن و بـە پێـی دەوروبـەر واتـای خۆیـان وەردەگرن))[9]. هەر ئەم گرنگییەی تیۆری دەوروبەرە، كە وای لە زانایان (پاڵمـەر) و (ئۆلْمـان) كردووە، كە دوو تایبەتمەندیی گرنگی ئەم تیۆرییە سەرنجیان ڕابكێشێت:

1) پاڵمـەر پێیوایـە، كـە ئاسـانە گاڵتـە بـە تیۆرییـەكانی دەوروبـەر بكـەین، وەك ئـەوەی هەندێك لە زانایان كردیان و ڕەتیبكەینەوە. بـەو پێیـەی كـارەكیی نییـە، بـەلاَم گرانـە ڕەتیبكەینەوە بە بێ نكوڵیكردن لەو ڕاستییە ئاشـكرایەی، كـە پێیوایـە واتـای وشـە و ڕستە وابەستەی جیهانی پراكتیكە.

2) ئۆلْمـان لەمبارەیـەوە پێیوایـە، كـە (فێـرث) واتـا والێـدەكات، كـە بـە ئاسـانی جڵـەوی تێبینیكردنی بگیرێت و ڕاڤەی بابەتی بۆ بكرێت. ئەم ئاسانی و بابەتێتی شیكردنەوەی واتایەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆكار:

أ- فێرث لە شیكردنەوە زمانییەكانیدا لە چێوەی زمان دەرنەچووە. بەمـەش لـەو ڕەخنانە ڕزگاری بوو، كە لە تیۆرییەكانی (ئاماژەیی) و (وێنەیی) و

---

[7] كاتێك دەگوترێت دەركردەی واتایی ئەم ڕستەیە هەڕەمەكییە، مەبەست ئەوەیە لە قسەكردنی ئاساییدا بەمشێوەیەیە، بەلاَم خودی ئەم ڕستەیەش ئەگەر بیبەستێنەوە بە دەوروبەرێكی تایبەتمەندەوە ئاسایی دەردەچێت، بۆ نموونە لە شیعر یان پەخشاندا ئەم دەربڕینانە ئاساییە و لایەنێكی ئیستاتیكی بە بەرهەمەكە دەبەخشێت. بۆ نموونە دەكرێت لە دوو ڕستەی (1 و 2) بڕوانین، كە وەك دوو نموونەی دەقی (گوتراو) و (نوسراو)ن:

1) كەللەی شەقامەكە بە ترشی شیرینەمەنییەكان نەرم دەبێت.

2) هەڵبجە دەچێت بۆ بەغداد.

[8] عواطف كنوش المصطفى ( 2007: 190) van Dijk,T., A. (2009:12-13)

[9] عەبدولواحید مشیر دزەیی ( 2009: 55).

(ڕەفتاریی)یەکان دەگیرا. لەمبارەیەشەوە زانایان (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) و (بلومفیڵد) گوتویانە: فێرث هەوڵیداوە تیۆرییەك بهێنێتەکایەوە، کە ( لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکان لە ناوەوەی زمان بکەین ).

ب- دورکەوتنەوە لە تاقیکردنەوەی ئەو بارە ئاوەزییە ناوەکییانەی، کە ڕاڤەکردنیان گرانە و چارەسەرکردنی وشەکان بەو پێیەی، کە ڕووداو کار و نەرێتن و دەتوانرێن لە ڕووی بابەتی و تێبینیکردنیانەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی چوار دەوریاندا شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

ئەم دوو تایبەتمەندییەش، واتە لێکۆڵینەوە لە زمان لە ڕوانگەی پەیوەندییە ناوەکییەکانییەوە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە بەستنەوەی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەن، کە زانستی زمانی هاوچەرخ مەبەستیەتی، بەو پێیەی زانستێکی پەسنکارییانەیە، نەك پێوانەیی[10].

کارکردن بەم تێڕوانینە لە زماندا بنەمای (تیۆری دەوروبەر)مان بۆ فەراهەم دەکات، کە دەتوانرێت بەمشێوەیە ڕاڤە بکرێت:

دەوروبەر: سەرجەم ئەو هەلومەرجە زمانیی و نازمانییانەی، کە یاریدەی ڕوونکردنەوەی واتای دەربڕاوێکی زمانیی لە چێوەی دەقێکی دیاریکراودا دەدات[11].

ئەوەی تا ئێستا خرایەڕوو چەمکی گرنگیی دەوروبەر بوو، هەروەها بە وردبونەوە لە داتا زمانییەکانیش ئەوە دەردەکەوێت، کە دەوروبەر چەشن و جۆری هەیە، بۆیە لە بەر پێویستی لێکۆڵینەوەکە و شیکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی تیۆرییەکە، هەوڵدەدرێت لە پاری (2/3)دا چەشن و جۆرەکانی دەوروبەر بخرێتەڕوو، بەو پێیەی دەکرێتە بنەما لە پار و وەچەپارەکانی تری ئەم بەشەدا بۆ شیکردنەوەی تابۆ زمانییەکان.

## 2/3) چەشن و جۆرەکانی دەوروبەر:

لە سەر بنەمای پاری پێشو دەوروبەر گرنگییەکی بەرچاوی لە هەڵهێنجانی واتای دەربڕاوە زمانییەکاندا هەیە. ئەم تێڕوانینەش بە تێبینیکردنی چەندین ڕستەی لەم شێوەیەی خوارەوە بەدیدەکرێت:

---

[10] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: عبدالعزیز بن ردة الطلحي ( 2008: 29)
Fitch, K., L. and Sanders, R., E. (2005:150-162)

[11] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بیر و بۆچونی زمانەوانە عەرەبەکان لە سەر ڕاڤەی (دەوروبەر)، بڕوانە: دارا حەمید محەمەد ( 2010: 51).

(2) پۆلیسەکە دزەکەی [ گرت].

(3) پیاوەکە ڕۆژووی [ گرت].

(4) دارەکە بەری [گرت].

(5) منداڵەکە چاوی خۆی [ گرت].

(6) منداڵەکە گوێی [ گرت][12].

بە وردبوونەوە لە واتا جیاوازەکانی کرداری (گرت) ئەوە بە دیدەکرێت، کە (گرت) لە هەریەك لەو ڕستانەی سەرەوەدا واتایەکی جیاواز بە دەستەوە دەدات، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی کردارەکە لە دەوروبەری زمانیی جیاوازدا، بە شێوەیەك لە ڕستەی (2)دا واتای (دەستگیرکردن) دەبەخشێت، بەو واتایەی کەسێك کەسێکی تر بە شێوەیەکی کارەکیی بەدەست دەگرێت و دەستی لێدەدات. لە کاتێکدا واتای (گرت) لە ڕستەی (3)دا بە واتای دەستلێدان نەهاتووە، بەڵکو بە واتای (جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئاینی هاتووە، کە ڕۆژوو گرتنە)، بەڵام لە ڕستەی (4)دا کردارەکە بە واتای (بەرهەمهێنان) هاتووە، بەو پێیەی دارێك، کە بەرداربێت بەر دەگرێت وپێیدەگوترێت (بەری گرتووە). لە ڕستەی (5)دا واتای پێکهاتەی (چاوی خۆی گرت) زیاتر واتای (داپۆشین) دەخاتەڕوو. هاوکات لە ڕستەی (6)دا کرداری (گرت) بە واتای (بیستن) دێت، لە بەر ئەوەی لەگەڵ دەربڕاوی (گوێ)دا هاتووە.

هۆکاری بەخشینی واتای جۆراوجۆری کرداری (گرت) لە ڕستەکانی (2 و 3 و 4 و 5 و 6)دا دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەی جیاوازدا لە چێوەی دروستە سینتاکسییە جیاوازەکاندا، بەڵام ئەم قسەکردنە لە سەر خودی زمان خۆیەتی، هەربۆیە ئەم دەوروبەرانەی کردارەکەی تێیدا بەکارهاتووە، دەوروبەری زمانین. هاوکات ئەگەر هەریەکە لە ڕستەکانی (2-6) بە نموونە وەربگرین، دەبینین لە دەرەوەی زمان دەوروبەری تر کاریگەری لە سەر ئەم دەقە زمانییانە هەیە، وەك ئەوەی ڕستەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەگوترێت، بارودۆخەکەش کاریگەرە بە قسەکەر و گوێگر و هەموو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی بە یەکەوە دەیانبەستێتەوە و کلتورێك کۆت و پەیوەند بۆ دەربڕاوەکان دادەنێت. ڕستەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەردەبڕدرێت. ئەم ڕستانە، کە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت بەو

[12] شایەنی تێبینکردنە، کە محەمەدی مەحوی هەمان دیاردەی لە ڕوانگەی واتایی و کارلێکی نێوان پێکهاتەکانی بەرکار و کردار لە ڕستەی زمانی کوردیدا هێناوەتەوە و شیکردۆتەوە، بەڵام نموونە شیکراوەکەی ناوبراو زیاتر بۆ فۆڕمی کرداری (گرتەوە) بووە نەك (گرت).
محەمەدی مەحویی، وانەی تایبەت، 2011/1/10

مەبەستەیە کاردانەوەیەکی دەروونی لای گوێگر دروستبکات. هەموو ئـەم لایەنانـەی خرایـەڕوو چەندین لایەنی تریش چەشن و جۆری تری تایبەتمەندی دەوروبەر دروستدەکەن. لـەم ڕووەوە و بە پێی ئەم شیکردنەوانە و بە پشت بەست بە تێڕوانینی زمانەوانـەکان لـەم بـوارەدا، دەکرێـت دوو چەشنی سەرەکی دەوروبەر دیاریبکرێت، کە بریتین لە:

یەکەم// دەوروبەری زمانیی (چێوەی ناوەوەی زمان).

دووەم//دەوروبەری نازمانیی (چێوەی دەرەوەی زمان).

## 1-2/3) دەوروبەری زمانیی:

ئەگەر لە دەربـڕاوە زمانییـەکان بـڕوانین لـەو ڕوانگەیـەوە، کـە هەریـەك لـە فـۆنێم و مـۆرفێم و وشـەکانیان لـە چـێوەی ژینگـە و دەوروبـەرێکی دیـاریکراودا دێـن، بـەو واتایـەی، کـە فۆڕمـە زمانییەکانی پاشوپێشییان کاریگەرییان لە سەر هاتنی هەریەك لەم فـۆنێم و مـۆرفێم و وشـانە هەیە، ئەوا سانا ڕۆڵی دەوروبەری زمانیمان بۆ دەردەکەوێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتری بەڵگـەدار، با لەم نموونانە وردببینەوە:

(7) ا/ سەرکەوت ب/ سامالْ پ/ دەستگرە

(8) ا/ دارستان ب/ *هێزستان پ/بەکەوچك ت/ * بە چوو

(9) ا/ کوڕەکە پیاسە دەکات. ب/ * ئاسنەکە پیاسە دەکات.

ئەگەر لە هەریەك لە نموونەکانی (7ا و 7ب و 7پ) وردببینەوە، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین، کە هەریەکە لە فۆنێمەکانی نموونەکان لە چـێوەی دروسـتیەکی فۆنۆلۆژیـدا هـاتووە و جێکەوتـەی فۆنێمەکە و پاش و پێشی فۆنێمەکە کاریگەرییان لە سەر دروستکردنی ئەو دەوروبەرە زمانییە هەیـە، کـە فۆنێمەکـە هەیـەتی، بـۆ نموونـە فـۆنێمی / س/ هـەر جـارە و لـە هەریـەکێك لـە نموونەکاندا بە شێوەیەك دەردەبڕدرێت، بە شێوەیەك، کە لـە نموونـەی (7ا)دا بـە (س) و لـە نموونەی (7ب)دا بە (ص) و لە نموونەی (7پ)دا بـە (ز) دەردەبڕدرێـت. هاوکـات نموونـەکانی (8ا و 8ب و 8پ و 8ت)دا ئـەوەمان پێـدەڵێن، کـە هەریەکـە لـە مۆرفێمـەکانی دەربـڕاوە زمانییـەکان دەوروبـەرێکی زمـانیی خۆیـان هەیـە، بـە شـێوەیەك، کـە لـە نموونـەی (8ا)دا دروسـتەیەکی دروسـتی هەیـە. لـەو ڕوانگەیـەوە، کـە مـۆرفێمی داڕشـتنی /-سـتان/ بـەزۆری دەچـێتە سـەر نـاوە بەرجەسـتەکان، هەربۆیـە نموونـەی (8ب) دروسـتیەکی مۆرفۆلـۆژیی نادروستی دەبێت، لە بەرئەوەی (هێز) ناوێکی واتاییە. نموونەی (8پ)یش دەرخەری ئەوەیـە،

كە پێشناوی (بە) لە چێوەی دروستەی فرێزێکی پێشناویدا لە پێش ناوێك یان ناوئاسایێکەوە دێت، نەك وەك نموونەی نادروستی (8ت)، کە پێشناوەکە لە پێش کردارێکەوە هاتووە. ئەمەش هەمان ڕاستی بوونی دەوروبەری دروستی زمانیی بۆ مۆرفێمە ڕێزمانییەکان دەسەلمێنێت. ڕستەی (9ا)یش گونجاوی ئەو دەوروبەرەمان بۆ دەردەخات، کە پەیوەندی سینتاکسی و واتایی هەریەك لە (کوڕ) و (پیاسەکردن) شیاوە، لەکاتێکدا لە ڕستەی (9ب)دا هەم لەڕووی سینتاکسی و هەم لەڕووی واتاییەوە پەیوەندی نێوان (ئاسن) و (پیاسەکردن) نەگونجاوە[سمتر].

---

[13] لە ڕوانگەی نموونەکانی (7 و 8 و 9) و شیکردنەوەکانیان دەکرێت ئەو ڕاستییە بەدیبکرێت، کە لە دەوروبەری زمانییدا تەنها دروستەی ناوەوەی زمان بە بێ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵ ڕۆڵدەبینێت. لە سەر ئەم بنەمایە و لە وردبوونەوە لە نموونەکان بە پێی بنەمای ئاستەکانی زمان، زمانەوانەکان چەند جۆرێك دەوروبەری زمانییان جیاکردۆتەوە:

1) دەوروبەری زمانیی فۆنۆلۆژییانە: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە فۆنێم لەو دەوروبەریدا، کە تێیدا ڕوودەدات. بە پێی ئەم بۆچوونەش دەکرێت دوو جۆر دەنگی جیاواز، یان لەیەك نەچوو بۆ یەك فۆنێم دەرببڕدرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەربڕینی فۆنێمێك لە دەوروبەرەکەیدا جیاوازە لە فۆنێمێکی تاك (تەنها دەربڕاو) لە ڕوانگەی هەم بەکارهێنانی وزەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی و هەم کاریگەری دەنگەکانی دەوروبەری لە سەر فۆنێمەکە.

2) دەوروبەری زمانیی مۆرفۆلۆژییانە: ئەو دەوروبەرەیە، کە گرنگی بە هاتن و دابەشبوونی مۆرفێمەکان لە چوارچێوەی وشەدا دەدات. بەم پێیە هەریەك لە مۆرفێمەکانی زمان (سەربەخۆ بن یان بەند بن) لە دەوروبەرێکی زمانیی دیاریکراودا و لە چێوەی دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدەن و هەریەکەیان دابەشبوونێکی تایبەتییان هەیە.

3) دەوروبەری زمانیی سینتاکسییانە: ئەم دەوروبەرە لێکۆڵینەوە لەو دروستە ڕستەییە دەکات، کە وشەیەکی تێدا هاتووە، ئەم دروستەیەش وەك یەکێتییەکی ڕستەیی هاوسەنگ تەماشا دەکرێت، لە بەر ئەوەی وشە و فرێزەکان بە پێی ڕیزبەندییەك دەخرێنە تەکیەك و لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێسا دروستەییە سینتاکسییەکاندا کۆمەڵێك پەیوەندی فۆڕمی و ناوەکی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. بەم پێیە هەر گۆڕانکارییەك لەو دروستە ڕستەییەی (پەیوەندی نێوان دەربڕاوەکان و شوێن وئەرکیان) بکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕانیان لە واتادا.

بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە:

علی زوین (1986: 186) و عواطف کنوش المصطفی (2007: 54-60) و

ئاڤێستا کمال محمود (2009: 14) و عەبولواحید موشیر دزەیی (2010: 72).

a/ Widdowson, H., G. (2004:23-36). b/ Kreidler, C., W. (2002:13-29). c/ Norman, F. (2006:3,46-47)
d/ Carter, R., Goddard, A., Reah, D., Sanger, K., Bowring, M. (2001:64-105).

## 2-2/3) دەوروبەری نازمانیی:

هەرچەندە دەوروبەری زمانیی ڕۆڵێکی ئاشکرا لە ڕوونکردنەوەی واتادا دەگێڕێت، بەڵام زیادەڕەوییە ئەگەر بڵێین لە هەموو بارەکاندا دەمانگەیەنێتە واتای دەربڕاوەکان، لە بەر ئەوەی لە هەندێك باردا ناتوانین بەڵگەیەك یان ئاماژەیەك بۆ واتای دروستی دەربڕاوە زمانییەکان لە چێوەی ڕستەیەکدا بدۆزینەوە[14]. گەڕانەوەش بۆ سەرجەمی ئاخاوتن و ئەو هەلومەرجانەی، کە دەوری ئاخاوتنێکی دیاریکراو دەدات ڕاستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زمانەوە، بەو پێیەی وەك لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی پێدرا[15] زمان ئامڕازێکی شیاوە بۆ پێکەوە بەستن و لیکگەیشتنی مرۆڤەکان لە ناو کۆمەڵدا. لەم ڕێگەیەشەوە سەرجەم بیرۆکە و جیهانبینی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە لایەن زمان بەکارهێنەوە تاوتوێ دەکرێت. بۆیە دەبینین چەشنێك لە هەلومەرجی تر، کە لە دەرەوەی زماندایە لە کاردایە و بە [ دەوروبەری نازمانیی یان (دەوروبەری بار)[16]، بارودۆخ ( هەڵوێست"Context of Situation")، شانۆی زمانیی، دەوروبەری بە دەر لە دەق، دەوروبەری گشتی، شوێنکاتی ئاخاوتن (مقام)، یان دەوروبەری کۆمەڵایەتی]. هەموو ئەم زاراوانە بۆ دیاردەیەکی تایبەت بەکاردێت، کە بریتییە لە بارودۆخی پەیوەندیدار بەو هەڵوێستەوە، کە وشەی تێدا گۆدەکرێت، یان بە واتایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لە ئاخاوتن لەو

---

[14] عواطف کنوش المصطفی (2007: 76).

[15] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (4–17).

[16] زاراوەی (دەوروبەری بار) پەیوەستە بە هەردوو زانا (مالینۆفیسکی ئەنسرۆپۆلۆجیست) و(فیێرثی زمانەوان)ەوە. هەردووکیان گرنگییان بە دیاریکردنی واتا داوە بە پێی ئەو دەوروبەرەی زمان تێیدا بەکاردێت، بە ڕێگای جیاواز. مالینۆفیسکی ئەم گرنگییەی لە سەرنەکەوتنییەوە لە وەرگێڕاندا سەرچاوەی گرتووە، لەو دەقانەدا، کە تۆماری کردووە لە دورگەی (ترۆبراند) لە خۆرئاوای دەریای هادی و پێیوابووە، ئەگەر ئەو دەقانە نەخرێنەوە دەوروبەرەکەی خۆیان واتایان نابێت. هەرچی (فیێرث)ە، دەوروبەری بار وەك بەشێك لە ئامڕازی زمانیی دەبینێت و بە تەواوی وەك پۆلکردنە ڕێزمانییەکان بە کاریدەهێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراو ئەو چێوە کۆمەڵایەتییەی، کە زمانی تێدا بەکاردێت، بەمشێویە دیاریکردووە:

( ڕەگەزی مرۆیی ) و ( ڕەگەزی بابەتی ) و ( ڕەگەزی ئامانج )

بەمشێوەیە ناوبراو گرنگی بە دەوروبەری بار داوە و زاراوەی (Context of Situation)ی بۆ بەکارهێناوە وەك زاراوەیەکی هونەریی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتن بە پێی ئەو بارودۆخەی، کە تێیدا بەکاردێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ا/ پالمەر،ت/ مجید الماشطة (1985: 161)   ب/ عواطف کنوش المصطفی (2007: 76–80).

a/ Blommaert, J. (2005:40-56).   b/ van Dijk, T., A. (1977:153-160).

c/ Malmkjær, K. (2010:178).   d/ Brisk, M., E., Burgos, A., and Hamerla, S. (2004:1-9).

چـێوەیەی تێیـدا ڕوودەدات[17]. لـەم ڕوانگەیەشـەوە گـرنگترین دەوروبـەرە نازمانییـەکان زیـاتر بریتین لە:

### 1-2-2/3) دەوروبەری سۆزیی "Emotional Context"[18]:

لە ڕێگەی ئەم دەوروبەرەوە سروشتی بەکارهێنانی وشە لە نێوان واتای بابـەتی، کـە ( سـودی گشـتی دەگەیـەنێت ) و واتـای سـۆزداریی، کـە (سـودی تایبـەتی دەگەیـەنێت) دەسـت نیشاندەکرێت. بەمەش ڕێژەی بـەهێزی و لاوازی هەڵچـونەکان دیاریـدەکرێت لـە ڕێـی پێویسـت بوون بە جەختکردنەوە، یان زیادەڕۆیی، یان میانڕەوییەوە[19]، کەواتە (( ئەمجۆرە دەوروبـەرە ئامـاژەکردن بـۆ ئـەو واتـا دەروونییانـە دەڕەخسـێنێت، کـە قسـەکەر دەیـەوێت لای گـوێگر بیوروژێنێت))[20]. ئەم لایەنەش (( پابەندە بە پلە ڕادەی هەڵچوونی کەسـەکەوە، چـونکە هـیچ هێمایەکی زمان دەست نیشان ناکرێت و بوونی بۆ دانانرێت، ئەگەر بێـت و لایـەنێکی دەروونـی لە پشتی ئەو هێما زمانییەوە نەبێت ))[21]. سەرەنجامیش کاریگەری ئەم دەوروبەرە (( هـەموو ئـەو هەڵچـوون و داچـوونە دەروونییانـە دەگرێتـەوە، کـە قسـەکەر تێیـدا گـوتن و ڕسـتەکانی دەردەبڕێت و لە بەرانبەریشدا گوێگر چۆن داتاکان شیدەکاتەوە و مەبەستەکانیش بە پێی ئەو بارە دەروونییەی، کە خۆی و قسەکەری تێدایە، چۆن جیا دەکاتەوە))[22]. بە لە بەرچـاوگرتنی ئەوەی دەوروبەری سۆزیی ئەوەمان  بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئەرکی زمان سـنوری بابەتییـەت  و واتا ڕووتەکان تێدەپەڕێنێت بۆ گوزارشتکردن لـە سـۆز و هەڵچـوونەکان و کاریگـەریی لـە سـەر ڕەفتاری مرۆیی[23]. بۆ نموونە ئەگەر لە وشەی (دەمانچە) وردببینەوە، دەبینین لای هەریـەکێك لەم کەسانە کاریگەرییەك و بەهایەکی دەروونی و سۆزیی هەیە:

1) لای منداڵێك وەك یارییەك سەیر دەکرێت.

---

[17] عواطف كنوش المصطفى (2007: 76).

[18] ئەمجۆرەی دەوروبەری نازمانیی وابەستەی جۆرێکی تری دەوروبەرە، کە بە ( دەوروبەری دەروونیی "Psychological Context") ناوزەد دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ئاڤێستا کمال محمود (2009: 17)، لەگەڵ www.weikipedia.com

[19] a/ http:// Salah Kayed.Jeeran.com b/ Victor, C. (2005:99-102).
c/ Petta, P., Pelachaud, C., and Cowie, R. (2011:3-29).

[20] ئاڤێستا کمال محمود ( 2009: 17).

[21] سازان رضا معین ( 2005: 66).

[22] ئاڤێستا کمال محمود ( 2009: 17).

[23] عواطف كنوش المصطفى (2007: 81).

2) لای ئافرەتێك وەك سەرچاوەی مەترسییەك سەیر دەكرێت.

3) لای پیاوێكی ئاسایی وەك سەرچاوەی نائارامی هەژمار دەكرێت.

4) لای پیاوێكی دوژمندار وەك سەرچاوەی هێز و ئارامی سەیر دەكرێت.

بەم پێیە بەكارهێنەری ئەم وشەیە كاتێك لە سەر زاری دێتەدەرەوە وشەكە بە سۆزی خۆی ڕەنگدەكات. ئەم شیكردنەویەش ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت، كە دەوروبەری سۆزیی كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی لە سەر زەقكردنەوەی واتای سۆزداری دەربڕاوە زمانییەكان هەیە. بۆ ئەم مەبەستە ڕوونكردنەوەی زیاتریش، گەر وردببینەوە لەم سێ ڕستەی خوارەوە، كاتێك وابەستەی دەوروبەرێكی سۆزیی دەبن لە نێوان كوڕ و كچێكدا، دەبینین كاریگەرییەكانیان جیاوازە:

(10) خۆشم دەوێت.

(11) حەزم لێیەتی.

(12) خەریكە سوێم دەبێتەوە بۆی.

بە بەستنەوەی هەریەكە لەم سێ ڕستەیە بە دەوروبەرە سۆزییەكانییانەوە بۆماندەردەكەوێت، كە هەر سێ ڕستەی (10 و 11 و 12) هەمان چەمكی خۆشەویستی دەردەبڕن، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بە شێوەیەك لە ڕستەی (11) لە ڕستەی (10) زیاتر و ڕستەی (12)یش لە ڕستەی (11) زیاتر ویست و خۆشەویستی تێدا دەربڕاوە. بێگومان هەرسێ ڕستەكەش كاریگەری و هەڵچوونی جیاواز لای قسەكەر و گوێگر دروستدەكەن.

## 2-2-2/3) دەوروبەری فیزیكی "Physical Context":

ئەم جۆرەی دەوروبەر ئاماژە بە پەیوەندییە كاتی و شوێنییەكان دەكات، كە ئاخاوتنی تێدا ئەنجام دەدرێت[24]. بەو پێیەی كاتێك كردەی ئاخاوتن لە نێوان قسەكەر و گوێگردا دەست پێدەكات و بەردەوامی وەردەگرێت لە كات و شوێنێكی دیاریكراودایە و ئەو ڕووداوەی، كە ڕوویداوە و چییە و پێگەی پێشكەشكردنی بابەتەكە لە كوێیە و شیاویی شوێن و كاتی ڕستە

---

[24] a/http:// Salah Kayed.Jeeran.com b/ Victor, C. (2005:149).
c/ Carter, R., Goddard, A., Reah, D., Sanger, K., and Bowring, M.(2001:258).

گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجان و نەگونجانیان لەڕووی نەریتە تایبـەتی و گشـتییەکانەوە دەخاتەڕوو[25]. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە با لەم ڕستانە ڕابمێنین:

(13) ئەم کۆلأنە دەرناچێت.

(14) پێلأوەکانت مەشۆ.

(15) بەیانیت باش.

(16) لە دوێنێوە خەریکی خوێندنەوەیە.

ڕستەکانی (13–16) لە چێوەی دەوروبـەرە فیزیکییەکانـدا ڕۆڵـی هـەردوو جـۆر پەیوەندییـە کاتی و شوێنییەکانمان بۆ ڕووندەکەنەوە. بە شێوەیەك، کە لە ڕستەی (13)دا لـە دەوروبـەرە فیزیکییەکەی خۆیدا ئاگادارکردنەوەی ڕێبوارێکـە لـەوەی ئـەم شـوێنە (کۆلأنەکـە) ئـەو سـەری گیراوە و ناتوانێت لێوەی بڕوات. لە ڕستەی (14)دا بەهاکەی کاتێك بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە، کە لە شوێنێکی تایبەتی وەك ( دیـواری دەستشـۆری مزگەوت)ەکانـدا نوسـراوە بـە شـێوەیەك دەوروبـەرە فیزیکییەکـە بـە پێـی نەرێتـە گشـتییەکان و تاقیکردنـەوەیان بـە خوێنـەر دەڵێـت مزگەوت شوێنی دەستونوێژگرتن و نوێژکردنە، نەك پاككردنەوەی پێلأو. لە کاتێکدا لە ڕستەی (15)دا لە دەوروبەر فیزیکییەکەی خۆیدا ئاماژەکردنە بە کـات، لـە بـەر ئـەوەی ( ئـەم گوتنـە تەنها بۆ بەیانیان دەستدەدات )[26]. بە وردبوونەش لە ڕسـتەی (16) گرنگـی (ئامـاژەکردن بـە کات) لە دەوروبەر فیزیکییەکەی خۆیدا دەردەکەوێت بە جۆرێك، کە جەختکردنەوە لە سـەر (( کـاتی ڕووداوەکـە، کـاتی قسـەکردنەکەیە))[27]. لـەم ڕوانگەیەشـەوە بـەهای ئـەم ڕسـتەیە لـە دەوروبەرەکـەی خۆیـدا پەیوەسـتە بـە دەربڕاوەکـانی (لـە دوێنێـوە) و (خوێندەوەیـە)، دەردەکەوێت، کە هەم کاتی ڕوودانـی ڕووداوەکـەمان پێـدەڵێت، کـە (دوێنێ)یـە و کـاتێکی تـر نییە، هەروەها (خوێندەوەیە) کاتی قسەکردنەکەمان پێدەناسێنێت.

کەواتە هەر چوار ڕستەکە بە پێی دەوروبەری فیزیکییەکانی خۆیان کـات و شـوێنی ڕووداومـان پێدەڵێن و خودی ڕووداوەکانمان پەیوەست بەو کـات و شـوێنەوە بـۆ دەنەخشـێنێت. هاوکـات شـیاویی کـات و شـوێنی ڕسـتە گۆکراوەکـان بـە پێـی نەرێتـە تایبـەتی و گشـتییەکان ڕووندەکەنەوە.

---

[25] ئاڤێستا کمال محمود (2009: 13).

[26] سازان رضا معین (2005: 67–68).

[27] سەرچاوەی پێشوو.

### 3-2-2/3) دەوروبەری کلتوریی "Cultural Context":

ئەم جۆرەی دەوروبەر ڕۆڵێکی سەربەخۆی لە دەوروبەری بارودۆخ هەیە[28]، کە مەبەست لێی بارودۆخە لە ڕوانگەی دەرهاویشتە (المعطیات) کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام ئەمە نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکات، کە دەوروبەری کلتوری بە گشتی دەچێتەوە ناو هەلومەرجەکانی بارودۆخەوە[29]. گرنگی دەوروبەری کلتوری کاتێك دەردەکەوێت، کە لە لێکۆڵینەوە لە دەربڕاوە زمانییەکاندا پێویستە پێگەی کلتوری و کۆمەڵایەتی ئەو دەربڕاوانەی بەکاردێن دیاریی بکرێن، بۆ نموونە وشەی (سەندویچ) لە زمانی کوردیدا (چینی باڵا) هەمبەرە بە وشەی (لەفە) لە زمانی قسەکردنی چینی مامناوەند و هەژاردا. بەمەش هەردوو وشەکە نیشانەی کۆمەڵایەتی کەسی زمانبەکاربەر دەخاتەڕوو[30]. بۆ تێگەیشتنی زیاتری دیاردەکە، با لە نموونە هەمبەرکراوەکانمان وردببینەوە:

+ (توالێت) هەمبەر بە (ئاوێنە).

+ (خانمی یەکەم) هەمبەر بە (ژن).

لەم نموونەیەدا پەیوەست بە تێڕوانینی کلتوریی باو و پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگرەوە، دەبینین، کە وشەی (توالێت) کەسانێك بۆ خۆڕازاندنەوە و جوانکاری بەکاریدەهێنن کە ئاستێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەرزیان هەیە (واتە نیشانەیە بۆ چینی بەرزی کۆمەڵ)، لە کاتێکدا وشەی (ئاوێنە) بە گشتی لە زماندا بەکاردێت. هاوکات دەربڕاوی (خانمی یەکەم) نیشانەیە بۆ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بەرزی ژنێك (واتە ژنی سەرۆك کۆمار)، لە

---

[28] دەوروبەری بارودۆخ" Situtational Context "، سەرجەم ئەو هەلومەرجانە دەگرێتەوە، کە دەربڕاوە زمانییەکانی لە بارودۆخێکی (هەڵوێستێکی) دیاریکراودا تێدا بەکاردێت. بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم چەشن و جۆرەکانی دەوروبەر لە بارودۆخەکەدا کارلێك دەکەن و کۆی دەوروبەرەکە بەرجەستە دەبێت. ئەم لایەنە بە وردی لە پاری داهاتوودا و لە چێوەی تیۆری تایبەت و پەیوەست بە تابۆوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

پاری (3/3)ی بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەیەوە، لاپەڕە(132-159).

a/ Malmkjær, K. and Anderson, J. (1995:214-215).

b/ Victor, C. (2005:179-281) c/ Blackledge, A. (2005:199-200)

[29] Hpp:// Salah Kayed. Jeeran.com

[30] شایەنی باسە، کە لە زمانی ئینگلیزیشدا ئەم دیاریدەیە بە زەقی بەرچاو دەکەوێت، بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا، هەروەك لە وشەی (Looking glass) هەمبەر بە وشەی (Mirror) و وەك نیشانەیەکی دیاریکردنی چینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئینگلیزی دادەنرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

عواطف کنوش مصطفی (2007: 80).

کاتێکدا بە گشتی وشەی (ژن) لە زماندا بۆ ژنی کەسێکی ئاسایی لە چینێکی ئاسایی بەکاردێت. لەم تێڕوانینەوە توێژەران زۆربەی سەرنجیان بۆ سەلماندنی وردەکارییەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی قسەکەران تەرخانکردووە. ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە هەمەجۆریی زمانیی و گرنگی پێدانی بە پێی وەرگرتنی داتاکان لە کۆمەڵەوە، لە بەرئەوەی تا گرنگیی بەم لایەنە زیاد بکرێت زیاتر نزیك دەبینەوە لە دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان، کە بریتییە لەو هەمەجۆرییە زمانییەی کۆمەڵەی قسەکەران بەکاریدەهێنن و بە پێی (چین، ئاستی خوێندن، پیشە، توخم، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێك پێوەری کۆمەڵایەتی تر) دەناسرێنەوە[31]. بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە هەڵبژاردنی ڕستە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە ( ئەدەب، زبری، دورونزیکی).

(17) مەبەستت چییە، کوڕە!

ئەم دەربڕاوە لەو واتایە زیاتر دەبەخشێت، کە یەکە واتاییەکان دەریدەبڕن و گەورەتریشە لەو واتایەی ڕستەکە دەریبڕیووە، بە شێوەیەك ئەم دەربڕاوە شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەوروژێنێت، کە بەرهەمهێنراوە لە لایەن چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە و خاوەنی کۆدی واتایی دیاریکراوە[32].

لەم شیکردنەوانەوە دەکرێت گرنگی دەوروبەری کلتوری لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:

1) ڕۆڵی دەوروبەری کلتوریی لە دەرخستنی بەکارهێنانی وشەی دیاریکراو لە لایەن چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە، بۆ شیکردنەوەی ئەم گرنگییەش با لەم ڕستانە ڕابمێنین:

(18) پەروین خێزانیەتی.

(19) پەروین ژنیەتی.

(20) پەروین حەلالیەتی.

لەم ڕستانەدا دەوروبەری کلتوریی ڕۆڵی بەرچاوی لە هەڵبژاردنی هەریەك لە وشەکانی (خێزان، ژن، حەلاڵ)دا هەیە بە شێوەیەك، کە هەرسێ وشەکە بەکارهێنانیان لە زماندا هەیە، بەلام وشەی (خێزان) هەمبەر بە وشەی (ژن) چینی ڕۆشنبیر بەکاریدەهێنێت، هەروەها وشەی (ژن)

---

[31] جورج یول، ت/ محمود فراج عبدالحافظ ( 2000: 241-243).

[32] مازن الوعر (2001: 55-56).

هەمبەر بە (ژن) کەسانێکی ئاسایی بەکاریدەهێنێت. لە کاتێیکدا وشەی (حەڵاڵ) پیاوێکی ئاینی هەمبەر بە (ژن) بەکاریدەهێنێت[33].

2) ڕۆڵی دەوروبەری کلتوریی لە دیاریکردنی واتای مەبەست لەو وشانەی، کە بەکارهێنانێکی گشتیان هەیە[34].

((هەموو کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك یەکەی زمانیی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەرەکەیەتی لە سەر بیرکردنەوەی تاکەکانی))[35]. پەیوەست بەمەشەوە ئەگەر بڕوانینە وشەی (ڕەگ)، دەبینین بە پێی ئەو دەوروبەری کلتوریی و کۆمەڵایەتییەی لە چێوەیدا وشەکە دێت واتای مەبەستی دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئەم وشەیە لەم دەوروبەرانەدا، کە باس لە کشتوکاڵ دەکات بە واتای (ڕەگی درەخت) یان (ڕەگی گوڵ) دێت، لە کاتێکدا لای زمانەوانێك بە واتای (ڕەگی وشە "root") دێت، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر باس لە نەژاد و بنیچەی مرۆڤ بکرێت لە چێوەی وشەی (ڕەگوڕیشە)دا دێت.

3) ڕۆڵی دەوروبەری کلتوری لە دەرخستنی وابەستەیی وشەیەك بە کلتورێکی دیاریکراوەوە، لە کاتێکدا، کە نیشانەیە بۆ پابەندێتی (نەژادیی، ئاینی، ڕامیاری).

بە تێڕوانین لە وشەکانی وەك ( خەباتکەر، شۆڕشگێڕ، شەڕکەر، خۆبەختکەر، تیرۆریست، خۆکوژ) تێبینی ئەوە دەکرێت ، کە ئەم وشانە بەردەوام لەگەڵ یەکدانایەن، لە بەر ئەوەی هەریەك لەم وشانە تارماییەکی کلتوریی دیاریکراوی پەیوەست بە (مێژوون ئاینی، ڕامیاری)ەوە هەیە.

4) وابەستەیی دەوروبەری کلتوریی بە وەرگێڕانەوە:

هەروەك پێشتر خرایەڕوو، ئەنسرۆپۆلۆجیست (مالینۆفیسکی) هەر زوو هەستی بە گرنگیی شارەزایی و بە ئەزموونی وەرگێڕ کردووە لە کلتوری ئەو زمانەی، کە دەقێکی لێوە وەردەگیرێت[36].

---

[33] hpp:// Salah Kayed.jeeran.com

[34] سەرچاوەی پێشوو.

[35] ئاڤێستا کمال محمود (2009: 14).

[36] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە پەراوێزی ژمارە (16)ی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە، لاپەڕە (125).

دیارە ئەم دەوروبەرە گرنگییەکی زەق و بەرچاوی لە وەرگێڕاندا هەیە، لە بەر ئەوەی پێداویستییەکانی تێگەیشتنی ڕاست و وردی زانستی ئەوەیە، کە وەرگێر شارەزایی لە دەوروبەری کلتوریی دەقە وەرگێڕاوەکە هەبێت، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە بە وشەی بەرانبەر وەرگێڕێتە سەر زمانەکەی تر لەڕووی پەیوەستبوونی بە دەوروبەرەوە، چونکە بۆ وەرگێڕانی ئەو وشانەی دەربڕی بیروبارەوەڕ و مەزهەبی ڕامیارین، ناکرێت تەنها پشت بە واتای فەرهەنگی ببەسترێت، لە بەرئەوەی لەوانەیە بۆ وەرگێڕ سەر لێشێوێنەر بێت، ئەگەر واتای لاوەکیی وەرگیراو لە دەوروبەرە کلتورییەکەی وەرنەگرێت[37].

## 3/3) تابۆ پەیوەست بە دەوروبەری نازمانییەوە:

لەو تێڕوانینەوە، کە تیۆری دەوروبەر ڕێگەیەکی شیاوە بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینەی زۆرێك لە دەربڕاوە زمانییەکان لە چێوەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێت (ئەو دەوروبەرە زمانیی بێت یان نازمانیی بێت). ئەم پارەی لێکۆڵینەوەکە بۆ شیکردنەوەی تابۆ پەیوەست بە دەوروبەری نازمانییەوە تەرخاندەکرێت. بەو پێیەی، کە دەوروبەری نازمانیی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە تێگەیشتنمان بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی تابۆ زمانییەکان لە چێوەی دەوروبەری (سۆزیی و فیزیکی و کلتوری)یەکاندا هەیە. زانایانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەك (Stenstorm 1995,1999) و (Raysom et al 1997) و (Bayard and Krishnayya 2001) و (Holmes 2001) و (Dewaele 2004) چەندین توێژینەوەیان لە سەر کاریگەری ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (توخم، تەمەن، زمانی زاڵ، پۆلینە کۆمەڵایەتییەکان) لە سەر بەکارهێنانی دەربڕاوە زمانییە تابۆییەکان ئەنجامداوە[38].

---

[37] hpp:// Salah Kayed.jeeran.com

[38] شایەنی باسە ئەم زانایانە لێکۆڵینەوەی کارەکییان لە سەر ( وشە لە کۆرپە دەقی نەتەوەیی بەریتانیا، وشە تابۆکانی کۆرپە دەقی بێرگن، زمانی قسەکردنی خوێندکارانی نیوزلەندە لە ڕوانگەی بەکارهێنانی وشە هەستدەربڕ زبرەکانەوە (جنێو)، بەکارهێنانی ڕاستەقینەی دەربڕاوە تابۆکان لە ئاخاوتندا) کردووە، ئەگەر =لەم جۆرە کارانە وردببینەوە، دەبینین بە شێوەیەکی کارەکیی چەند ئەنجامێکیان بەدەستهێناوە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

1. مرۆڤە گەنجەکان زیاتر وشە جنێوەکان لە چاو مرۆڤە هەراشەکاندا بەکاردەهێنن.
2. لەم ئاستەی تەمەندا گەنجەکان جنێودان وەك ڕێگایەك بۆ دامەزراندنی کەسێتیی کۆمەڵایەتی ئەم گروپە گەنجانە بەکاردەهێنن.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم زانایانە پێڕەوی دوو ڕێبازییان کردووە، کە بریتین لە:

**یەکەم// شیکردنەوەی لەرینەوەیی"Frequency Analysis":**

ئەم ڕێبازە بریتییە لە هەژمارکردنی ژمارەی ئەو کاتانەی، کە کەسێك دەربڕاوە تابۆییەکانی تێیدا بەکارهێناوە[39] بەڵام ئەم ڕێبازە سەرکەوتوو نەبوو لەوەدا، کە نەیتوانی ئەوە بخاتەڕوو چۆن هەمان پۆلێنی کۆمەڵایەتی هەمان پۆلی دەربڕاوی تابۆیی بەکاردەهێنن، بەو واتایەی ڕێگاکانی جیاوازیکردن لە نێوان وشە تابۆ و ناتابۆییەکاندا ڕوو ن و ئاشکرا نییە.

**دووەم// شیکردنەوەی جۆریی "Qualitative Analysis":**

بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە سروشتی بەکارهێنانی وشە تابۆییەکان و تاقیکردنەوەش لە سەر ئەو لایەنە دەکرێت، کە دەربڕاوە تابۆییەکە بۆ چ پێگە و ناوچەیەکی تابۆیی دەگەڕێنەوە و ( هێزی "Strength") وشە تابۆییەکان سەر بە چ ناوچەیەکی تابۆن[40].

---

3. گەنجەکان لە سەرەتادا ئەو وشە تابۆیانە بەکاردەهێنن، کە پەیوەستن بە (سێکس و خواردنەوەوە)، بەرانبەر بەمە مرۆڤە هەراشەکان سەرچاوەی وشە تابۆکانیان لە بابەتە ئاینییەکانەوە هەڵدەگوێزن.
4. لە ناو گەنجەکاندا، مێینەکان زیاتر وشە توند و تیژەکانی بابەتی (سێکسکردن)یان بەکارهێناوە و هاوکات ئەوەش درکی پێکراوە، کە مێنییەکان پۆلێکی سنورداری وشە و زاراوە جنێوەکانیان لە چاو کوڕەکاندا بەکارهێناوە. ئەمەش بەو واتایەی، کە هەرچەندە لەڕووی ژمارەوە کچەکان جنێوەکانیان زیاتر بەکارهێناوە، بەڵام لەڕووی دەوڵەمەندی فەرهەنگی ئەم وشانەوە کوڕەکان فەرهەنگیان دەوڵەمەندترە.
5. خەڵکی تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ هێزی/ ڕێژەی هەستیی وشە تابۆکان هەیە. ئەم کارەش پشت بەست بە سیستەمی ژمارەیی "Scalar System" ئەنجامدراوە و سیستەمەکەش سەرکەوتوو بوو لە بەراوردکردنی هێزی "Strength"هەستیی وشە تابۆکان لە ڕێگەی تێگەیشتنی خەڵکیی لە سەر پۆلێکی زانراو و دیاریکراوی وشە تابۆکان، هەروەها ڕێژە و هێزی هەستیی بیروبۆچونی وشە تابۆکان لە زمانی یەکەمی قسەکەردا زۆر بەرز و باڵایە و دواتر بە شێوەیەکی پلەیی نزم دەبێتەوە لەو زمانانەدا، کە دواتر فێری دەبین.

[39] کارەکانی (Rayson et al 1997) نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ئاڕاستەیەن لە لێکۆڵینەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
Pang Chor Ying, J. (2009:5-6)

[40] توێژینەوەکانی (Stenstorm1995) و (Bayard and Krishnayya 2001) نموونەی ئەم ڕێبازەن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

لـەم بەشـەی لێكۆڵینەوەكـەدا هەوڵـدەدرێت كـار بـە ڕێبـازی دووەم (شـیكردنەوەی جـۆریی) بكرێت. لە میانەی وردبوونەوە لە سروشـتی دەربـڕاوە تابۆییـەكان پەیوەسـت بـە دەوروبـەری نازمانییەوە هەوڵدەدرێت چێوەیەك بۆ شیكردنەوە كارەكییـەكانی ئـەم بەشـەی لێكۆڵینەوەكـە بكێشرێت و بكرێتە ئامڕازی شیكردنەوە و هەڵهێنجانەكان.

بەمشێوەیە پەیوەست بە كاركردن لە سەر تـابۆ لـە ڕوانگـەی چوارچـێوە دەوروبەرییەكانـەوە، هەوڵـدەدرێت شـوێنپێی زانایـان (Huang and Tian 1990) هـەڵبگرین، بـەو پێیـەی پێشنیازی (دەوروبەر)یان[41] كردووە بۆ شیكردنەوەی تابۆ زمانییەكان.

پوختەی تێڕوانینی ئەم دوو زانایە لەمبارەیەوە ئەوەیە، كە دیاردەی تـابۆی زمـانیی دەكرێـت باشــتر و ڕوونــتر تێبیگــەین و شــیبكەینەوە لــە ڕێگــەی شــیكردنەوە و تاقیكردنــەوەی ئــەو هۆكارانـەی تابۆییـەكان دەوروژێـنن لـە (كلتـورە كۆمەڵایەتییـەكان"Social Culture") و (بـارودۆخی دەوروبـەر"Situational Context")دا. ئەمـەش بـەو واتایـەی، كـە ئـەم دوو زانایە پێشنیازی ئەوەیان كردووە، كە چەمكی تابۆی زمانیی لە دوو ئاستی دەوروبەرییەوە بە دەست دێت:

یەكەم:

هۆكــارە كۆمەڵایەتییــەكان "Social Factor"، كــە (ماكرۆكۆنتێكســت" Macro Context")ی پێـدەگوترێت. ئـەم هۆكارانـە تیشـك دەخەنـە سـەر ئـەو پێگـە، یـان ژینگـە كۆمەڵایەتییەی، كە واتای وشەكە چەمكێكی كۆمەڵایەتی نوێی لە چێوەیەدا بە دەسـت دێنێـت (بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو واتایە واتایەكی پیرۆز، یـان قێـزەون و ناشـرینە). دیـارە ئـەم واتا زیادكراوەشی بە شێوەیەكی بـاو وەردەگیرێـت و وەك ڕێككـەوتنێكی كۆمەڵایـەتی تێبینـی كردنییەتی لە لایەن زۆربەی قسـەپێكەرانی گروپێكـی كۆمەڵایـەتی ئاخاوتنـەوە، تەنانـەت ئـەم تێبینیكردنە بە شـێوەیەكی گشـتگیر نەتـەوەش دەگرێتـەوە. بـە كـورتی پێـوەر بـۆ تـابۆیی و ناتابۆیی دەربڕاوە زمانییەكان لە سەر دركپێكردنی گشتی خـەڵكانی كۆمەڵگایـەكی دیـاریكراو وەستاوە.

---

[41] لە بەشی یەكەمی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا پەیكاڵی تێڕوانینی هەرسێ زانا (چیمۆبۆ) و (ڕۆزبێـری) و (ڤانـدایك) و (گـی) لەگـەڵ (هوانگ و تیان) دەبینرێتەوە، كە وەك دەستپێك و سەرەتایەك لە سەر تیۆری دەوروبەر خرایەڕوو. ئەم زانایانە تێڕوانیـان لـە سەر دەوروبەر ئەوەبوو، كە خودی دەوروبەر لە دوو ئاڕاستەی سەرەكی پێكدێت، ئەوانیش (كلتور"Culture") بە سەرجەم تێـڕوانین و جیهـانبینی كۆمەڵگایـەكی دیـاریكراوە و (بـارودۆخ"Situation")، كـە خـۆی لـە هەلومـەرج و بارودۆخـەكانی ئاخاوتندا دەبینێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (2/1–2–2)ی بەشی (یەكەم)ی ئەم لێكۆڵینەوەیە، لاپەڕە(42–45)

دووەم:

هۆکـــارە بارودۆخییـــەکان "Situational Factor"، ئـــەمجۆرە بـــە (میکـــرۆ کۆنتێکست"Micro Context" ) دەناسرێت.

لە ڕوانگەی ئەم دوو زانایەوە لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان بریتین لە:

1. بەشـداربوانی ئاخاوتنـەکان: قسـەکەر و گـوێگر ( تـوخم و تەمـەن و پلـەو پایـەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییان ) لە بەرچاو دەگیرێت.
2. مەبەستی ئاخاوتن.
3. بابەتی قسە لە سەر کراو.
4. کات و شوێنی ئاخاوتن.
5. ئامراز و نێوەندیی گەیاندنی ئامراز.

لەم هۆکارانەی سەرەوەدا هەردوو زانا (Huang and tian) جەختێکی تایبەتیان خستۆتە سـەر (بگۆڕەکـانی بەشـداربووانی ئاخـاوتن"Participant Variables")، بـەو واتایـەی (تـوخم و تەمـەن و پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی و پیشـە و ئاسـتی کۆمەڵایـەتی قسـەکەران و گوێگران) ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە باری تابۆیی، یـان ناتـابۆیی دەربـڕاوە زمانییـەکان. بـۆ ئەم مەبەستە لە وەچەپارەکانی داهاتوودا هەوڵدەدرێت، کۆنترۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی دۆزینەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و کلتوری دەربڕاوەکان بکـەین. هـەروەها هەوڵـدەدرێت هۆکارە بارودۆخییەکانیش بە تایبەتی (بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)ی وەك (توخم، تەمـەن، پلـەو پایەی کۆمەڵایەتی) بە هۆی دەرهێنانی سیناریۆی ئاخاوتنەوە کۆنترۆڵ بکرێت.

## 1-3/3) تابۆ پەیوەست بە توخمەوە:

### 1-1/3/3) توخم لە زماندا:

توێژینەوە لە سەر جیاوازییە توخمییەکان لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیـدا چـەند ئاڕاسـتەیەکی تا ڕادەیەك لە یـەکتری جیـاوازی وەرگرتـووە بـە شـێوەیەك، کـە کرۆکـی ئـەم توێژینەوانـە لـە وردبوونەوە لە جیاوازی هەڵبژاردنی دەربـڕاوە زمانییـەکان لـە نێـوان تـوخمی (نێـر) و (مـێ)دا سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە سەرجەم کلتورە جیاوازەکانـدا ئاسـایی هەسـت

به جیاوازی ئاخاوتنی (نێر) و (مێ) دەکرێت. توێژینەوە سەرەتاییەکان لە سەر جیاوازییە توخمییەکان لە زماندا زیاتر جەختیان خستۆتە سەر (تێکەڵبوونی قسەکردنەکان)، بەو پێیەی، کە قسەکردن پێویستی بە توخمی (نێر) و (مێ)یشە. دواتر لێکۆڵینەوەکان بە چڕی جەختیان دەخستە سەر نیشانە بنەماییە زمانییەکانی وەك (چۆنیەتی دەربڕین"Prouncation" و ڕێزمان)، کە لە نموونەی داتا زمانییەکانی هەردوو توخمەوە هەڵدەهێنجرێت. ئەم کارەش هەمیشە بە ڕێبازی (چەندێتی "Quantitative") ناو دەبرێت و ئەنجامەکەشی دەبێتە هۆی دەرخستنی لایەنی ڕێزمانیی جیاوازی شێوازی قسەکردنی نێر و مێ[42] ، لە بەر ئەوەی ( نێر و مێ ) ئاسایی شێوازی قسەکردنی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم دیاردەیەش ڕەنگدانەوەی بارە کۆمەڵایەتی و کەسێتی و دەروونییەکانی خۆیانە[43] .

بەمشێوەیە لەم بابەتەدا پەیوەندی نێوان هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان و توخمی زمانبەکاربەر گرنگە. هەربۆیە تێگەیشتنی ئەوەی، کە (توخم) بونیادێکی کۆمەڵایەتی، یان کلتورییە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا زۆر بەرفراوان بووە. لە ئێستادا (توخم) لەڕووی چەمکییەوە، هەرگیز چەمکێکی یان دیاردەیەکی وەستاوی نەگۆڕ نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی چالاکانە بەرهەمدێت و لە کاردانەوەدایە لەگەڵ سەرجەم بابەتەکانی تری ژیان. بیرکردنەوە لە پەیوەندی (توخم) و (زمان)یش لە کۆن و ئێستادا دەمانخاتە بەردەم دوو تێڕوانینی جیاواز: لە ڕابردوودا لێکۆڵەران هەوڵیانداوە ئەوە بخەنەڕوو، کە (چۆن توخم کۆپەیوەندی لەگەڵ نیشانە زمانییە تایبەتمەندەکاندا هەیە)، بەڵام لە ئێستادا لێکۆڵەران مەبەستیان ئەوەیە، کە ( قسەپێکەران چۆن توانای بەکارهێنانی سەرچاوە زمانییەکان هەیە، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە بابەتی توخم بێت). بۆیە هەرکاتێك قسە دەکەین، یەکسەر ئەوە بە خەیاڵماندا دێت، کە (پیاو بین) یان (ژن بین)[44] . دیارە بەکارهێنانی سەرچاوە زمانییەکانیش لە لای هەریەك لەو دوو توخمە ڕەنگدانەوەی جیهانبینینیانە. لەمبارەیەوە بە پێی بۆچوونی (دێبۆرا تەنین"Debora Tannen"): (( پیاوان لە جیهانێکدا دەژین، کە بە شێوەیەکی قوچەکی ڕێکخراوە، تیایدا تاك یان سەرکەوتووە یان ژێرکەوتووە، یان براوەیە، یان دۆڕاوە. لە جیهانێکی لەمجۆرەدا، ئاخاوتن جۆرێکە لە دانووستان، کە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن سەرکەوتن

[42] a/ Weatherall, A. (2002:1-8) b/ Meyerhoff, M.(2006:211-220).
c/ Wardhaugh, R. (2006:319-330). d/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. ( 2007:63).

[43] محمد معروف فتاح (2010: 88).

[44] a/ Chambers, J., K. and Trudgill, P. (2004:83-85).
b/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. ( 2007:64).

بە دەست بێت و خۆبپارێزن لە کەسانی تر، کە هەوڵی ژێرخستن و لادانیان دەدەن))[45] . هەر زانا (دێبۆرا تەنین) دەربارەی جیهانبینی ئافرەتان، پێیوایە، کە: (( ئافرەتان خۆیان لە ناو تۆڕێك پەیوەندی دەبیننەوە. لەم چەشنە جیهانەدا، ئامانج لە ئاخاوتن لە یەکتر نزیکبوونەوەیە، کە تیایدا خەڵك هەوڵدەدەن یارمەتی و پاڵپشتی بکەن و وەربگرن، بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون. ژیانیش لای ئافرەتان هەوڵدانە بۆ پاراستنی پەیوەندییە پتەوەکان و دووورکەوتنەوەیە لە گۆشەگیری و دابڕان))[46] . بە مەبەستی گەیشتن بەم دوو ئامانجەش، کە بریتیی بوون لە ئامانجی هێز و دەستکەوت لای پیاوان و ئامانجی هاوڕێیەتی لای ژنان، بابەتی ستراتیژی ئاخاوتنی قسەکەرە نێرینە و مێینەکان جێی باس دەبێت. ئەمەش بە شێوەیەك، کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە دوای ساڵانی (1980)ەوە زیاتر گرنگیی بە چەند لایەنێکی بەرفراوانی قسەکردن داوە، بە تایبەتی گرنگی بە تایبەتمەندی ستراتیژییەتی ئاخاوتنی هەردوو توخمی (نێر و مێ)ی قسەکەر داوە[47] . لە گرنگترین ئەو ستراتیژییەتانەی، کە لە قسەکردنی توخمی مێینەدا[48] دەبینرێت، زیاتر بریتین لە:-

1. ئاخاوتنی ئافرەتان لە ئاخاوتنی پیاوان ڕوونترە، بەو واتاییەی زیاتر سوورن لە سەر گۆکردنی دروستی وشە و ڕستەکان[49] .
2. خود پاراستن "Hedges"، مەبەست لەم تایبەتمەندییە لە ئاخاوتندا ئەوەیە، کە قسەکەری مێ بابەتە قسە لەسەرکراوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەرنابڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین دەربڕاوی وەك ( مەبەستم ئەوەیە، خۆت دەزانیت،

---

[45] ئازاد عەلی (2009: 19).

[46] سەرچاوەی پێشوو (20).

[47] b/ Kotthoff, H. and Wodak, R. (1997:2-40).
a/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. ( 2007:64-65).

[48] لە ڕاستیدا لەم لێکۆڵینەوەیەشدا زیاتر جەخت خراوەتە سەر تایبەتمەندی و ستراتیژییەتی ئاخاوتنی توخمی مێ، چونکە هەروەك لە لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکاندا دەبینرێتەوە، هێندەی لێکۆڵینەوە و قسە لە سەر ئاخاوتنی توخمی مێ کراوە لە سەر ئاخاوتنی نێر نەکراوە. دیارە ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بەردەوام هەوڵیداوە لەو بابەتانەی زمان بکۆڵێتەوە، کە نهێنییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ شیبکرێتەوە. لەم سۆنگەیەشەوە بەردەوام هەوڵدراوە بە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی زمانی قسەکردنی مێینە لایەنە پەنامەکییەکانی ژیانی خودی مرۆڤی مێینە بخرێتەڕوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
a/ Tannen, D. (1993:17-30). b / Mills, S. (2003:16-50).
d/ Livia, A. and Hall, K. (2003:3-21) c/ Minchin, E. (2007:222-227).

[49] نایف خرما ( 1978: 195).

دەشـێت.....هتد) بـەکاردەهێنێت. ئەمـەش بـۆ مەبەسـتی هێشـتنەوەی هێڵـی پاشگەزبوونەوە و پەشیمان بوونەوە، بە مەبەستی خۆپاراستن، یـان ڕوونکردنـەوەی قسەکەی پێشتری، کە کردوویەتی، تا لە ئەنجامە نێگەتیڤییەکانی بۆچوونەکەی خۆی بپارێزێت[50].

3. ئافرەتان لە پیاوان زیاتر مەیلیان لە سەر بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانە هەیە، کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە. هەرچەندە پیاوەکانیش هەمان باکگراوەندی کۆمەڵایەتییان هەبێت و سەر بە هەمان چینی کۆمەڵایەتی بن[51].

4. بەکارهێنانی کلکە پرسیار "Tag-Question": بەکارهێنانی ئەم شێوازەی ڕستەی پرسیاریی، جارێکی تر دەرخەری ڕاڕایی کەسێتی قسەکەری مێیە، لە بەر ئەوەی بەردەوام دەربڕاوە کلکە پرسیارییەکانی وەك (وانییە؟ ، پێت چۆنە؟ ، باشە؟ ، باش نییە؟ ، چاکم نەکرد؟ .....هتد) دەردەبڕێت. مەبەست لە بەکارهێنانی ئەمجۆرە دەربڕاوانەش تەنها ئەوەیە، کە مەرج نییە قسەکەی ڕاست بێت، ئەگەر بەرانبەرەکەی پەسەندی نەکات، یاخود مەبەست بەردەوام گەڕانی قسەکەری مێیە بە دوای بە دەستهێنانی ڕەزامەندی کەسی بەرانبەری[52].

5. پەیوەست بە توانستی ئاوەزیی قسەکەرەوە چ نێر بێت یان مێ، واچاوەڕواندەکرێت قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو لەڕووی دەوڵەمەندی گەنجی وشەوە ژمارەی وشە تۆماربووەکان لە مێشکیاندا هاوشێوە، یاخود لە یەکەوە نزیك بێت ، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت، کە: (( ژن کۆمەڵێك وشە دەردەبڕن، کە پیاو بە شێوەیەکی عادەتی و بەردەوام بەکاریناهێنن، یان بەشێکیان وا بەکاریدەهێنن، کە بەکارهێنیان لای پیاو جیاوازە))[53]. دیارترین نموونەش لەم ڕوانگەیەوە بەکارهێنانی ڕەنگەکانە، بە شێوەیەك سەرنجی ئەوە دراوە، کە ژن ژمارەیەکی زۆرتری ڕەنگەکان بەکاردەهێنێت،

---

[50] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم ستراتیژییەتە، بڕوانە:
a/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. ( 2007:64). b/ Aitchison, J. (1993: 49).

[51] توێژینەوەکان لە سەر ئەم دیاردەیە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد( 1987: 207)
Holmes, J. and Meyerhoff, M. (2003:510-520)

[52] Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. (2007:64).

[53] نایف خرما ( 1978: 196).

وەك ڕەنگی ( بێجی، پەمەیی، شیریی، پیازیی، شێلمبەترشی،.....هتد)، لە کاتێکدا پیاو ئەم ڕەنگانە کەمتر و بە دەگمەن بەکاردەهێنێت.

6. بەکارهێنانی زمانی سوێندخواردن و پەیماندان لە قسەکردنی توخمی مێینییەدا دیاردەیەکی بڵاوە. دیارە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەمجۆرەدەربڕاوانەی وەك ( بەخوا، بە سەری باوکم، بە سەری براکەم،.......هتد) دەگەڕێتەوە بۆ بێ باوەڕی دەوروبەر و کۆمەڵی پیاو سالاریی بە قسە و بۆچوون و خۆشەویستی و توڕەبوونەکانی توخمی مێ[55]، ڕاستی ئەم تێڕوانینەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە: (( زمانی مێینە بەوە دەناسرێت، کە هەڵگری هێزێکی سۆزیی گەورەیە (جا ڕاست بێت، یان بۆ موجامەلە و خۆ بردنەوە پێشەوە بێت) ))[56].

7. بەکارهێنانی تەرزەکانی نۆرە گۆڕینەوە لە قسەکردندا"Turn-Talking Patterns": مەبەست لەمە ئەوەیە، کە چۆن لە گروپێکی کۆمەڵایەتی قسەکردندا بە سەرە و نۆرە قسە دەکرێت بەو پێیەی پاش تەواو بوونی کەسێك لە قسەکانی ئەوسا نۆرە دەچێتەوە سەر کەسێکی تر[57]. تەرزەکانی نۆرە گۆڕینەوە بە پێی جۆری توخمی قسەکەر دەگۆڕدرێت، بە شێوەیەك تێبینی ئەوە دەکرێت، کە قسەکەری نێر زیاتر قسە بە قسەکەری مێ دەردەبڕێت ( بە تایبەتی لە کلتوورە ڕۆژهەلاتییەکاندا، کە مێ پێگەیەکی کۆمەلایەتی هاوشێوەی نێری نییە)، لە کاتێکدا لە ئاخاوتنی هاوتوخمەکاندا نۆرە گرتن ئاساییە.

8. بە کارهێنانی بچوکترین وەلام "Minimal Response"[58]: ئەم تایبەتمەندییە زیاتر لە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتاندا بەدیدەکرێت، بە جۆرێك، کە چەندین دەربڕاوی وەك ( ئمم، ئێ، ئۆی، ئەیەڕۆ، سس، شش.....هتد)، بەڵگەی دیاری ئەم بۆچوونەن، کە لە کاتی تێبینیکردنی کاردانەوەی قسەکردنەکانی توخمی مێدا بەرچاو دەکەوێت.

دیارە ئەم تایبەتمەندییانەی قسەکردنی هەردوو توخم، ئەنجامی کارەکیی توێژینەوەکانن و هەرکۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگایەکی تر بە شێوەیەکی ڕێژەیی جیاوازە. خودی جیاوازیی

---

[54] Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. ( 2007:64). b/ Swann, J. and Maybin, J. (2010:215-217).

[55] نایف خرما ( 1978: 196)

[56] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بابەتە، بڕوانە: بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە(2/1–2–2–1–4)، لاپەڕە (49–50). هەروەها بشڕوانە:

a/Thomas, L. and Wareing, S. (1999:67-70)

b/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. ( 2007:64).

c/ McElhinny, B., S. (2007:158-170)

[57] a/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. ( 2007:64)

دەربڕاوە زمانییەکانی هەردوو توخمیش زۆر و کەم دەبێتەوە بە پێی پێگەی کۆمەلآیەتی هەردوو توخم، بە شێوەیەك ئەوە دەبینرێتەوە، کە لەو کۆمەلگایانەدا، کە زیاتر بەرەو یەکسانی و هاوشانی ئافرەت و پیاو ڕۆشتوون، ئەم جیاوازییە کۆمەلآیەتییانە ( کە لە زماندا ڕەنگدەداتەوە ) بەرەو کەمی دەڕوات. لە کاتێکدا لە کۆمەلگا دواکەوتووەکاندا، کە هێشتا ئافرەت ڕۆلّی خۆی هاوشانی پیاو نەبینیووە وسەرکوتکراوە جیاوازییەکە زۆرتر دەبێت.

## 2–1-3/3) تابۆ و توخم:

تاقیکردنەوەکانی ئەم وەچە پارە تەرخاندەکرێت بۆ شیکردنەوەی یەکێك لە ڕەهەندەکانی زانستی زمانی کۆمەلآیەتی لە تابۆ زمانییەکاندا، کە ئەویش پەیوەستی تابۆیە بە ئاڕاستەی توخمەوە. یەکێك لەو بیر و بۆچوونە باو و ڕۆیشتووەکان لە سەر توخم ئەوەیە، کەوا: (( نێرینەکان ویستی زیاتریان لە بەکارهێنانی زۆر بەهێز و زیاتری تابۆییە زمانییەکان هەیە لە چاو مێینەکاندا))[58]. هەر لەمبارەیەشەوە زانا (لاکۆف) بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە پیاو زیاتر مەیلی بەکارهێنانی وشە بەهێزە کرۆکدارە نێگەتیڤییەکانی وەك (جنێو و شتە پیسەکان)ی هەیە لە چاو ژناندا، کە زیاتر ویستی بەکارهێنانی وشە نەرم و نیانەکانیان هەیە[59]. بە مەبەستی کۆنکرێتکردنی بۆچوونەکە با لە نموونەی (21 و 22) ڕابمێنین:

(21) ئۆی ئازیزەکە ! دیسانەوە پەنجەی خۆت بڕی؟

(22) ئاخ لە دەست تۆ کەرە ! هەمدیسان پەنجەی خۆت بڕی؟

بە وردبوونەوە لە ڕستەی (21 و 22)، بۆماندەردەکەوێت، کە ڕستەی (21) وەك بەشێك لە زمانی قسەکردنی ژنان و ڕستەی (22)یش وەك بەشێك لە زمانی قسەکردنی پیاوان هەژمار دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە و بە مەبەستی دەرخستنی کاریگەرییەکانی توخمی قسەکەر لە سەر بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان، هەولّدەدرێت شیکردنەوە کارەکییەکانی لێکۆلّینەوەکە بە سوود وەرگرتن لە تیۆری (دەوروبەر)[60] بە گشتی و تایبەتتریش بە پێی وەچەتیۆری (هۆکارە کۆمەلآیەتی و بارودۆخییەکان"Macro and Micro Context")[61] بە ئەنجام بگەیەنرێت.

جێبەجێکردنی ئەم کارەش بە هێنانەوەی چەند سیناریۆیەك دەست پێدەکەین و دواتر دەربڕاوە زمانییەکانی ئەم سیناریۆیانە لە چێوەی تیۆری دەوروبەردا هەولّدەدرێت لە لایەکەوە

---

[58] Pang chor ying, J. (2009: 34).

[59] Schiffrin, D., Tannen, D., and Ijamilton, H., E. (2001:549).

[60] وردەکاری ئەم تیۆرییە لە (1/3)ی ئەم لێکۆلّینەوەیە، لاپەڕە (117–122)دا خراوەتەڕوو.

[61] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاری (3/3)،لاپەڕە(131–135).

به پێی دەوروبەرە کلتورییەکە کۆنترۆڵی ئەو هۆکارە کلتوریی و کۆمەڵایەتییانە بکرێت، کە نیوەی وێنە گشتییەکەی ئەم دەوروبەرە پێکدێنن، لە لایەکی تریشەوە تیشک دەخرێتە سەر هۆکارە بارودۆخییەکان بە پێی (دەوروبەرە بارودۆخییەکە)، کە نیوەی دووەمی وێنە گشتییەکەی دەوروبەر پێکدێنن. ئەمەش بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی لە بارودۆخەکەدا هەردوو دەوروبەری (سۆزیی) و (فیزیکی) کارلێك لەگەڵ ئاخاوتنەکەدا دەکەن.

سیناریۆی یەکەم:

(دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان دوو توخمی نێردا)

+ ق: ئەوە بۆ دیارنێت؟

+گ: چوزانم هەتیو.. !

+ق: کوڕی کەر چییتە؟

+گ: ئەی چیبکەم [خوام نەماوە] ئەمە کەی زرووفە !

+ق: [ حەیوان ] زرووف چییەتی لەمە خۆشتر دەبێت.

+گ: [ گوی سەگ ] لەم زرووفە !

لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان

– بەشداربووانی ئاخاوتن: قسەکەر و گوێگر.

– توخمی بەشداربووان: نێر.

– مەبەستی ئاخاوتن: دەربڕینی پەرۆشی بۆ یەکتری بینین.

– بابەتی قسە لە سەر کراو: بە یەکتر گەیشتنەوە دوای دابڕانی چەن ڕۆژێك.

– شوێنی ئاخاوتن: ناوبازاڕ.

سیناریۆی دووەم:

دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان دوو توخمی مێدا

+ق: کچێ هاتین لە ماڵ نەبویت.

+گ: دەباشە [ دەڵە قۆڕ] لە ساڵان و لە مانگان جارێ هاتویت، نایبڕیتەوە !

+ق: جا [ بێ تەربێت] چیت پێ بڵێم.

+گ: هیچ مەڵێ، خۆت دەمناسی !

لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان

– بەشداربووانی ئاخاوتن: قسەکەر و گوێگر.

– توخمی بەشداربووان: مێ.

– مەبەستی ئاخاوتن:  دەربڕینی ڕاز و گلەیی.

– بابەتی قسە لە سەر کراو: سەردان و یەکتر نەبینین.

– شوێنی ئاخاوتن: کۆڵان.

سیناریۆی سێیەم:

دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان نێرێك و مێیەکدا

+ق: سەیارەکەت کڕی؟

+گ: نەوەڵاّ پارەکە تەواوی نەکرد.

+ق: بۆچی تەواوی نەکرد [ دنیاتان خوارد] !

+گ: وەك ئێوە.

+ق: [ چیم دەدەیتێ ]؟ پارەکەت بۆ تەواو بکەم!

+گ: مەبەستت چییە؟

+ق: خراپ تێمەگە.

+گ: دەباشە دەی!

لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان

– بەشداربووانی ئاخاوتن: قسەکەر و گوێگر.

– توخمی بەشداربووان: قسەکەری نێر و گوێگریش مێ.

– مەبەستی ئاخاوتن:  خۆبردنە پێشەوە.

– بابەتی قسە لە سەر کراو: کڕینی سەیارە.

– شوێنی ئاخاوتن: فەرمانگەیەك.

سیناریۆی چوارەم:

دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان مێینەیەك و نێرێکدا

+ق: دوێنێ لە کاسۆمۆڵ بووم.

+گ: بۆچی چووبوویت؟

+ق: قابیله بۆچی چووم، هەر جل كڕینەكە نییە، ئەی وانییە؟
+گ: ئەزانی زۆر بچێتە بازاڕ، [ باشت پێناوترێت].
+ق: ئەمەش بوو بە [ بەڕەڵایی]!
+گ: بە هەڵە تێممەگە گیان!

لیستی هۆكارە بارودۆخییەكان

– بەشداربووانی ئاخاوتن: قسەكەر و گوێگر.
– توخمی بەشداربووان: قسەكەری مێیە و گوێگریش نێر.
– مەبەستی ئاخاوتن: خۆهەڵكێشان.
– بابەتی قسە لە سەر كراو: سەردانێك بۆ بازاڕی (كاسۆمۆڵ).
– شوێنی ئاخاوتن: باخی گشتی.

بە وردبوونەوە لە سیناریۆی یەكەم، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە دەربڕاوەكانی (هەتیو، خوام نەماوە، حەیوان، گووی سەگ) بە پێی واتای دەربڕاوەكان بە تابۆ دادەنرێن، بە شێوەیەك، (هەتیوو، كوڕی كەر، حەیوان) لە جۆری تابۆی بێڕێزین و دەربڕاوی (خوام نەماوە) تابۆی ئاینییە و (گووی سەگ)یش تابۆی تەندروستی/ بێڕێزییە.
شیكردنەوەی ئەم دەربڕاوانە لەڕوانگەی زانستی زمانی كۆمەڵایەتییەوە و بە تایبەتی تیۆری دەوروبەر، لە سەر هەردوو ئاستی دەوروبەری (كلتوریی) و (بارودۆخ) بەمشێوەیە دەكەوێتەوە.
بە پێی ئاستی دەقی كلتوریی و كۆمەڵایەتی گۆكردنی دەربڕاوی لەمجۆرە، ئەگەر لەم دەوروبەرە كۆمەڵایەتییەدا نەبێت وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا تابۆیە، بەڵام لەم دەوروبەر و بەكارهێنانەدا ئەگەری وتنیان هەیە، بەڵام چەمكێكی كۆمەڵایەتی نوێیان بەدەستهێناوە، كە چەمكی ناتابۆییە لە دەوروبەرەكەدا، ئەم واتا بە دەستهێنراوەش وەك ڕێككەوتنێكی كۆمەڵایەتی لە بەرچاو گیراوە، بە شێوەیەك، كە پلەی شیاویی بەكارهێنانی ئەم دەربڕاوانەمان لەم دۆخەدا بۆ ڕووندەكاتەوە. لەمەش وردتر ئەوەیە، كە دەربڕینی ئەمجۆرە دەربڕاوانە لە گروپێكی دیاریكراوی كۆمەڵایەتی قسەكەراندا زۆرجار وەك ئامڕاز و هۆكارێك بۆ دەربڕینی نزیكی و هاوڕێیەتی و دامەزراندنی كەسێتی ئەمجۆرە گروپانە بەكاردێت. ئەمجۆرە دەوروبەرە كۆمەڵایەتییەش وابەستەی ئاستی دەوروبەری (بارودۆخ) دەبێتەوە بە جۆرێك وردبوونەوە لە بارودۆخەكە لەڕوانگەی بەشداربووانی ئاخاوتن (قسەكەر و گوێگر، تەمەنییان، توخمییان، پلەو پایەی كۆمەڵایەتییان، پەیوەندییان/دورونزیكی) كارلێك دەكەن لەگەڵ مەبەستی ئاخاوتن

و بابەتی قسە لە سەرکراو و کات و شوێنی ئاخاوتن (دەوروبەری فیزیکی) و شیانی دەربڕینی ئەمجۆرە دەربڕاوانەمان بۆ دەخەنەڕوو.

لێرەدا پەیوەست بە ئاراستەی کۆمەڵایەتی (توخم)ەوە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییە ئامـاژە بۆکراوەکـان لـەڕووی چـەندێتییەوە زۆرن و لـەڕووی جۆرێتیشـەوە ڕێژەیەکی هەستیی بەرزیان تێدایە بەو واتایەی زۆر زبرن، بە تایبەتی ئەگەر ئەم ڕێژە بـەرزەی زبریی لە ڕوانگەی هەموو ئەو هەڵچوون و داچوونە دەروونییانـەی، کـە قسـەکەر دەربڕاوەکـانی وەك (هـەتیو، حـەیوان) دەردەبڕدرێـت و بەرانبـەر ئەمـەش گـوێگر ئـەم داتایانـە ئاسـایی وەردەگرێت و شیاندەکاتەوە و لە چێوەی وەڵامەکانیدا دەربڕاوەکـانی وەك ( خـوام نـەماوە، گووی سـەگ) دەبینرێتـەوە. بـەو واتایـەی لـە ڕووی دەروونییـەوە، ئەگـەر قسـەکەر ئـەمجۆرە دەربڕاوانە لە هەر دەوروبەرێکی دەروونیی تردا بە کەسێکی تر بڵـێین، ئـەوا شـەڕ و پێکـدادانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام لەم دەوروبەرەدا هاوسەنگییەك لە نێوان ئاماژە دەروونییەکانی قسـەکەر و گوێگردا دەبینرێتەوە. بەڵگەش بۆ ئەم لایەنە ئاماژە زمانییەکانی وەك جەختکردن و ئـاوازی ڕستەکانە، کە ڕاستی تاسە و سۆزیی بینینی قسەکەر و گوێگرمان بۆ یـەکتر لێکدەداتـەوە. بـە هەر حـاڵ ئـەوەی پێویسـتە لێـرەدا بگوترێـت ئەوەیـە هـاوتوخمیی قسـەکەر و گـوێگر ڕێگـەی ئەوەمان پێـدەدەن، کـە بڵـێین ئـەم هاوتوخمییـە هاوکـاری زۆری چـەندجارە وتنـی دەربـڕاوە تابۆییەکە و سروشتی دەربڕاوەکان (زبرییان)ن.

بە تێڕوانین لە سیناریۆی دووەم، کە بریتی بوو لە دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان دوو توخمی مێدا ئەوە بەدیدەکەین، کە دەربڕاوەکانی (دەڵەقۆڕ، بێ تەربێت) بە گشـتی لـە زمانـدا تـابۆن و لـە جـۆری (جنیـۆ/بێڕێزین)، بـەڵام بـە شـیکردنەوەی ئـەم دەربڕاوانـە لـە چـێوەی دەوروبـەرە بەکارهێنراوەکەیدا شیاویی ئەم دەربڕاوانەمان بۆ دەردەکەوێت. بـە شـێوەیەك پەیوەسـت بـە دەروبەری کلتوریی و کۆمەڵایەتییەوە ڕاستە گوتنی ئەمجۆرە دەربڕاوانە بە پێی کلتوریی کورد تابۆیـە، بـەڵام بـە پێـی ژینگـە کۆمەڵایەتییەکـە و لـەم بەکارهێنانـەدا دەربڕاوەکـان چـەمك و واتایەکی کۆمەڵایەتیی نوێیان بـۆ دەسـتەبەر کـراوە. هەرچـەندە ئـەم دوو دەربـڕاوە واتایـەکی قێـزەون و ناشـرینیان هەیـە، بـەڵام باکگراوەنـدی کۆمەڵایـەتی قسـەکەر و گـوێگر و بـە پێـی بیرباوەڕی شیاو و ڕۆیشتوو، ( کە ئەو بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییە، کە کۆمەڵگایـەك هەوڵـدەدات تاکـەکانی کۆمـەڵیان لـە سـەر ڕێکبخـات )، ئەگـەری گـۆکردنی ئـەم دەربڕاوانـەمان لـە دەوروبەرەکەی خۆیدا بۆ فەراهەم دەکەن.

پەیوەست بە بارودۆخی ئاخاوتنەکەشەوە، بە واتای ئەو هەلۆیستەی، کە دەربڕاوەکـانی تێیـدا دەگوترێت. سەرجەم بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك بەشدابووانی ئاخاوتن (توخم، تەمەن، پلـە

و پایەی کۆمەڵایەتی )یان و مەبەست و بابەت و کات و شوێنی ئاخاوتن کارلێك لەگەڵ یەکتردا دەکەن و لە چێوەی ئەم دەوروبەردا ئاخاوتنەکە بە ئەنجام دەگەیەنرێت. لەم بارودۆخەدا پارامیتەری (توخم) ڕۆڵێکی بەرچاو لە شیان و ڕێژەی هەستی دەربڕاوەکاندا دەگێڕێت بە شێوەیەك هاوتوخمی قسەکەر و گوێگر (کە هەردووکیان مێن) ئەو ئەنجامەمان پێڕادەگەیەنن، کە دەربڕاوەکان لەڕووی چەندێتییەوە کەمن، بەڵام لەڕووی جۆرێتییەوە ڕێژەیەکی هەستیی بەرزیان تێدایە. ئەمەش بە خوێندنەوەی ئەو بارودۆخە سۆزیی و دەروونییەی، کە هەردوو توخم تیایدان بە شێوەیەك لەگەڵ ئەوەی دەربڕاوەکانی (دەڵەقۆڕ، بێ تەربێت) تابۆن، بەڵام لە خوێندنەوەی مەبەست و ڕەوتی بەڕێوەچوونی ئاسایی گفتوگۆکەدا، ئەوە دەردەکەوێت، کە دەربڕینی ئەم دەربڕاوانە هێندەی دەربڕی هەست و سۆز و مەیلی یەکتر بینین هێندە چەمکی تابۆییان لەخۆ نەگرتووە و وەك ئاماژەشی بۆ کرا فاکتەری سەرەکیی هاوتوخمی بەشداربووانی ئاخاوتنەکەیە. لە لایەکی تریشەوە شوێنی ئاخاوتنەکە پلەی شیاوی بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکەی کردووە بەو پێیەی قسەکەر و گوێگر لە کۆلانێکدا بە تەنها بەیەکگەیشتوون، بۆیە ئەگەری بەرزی پلەی تابۆیی دەربڕاوەکە (قسەی هەستدەربڕی بەهێز) لە ئارادایە.

لە سیناریۆی سێیەمدا، کە ئاخاوتنێکی (تێکەڵە)، واتە لە نێوان دوو توخمی جیاوازدایە. کاتێك دەربڕاوەکانی (دنیاتان خوارد) و (چیم دەدەیتێ) ئاڕاستەی توخمی مێ دەکرێت، بە شێوەیەکی داپۆشراو دوو چەمکی تابۆیی (دزیکردن، یان بە ناڕەوایی پارە پەیداکردن) هەمبەر بە (دنیاتان خوارد) و (داوای سێکسی کردن) هەمبەر بە (چیم دەدەیتێ) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە قاڵبێکی یوفیمیزمدا[62] دەبینرێتەوە. شیکردنەوەی ئەم ئاخاوتنەش پەیوەست بە دەوربەری کلتوریی و بارودۆخەوە. بەمشێوەیە هەڵدەسەنگێندرێت. بە پێی ئاستی دەوروبەری کلتوریی و کۆمەڵایەتی دەربڕینی ئەم جۆرە چەمکە تابۆییانە بە شێوازی جوانی دەربڕین پێویستی و تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە، بەو پێیەی لە سەر بنەمای بەها کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکان شیاو نییە. ئەمجۆرە چەمکانە لە نێوان دوو توخمی جیاوازدا بە فۆرمە تابۆییەکەی دەربڕدرێت، بە هۆی:

1. توخمی مێ زیاتر مەیلی ناڕاستەوخۆیی لە دەربڕیندا هەیە، لە بەر ئەوە توخمی نێر ناچارە ناڕاستەوخۆ قسە بکات.

---

[62] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پەیوەندیی (یوفیمیزم) و (تابۆ)، بڕوانە: پاری (3-1/2)ی بەشی (دووەم)، لاپەڕە (60-64).

2. ئافرەت هەستی لە پیاو ناسکترە.
3. وابەستەیی کلتوریی کوردبە ئاینەکەیەوە، بەو پێیەی ئەمجۆرە دەربڕاوانە لە نێوان دوو توخمی جیاوازدا، کە حەلاڵی یەك نەبن، حەرام و نەشیاوە.

پەیوەست بە ئاستی دەوروبەری بارودۆخیشەوە، دەبینین سەرجەم پارامیتەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (بەشداربووانی ئاخاوتن "قسەکەر و گوێگر، توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان") و مەبەست و بابەت و کات و شوێنی ئاخاوتن ڕۆڵیان لەم ئاخاوتنەدا گێڕاوە، بەڵام لەم پارامیتەرانەدا ئەوەی جێی باسە و ڕۆڵی گرنگی لەم سیناریۆیەدا بینیوە، بریتییە لە (توخم) و (مەبەست)ی ئاخاوتن. مەبەستی ئەم ئاخاوتنە ڕازیکردنی توخمی مێیە بەو بیرۆکە و مەبەستە تابۆییەی لە مێشکی قسەکەری نێردایە. ئاڕاستەی (توخم)یش بە تەواوی کۆنترۆڵی لایەنی چەندێتی و جۆری دەربڕاوەکان کردووە بە شێوەیەك، کە چەمکە تابۆییەکان بە هۆی جیاوازی توخمەوە بە فۆڕمێکی تابۆیی دەرنەبڕاوە و بە فۆڕمی یوفیمیزمانە دەربڕاوە بە واتای ئەوەی لەڕووی چەندێتییەوە فۆڕمی تابۆ بوونی نییە. لەڕووی جۆرێتیشەوە دەربڕینی چەمکە تابۆییەکە بە دەربڕاوی یوفیمیزمی خۆی لە خۆیدا ناڕاستەوخۆیی دەربڕاوەکانی لەڕووی جۆرییەوە هێناوەتە ئاراوە. ئەم لایەنەش بە وردی لە سەرنجدانی ئەنجامی کاردانەوەی دەربڕاوەکان لە لایەن قسەکەر و گوێگرەوە لە چێوەی دەوروبەرە دەروونییەکەدا بەرجەستە دەبێت بەوپێیەی هەر کاتێك قسەکەری نێر دەربڕاوەکانی (دنیاتان خوارد) و (چیم دەدەیتیٚ) دەردەبڕدرێت، ئەوا لەڕووی سۆزیی و دەروونییەوە کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لە سەر گوێگر دەبێت، وەك ئەوەی بە دەربڕاوی (مەبەستت چییە؟)دا ئەم کاریگەرییە دەردەکەوێت، بۆیە ناچار قسەکەر دەربڕاوی وەك (خراپ تێم مەگە!) وەك ئامرازێك بۆ پاشگەزبوونەوە و هێورکردنەوەی ئاخاوتنەکە بەکاردەهێنێت.

سیناریۆی چوارەمیش، کە هەر لە نێوان دوو توخمی جیاوازدایە، بەڵام ئەمجارەیان زیاتر قسەکان توخمی مێ ئاڕاستەی گوێگری نێری دەکات. دەربڕاوەکانی (قابیلە بۆچی چووین؟!)، (باشت پێناوترێت؟!)، لەم سیناریۆیەدا بە ناڕاستەوخۆیی ئاماژەن بە دوو چەمکی خراپی (خۆ بۆ بەدڕەوشتی نەچووین!) هەمبەر بە (قابیلە بۆچی چووین؟!)، (بەخراپی باس دەکرێیت) هەمبەر بە (باشت پێناوترێت)، لە کاتێکدا لە دەربڕاوی (بەڕەڵایی)دا ڕاستەوخۆ لایەنی نێگتیڤی چەمکەکە دەردەکەوێت. ڕاڤە کردنی ئەم دەربڕاوانەش لە چێوەی دەقی ئاخاوتنەکەدا، بەمشێوەیەیە:

لە ڕوانگەی ئاستی دەوروبەر (کلتوریی و کۆمەڵایەتییەوە)، ئەم دەربڕاوانە واتایەکی نوێی کۆمەڵایەتییان وەرنەگرتووە، بەڵکو بە پێی تێڕوانینە باوەکە، ئەگەر خوێندنەوەیەکی کلتوریی

بۆ بکەین لە کلتوریی ئێمەدا ئافرەت نابێت بە تەنها بچێت بۆ بازاڕ، هاوکات ناشبێت زۆر بچێت بۆ بازاڕ و دووبارەکردنەوەی ئەم ڕەفتارە کردەیەکی نەشیاو و ناچیزەیە. ئەم پێگە کلتورییەی دەربڕاوەکانیش دەربڕی ئەو ڕاستییەن.

پەیوەست بە ئاستی دەوروبەری باردۆخیشەوە دیسانەوە سەرجەم پارامیتەرە کۆمەڵایەتییەکان لەکارلێکدان، بەڵام پلەی شیاوی بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان، توخمی قسەکەر و گوێگر بە شێوەیەکی دیار کۆنترۆڵی کردووە. بە شێوەیەك لە بەر ئەوەی توخمی قسەکەر مێیە، دەبینین لە سەرەتای ئاخاوتنەوە چەمکی تابۆییەکان بە شێوەیەکی پلەیی لە دەربڕاوی یوفیمیزمەوە دەستی پێکردووە (قابیلە بۆچی چووین؟!)، (باشت پێناوترێت!)، دواجار دەربڕاوی (بەڕەڵا) ئاڕاستەی ئاخاوتنەکەی بەرەو تەواو دەربڕینی چەمکە تابۆییەکە بردووە. بەم پێیە دەبینین لەڕووی چەندێتییەوە لەم ئاخاوتنەدا دەربڕاوی یوفیمیزمی ڕوو لە زیادبوونە و دەربڕاوە تابۆییەکان کەمترن. لەڕووی جۆرێتیشەوە دەربڕاوی داپۆشراو زیاتر لە ئاخاوتنە ناڕاستەوخۆکاندا ڕۆڵیان هەیە. بەو پێیەی ناکرێت ئەنجامی ئەم ئاخاوتنانە بە شێوەیەك بکەوێتەوە، کە ڕاستەوخۆ توخمی نێر بە مێیەك بڵێت:

(ئەوەندە مەچۆ بۆ بازاڕ، خۆ بەرەڵا نیت، ئەمە ئیشی ئافرەتی سەر بە دەرەوەیە).

ڕاستی ئەم بۆچوونەش لە دەروروبەری دەروونیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت. بەو پێیەی ئەگەر ڕێژە و ڕادەی هەڵچوونەکانی قسەکەر و گوێگر لە دەربڕاوەکاندا بخوێنینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە قسەکەرە مێییەکە لە سەرەتای ئاخاوتنەکەوە لە بارێکی سۆزیی/ دەروونیی ئاساییدا ئاخاوتن دەستپێدەکات، بەڵام دواتر هەرچەندە قسەکەری نێر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە دەڵێت، کە ئەم کارە کارێکی شیاو نییە، بەڵام گوێگری مێ ڕێژەی هەڵچوونەکانی بەرز دەبێتەوە و سەرەتا بە داپۆشراوی وەڵامی قسەکەری نێر دەداتەوە، بەڵام دواجار بە پێی ڕەوتی ئاخاوتنەکە لایەنی دەروونی ناهەموار دەبێت و دەربڕاوێکی تابۆیی وەك (بەڕەڵایی) بە ڕێژەیەکی هەستیی بەرزەوە دەردەبڕدرێت.

## 2-3/3) تابۆ پەیوەست بە تەمەنەوە:

### 1-2/3/3) تەمەن لە زماندا:

چۆن جیاوازییە توخمییەکان کاریگەرییان لە سەر هەڵبژاردنی دەربڕاوە زمانییەکان لە لایەن بەشداربووانەی ئاخاوتنەوە هەبوو، بە هەمان شێوە دەکرێت لەم وەچەپارەدا گفتوگۆ لە سەر پەیوەندی نێوان زمان و تەمەن بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا شیکردنەوە دەربارەی

تێڕوانین و پۆلکردنەکانی تەمەنی مرۆڤ دەخرێتەڕوو، دواتر خودی پەیوەندییەکە (پەیوەندی زمان بە تەمەنەوە) دەخرێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکەوە. پێویستە دەستپێکی بۆچونەکانیش بەوە دەست پێبکرێت، کە: (( تەمەن یەکێکە لە کەتیگۆرییە جیهانییە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە هەمەچەشنی زماندا. ئەم کەتیگۆرییەش هەمیشە بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە لێکۆڵینەوەی تێداکراوە و وەك ڕاستییەکی بایلۆژی بۆ پۆلێنکردنی قسەکەران مامەڵەی لەگەڵداکراوە))[63]. تەمەنیش وەك سەرجەم ڕاستییە بایلۆژییەکانی تری مرۆڤ، هەم پێکهێنی لایەنی جەستەییەتی و هەم بنەمای دامەزراندنی کەسێتی ئەو مرۆڤەیە. هەربۆیە: (( تەمەنی مرۆڤ وەك دامەزراوەیەکی ڕەهەندییانە بۆ دیاریکردنی کەسێتی مرۆڤ و ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکەی وایە، هەروەك چۆن توخم و نەژاد"ethnic" و زمانی قسەکردنی دەستورییانە ئەم ڕۆڵە دەبینن))[64]، بەڵام لە بەرچاوگرتنی ئەوەی لەم بوارەدا گرنگییان کەم تا زۆرە، بۆیە دەبینین، کە: (( لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکاندا تەمەنی مرۆڤ زۆر زیاتر لە کاتیگۆرییە جیهانییەکانی تری وەك (توخم و ڕەگەزپەرستی و پۆلینە کۆمەڵایەتییەکان) بڕیار لە سەر ئەو شتانە دەدات، کە دەبێت بیکەین، یان نابێت بیکەین))[65].
لەم تێڕوانینەوە گەر بڕوانینە پەیوەندی نێوان تەمەنی قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو (کورد وەك نموونە) بە کلتور و زمانەکەیەوە، دەبینین تەمەنی مرۆڤ دەبێتە پێوەر بۆ سەرجەم ئەو هەڵسوکەوتە شیاوانەی، کە پێویستە لە ناو کۆمەڵگایەکەیدا بیکات. بە شێوەیەك کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی و جل لە بەرکردنی و ژنهێنانی و شووکردنی و ........هتد دەبێت ، هاوکات ئەم کاریگەرییە زمانەکەشی دەگرێتەوە. بەو پێییەی هەر تەمەنە حوکمی هەڵبژاردنی داتا زمانییە شیاوەکان دەکات بۆ بەکارهێنانی لە باردۆخە گونجاوەکاندا. بەمشێوەیە تەمەنی مرۆڤ تا ئەوپەڕی ئاست کاریگەری دەبێت لە سەر ئەوەی چۆن هەست بە تەمەن دەکەین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، بۆیە ئەم هەستیاری و هەستپێکردنە بریتییە لەوەی، کە ئێمە زمانی قسەکردنمان لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ تەمەنماندا. ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەش لەوەدا هەستی پێدەکرێت، کە: (( زمان بە پێی تەمەنی قسەکەر دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زمان بە فێربوون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەڕوات و ئەم فێربوونەش هەرچەندە لە تەمەنی شەش ساڵی ساواکەدا تەواو

[63] a/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. (2007: 69). b/ Swann, J. and Maybin, J. (2010: 72074).
[64] a/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. (2007: 69).
b/ Hornberger, N., H. and McKay, S., L. (2010:404-405, 436-437)
[65] a/ Thomas, L. and Wareing, S. (1999:91-96) b/Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. (2007: 69).

دەبێت و کاتێك دەدوێت و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت)) [66]. هەر ئەم قۆناغانەی تەمەنیشە، کە تەمەن پەیوەست دەکاتەوە بە هەمەچەشنی زمانەوە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، بەو پێیەی، کە: (( تەمەنی قسەکەر شوێنێکی پەیوەستە لە کۆمەڵگادا و هەمیشە دەبینرێت لەڕوانگەی قۆناغەکانی ژیاندا، کە قسەکەرەکان بە هۆیەوە دەگوازرێنەوە)) [67]. لەم ڕوانگەیەشەوە مەودای ژیانی مرۆڤ بە شێوەیەکی باو بە سەر چوار قۆناغدا دابەشدەکرێت، کە بریتین لە:-

1. قۆناغی منداڵیی "Childhood/Infancy".
2. قۆناغی مێردمنداڵیی "Adolescence".
3. قۆناغی هەراشیی "Adulthood".
4. قۆناغی پیریی "Old Age".

هەر قۆناغێکیش لەم قۆناغانە تایبەتمەندی زمانیی خۆیان هەیە، کە زیاتر لە چێوەی شیکردنەوەکانی پەیوەستبوونی دەربڕاوە تابۆکان بە تەمەنەوە دەخرێتەڕوو.

## 2-2-3/3) تابۆ و تەمەن:

بە تێگەیشتن لە تێڕوانینە زمانییەکانی پەیوەندی نێوان زمان و تەمەن و کاریگەری تەمەنی مرۆڤ لە سەر زمانی ئاخاوتنەکەی (هەروەك لە (1-2-3/3)دا خرایەڕوو)، ئاشکرا دەردەکەوێت، کە تەمەنی مرۆڤ کاریگەری و کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر زمانی قسەکردنی مرۆڤ هەیە. لەم ڕوانگەیەوە و پەیوەست بە شیکردنەوەکانی دەوروبەری نازمانی، کە لە (3/3)دا خرایەڕوو. لەم وەچەپارەدا هەوڵدەدرێت کارەکییانە ئەم کاریگەری و کاردانەوانەی تەمەن لە سەر زمانی ئاخاوتن بخرێتەڕوو. بێگومان لە ناو زمانی ئاخاوتنیشدا زیاتر مەبەستمان دەربڕاوە تابۆییەکانی زمانی ئاخاوتنە، واتە هەوڵدەدرێت بۆ شیکردنەوەی کاریگەری تەمەن لە سەر بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان، (سێ) سیناریۆی زمانیی بۆ (سێ) کارلێکی ئاخاوتنی تابۆیی تەمەنی جیاواز بهێنرێتەوە و کارەکییانە شیکاریی بۆ دەکرێت.

سیناریۆی یەکەم:

دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان دوو گەنجی هاوتەمەندا

+ق: نەڕۆیین؟

---

[66] محمد معروف فتاح ( 1990: 103).

[67] a/ Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. (2007: 69).
b/ Schiffrin, D., Tannen, D., and Ijamilton, H., E. (2001:569-577).

+گ: بۆ کوێ؟

+ق: کوڕە ! بۆ دۆمینەیە، نێرگەلەیە، [ ویسکییە حەیاتەکە بێ! ]

+گ: [ کوڕی ئاسمان ] زووە، ئێستا مەشغوڵم.

+ق: [ کوڕی کەر ] واز لە ئیش بێنە !

+گ: [ گوت خوارد] جارێ ئیشی زەروورم هەیە، وەختی [ کولەپێنج و بەڕەڵایی] نییە !

+ق: [ کەرە] زوو ئیشەکەت بکە، با فریای [ سەرسەرێتی] خۆمان بکەوین.

+گ: زۆرچاکە، چاورێمبە.

لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان

بەشداربووانی ئاخاوتن: قسەکەر و گوێگر.

توخم: نێر/ هاوتوخم.

تەمەن: گەنج/ مێردمنداڵ (17) ساڵ.

مەبەستی ئاخاوتن: کات بە سەر بردن(ڕابواردن).

بابەتی قسە لە سەر کراو: ئەنجامدانی چەند بابەتێکی گەنجانە.

شوێنی ئاخاوتن: شەقامی سالم.

سیناریۆی دووەم:

دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان گەنجێك و هەراشێکدا

+ق: مامۆستا منداڵ چۆن دروست دەبێت؟

+گ: لە ڕێی [جووتبوونی] دایك و باوکەوە.

+ق: چۆن؟ باش تێنەگەیشتم، مامۆستا گیان!

+گ: [ لە کردەی جووتبووندا] ئەگەری [ پیتاندنی هێلکەیەکی] دایکەکە لە لایەن [ سپێرمێکی] باوکەکەوە هەیە.

+ق: ئێستا تێگەیشتم، سوپاس.

شیکردنەوەی دەقی ئاخاوتنەکە

بەشداربووانی ئاخاوتن: قسەکەر و گوێگر.

توخم: قسەکەر (مێ)، گوێگر (نێر).

تەمەن: قسەکەر (16 ساڵ)، گوێگر (36 ساڵ).

مەبەستی ئاخاوتن: تێگەیشتن لە وانەیەکی زیندەورزانی.

بابەتی قسە لە سەر کراو: پرۆسەی دروستبوونی منداڵ.

شوێنی ئاخاوتن: قوتابخانەیەکی دواناوەندی کچان.

سیناریۆی سێیەم:

دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان گەنجێك و پیرێکدا

+ق: ئەرێ باپیرە حەبێکی سەریەشەت پێ نییە؟

+گ: کورە [ هەتیوو]! لە ئێستاوە خۆت فێری حەب خواردن مەکە.

+ق: سەریەشەیەکم تووش بووە [ ئیمانی لە کەللەما] نەهێشتووە!

+گ: دەمت داخە، [ گوێرەکە ] کفری چی دەکەیت؟!

+ق: ئەوە کەی کفرە.

+گ: [ کەرە] بڵێ: ئەستەغفیرەڵڵا، خوا غەوری غەزەبت لێدەگرێت!

+ق: باشە، تورە مەبە!

لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان

بەشداربووانی ئاخاوتن: قسەکەر و گوێگر.

توخم: قسەکەر (نێر)، گوێگر (نێر).

تەمەن: قسەکەر (17 ساڵ)، گوێگر (62 ساڵ).

مەبەستی ئاخاوتن: چارەسەرکردن.

بابەتی قسە لە سەر کراو:داواکردنی حەبی سەریەشە.

شوێنی ئاخاوتن:ماڵەوە.

دیارە لە سیناریۆی یەکەمدا، دەربڕاوە زمانییەکانی ( ویسکییە حەیاتەکە) و ( کوڕی ئاسمان) و (کوڕی کەر) و ( گووت خوارد) و (کوللە پێنج و بەرەڵایی) و (سەرسەرێتی)، بە پێی نیشانە واتاییەکانییان جۆرەکانی تابۆیی (ئایینی، بێڕێزیی، ژمارە)یان تێدا دەبینرێتەوە.

شیکردنەوەی ئەم دەربڕاوە تابۆییانەش پەیوەست بە تیۆری دەوروبەرەوە بەمشێوەیە دەخرێتەڕوو.

پەیوەست بە دەوروبەری (کۆمەڵایەتی و کلتوریی)ەوەن بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانە لەم دەوروبەرەدا بەرگێکی کۆمەڵایەتی نوێی بە بەردا کراوە، کە بریتییە لە ڕەوینەوەی لایەنی نێگەتیڤی چەمکی ئەم دەربڕاوە تابۆییانەیە، بە ڕادەیەك، کە پێچەوانە بۆتەوە پۆزەتیڤانە لەم دەوروبەرەدا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، بەو پێیەی ئێمەی گوێگر (کەسی سێیەم) کاتێك ئەم دەربڕاوانە دەبیستین بە تابۆی دادەنێین لە ڕوانگەی هەموو ئەو بنەما و بەها ئاینی و

عورف و نەریتانەی کوردەواری، کە لە سەری ڕاهاتووین، لە کاتێکدا ئەم دەربڕاوانە لەدەقێکی لەو شێوەیەدا نزیکێتی و هاوڕێیەتی و نێوان خۆشی قسەکەر و گوێگر دەگەیەنێت. هەر ئەم لایەنەشە دەبێتە هۆی چەسپاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم دەربڕاوانە لەم دەرووبەرەدا.
پەیوەست بە دەورووبەری بارودۆخیشەوە، دیسانەوە سەرجەم ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکانی ( قسەکەر و گوێگر، توخمیان، تەمەنیان، پلەو پایەی کۆمەڵایەتییان) لەگەڵ مەبەستی ئاخاوتن و بابەتی قسە لە سەر کراو و شوێنی ئاخاوتن (دەورووبەری فیزیکی) و پلەی هەڵچوونی سۆزیی قسەکەر و گوێگر (دەورووبەری سۆزیی) کارلێك دەکەن و ئەگەری ڕوودانی ئەمجۆرە دەربڕاوانەدەهێننە ئاراوە. ئەوەی لێرەشدا مەبەستە جەختی لە سەر بکرێتەوەئاڕاستەی تەمەنی بەشداربووانی ئاخاوتنە، کە هاوتەمەنن. ئەم نزیکییەی تەمەنییان فاکتەری سەرەکییە بۆ شیانی دەربڕینی ئەمجۆرە دەربڕاوانە. بە شێوەیەك هەم لە چەندێتی دەربڕاوەکاندا و هەم لە جۆریتی دەربڕاوەکاندا بەرجەستە بووە. لەڕووی چەندێتییەوە بڕێکی زۆر دەربڕاوی تابۆ هەیە و لەڕووی جۆریتیشەوە سروشتی ئەم دەربڕاوانە ڕێژەیەکی هەستی بەرزیان هەیە. ئەم ڕێژە هەستییە بەرزەش بە پێی دەورووبەری (سۆزیی) بە ئاشکرایی بە دەربڕاوەکانەوە دیارە و لێکدەدرێتەوە.
سیناریۆی دووەم، کە بریتییە لە دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان مێردمنداڵێك و هەراشێکدا. لەم ئاخاوتنەدا لەدەربڕاوە زمانییەکانی (منداڵ چۆن دروست دەبێت؟) و (جووتبوون) و (کردەی جووتبوون) و (پیتاندنی هێلکە) و (سپێرمی پیاوەکە)، چەمکی تابۆیی کردەیەکی سێکسی لە نێوان ژن و پیاودا دەبینرێتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ تابۆییانە دەرنەبڕاوە، بەڵکو بەرگێکی یوفیمیزمی بە بەردا کراوە و هەمان مەبەست گەیەنراوە.
شیکردنەوەی ئەم دەربڕاوانە بە پێی هەردوو ئاستی دەورووبەری کۆمەڵایەتیی و ئاستی دەورووبەری باردۆخەوە بەمشێوەیە دەکرێت:
بە پێی دەورووبەری کلتوریی و کۆمەڵایەتیی، دەبینین دەربڕینی ئەم جۆرە دەربڕاوانە بەم داپۆشراوییە دەبێتە پێویستییەکی کلتوریی، لە بەر ئەوەی بە پێی بەها و پێکهاتەکانی کلتوری کوردەواری هەم لەڕووی ئایین و هەم لەڕووی عورف و نەرێتەوە نەشیاوە گەنجێك لەم دەورووبەرەدا بە فۆڕمێکی تابۆ پرسیاری لەمجۆرە ئاڕاستەی هەراشێك بکات. هاوکات پێچەوانەکەشی ڕاستە و هەراشەکە بە هۆی ڕێگری کلتورییەوە ناکرێت ڕاستەوخۆ ڕونکردنەوەو وەڵامی پرسیارەکە بە فۆڕمی تابۆ بداتەوە، بۆیە ناچار بە شێوازێکی جوانی دەربڕین گفتوگۆکە ئەنجام دەدات.
پەیوەست بە ئاستی دەورووبەری بارودۆخیشەوە نابەرانبەری تەمەنی بەشداربووانی ئاخاوتن

(جیاوازی تەمەن) گرنگترین هۆکارە لە پاڵ هۆکارە بارودۆخییەکانی تری وەك (توخمی قسەکەر و گوێگر و پلەو پایەی کۆمەڵایەتییان) (مەبەستی ئاخاوتن و بابەتی قسە لە سەر کراو) لەگەڵ شوێن و کاتی ئاخاوتندا، بۆ ئەوەی ئاخاوتنەکان ئەم ئاڕاستە داپۆشراوییە وەربگرن.

ئەگەر وردتریش ئەم بابەتە لێکبدەینەوە، ئەوا لە پاڵ فاکتەری تەمەندا، شوێنی ئاخاوتن، کە نوێنەری دەوروبەری فیزیکییەکەیە، هەستیاری ئەمجۆرە بابەتانە دەردەخات، هاوکات دەربڕینی یوفیمیزمی ئەم جۆرە دەربڕاوانە کاریگەری دەوروبەرە سۆزییەکەی لە سەرە، چونکە ئەم چەمکە تابۆییانە بە فۆڕمە تابۆکەی لە لایەن مامۆستایەکەوە بۆ خوێندکارەکانی کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە. لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینەشدا، دەبینین، لەڕووی چەندێتییەوە فۆڕمی تابۆیی سفرە، بەڵام فۆڕمی یوفیمیزمی لە ئارادایە بەرانبەر چەمکە تابۆکە. هاوکات ڕێژەی هەستیی ئەم دەربڕاوانەش زبر و توند نییەبە هۆی هەژموونی فۆڕمە یوفیمیزمەکانەوە.

بە وردبوونەوە لە سیناریۆی سێیەم، ئاشکرا دەربڕاوەکانی ( هەتیوو، ئیمانی لە کەللەما نەهێشتووە، دەمت داخە، گوێرەکە، کەرە) لە سەر بنەمای نیشانە واتاییەکانی ئەم دەربڕاوانە لە کلتوری کوردەواریدا بە تابۆ لە قەڵەم دەدرێن. شیکردنەوەی ئەم دەربڕاوانەش بە پێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی/ کلتوریی و دەوروبەری باردۆخ بەمجۆرەیە:

پەیوەست بە ئاستی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە، دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی، یان تێڕوانینێکی نوێیان لە دەقەدا وەرنەگرتووە، لە بەر ئەوەی چۆن بە گشتی لە زماندا ئەم دەربڕاوانە تابۆن، بە هەمان شێوە لەم دەوروبەرەی خۆشیدا هەر تابۆیە. بەو واتایەی تێڕوانینی باوی کلتوری کورد بە تایبەتی ئاینی ئیسلام ڕێی ئەوەمان نیشاندەدات، کە بە هیچ شێوەیەك کفر نەکەین، بەو واتایەی کۆمەڵێك بابەتی پیرۆز هەیە، کە هێڵی سوورن لە ئیسلامدا و مرۆڤ بۆی نییە ئەم هێڵە سوورانە ببەزێنێت. یەکێکیش لەو بابەتانە (بڕوای) مرۆڤی مسوڵمانە.

پەیوەست بە ئاستی دەوروبەری بارودۆخیشەوە، یەکێك لە هەر کاریگەرییە بەهێزەکان لە چێوەی ئەم ئاخاوتنەدا جیاوازی تەمەنی قسەکەر و گوێگرە، کە کارلێکی لەگەڵ (توخم و پلە و پایەی کۆمەڵایەتییان) و (مەبەست و بابەتی قسە لە سەر کراو) و (شوێنی ئاخاوتن) کردووە، بە شێوەیەك ئاڕاستەی تەمەن پێماندەڵێت، کاتێك گەنجێك لەگەڵ پیرێکدا دەکەوێتە پرۆسەی ئاخاوتنەوە، ئەوا گەنجەکە بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە، نە کفر بکات و نە بێڕێزیش بەرانبەر لە خۆی گەورەتر بنوێنێت، بۆیە کاردانەوەی ئەم جیاوازییە توخمییە لە

دەربڕاوەکانی (دەمت داخە، گوێرەکە، کەرە)دا بە ڕاشکاوی دەبینرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لەڕووی جۆرییەوە ڕێژەی هەستیی (تابۆیی) دەربڕاوەکان پێوانە بکەین، ئەوا دەبینین ڕێژەیەکی هەستیی بەرزی تێدایە و لەڕووی دەروونییەوە کاریگەرییەکی خراپی لە سەر دەروون و سۆزیی گوێگر (پیرەمێردەکە) بەجێهێشتووە و ئەویش ناچار بەم زبرییە دەربڕاوی لەو جۆرە ئاراستەی قسەکەر (گەنجەکە) دەکات. لەڕووی چەندێتیشەوە قسەکەر یەکجار دەربڕاوی تابۆیی بەکارهێناوە، بەڵام گوێگر چەندین جار دەربڕاوە تابۆییەکانی بەکارهێناوە بە مەبەستی سەرزەنشتکردنی ئەو گەنجە و هێنانەوەی بۆ سەر ڕێگەی ڕاست. بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین، کە لە دەوروبەرێکی لەم شێوەیەدا ئاخێوەری تەمەن گەورە تەمەنەکەی زاڵە لە قسەکردندا و تەمەن بچوکیش (گەنج) ژێر دەستەیە و ئەم لایەنەش لە پاری داهاتووی ئەم بەشەدا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

## 3-3/3) تابۆ و هێزی کۆمەڵایەتی:

لە پرۆسەی ئاخاوتندا هەروەك چۆن بەشدابووانی ئاخاوتن لە هۆنینەوەی پەیامەکانیاندا وابەستەی توخم و تەمەنیانن، هاوکات هەریەك لە قسەکەر و گوێگر پێگەیەگی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان هەیە. لەمبارەیەوە (هدسن)، دەڵێت: (( زۆرجار خەڵکی زمان بۆ ئەوە بەکاردێنن، تاوەکو پێگەی فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتی خۆیان لە کۆمەڵگادا دیاری بکەن. ئەم شێوازەش لە ڕوانگەی قسەکەرەوە، بۆ قسەکردن لە بارەی کەسێتی خۆیەوە، یان ئەو کەسایەتییەی، کە دەیەوێت بۆ خۆی پێکبهێنێت، لە لایەنی پلەو پایەوە لە کۆمەڵدا شیاوە))[68]. کەواتە پێگەی کۆمەڵایەتی بەشداربووانی ئاخاوتن پەیوەستە بە پلە و پایەی کۆمەڵایەتییانەوە و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیشیان کاریگەرییان لە سەر دەسەڵاتشکاندنەوەیان بە سەر ئاخاوتنەکاندا هەیە. بە پێی بۆچوونی زانایان (Brawn and Gilman1960) دەسەڵاتشکانەوە ،یان هێزی کۆمەڵایەتی "Social Power"، یان هێزی سیمانتیکی "Semantic Power" بریتییە لەوەی، کە: ((قسەکەرەکە توانای هەیە کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی کەسەکەی تر/قسەکەرەکەی تر، کە ئەم هێزی هەیە بە سەریدا، بکات))[69]. ئەم لایەنەش ڕاستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بە شیاوی تێڕوانینە دەوروبەرییەکان و بەکارهێنانی بۆ

---

[68] هدسون، ت/ محمود عبدالغنی عیاد ( 1987: 323) و(Caldas- Coulthard, C., R. and Coulthard, M. (1996: 84-105)

[69] a/ Pang chor ying, J. (2009:40).
b/ Thomas, L., Wareing, S., Singh, I., Stilwell Peccei, J., Thornborrow, J. and Jones, J. (1999:58-63).
c/ Ainsworth-Vaughn, N. (1998:104-120).
d/ Mayr, A. (2008:2-25)

دۆزینەوەی ڕادە و ڕێژەی هێزی قسەکەر لە ئاخاوتنەکاندان لە بەر ئەوەی: (( لایەنێکی گرنگی دەوروبەر، ئەوەیە کە پەیوەنییە کۆمەڵایەتییەکان دەهێنێتە ناوەوە، زۆرجاریش هەر ئەوە بەس نییە، کە قسەکەر گوێگر بناسێت، بەڵکو دەبێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیشیان بە ڕوونی دیاری بکات، تاوەکو شێوەی دوواندنەکە لەگەڵیدا دەست نیشانبکات، کە ئایا خانەدانترە، یان دەوڵەمەندترە، یان بە پلە و پایەدارترە؟..........هتد))[70]. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتی قسەکەر و گوێگر وابەستەی کۆمەڵێك ڕەهەندن، لەوانە ( تەمەنییان، توخمیان، پلەو پایەی کۆمەڵاییەتییان)، کە ئەمەی دواییان پەیوەستە بە شوێنی کەسەکە لە کۆمەڵگادا (ئاستی ڕۆشنبیری، چینی کۆمەڵایەتی، پیشەی...هتد). هەر ئەم تێڕوانینەشە وامان لێدەکات، بڵێین کە دەشێت هێزی کۆمەڵایەتی لە ئاخاوتنێکدا و لە نێوان قسەکەر و گوێگردا (( باڵا دەستی، هاوشانی، هاوکاری، ژێردەستەیی))[71] بە خۆیەوە ببینێت. ئەمەش بە کاریگەری سەرجەم ئەو ڕەهەندانەی، کە لە ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکەدا دەبینرێتەوە. لە سۆنگەی ئەم بۆچوونەشەوە، دەتوانین بڵێین، کە لە چێوەی ئاخاوتندا ناجێگیرییەکی هێزی کۆمەڵایەتی هەیە و کرۆکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە قسەکەر و گوێگر ، یان بەرانبەرن، یان نابەرانبەرن. لەمبارەیەوە زانا (Helmbrecht2003) جارێکی تر هێزی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پەسنکردووە، کە پلەیەك و ئاستێکی کۆمەڵایەتی نزیکە و شێوازێکی ئەتەکێتی "Prestige" تاکەکانی کۆمەڵگایەکە لەگەڵ زانینی ئەوەی، کە لە باری ناجێگیری هێزدا هەمیشە سەردەستە و ژێردەستە بوونی دەبێت[72]. بەو پێیەی سەردەستە پێیوایە، کە دەسەڵاتی بە سەر ژێردەستەدا هەیە و لە هەمان کاتیشدا لە سەر ژێردەستە پێویستە ڕێز و حورمەت بەرانبەر سەردەستە نیشانبدات. ئەم لایەنە بە وردبوونەوە لە پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵگا بە گشتی و سیستەمی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی بە دیار دەکەوێت. ئەمەش ئەگەر وردتری بکەینەوە، تا دەگەینە پێکهاتەی خێزان و پێکهاتەی کارگێڕی فەرمانگەکان و .....هتد دەبینین پلەبەندییەك لە دەسەڵات و هێزی بەشدابووانی ئاخاوتندا بەدیدەکرێت. نموونەش بۆ ئەم پلە بەندییە زۆر دەبینرێتەوە لە دەسەڵاتی یان هێزی کۆمەڵایەتی شێوازی ئاخاوتنی گروپێکی کۆمەڵایەتی بە سەر گروپەکانی تردا، یان دەسەڵاتی باوك بە سەر خێزانەکەیدا، یان

---

70 هۆگر محمود فرج ( 2000: 145).

71 بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم پۆلکردنە چوارییەی ڕەنگدانەوەی هێزی کۆمەڵایەتی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، بڕوانە: هۆگر محمود فرج ( 2000: 148-151).

72 Pang chor ying, J. (2009:40).

دەسەڵاتی سەرۆکی فەرمانگەیەك بـە سـەر فەرمانبەرەکانیدا...هتـد. لـە کۆتـایی خسـتنەڕووی ئەم تێڕوانین و ڕوونکردنەوانەشـدا لـە سـەر هێـزی کۆمەڵایـەتی دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی، کـە پلەبەندی و ڕێژەی بەهێزی و بێهێزی هێزی کۆمەڵایـەتی بـە تایبـەتی پەیوەسـتە بـە ئاڕاسـتە بگۆڕەکـانی وەك (تەمـەن، تـوخم) و ئـەو پلـە و پایـە و ڕۆڵـەی، کـە تاکێـك لـە کۆمەڵگاکەیـدا دەیگێڕێـت. بـە وردبوونـەوە لـە شـیکردنەوەکانی (3/3-1) ، (3/3-2) ڕاسـتەوخۆ ئـەو ڕاستییەیان بۆ شیکردنەوە کارەکییەکان کێشا، کە تەمەن و تـوخم دوو کـەتیگۆری گشـتگیری جیهانین.

لـە دابەشـکردنی بەشـداربووەکانی ئاخاوتنەکانـدا، بـە هـەمان پێـودانگ دەتوانرێـت بگوترێـت ئاڕاسـتەی (پلـە و پایـەی کۆمەڵایـەتی) ، لـە لایـەك هاوشـێوەی (تـوخم و تەمـەن) هـەم کەتیگۆرییەکی جیهانی و گشتگیرییە هـەم توانسـتێکی بایلۆژیشـە (مەبەسـت لـە بـایلۆژی بـەو مانایە نا، کە لە پێش لەدایکبوون وەك تـوخم بـۆ مرۆڤەکـە دیاریکرابێـت، بـەڵکو بـەو مانایـەی مرۆڤی لەدایکبوو لە ژینگەیەکی پلە و پایەکۆمەڵایەتی بەرز یان نزمدا تا کـاتێکی دیـاریکراو لـە هەڵکشـانی تەمەنیـدا لـەو پلـەو پایـە کۆمەڵایەتییـەدا دەمێنێتـەوە)، لـە لایـەکی تـرەوە بـە پێچەوانەی (تـوخم و تەمـەن)ەوە ئاڕاسـتەی پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی دەتوانرێـت زیـاتر وەك توانستێکی وەرگیراو/فێربوو(مکتسب) لە کۆمەڵەوە سەیر بکرێت، بە ڕادەیەك، کـە بـە گـۆڕانی بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـەکانی تاکەکـە پلـە و پایـەی کۆمەڵایـەتی تاکەکـەش دەگۆڕدرێـت، کـە کاردانەوەی تەواوی دەبێت لە سەر زمانی قسەکردنی تاکەکە. ئەم ڕەهەندە لە بیرکردنەوە لەم بابەتـەدا، ئـەو ڕاسـتییە زانسـتییە دەنەخشـێنێت، کـە تـوخم و تەمـەن توانسـتێکی بـایلۆژیی ئەبسـتراکتن، بـەڵام پلـە و پایـەی کۆمەڵایـەتی توانسـتێکی بایۆکۆمەڵایەتییـە. بـە هـەمان شـێوەیەش پلـە و پایـەی کۆمەڵایـەتی بـە هـەر ئاڕاسـتەیەك وەریبگـرین (چ وەك توانسـتێکی بایلۆژی یان وەك توانستێکی کۆمەڵایەتی)، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە بە ئەنـدازەی تـوخم و تەمەن بگرە زیاتریش کاریگەری و کاردانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی لـە سـەر زمـان و دەربڕاوە تابۆییەکانی هەیە، بە ئاستێك، کە ڕەنگە ئەو دەربڕاوە تابۆیـەی لـە پلـە و پاییـەکی کۆمەڵایـەتی بـەرزدا تابۆییـە، لـە پلـە و پایەیـەکی نزمـدا ئـەو ڕێـژ تابۆییـەی نـەمێنێت، یـان کەمببێتەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەمشـێوەیە جیاوازییـە کۆمەڵایەتییـەکانی پلـە و پایـەی کۆمەڵایەتی بەشداربووەکانی ئاخاوتنێك دەکرێت لە چوار ڕەهەنـدی گشـتییەوە شـیکردنەوەی تێیدا بکرێت، کە بریتین لە: ((( ئاخـاوتنی ئـاخێوەرە پلـە و پایـەی کۆمەڵایەتییـە بـەرزەکان، ئاخاوتنی ئاخێوەرە پلە و پایەی کۆمەڵایەتییـە نزمـەکان، ئاخـاوتنی ئـاخێوەرە پلـە و پایـەی کۆمەڵایەتییــە بەرزەنزمــەکان، ئاخــاوتنی ئــاخێوەرە پلــە و پایــەی کۆمەڵایــەتی

نزمەبەرزەکان)))[73] . بۆ نموونە وشەکانی (دەرپێ کورت– جلی ژێرەوە–تاڕادەیەکیش لیباس)، ( شوکردن و ژنهێنان ) لە زمانی قسەکردنی ئاخێوەرە پلە و پایە کۆمەڵایەتییە بەرزەکاندا تابۆی بێگەردن. هەربۆیە زیاتر هەوڵدەدرێت وشەکانی (لیباس–ئەندەروێ، زەواج) بەکاربێن لە بەرانبەردا لە زمانی قسەکردنی ئاخێوەرەوە پلەو پایەی کۆمەڵایەتییە نزمەکاندا ئەم ئاڕاستە پێچەوانەوە دەبێتەوە. ئەمە وێڕای کاریگەری ئەم دوو پلە و پایە کۆمەڵایەتییە جیاوازە، واتە ( ئاخاوتنی بەرزەنزم و نزمەبەرز) کاریگەرییەکی بەهێزتریان هەیە لە ئاڵۆزکردنی گەیاندنی واتای دەربڕاوە تابۆییەکاندا. بۆ نموونە:

+ق: دەلێی دانیشە؟

+گ: کوڕی ئاسمان سەرقەبرانە هەمووی شێخ و مەشایەخە.

+ق: جا شێخ و مەشایەخ چ پەیوەندی بە خواردنەوەی منەوە هەیە.

+گ: ئەستەخفیروڵڵا!

بە وردبوونەوە لە ئاخاوتنەکە بۆمان دەردەکەوێت، کە لای چینێکی بەرزی دەوڵەمەند لایەنە ئاینی و ئەفسانییەکانی کۆمەڵگا نەك هەر تابۆ نییە، بەڵکو خورافاتیشە لە بەرانبەردا ئەمە تێگەیشتنە لای ئاخێوەرێکی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نزم نەك هەر تابۆیە. بگرە وەك ڕاستییەکی کۆمەڵایەتیش هەژماری دەکات. ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییە وای کردووە جۆرە ناکۆکییەك بە ئاخاوتنەکەوە دیار بێت بەوەی ئەگەرچی گوێگری پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نزم ڕازی بووە بە سەیرانکردن لە شوێنێکی ئاوەهادا، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بەرزی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەرە، کە ئەم دانیشتنە دەیسەپێنێت بە سەریدا. شیکردنەوەی فرە ڕەهەندییەکانی ئەم ئاڕاستەیە لە ئاڵۆزکردنی لێکدانەوەی واتای دەربڕاوە تابۆییەکاندا دەبێت بە هەند وەربگیرێت و چەندین لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و هەمەجۆر هەڵدەگرێت. هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێی بوار و مەودای لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدرێت بە شێوەیەکی بەرایی کارەکییانە ڕەنگدانەوەی هەر چوار وەچە ئاڕاستەکەی ئاڕاستەی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی لە لێکدانەوەی دەربڕاوە تابۆییەکاندا لە سیناریۆیەکی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی هەمەچەشندا بخرێتەڕوو.

**سیناریۆی ئاخاوتنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی هەمەچەشن**

---

[73] شایەنی تێبینیکردنە، کە ئەم جیاوازییانەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگە پراگماتیکەکانەوە، زیاتر بە زاراوەکانی (باڵادەستی، هاوشانیی، هاوکاری، ژێردەستیی) ئاماژەی پێدەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: هۆگر محمود فرج ( 2000: 148–151).

+ق1: ئەزانی کاك ئەحمەد کوڕەکەی مامە شێخ کچەکەی مودیرەی هێنا.

+گ1: یانی [کەپڵەکەی] خۆی هێنا، نەك [ئەوەی وەك ژنی وابوو].

+ق2: سەیری ئەم [ قسە قۆڕانە]ی ئەم دووانەکە، دەوڵەمەند [ حیزێتیش] بە خۆشەویستی دەزانن!

+گ2: ئەگەر [ حیز ] نەبێت، چۆن شووی پێدەکات، ئەگەر کابرای تری [ فت کردبێ] .

+ق1: ئەوە [ گەماڵە بۆرینە] ئەڵێن چی؟

+گ2: بە خوا بە قوربان باسی ئەو [ هەتیووە] چایچییەمان دەکرد.

لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان

بەشداربووانی ئاخاوتن: دوو قسەکەر (ق1، ق2) و دوو گوێگر(گ1،گ2).

توخم: هاوتوخم.

تەمەن: هاوتەمەن.

مەبەستی ئاخاوتن: تابۆیی لە خشتەبردن و ژنهێنان.

بابەتی قسە لە سەر کراو:ناتابۆیی خۆشەویستی و ژنهێنان.

شوێنی ئاخاوتن: دوکانی کابرای دەوڵەمەند.

پلە و پایەی کۆمەڵایەتی: (ق1 و گ1)، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەرزن، بەڵام (ق2 و گ2) پلە
و پایەی کۆمەڵایەتی نزم.

بە وردبوونەوە لە ئاخاوتنەکانی ئەم سیناریۆیە، بۆماندەردەکەوێت، کە دەربڕینی دەربڕاوە تابۆییەکانی (وەك ژنی وابوو، قسەی قۆڕ، حیزێتی، فتکردن، گەماڵەبۆر، هەتیوو)، بە پێی نیشانە واتاییەکانیان بە گشتی لە زماندا تابۆن، بەڵام بە وردبوونەوە لەم دەربڕوانە پەیوەست بە دەوروبەرەوە و بە تایبەتیش هەردوو ئاستی دەوروبەری (کلتوری و کۆمەڵایەتی) و (بارودۆخ)، واتە (پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەرز و نزمی بەشداربووانی ئاخاوتن)، بۆماندەردەکەوێت، کە چەمکی خۆشەویستی و پێکەوەبوونی نێر و مێ لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان لای پلە و پایەی کۆمەڵایەتییە بەرزەکان، نەك هەر تابۆ نییە، بەڵکو دەربڕاوەکانی (کەپڵ، وەك ژنی وابوو)، تەواو دەربڕاوی ئاسایی زمانن، کە هەڵگری لایەنی نێگەتیڤی هەست زبرنین بە هۆی ئاسایی بوونی دیاردەکەوە. لە بەرانبەردا چەمکی پێکەوەبوونی نێر و مێ لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان، ئەگەر خێزانیش لێبکەوێتەوە لای چینی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نزم چەمکێکی تەواو تابۆیە، بە ڕادەیەك، کە دەربڕاوەکانی (حیزێتی و فتکردن)، هەڵگری چەمکی تابۆیی و دەربڕی هەست زبرێتی مرۆڤە پلە و پایە

کۆمەڵایەتییە نزمەکانە بەرانبەر پێکەوەبوونی نێر و مێ. هەربۆیە پێکەوە بوونی نێر و مێیەك و دواتر مارەنەکردنی و هێنانی مێینەیەکی تر لە لایەن نێرینەکەوە لە لای چینی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەرز نەك هەر تابۆ نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ئاسایشە و ئاسایی بوونەکەشی لە بەردەوام دووبارەبوونەوەکەیدایە، لە کاتێکدا ئەم دیاردەیە لای چینی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نزم نەك هەر تابۆیە، بگرە ئەگەر ئەنجامی باشیشی لێبکەوێتەوە (جێبەجێبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری)، هەر قبوڵ کراو نییە. هەربۆیە گوێگرتنی (ق2) لە قسەکانی (ق1 و گ1) ئاڵۆزییەك لە تێگەیشتنی دیاردەکەدا لای (ق2) دێنێتە کایەوە، کە ئەویش بە هۆی جیاوازی پلە و پایەی کۆمەڵایەتییەتی لە (ق1 و گ1). هەر ئەم تێگەیشتنەی (ق2)ە لە بیر و بۆچوونی (ق1 و گ1) بۆتە هۆی ئەوەی بە دیاردەیەکی ئاسایی ژیانی ئەوان دەربڕاوی تابۆیی (حیزێتی و فتکردن) بەکاربهێنن. لە بەرانبەردا هەر ئەم نائاسایی تێگەیشتنەی (ق2)ە وای لە (ق1) کردووە بە دەربڕاوی تابۆیی (گەماڵە بۆر) دەیەوێت ئەو جیاوازییە پلە و پایە کۆمەڵاییەتییەی نێوان خۆیان و (ق2 و گ2) بڵێت.. تێگەیشتنی (گ2) لەم جیاوازی پلە و پایە

کۆمەڵایەتییە والێدەکات فریای (ق2) بکەوێت و بڵێت: ( ئێمە قسەمان لە سەر هەتیووە چایچییەکە کردووە، نەك بابەتی قسەلێکراوی بەڕێزتان). باشترین پاساودانیش بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم ئاخاوتنە بێدەنگبوونی (ق2)ە هەم بەرانبەر بە دەربڕینی دەربڕاوی تابۆیی (گەماڵەبۆر) و هەم ڕازیبوونییەتی بە گۆڕینی بابەتی قسە لە سەر کراو لە بەدڕەوشتی کوڕی مامە شێخەوە بۆ هەتیووی چایچی، کە (گ2) بۆشاییە پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان بەشداربووە پلە و پایە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی بەشداربووەکانی ئەم ئاخاوتنەی پێپڕکردۆتەوە.

# ئەنجام

1. پەیوەست بە شیکردنەوە کارەکییەکانی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەوە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە وابەستەبوونی ئاوەز و زمانی مرۆڤی کورد بە بەها کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە وەك ستراتیژیەتێك بۆ پاراستنی مرۆڤی کورد لە تێکشکاندنی کۆدە ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و هێشتنەوەی هێڵی پەیوەندیکردن لە نێوان ئاخێوەراندا، دەبینین، کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەربڕاوەکانی جوانی دەربڕین چەند هێندەی دەربڕاوە تابۆییەکانن لە زمانەکەماندا.
2. پەیوەست بە چەشن و جۆرەکانی تابۆی زمانییەوە لە کاتی بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکاندا بە مەبەستی گەیاندنی چەمکی تابۆییان ئاخێوەر زیاتر جەخت لە سەر لایەنە نێگەتیڤییەکانی چەمکەکە دەکەنەوە.
3. جێبەجێکردنی ئاڕاستە هەمەچەشنەکانی تیۆری نیشانە واتاییەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بنەمایەکی دارشتووە بۆ دۆزینەوە و خستنەڕووی نیشانە کۆزمانەوانییەکان (فەرهەنگی، دروستەیی، کۆمەڵایەتی و کلتوری)، کە بنەما و فاکتەری سەرەکیی و کرۆکیی بە تابۆ بوونی دەربڕاوەکان. ئەم ڕاستەییەش بە شێوەیەکی ڕاستەوانە لە پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت.ئەم دەرکەوتنەش زیاتر لە ستراتیژییەتی (کلیتیکی تابۆیی)دا دەنوێنرێت.
4. شیکردنەوەکانی بەشی سێیەم دەربڕی ئەو ڕاستییەن، کە دەوروبەر و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن بڕیاردەر و یەکلایی کەرەوەن لە کاتی بەکارهێنان و دەربڕینی دەربڕاوە تابۆییەکاندا، بەو پێیەی جۆراجۆریی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان هەندێکجار دەبێتە هۆی ڕەوینەوەی چەمکە تابۆکە و هەندێکجاریش دەبێتە هۆی پێبڕینی چەمکی تابۆیی بە بالای دەربڕاوە زمانییەکاندا.
5. لە پەیوەستبوونی (توخم) و (تەمەن) بە زمانەوە دەرکەوێت، کە ئەم دوو کەتیگۆرییە لە زمان و لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا، دوو کەتیگۆری جێگیرن، بەو واتایەی، کە مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتنەکانیدا و بە تایبەتی لە کاتی قسەکردن و بابەتە تابۆییەکاندا بە شێوەیەکی لەخۆوەیی سیستەماتیك ڕەچاو دەکرێت چ لە لایەن قسەکەرەوە چ لە لایەن گوێگرەوە، بەلام کەتیگۆری (هێزی کۆمەڵایەتی) زیاتر وەك کەتیگۆرییەکی دوو جەمسەر دەردەکەوێت بە ڕادەیەك، کە بە شێوەیەکی گشتی بەردەوام لە ئاخاوتنەکاندا بوونی هەیە، بەلام بە

شێوەیەکی تایبەتی بە پێی گۆڕانی ئاستی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر جێگیر نییە و دەگۆڕێت، هەربۆیە وەك فاکتەرێکی بایۆکۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت.

6. هەرسێ ڕەهەندی (توخم) و (تەمەن) و (هێزی کۆمەڵایەتی) بە دوو ئاڕاستەی جیاواز لە دەربڕاوە تابۆییەکاندا ڕۆڵ دەبینن. لەو ئاخاوتنەدا، کە بەشداربووانی ئاخاوتن ( هاوتەمەن و هاوتوخم و هێزی کۆمەڵایەتی )ن دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕادە و ڕێژەی بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان هەمبەر بە دەربڕاوەکانی جوانی دەربڕین. لە کاتێکدا لەو ئاخاوتنانەدا، کە ئاخێوەرە بەشداربووەکان تێیدا توخمی جیاواز و تەمەنی جیاواز و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی جیاوازییان هەیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕادە و ڕێژەی بەکارهێنانی تابۆییەکان و زیادبوونی ڕادە و ڕێژەی بەکارهێنانی جوانی دەربڕینەکان.

7. لە گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بە تایبەتی (گروپە هەرزەییەکان) دەربڕاوە تابۆییەکان ئاستێکی گەشەکردووتری زمانی کوردی دەخەنەڕوو. بەو پێیەی بە شێوەیەکی میتافۆڕییانەی داپۆشراو لە زمانی قسەکردنی قەدەغەییەوە دەیگۆڕن و دەیکەن بە بنەمایەکی زمانی قسەکردنی ئاسایی گروپەکەیان. بەمەش پێناسەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی زمانەوە بۆ گروپەکەیان دادەمەزرێنن.

# سەرچاوەکان

**1- بە زمانی کوردی:-**

**ا/ کتێب:**


1. ئاڤێستا کەمال مەحمود (2009)، پڕاگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
2. ئەحمەد گوڵمحەممەدی، (2007)، بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس، و/ عەبدوڵلا بەهرامی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
3. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1977)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
4. پۆل هێنلە، (2006)، زمان، هزر و کلتور، و/ ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر)، دوزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
5. دارا حەمید محەمەد (2010)، هەندێ لایەن لە سیمانتیك و پڕاگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی.
6. داریوش ئاشوری، (2007)، کلتور چەمك و پێناسەکان، و/ کۆسار فەتاحی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ( بەڕێوبەرایەتی چاپخانە و ڕاگەیاندن ).
7. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (2008)، ڕستە و پاش ڕستە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
8. عەبدولواحید موشیر دزەیی (2009)، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا (لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پڕاگماتیکییە)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
9. عەبدولواحید موشیر دزەیی (2010)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
10. محمد معروف فتاح (1990)، زمانەوانی، کۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، پۆلی چوارەم، دار الحكمة للطباعة و النشر، اربيل.

11. محمد معروف فتاح، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شیروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
12. محەمەدی مەحویی ( ا 2001)، زمان و زانستی زمان، چاپخانەی زانکۆ، زانکۆی سلێمانی.
13. محەمەدی مەحویی ( ب 2001)، ڕستەسازیی کوردیی، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
14. محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر (2004)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
15. محەمەدی مەحوی ( ا 2009)، زانستی هێما ( هێما، واتا و واتالێکدانەوە)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
16. محەمەدی مەحوی ( ب 2009)، زانستی هێما ( هێما، واتا و واتالێکدانەوە)، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
17. محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن (2010)، دروستەی کردار (بنەما و دیاردە)، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
18. محەمەدی مەحویی (2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان- مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
19. مەنوچێهر موحسینی، (2005)، کۆمەڵناسی گشتی، بەشی یەکەم- مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی- ،و/ موسڵح ئیروانی چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
20. وریا عومەر ئەمین (2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

### ب/ نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):

1. بەکر عومەر عەلی (2000)، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2. بەهار زایر محمد (2009)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

3. دیار علی کمال کریم (2002)، ڕێزمانی کوردیی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.
4. سازان رضا معین (2005)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.
5. شاخەوان جەلال فەرەج (2006)، ناو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
6. کاروان عومەر قادر (2010)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
7. قیس کاکل تۆفیق (1995)، جۆرەکانی ڕستە و کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.
8. ڤیان سلێمان حاجی (2007)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
9. هێمن عبدالحمید شمس (2006)، شێوازی ئاخاوتن لە بۆنە کۆمەلایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،.
10. هۆگر مەحموود فەرەج (2000)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## پ/ ڕۆژنامە و گۆڤار:

1. ئازاد عەلی (2009)، ئاخاوتن و جێندەر، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (4-5)، ت 1 و ت2، هەولێر.
2. بەهزاد موحسین (2008)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(129)، هەولێر.
3. جۆن لاینز، (2003)، زمان و کلتور، و/ هادی محەمەد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (29)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4. محمد معروف فتاح (1986)، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (112).

## 2. به زمانی عەرەبی:–

ا/ كتێب:


1. اف.ار.بالمر(1985)، علم دلالة، ت/ مجيد الماشطة مطبعة العمال المركزية، بغداد.
2. انور سُلطان (1981)، المدخل لعلم القانون، جامعة بيروت العربية – كلية الحقوق، بيروت.
3. جمعة سيد يوسف (2009)، سيكولوجية اللغة و المرض العقلي، عالم المعرفة، الكويت.
4. جوديث جرين (1992)، التفكير و اللغة، ت/ عبدالرحيم جبر مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.
5. جورج يول (2000)، معرفة اللغة، ت/ محمود الفراج عبدالحافظ، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، اسكندرية.
6. حسن كيره (1988)، المدخل الى القانون – القانون بوجه عام – النظرية العامة للقاعدة القانونية – النظرية العامة للحق – منشأة المعارف، الاسكندرية.
7. روي.سي.هجمان (1989)، اللغة و الحياة و الطبيعة البشرية، ت/ داود حلمى أحمد السيد ، الطبعة الاولى، جامعة الكويت.
8. رياض القيسى (2002)، علم اصول القانون، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، بغداد.
9. سمير شريف استيتية (2008)، اللسانيات المجال، و الوظيفة، و المنهج، الطبعة الثانية، جدار للكتاب العالمي للنشر و التوزيع، الاردن.
10. عباس الصراف و جورج حزبون (2005)، المدخل الى علم القانون – نظرية القانون – نظرية الحق، الطبعة الاولى، الاصدار السابع، دار الثقافة للنشر و التوزيع، الاردن.
11. عبدالعزيز بن ردة الطلحي (2008)، مصطلح السياق (the context) النشأة و المفهوم و التطور( قرأة في الفكر اللغوي المعاصر)، جامعة مؤتة، المملكة الاردنية الهاشمية.
12. عبدالكريم زيدان (1975)، اصول الدعوة، بغداد.
13. عبدالمنعم فرج الصده (1984)، اصول القانون، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت.
14. على زوين (1986)، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، الطبعة الاولى، أفاق سلسلة كتب شهرية، دار الشؤون الثقافية العامة، أفاق عربيةن بغداد.

15. عمر سليمان الاشقر (1991)، العقيدة في الله، الطبعة السابعة، مكتبة فلاح و مكتبة دار النفائس للنشر و التوزيع، الكويت.
16. عواطف كنوش مصطفى (2007)، الدلالة السياقية عند اللغويين، الطبعة الاولى، دار السياب للطباعة و النشر و التوزيع، لندن.
17. مازن الوعر (2001)، دراسات نحوية و دلالية و فلسفية في ضوء اللسانيات المعاصرة، الطبعة الاولى، دار المتنبى للطباعة و النشر، دمشق–سوريا.
18. مجموعة من الكُتاب (1997)، نظرية الثقافة، ت/ على سيد الصاوي عالم المعرفة، الكويت.
19. محمد حسن عبدالعزيز (1983)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة–قاهرة.
20. محمد متولى الشعراوى(2004)، اسئلة حرجة و اجوبة صريحة، الطبعة الاولى، دار الخياط للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق.
21. محمد محمود عبدالله (1997)، المدخل الى علم القانون أو النظرية العامة للقانون، الطبعة السابعة، مطبعة جامعة دمشق، سوريا.
22. محمود احمد نحلة (2008)، علم اللغة النظامي ( مدخل الى النظرية اللغوية عند هاليداى)، الطبعة الاولى، دار الوفاء الدنيا للطباعة و النشر، للاسكندرية.
23. محمود السعران (1958)، اللغة و المجتمع رأى و منهج، المطبعة الاهلية، بنغازى.
24. مسلم دولة (2009)، الثقافة – الجنسوية الثقافية– الذكر و الانثى و لعبة المهد، مركز
25. موفق الحمداني (1982)، اللغة و علم النفس، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، العراق.
26. نايف خرما (1978)، أضواء على دراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت.
27. نورى جعفر (1971)، اللغة و الفكر، نشر و توزيع مكتبة التوفي – الرباط، المغرب.
28. هادى نهر (1988)، علم اللغة الاجتماعى عند العرب، الطبعة الاولى، دار الغضون، بيروت–لبنان.
29. هدسون، (1987)، علم اللغة الاجتماعي، ت/ محمود عبدالغني عياد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
30. وليام ليلى، (2000)، مدخل الى علم الاخلاق، ت/ على عبدالمعطى محمد، منشأة المعارف، الاسكندرية.
31. يوسف القرضاوي (1994)، الحلال و الحرام في الاسلام، الطبعة الخامسة عشر، مكتب الاسلامي، بيروت، عمان، دمشق.

### 3. به زمانی ئینگلیزی:–

### ا/ کتێب:


1. **Aarts, B. (2001), <u>English Syntax and Argumentation</u>, 2ed, Palgrave Publishers Ltd.**
2. **Ackema, P., Brandt, P., Schoorlemmer, M., and Weerman, F. (2006), <u>Arguments and Agreement</u> , Oxford, University Press.**
3. **Ainsworth-vaughn, N. (1998), <u>Claiming Power in Doctor-Patient Talk</u>, Oxford, University Press.**
4. **Aitchison, J. (1993), <u>linguistics</u>, 2ed, Hodder Stoughton London.**
5. **Arche, J., M. (2006), <u>Individuals in Time (Tense, aspect and the individual/stage distinction)</u>, John Benjamins Publishing Company.**
6. **Armstrong, N. (2005), Translation, Linguistics, Culture (A French–English Handbook), British Library Cataloguing in Publication Data.**
7. **Baker, P. (2002), <u>Public Discourses of Gay Men</u> , Routledge Publisher (London and New York).**
8. **Birch, D. (2005), <u>Language, Literature and Critical Practical</u>, 4ed, Routledge Publisher (London and New York).**
9. **Blakledge, A. (2005), <u>Discourse and Power in Multilingual World</u>, John Benjamins Publishing Company.**
10. **Blommaert, J. (2005), <u>Discourse (A Critical Introduction)</u>, Cambridge, University Press.**
11. **Brisk, M., Burgos, A., and Hameral, S. (2004), <u>Situtational Context of Education (A Window into world of Bilingual Learners)</u>, LEA Publisher (London).**
12. **Bussmann, H., Translated and edited by: Trauth, G. and Kazzazi, K. ( 2006), Routledge, London and New York.**
13. **Caldas-Coulthard, C., and Coulthard, M. (1996), <u>Readings in Critical Discourse Analysis</u>, Routledge Publisher (London and New York).**

14. Cameron, D. and Kulick, D. (2006), The Language and Sexuality Reader, Routledge Publisher (London and New York).

15. Campbell, K., J., O'Rourke, M., and Shier, D. (2002), Meaning and Truth (Investigations in Philosophical Semantics), Chatham House Publishers.

16. Carter, R. (2001), working with Text: A core introduction to Language analysis, 2[ed], Routledge, London and New York.

17. Carter, R., Goddard, A., Reach, D., Sanger, K., and Bowring, M. (2001), Working with Text ( A Core introduction to language analysis), Routledge Publisher (London and New York).

18. Cassirer, E. (1946), Language and Myth, Dover Publications (New York).

19. Chambers, J., K., and Trudgill, P.(2004), Dialectology, 2[ed], Cambridge, University Press.

20. Coates, R. (1999), Word Structure, Routledge Publisher (London and New York).

21. Crary, A., and Read, R. (2000), The New Wittgenstenin, Routledge Publisher (London and New York).

22. Crystal, D. (2003), Language and Death, 2[ed], Cambridge, University Press.

23. Crystal, D. (2003), A Dictionary of Phonetics and Linguistics, Cambredge, University Press.

24. Culicover, W., P. and Jackendoff, R. (2005), Simple Syntax , Oxford, University Press.

25. Douglas, M.(2001), Purity and Danger (An analysis of the concepts of Pollution and Taboo), Routledge Publisher (London and New York).

26. Freitas,E., L., S. (2008), Taboo in Advertising, John Benjamins Publishing Company.

27. Emonds, E., J. (2007), Discovering Syntax (Clause Structures of English, German and Romance) , Mouton de Gruyter ( Berlin · New York).

28. **Fairman, M., C. (2009), Fuck (Word Taboo and Protecting Our First Amendment Liberties), Sphinx® Publisher.**
29. **Fitch, K., L., and Sanders, R., E. (2005), Handbook of Language and Social Interaction, Lawrence Erlbaum Associates Publisher.**
30. **Fought, C. (2006), Language and Ethnicity, Cambridge, University Press.**
31. **Freud, S. (2001), Totem and Taboo, Routledge Publisher (London and New York).**
32. **Goatly, A. (1998), The Language of Metaphor , Routledge Publisher (London and New York).**
33. **Harvey, K. and Shalom, C. (2003), Language and Desire(Encoding sex, romance and intimacy), Routledge Publisher (London and New York).**
34. **Holmes, J. and Meyerhoff, M. (2003), The Handbook of Language and Gender, Blackwell Publisher.**
35. **Hornberger, N., and Mckay, S. (2010), Sociolinguistics and Language Education, British Library Cataloguing in Publication Data.**
36. **Hudson, A., R. (1996), Sociolinguistics, 2ed, Cambridge University press.**
37. **Jeffries, L. (2006), Discovering Language (the structure of modern English, Palgrare macmillian, British.**
38. **Pang Chor Ying, J. (2009), Scalar Acceptability in the use of Linguistics and Taboos: a case study of speakers of English in Hong Kong, Hong Kong Baptist University.**
39. **Kotthoff, H., Wodak,R. (1997), Communicating Gender in Context, John Benjamins Publishing Company**
40. **Kreidler, C., W. (2002), Describing Spoken English (An Introduction), 2ed, Routledge Publisher (London and New York).**

41. Livia, A., and Hall, K. (2003), Queerly Phrased (Language, Gender, Sexuality), Oxford, University Press.
42. Llamas, C., Mullany, L., and Stockwell, P.(2007), The Routledge Companion to Sociolinguistics, Routledge Publisher (London and New York).
43. Malmkjaer, K. (2010), The Routledge Linguistics Encyclopedia, 3[ed], Routledge Publisher (London and New York).
44. Malmkjaer, K., and Anderson, J. (1995), The Linguistics Encyclopedia, Routledge Publisher (London and New York).
45. Mayr, A. (2008), Language and Power (An Introduction to Institutional Discourse), British Library Cataloguing-in-Publication Data.
46. McElhinny, B., S. (2007), Words ,Worlds, and Material Girls (Language, Gender, Globalization), Mouton de Gruyter Berlin · New York.
47. Meyeerhoff, M., and Holmes, J. (2003), Language and Gender, Blackwell Publisher.
48. Meyerhoff, M. (2006), Introducing Sociolinguistics, Publishing in the Taylor francise – Library.
49. Michaelis, A., L. (2002), Aspectual Grammar and Past-Time Reference, Routledge Publisher (London and New York).
50. Mills, S. (2003), Gender and Politeness, Cambridge, University Press.
51. Minchim, E. (2007), Homeric Voices (Discourse, Memory, Gender), Oxford, University Press.
52. Moira, C. and Rosberry, L., R. (1998), The Power of Discourse: An Introduction to Discourse Analysis , Lawrence Erlbaum Associates: London.
53. Muhammad, T., T. (2007), A Study in Dramatic Discourse with Reference to John Osborn's "Look Back in Anger", MA Thesis, College of Language, University of Sulaimania.

54. Naoum, B., A. (1995), Euphemism in Arabic with Reference to English, Master, College of arts, University of Mosul.
55. Norman, F. (2006), Discourse and Social Change, 9[ed], Cambridge, University Press.
56. Paul, J., G. (1999), An Introduction to Discourse Analysis: Theory and Method: USA.
57. Petta, P., Pelachaud, C., and Cowie, R. (2011), Emotion- Oriented System, Springer-Verlag Berlin Heidelberg.
58. Pfau, R. (2009), Grammar as Processor (A Distributed Morphology account of spontaneous speech errors ), John Benjamins Publishing Company.
59. Plag, I. (2002), Word-formation in English , Cambridge University Press.
60. Schiffrin, Tannen, D., Hamilton, H., (2001), The Handbook of Discourse Analysis, Blackwell Publisher.
61. Štekauer, P., Lieber, R. (2005), Handbook of Word Formation, Published by Springer.
62. Strazny, P. (2005), Encyclopedia of Linguistics, Volume 1 , Taylor francis books, New York.
63. Swann, J., and Mybin, J. (2010), The Routledge Companion to English Language Studies, Routledge Publisher (London and New York).
64. Tannen, D. (1993), Gender and Conversational Interaction, Oxford, University Press.
65. Tannen, D. (2006), An Introduction to Language and Linguistics, Cambridge University press.
66. Thomas, L., Wareing, S., Singh,I., Peccei,S., J.,Thornborrow, J. and Jason Jones, J. (2004), Language, Society and Power (An introduction), 2ed, Routledge Publisher (London and New York).
67. Thompson, E. (2005), Time in Natural Language (Syntactic Interfaces with Semantics and Discourse), Mouton de Gruyter (Berlin · New York).

68. Trauth, G. and Kazzazi, K. (2006), Routledge Dictionary of Language and Linguistics, Routledge, London and New York.
69. Van Dijk, T., A. (1977), Text and Context (Exploration in the Semantics and Pragmatics of Discourse), Longman (London and New York).
70. Van Dijk, T., A. (2009), Society and Discourse (How Social Context influence Text and Talk), Cambridge, University Press.
71. Victor, C. (2005), The Social Context of Ageing, Routledge Publisher (London and New York).
72. Wardhaugh, R. (1990), An Introduction to Sociolinguistics, 5ed Basil Blackwell, Oxford, Britain.
73. Wardhaph, R. (2006), An Introduction to Sociolinguistics, Blackwell, UK.
74. Wareing, S., and Thomas, L. (2004), Language, Society and Power (An introduction), Routledge Publisher (London and New York).
75. Watts, A., (1973), On the Taboo Against Knowing Who You Are , Published by Sphere Books Ltd.
76. Weatherall, A. (2002), Gender, Language, and Discourse, Routledge Publisher (London and New York).
77. Weiss, G. and Wodak, R. (2003), Critical Discourse Analysis (Theory and Interdisciplinarity), Published by Palgrave Macmillan.
78. Widdowson, H., G. (2004), Text, Context, Pretext, Blackwell Publisher.
79. Wierzbicka, A. (1997), Understanding Cultures through Their Key Words, Oxford, University Press.
80. Yule, G. (1996), The Study of Language, 2ed , Cambridge University press.
81. Yule, G. (2006), the Study of Language, 3ed, Cambredge, University Press.

**4. ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:-**


1. **http:// www.alfaseeh.comالمنتدى اللغوي**
2. **http://www.fasi salhumair.maktoobblog.com**
3. **www.Universolteacher.org.UK/ Language and Society.**
4. **www.wikipedia.org**
5. **http:// Salah kayad.jeeran.com**
6. **http://www.arts.monash.edu.aul.Linguistics/staffkallan .php.com**
7. **http:// en.wikipedia.org/wiki/taboo**
8. **http:// ar.wikipedia.org/wiki/فلسفة الاجتماعية.**

الخلاصة

إن دراسة اللغة بوصفها ظاهرة اجتماعية ومكونا من مكونات الثقافة قد حظيت بنوع من الاستقلال ونوع من الاهتمام الخاص، وأصبح لهـا علما معترفا به شاعت الإشارة إليه بمصطلح (علم اللغة الاجتماعي) وهو العلم الذي يدرس اللغة في علاقاتها بالمجتمع، وينظم كل جوانب اللغة وطرائق استعمالها التي ترتبط بوظائفها الاجتماعية والثقافية , كما وانها تبين العلاقة المترابطة بين اللغة و المجتمع و ذلك عن طريق توجيه الفرد و تقويته اجتماعيا من خلال اللغة .

من هنا فان علم اللغة العام و خاصة علم اللغة الاجتماعي عليه مسؤولية جوهرية لتحليل العلاقات المتنوعة و المتعددة الابعاد التي بين اللغة والتراث و نستنتج من هذا ان أدق المسؤوليات و المهمات التي تقع على عاتق هذا العلم التعامل معها هي تحديد و تحليل المفاهيم التي لا يتداولها الناس ظاهرا وانما يتعلمونها و يتعرفون عليها خفية , اكثر هذه التعبيرات معاملة من قبل العلم اللغة الاجتماعي هي ( التعابير المحظورة "التابووTaboo" )، من هذا المنطلق جائت فكرة هذا البحث المعنون ب ( كلام المحظور نموذجاً للعلاقة بين اللغة و التراث ) .

ان هذا البحث يتكون من مدخل و ثلاثة أبواب و نتيجة مع قائمة المصادر التي استخدمت فيه .

الباب الأول : خصص ل ( اللغة من منظور المجتمع و التراث ) و يتكون هذا الباب من فصلين , الفصل الأول قُدِم فيها تحليلات عن ( اللغة و المجتمع ) و ذلك عن طريق المواضيع المتصلة مباشرة بهذا العنوان و هي ( العلاقة بين اللغة و الفرد و المجتمع ) , ( المهام الاجتماعية للُغة و التفاعل بين اللغة و المجتمع ) مع تقديم ملخص عن ( تعريف علم اللغة الاجتماعي و المواضيع التي يتداولها ) أما الفصل الثاني فتضمن بيانات و تحاليل عن ( الاتجاهات التي تأخذها اللغة و التراث ) و لزيادة التوضيح احتوى هذا الفصل تعاريف و مصطلحات عن التراث و اتصالها الموثوق باللغة و كما ناقش البحث نظريات التأثير بين ( اللغة و الفكر ) و (اللغة و التراث) في نفس الوقت تداول مواضيع لغوية متعلقة بهذه النظريات مثل ( تنغيم التعابير ) , ( بنيان موضوع المعبر عنه ) , ( تناسق المشاركات في الكلام ) و( تغيير ادوار الكلام ) مع ( استعمال اللفظ الغير المباشر في الكلام ) .

الباب الثاني : خصصناه لمناقشة ( كلام المحظور نموذجاً للعلاقة بين اللغة و التراث ) و لقد أستُخدم نماذج و الفاظ ( كلام المحظور ) لبيان الصلة المترابطة بين ( اللغة و التراث ) و لهذا الغرض خُصص هذا الباب بفصوله الثلاث لبيان هذا الموضوع .

الفصل الأول يتناول موضوع ( كلام المحظور ) من حيث المفهوم و المصطلح و البدائل اللغوية مثل ( حسن التعبير ) , أما الفصل الثاني فيتناول أنواع و أصناف كلام المحظور و من هذا المبدأ تبنى البحث نظرية ( السلبية و

الايجابية في لفظ الكلام المحظور ) و في الفصل الثالث قدمنا تحاليل سيمانتيكية(دلالية) لاظهار الجانب العملي للبحث , و في نهاية التحليلات وصلنا الى نتائج و افرزنا هذه النتائج الى الألفاظ التابوويية و الغير التابوويية .

الباب الثالث : يتناول هذا الباب الابعاد الاساسية للمنظومة الاجتماعية في نشاة كلام المحظور اللغوي , و يحلل ويصنف الالفاظ و ابعاد كلام المحظور و غير المحظور بحيثياتها و تأثرها بالعناصر الاجتماعية كالجنس و العمر و التمكين الأجتماعي .

لاجل ذلك قسمنا هذا الباب الى ثلاثة فصول ففي الفصل الاول خصصناه لعرض البنية النظرية للمبحث الثالث بمجمله و هي نظرية ( السياقية ) و قدمنا فيها اهم اتجاهاتها النظرية .

أما الفصل الثاني فقد استبينا عن انواع و اصناف ( السياق ) و ركزنا على ثلاثة سياقات رئيسية و هي ( السياق العاطفي ) و ( السياق المكاني ) و ( السياق التراثي) واستفدنا من هذا الفصل لتحليل معطيات الفصل الثالث حيث ركز البحث على تأثيرات استخدام الفاظ الكلام المحظورة و استعمال بدائلها ( حسن التعبير ) و كيفية تأثرها بالعناصر (الجنس و العمر و التمكين الأجتماعي ) .

# Abstract

Language and culture is a unique relation that plays a major role in directing both human and the society in which one lives in. Hence, sociolinguistics has taking the burden of explaining the different dimensions of such relations between language and culture; among which the toughest may be to explain the concept of taboo of utterances. This is the reason why this dissertation title has been shaped in “Taboo: instance for the relation between language and culture”.

To obtain the dissertation objective the whole project has been divided into three parts, besides the conclusion and bibliography. The first part tackles language from the perspective of society and culture. The notion is discussed through topics like: language, Individuals, and community, the social function of language and the social interaction of language, Sociolinguistics: quality and qualitative approaches …etc

In the second part of the research, different analyses are conducted to understand the nature of language relation to the culture. For this very reason ‘culture’ is introduced widely then the main ground of culture composition is been discussed along with essential and related topics such as language and thought in which scientifically tackled the relations between ‘language effect on thought’, ‘the effects of thought on language’, ‘the bi relation’. Also represents the correlation between Language and culture, as well as more pure linguistic topics have been presented like ‘intonation’, ‘Topic’, ‘Agonism’, ‘Turn-Taking’ ‘indirectness’.

The second part of the dissertation is devoted to explore the possible relations between language and culture through taboo in which taboo has been expressed as a crossed line merging point between both major topics of the work (language and culture). The part is divided into three chapters: the first chapter discusses taboo as concept and its alternatives such as euphemism as well as detail analysis of their different perspectives. In the second chapter, different types of taboo have been presented and taboo is categorized on then hypothetical basis of its negative or positive concept it may offer. After categorizing the different types of taboo, in the third chapter taboo expressions are analyzed semantically (from the perspectives of semantic features and generative semantics) to show how to interpret the minute taboo concept out of the utterances.

The third part of the research work explores the sociolinguistic dimensions of the lingual taboo and how taboo is reflected differently according to the three social elements of sex, age, and social power. To interpret this side more actively, the part is divided into three chapters in which the basic theories and hypotheses are presented so as to help the practical analysis of sociolinguistic aspects of taboo as far as sex, age, and social influence or social power are concerned as well as these social elements role in attributing a taboo meaning or feeling to the utterances or striping the utterances from taboo. Since the research works on utterances, therefore, another chapter is devoted to introduce context and its different types such: linguistic and non-linguistic context, emotional, physical, and cultural context. The different types of contexts mentioned in this chapter are set as the basic theoretical

ground for discovering the sociolinguistic theories are analyzed to their dimensional parameters interpreting their roles in practicing and reflecting taboo utterances and their alternatives as euphemism. To back the hypothesis up, three other subchapters are introduced which are: sex taboo, age taboo, social prestige taboo.

Eventually, the dissertation conclusions are presented in a separate chapter at the end of the last part of the dissertation.